# کچۆڵەیەکی هەڵگیراوە

## لەبارەی «خەڵاتی کارۆ» وە...

چاپخانەی کارۆ، چاپخانەیەکی کەرتی تایبەتە، عەتا مەحمود و هاوژین مەحمود خاوەندارێتی دەکەن. لە یادی بیست ساڵەی دامەزراندنی چاپخانەکەدا، لە ساڵی ٢٠١٩دا (خەڵاتی کارۆ)یان ڕاگەیاند.

خەڵاتەکە ساڵی جارێک لە یەکێک لە ژانەرەکاندا دەبەخشرێتە ئەو وەرگێڕ و نووسەرانەی کە خزمەتیان بە کتێبخانەی کوردی کردووە. لەگەڵ خەڵاتەکەدا کتێبێک بۆ نووسەر و وەرگێڕەکە چاپ دەکرێت و لە مەراسیمێکی شایستەدا دەکرێتە دیاری بۆیان.

بۆ ئەم هەنگاو و پرۆژەیەش، پرس و ڕا بە لیژنەیەک دەکرێت، نووسەرێکیش خەڵاتەکە دەبەخشێتە وەرگری «خەڵاتی کارۆ»ی ساڵ.

- خەڵاتی یەکەم: ساڵی ٢٠١٩، لە بواری شیعر، بەخشرایە بەڕێز (فاتیح عیزەدین)، چاپکردنی دیوانە شیعری (زەمانی بزربوو). ئەندامانی لیژنەکە پێکهاتبوون لە بەڕێزان: (محەمەد کوردۆ، ئارام سدیق، کامەران سوبحان)، مامۆستا لەتیف هەڵمەت خەڵاتەکەی بەخشییە فاتیح عیزەدین.

- خەڵاتی دووەم: ساڵی ٢٠٢٠، لە بواری چیرۆکدا بەخشرایە بەڕێز (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، چاپکردنی کۆمەڵە چیرۆکی (خەونە بێسەروبەرەکان). ئەندامانی لیژنە پێکهاتبوون لە بەڕێزان: (د.مارف عومەر گوڵ، بەیان سەلمان، بەختیار عەلی) ماردین ئیبراهیم خەڵاتەکەی بەخشی بە نووسەر.

- خەڵاتی سێیەم: ساڵی ٢٠٢١، لە بواری وەرگێڕاندا بۆ بەڕێز (عەبدولکەریم شێخانی)، چاپکردنی ڕۆمانی کچۆڵەیەکی هەڵگیراوە، ئەندامانی لیژنە پێکهاتوون لە بەڕێزان: (بەکر شوانی، ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، د.نەوزاد ئەسوەد ).

پشتیوان بە خودا و نووسەرانی کورد، تا توانا و تەمەن مابێت، (خەڵاتی کارۆ) ساڵانە بەردەوام دەبێت.

**پڕۆژەی کارۆ بۆ ڕێزلێنان**

**زنجیرە (٣)**

لە چواچێوەی پڕۆژەی ڕێزلێنان و بەسەرکردنەوەی نووسەران و وەفاداریی بۆ قەڵەمە جوانەکان، چاپخانەی کارۆ کتێبی (کچۆڵەیەکی هەڵگیراوە) ، وەرگێڕانی: عەبدولکەریم شێخانی چاپ دەکات.

# کچۆڵەیەکی هەڵگێراوە

**(شەوی عیشق)**

ئەو چیرۆکەی ئەو خەڵاتەی وەدەستهێنا، کە خاتوو (هدی شعراوی) دایمەزراند و کۆڕی زمانی عەرەبی لە ٢٥ی دیسەمبەر (کانوونی یەکەم)ی ١٩٤٥ دابەشی کرد.

**محەمەد عەبدولحەلیم عەبدوڵڵا**

**وەرگێڕانی**

**عەبدولکەریم شێخانی**

ناوی کتێب: کچۆڵەیەکی هەڵگیراوە
بابەت: ڕۆمان
نوسینی: محەمەد عەبدولحەلیم عەبدوڵڵا
وەرگێڕانی: عەبدولکەریم کەریم شێخانی
تایپ: سیروان سلێمان
هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵڵا
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠٠ دینار
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢١

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ) ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە.

# کچۆڵەیەکی هەڵگیراوە

## ڕۆمانی نووسەرێکی عەرەب

## لە دەرهێنەرێکی کوردەوە بۆ وەرگێڕێکی کورد

چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی میسری محەمەد عەبدولحەلیم عەبدوڵڵا (١٩١٣-١٩٧٠) سەر بە نەوەیەکە لە نووسەرانی میسر کە هەوڵیان دەدا شێوازێکی نوێی گێڕانەوە بهێننە ئەدەبیاتی عەرەبییەوە کە دیارترینیان بریتی بوون لە نەجیب مەحفوز، یوسف ئەلسباعی، عبدولحەمید جەودە ئەلسحار، سەلای زەهنی و هەندێکی تر. بەڵام کاتێکی تا ڕادەیەک درێژ تێپەڕی تا دان بە نوێگەری و داهێنەکانی ئەماندا نرا، چونکە هێشتا ناوە دێرینەکانی ئەدەبی میسری-عەرەبی کاریگەریی زۆریان بەسەر دنیای ڕۆشنبیرییەوە هەبوو. کاتێکیش ئاوڕ لە بەرهەمەکانی ئەو ناوانەی سەرەوە درایەوە، محەمەد عەبدولحەلیم عەبدوڵڵا پشکی شێری لە توێژینەوە و هەڵسەنگاندنەکان بەرکەوت.

نووسەری ڕۆمانی "کچۆڵەیەکی هەڵگیراوە"، محەمەد عەبدولحەلیم عەبدوڵڵا، لە سەرەتای سالآنی ١٩٣٠ دا دەست بە بڵاوکردنەوەی نۆبەرەی دەقە ئەدەبییەکانی خۆی دەکات و زیاتریش ڕوانگەیەکی ڕۆمانسی بەرامبەر بە ڕووداو و واقیع

له دەقەکانیدا بەدی دەکرێت. له دوای شەڕی جیهانیی دووەم (۱۹۳۹–۱۹٤٥) محەمەد عەبدولحەلیم عەبدوڵڵا له چوارچێوەی قوتابخانەی واقعیدا که لەو کاتەدا باو بوو، بایەخ به ناوەڕۆکه کۆمەڵایەتییەکان دەدات و ئەم بایەخ پێدانەیشی به ڕوونی له ڕۆمانەکانی "الجنة العذراء" و "البيت الصامت" و چەند ڕۆمانێکی دواتریدا ڕەنگ دەداتەوە.

کاتێک محەمەد عەبدولحەلیم عەبدوڵڵا ساڵی ۱۹۲۸ خێزانه هەژارەکەی خۆی له گوندی "كفر بولين"ی سەر به پارێزگای "البحيرة" بەجێ دەهێڵێت و به مەبەستی خوێندن له "تجهيزية دار العلوم" له قاهیره دەگیرسێتەوە، گۆڕانێکی گەوره بەسەر ژیانیدا دێت و هەوڵی داوه به نووسین گوزاره له هەستی دووربوون له خێزان و زێدی لەدایکبوونی بکات و زۆر بەپەرۆش بووه ببێت بەو پیاوه سەرکەوتووەی که ئاوات و مەبەستی دایکی بووه. محەمەد عەبدولحەلیم عەبدوڵڵا بەرگەی هەژاری و نەداریی گرت و لەژێر گوشارەکانی ژیاندا نەچەمایەوه تا بەڵێنی خۆی بۆ دایکی بەجێ هێنا، بەڵام ئەم سەرکەوتنەی نەبوو به هۆی سووکبوونی باری هەستکردن به چەوساوەیی و پەراوێزخستن.

له ساڵانی دوای تەواوکردنی خوێندندا کاتێک محەمەد عەبدولحەلیم عەبدوڵڵا سەرقاڵی کار و نووسین و بڵاوکردنەوەی وتار و کورته چیرۆکه له ڕۆژنامه و گۆڤارەکانی ئەو چاخەدا،

هاوینی ساڵی ١٩٤٦ کۆرپەیەکی ساوا لە ناوەڕاستی ڕێگەی گوندەکەی نووسەردا دەدۆزرێتەوە و دەنگۆی ئەوە بڵاو دەبێتەوە کە بێ خاوەنە و نازانرێت منداڵی کێیە . ئەم ڕووداوە کاریگەریی زۆر لەسەر نووسەر دادەنێت و دەبێت بە هۆکاری پەلکێشکردنی ئەو بۆ دنیای نووسین و گینگڵ خواردنی نووسەر بەو ڕووداوەوە لە ئاکامدا ڕۆمانی "کچۆڵەیەکی هەڵگیراوە"ی لێ دەکەوێتەوە. سەرلەبەری ئەم ڕۆمانە گەڕانە بە دوای وەڵامدا بۆ پرسیاری "ئایا کۆمەڵگە گەیشتووە بە ئاستێک کە کچێکی پەروەردەی خانەی منداڵانی شەقام لەخۆبگرێت؟" وەڵامی ئەم پرسیارە لەو سەردەمەدا هێشتا "نەخێر" بوو، ئەگەرچی لەیلای پاڵەوانی ڕۆمانەکە هەموو خەسڵەتە پێویستەکانی ئاوێتەبوونی کۆمەڵگەی تێدایە. ڕۆمانی "کچۆڵەیەکی هەڵگیراوە" پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٧ دا وەک یەکەم ڕۆمانی نووسەر چاپ و بڵاو کرایەوە و خەڵاتی کۆڕی زمانی عەرەبی بەدەست هێنا، دەرهێنەری میسریی بەڕەچەڵەک کورد ئەحمەد بەدرخان (١٩٠٩ – ١٩٦٩) ساڵی ١٩٥١ لە فیلمێکدا بە ناوی "شەوی عیشق" بۆ سینەما دەری دەهێنێت و ئەمەیش دەبێت بە سەرەتایەک بۆ ئاوڕدانەوەی بەهێز و چڕی سینەمای میسری لە ڕۆمان و چیرۆکەکانی محەمەد عەبدولحەلیم عەبدوڵڵا. ئەحمەد بەدرخان باوکی دەرهێنەری ناسراوی میسری عەلی بەدرخانە (تەمەن: ٧٥ ساڵ) کە لە زۆر بۆنەدا شانازی بە کوردبوونی

بنەماڵەکەیانەوە دەکات.

ساڵی ١٩٥٢، واتە ساڵێک دوای دەرهێنانی ڕۆمانەکە بۆ سینەما، نووسەر و وەرگێڕ و پەروەدەکاری کورد عەبدولکەریم شێخانی لە ڕەواندز دەبیستێت کە کوڕێک کتێبی "کچۆڵەیەکی هەڵگیراوە"ی هەیە و ئەمیش بەپەرۆش دەبێت بۆ خوێندنەوەی و دواجار نۆرەی دەگاتێ و کتێبەکە وەردەگرێت. ئیدی لەو ساتەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە و لە ساڵانی دواتردا قۆڵی لێ هەڵدەماڵێت و بۆ زمانی کوردی وەریدەگێڕێت. جا تۆ بڕوانە ئەمە ڕێککەوتێکی چەند جوان و سەرنجڕاکێشە کاتێک دەرهێنەرێکی میسریی بەڕەچەڵەک کوردی وەک ئەحمەد بەدرخان ڕۆمانی "کچۆڵەیەکی هەڵگیراوە"ی محەمەد عەبدولحەلیم عەبدوڵڵا بۆ سینەما دەردەهێنێت و ٧٠ ساڵ دوای ئەو کارە، هەمان ڕۆمان لە وەرگێڕانی نووسەر و وەرگێڕی کورد عەبدولکەریم شێخانی بە چاپ دەگات! بە ڕای ئێمە، ئەم ڕێککەوتە چێژ و ڕەهەندێکی تایبەت بەم وەرگێڕانە کوردییەی ڕۆمانەکە دەبەخشێت.

هەر لەو سۆنگەیەوە دەتوانین بە دڵنیایی بڵێین کە بڕیاری هەردوو بەڕێز عەتا مەحمود و هاوژین مەحمود وەک خاوەنانی چاپخانەی کارۆ بۆ دەستنیشانکردنی عەبدولکەریم شێخانی و ڕۆمانی "کچۆڵەیەکی هەڵگیراوە" بۆ خەڵاتی سێیەمی کارۆ ٢٠٢١، بڕیارێکی تەواو لە جێی خۆیدایە و هەم ڕۆمانەکە و هەم

وەرگێڕ تا ئەوپەڕی ئاستی شایەنداری، شایەنی ئەم خەڵاتە واتەدارە و ئەم ڕێزلێنانە گەورەیەن.

خاڵێکی تری گرنگی و بایەخی ئەم کتێبە لەوەدایە کە کارەکە دەکەوێتە خانەی ڕاکێشانی پردی پەیوەندی لە نێوان هەردوو ئەدەبی کوردی و عەرەبیدا لە ڕێی میسرەوە. قاهیرە لە ڕابردوو و ئێستایشدا ناوەندی گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەرە بە دنیای عەرەب و جیهاندا و دەکرێت سوود لەو پێگە و تایبەتمەندییەی قاهیرە وەربگیرێت بۆ ئاشناکردنی دنیای عەرەب بە ئەدەب و کولتووری کوردی لە ڕێی وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی عەرەبی.

دوای مردنی لە ساڵی ١٩٧٠ دا، کتێبخانەیەکی ئەدەبی بە ناوی محەمەد عەبدولحەلیم عەبدوڵلاوە لە گوندی کفر بولین دامەزرێندرا و مۆزەخانەیەکیش لە تەنیشت گۆڕەکەیەوە کرایەوە. ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی خەڵاتی سێیەمی کارۆ پێشنیار بۆ کاک عەتا مەحمود دەکەین چەند دانەیەک لە چاپی کوردیی ڕۆمانی "کچۆڵەیەکی هەڵگیراوە" وەک دیاری بنێرێت بۆ کتێبخانە و مۆزەخانەی محەمەد عەبدولحەلیم عەبدوڵڵا.

ئەندامانی لیژنەی خەڵاتی سێیەمی کارۆ

**بەکر شوانی ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**

## من و ئەم ڕۆمانە

ئێمە، لە باشووری کوردستان لە دەروازەی زمانی عەرەبییەوە ئاشنایەتیمان لەگەڵ ڕۆشنبیریی بەشێوەیەکی گشتی پەیدا کرد و لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە تێکەڵ بە ئەدەبی عەرەبی و وڵاتانی دیکە بووین. خوێندن لە قوتابخانە ناوەندیی و دواناوەندییەکان بە زمانی عەرەبی بوو و ئێمەی دەرچووی قوتابییانی سەرەتایی تەقەی سەرمان دەهات و ئەو زمانەمان نەدەزانی. بۆیە فێربوونی زمانی عەرەبی و تێگەیشتن لە وانەکان، مامۆستایان، تەنانەت مامۆستا کوردەکانیش بە کوردی قسەیان نەدەکرد و وانەکانیان بە زمانی عەرەبی دەگوتەوە و هانیان دەداین کە کتێبی عەرەبی بخوێنینەوە و خۆمان ماندوو بکەین، تا فێری زمانی عەرەبی بین. بۆیە ناچار بووین بخوێنینەوە و بێ گومان کتێب بە زمانی کوردی زۆر کەم بوو و ئەوەی هەبوو، هەر عەرەبی بوو. خوێندنەوەی ڕۆمان و چیرۆکی عەرەبی باشترین ڕێگە بوون بۆ فێربوونی زمان،

جگە لەوەش بابەتەکانی ناوەرۆکی ئەو ڕۆمان و چیرۆکانە تام و چێژێکیان پێ دەبەخشین و زیاتر ڕایاندەکێشاین بۆ هۆگریی خوێندنەوە.

من لە پۆلی یەکی ناوەندیی چەند چیرۆکێکم لە گۆڤاری (الاثنین والدنیا) و (مسامرات الجیب) (الهلال)، کە مصری بوون، خوێندەوە و تاڕادەیەک کەمێک بەرچاوم ڕوون بووەوە. نازانم بۆ زیاتر حەزم بە بابەتی خەفەتبار دەکرد. هەر لە پۆلی یەکەم ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (مصطفی لطفی المنفلوطی)م خوێندەوە، کە ناوی (الفضیلة، او بول و فرجینی) بوو. ڕۆمانێک بوو کۆتاییەکەی کارەساتبار بوو و گریاندمی.

لە پۆلی دووەمی ناوەندیی ڕۆمانێکی دیکەی ئەو ئەدیبەم خوێندەوە بە ناوی (ماجدولین او تحت ظلال الزیزفون) و ئەویش کۆتاییەکەی زۆر تراژیدی بوو و بۆ ئەویش گەلێک گریام.

ساڵی (١٩٥٢)، هاوینەکەی لە ڕواندز بووم و لەگەڵ چەندان ڕۆشنبیری ئەو شارە دێرینە ئاشنایەتی و دۆستایەتیم پەیدا کردبوو، بەتایبەتی کە زۆربەشیان پەیوەندییان بە هەردوو حزبی ئەو سەردەمەی کوردستانەوە هەبوو (پارتی و شیوعی). هەرچەندە لە ڕووی هەندێک ڕاو بۆچوونەوە لێک جیاواز بووین، بەڵام شیر و تیرمان لە یەکدی نەدەسوو. ڕۆژێکیان باسی ڕۆمانێکیان کرد بەناوی (لقیطة) و بەجۆرێک باسیان کرد

که ئاو زایە دەمم و حەزم کرد دەستم بکەوێت بیخوێنمەوە. گوتیان هی کوڕێکە بە ناوی (سالم کەمال)، کە دوکاندار بوو. ئەو خێزانە وەکو بیستم ڕواندزی بوون و کەوتبوونە مووسڵ و دوای ئـەوە گـەڕابـوونـەوە بۆ ڕوانـدز، بـەڵام وا دیـار بوو ئەو کوڕە مەیلێکی بۆ خوێندنەوە هەیە. ئەو برادەرانە دیار بـوو سـەرەیـان گرتبوو و منیش چوومە ڕیـزەوە و سـەرەم گرت. کە نۆرەم هات، زۆر بە حەز و ئـارەزووەوە دەستم بە خوێندنەوەی کرد. ڕۆمانەکە هەر لە سەرەتاوە کارەساتبارە و کۆتاییەکەی کارەساتبارتر. کچێکی بێ دەرەتانی فڕێدراو و لە پەناگایەکی منداڵانی هەڵگیراوە پێگەیی و گەورە بوو. ئەو کچۆڵە هەڵگیراوەیە سێ کوڕی هەڵگیراوەی دیکەی بیرهێنامەوە کە لە کۆیە دیبوومن، زۆرجار ئەو جۆرە منداڵانە بێ ئەوەی تاوانێکیان کردبێت، دەبنە قوربانیی هەڵەی کەسانی دیکە و باجە قورسەکە ئەو کلۆڵانە دەیدەن و کۆمەڵگا تاڕادەیەکی زۆر بێ ڕێزییان پێ دەکات. ئەوانە قوربانیی تاوان، یان هەڵەیەکن، کە کەسانی دیکە کردوویانە و ئەوان بوونەتە قوربانیی ئەو تاوانە، یان هەڵەیە، کەچی زۆرجار ئۆباڵەکە دەخرێتە ئەستۆی ئەوانە، بێ ئەوەی ئاگایان لە هیچ شتێک هەبێت. ئەوان ئەگەر هەر زوو دوای فڕێدانیان مـردن، ئەوا دەحەسێنەوە و دووچـاری هیچ کوێرەوەریی و قوڕبەسەرییەک نایەن و ئەگەر بکەونە دەستێکی ئەمین و خێزانێکی باش، ئەوا دەبن بە کەسانی سوودبەخش

بۆ کۆمەڵگا، یان لە پەناگایەکی هەتیوان جێیان دەکرێتەوە و هەتا مردن نەفرینی باوک و دایکیان وەکو سێبەری خۆیان بەدوایانەوە دەبێت.

کۆمەڵگا هەتا ئەوجۆرە گورگە دوو پێیانەی تێدا بێت، کارەساتی جەرگبڕی ویژدانهەژێنی لەم جۆرە دەبینێت و فرمێسک لە چاوی ئێمەمانان دێنێت.

نامەوێت چیدیکە باس بکەم، وازدەهێنم بۆئەوەی خوێنەر خۆی تام و چێژ لە ڕۆمانەکە ببینێت و ئەگەر بۆی کرا، فرمێسکێک بۆ مرۆڤایەتیی ئازارخواردوو بڕێژێت.

عەبدولکەریم شێخانی

سلێمانی

٢٠٢١/٨/٢١

# بەشی یەکەم
## لە پەناگای (ج)

**خوایە، نەفرەتیی باوکم و دایکم لەسەر من لابە...**

مریەم فەخرەدین لە دیمەنێکی فیلمی شەوی عیشق، کە لە ڕۆمانی کچۆڵەیەکی هەڵگیراوە، وەرگیراوە و لە بەرهەمی (عەبدولحەلیم نەصر)ە.

(١)

## "ئەو کچێکە، بەدڕەوشتی هێناویەتییە دنیاوە!"

دەم و زاری خەڵکی لەگەڵ گەردی بەیانی ئەو قسەیەیان لە پەناگای (ج)، پەناگای منداڵانی هەڵگیراوە، بەچپە دەگوتەوە، کاتێک کچۆڵەیەکی تازەی تەمەن دوو ڕۆژیان هێنایە پەناگاکە.

تۆمار کرایەوە و ناوی ئەم، لە پاش ناوی دوایین (میوان) نووسرا و هیچ شتێک لەناو ئەو پارچە پەڕۆیەی تێیەوە پێچرابوو، نەبوو، کە بەزۆریی منداڵی تازە لەدایکبوو بەهۆیەوە پێشوازیی لە جیهان دەکەن، جگە لە پارچە قژێکی زەرد کە کرابوو بە بازنێکی زێڕ، کرابووە مەچەکی ڕاستی، بەڵام بازنێکی هەرزان کە نە دەکڕرێت و نە دەشفرۆشرێت... ناویشی لێنرا (لەیلا)، بێ ئەوەی دایک و باوکی هیچ ڕایەکیان لەو ناولێنانەدا هەبێت...

لە گوندێک لە گوندەکانی نزیکی (قاهیرە)، لە تەنیشتی ڕێگایەک کە خەڵکی پێدا دەڕوات، لە بن دارێکی سەرووی کێڵگەیەکی سەوز دۆزرابووەوە... و ڕەنگە بە درێژایی شەو لەژێر ئەو دارەدا خەوتبێت، یان هەر هیچ نەبێت، لەو شوێنەدا چاوی بە گزنگی بەیان کەوتبێت، پێش ئەوەی یەکەم تیشکی خۆری لێ هەڵبێت. تۆبڵێی دڕەندەکانی لادێ لەکوێ بووبن، چونکە لەوانەیە ڕزگاربوون لە شێوەی ڕێوییەک، یان گورگێک وەدی بهاتایە.

چاوی خۆی لێ نووقاند، چونکە دەیویست و ڕەنگە زۆریش بە قیژەیەکی خنکاو بانگی کردبێت، دوای ئـەوەی کە یەکەم ماچ و دوایین ماچی لە دەم و لێوی کردبێت و دوای ئەوە خستبێتییەوە ناو پارچە پەڕۆیەکەی و لچکەکانی کۆکردبێتەوە و هێنابنییەوە یەک و ئاوڕێکی لە دەوروپشتی خۆی دابێتەوە و لەنێو تاریکیدا ون بووبێت...

قەرەوێڵەکان لە پەناگاکە، لە دالآنە بەرفراوانەکان و ژووورە گەورەکان ڕیزکراون، منداڵگەلێک لەسەریان دەخەون، کە ڕەنگ و تەمەن و خێزان و چینیان جیاوازە و هەموویان لەسەر تاقە شتێک کۆکن، کە ئەوان نامۆن و بێ ئەوەی خۆیان حەزیان بە هاتنە دنیا کردبێت، یان کەسانی دیکە هاتنە دنیای ئەوانەیان پێ خۆش بووبێت. دەنگی گریانی منداڵێکی کوڕ، یان کچ، لێرە، یان لەوێ، بڵند دەبێت و ئەوەندەی پێ ناچێت کە گەلێک منداڵی دیکە وەڵامی ئەو گریانە دەدەنەوە، هەروەک ئەوەی ئەو درمی گریانە وەکو ئەوە وابێت کە لەنێو بۆقاندا ڕوودەدات، کاتێک کە بۆقەکان هەموویان بەکۆمەڵ وەڵامی قیڕەی ئەو بۆقە دەدەنەوە، کە بۆ یەکەمجار دەستی بە قیڕەقیڕ کرد.

بەڵام کارگوزارەکان ئاوا بە گێژیی و بێ وازییەوە دێن و دەچن، هەروەک ئەوەی پێیان وابێت کە کەمترین خزمەت زۆرە بۆ ئەو منداڵانەی کە بەزۆر هاتوونەتە نێو کۆمەڵگەوە و ڕێگای ڕەوتی ڕێکوپێکیان لێ گرتووە و دەڵێی ئاوازێکی نەشازە لەنێو ئاوازێکی هاوئاهەنگداری جواندا.

دایەنەکان کەوتنە باوێشکدان و خۆ لێک کێشانەوە و چاوی خۆیان سڕییەوە، پێش ئەوەی بەخێر شیر بدەن بەو منداڵانەی کە هی خۆیان نین و زەینەب و زولێخا دانیشتن و دووەمیان گوتی:

–خوشکێ، بەیانییەکی جوان و خۆشە، هیوام وایە شیرەکەت وەک شێوەکەی دوێنێ ئێوارە زۆربێت!

زەینەب گوتی:

–زۆر لەوە زۆرترە کە تۆ بەخەیاڵتدا دێت، چونکە ئەمڕۆ سەیری دەموچاوێکی تازە دەکەم، کە چاوم لەو نایابتری نەدیوە، دە لەگەڵم وەرە تا جوانترین گوڵ ببینی کە لە خونچەی ئەم جیهانەدا کرابێتەوە!

–گوڵێک لە باخی شەیتان؟ زەینەب، ئێمە چیمان بەسەر گوڵانەوە هەیە و چیمان لێیان داوە؟ لە باخەکەی خۆیاندا وازیان لێ بێنە با خەڵک بە بۆنەکانیان هەنگیش بە ڕەنگە دڵڕفێنەکانیان ڕابکێشن و ئاورنگیش بیانشواتەوە و هەوا سەمایان پێ بکا، ئێمە لەنێو گوڵاندا ناژین!

–زولێخا، خوا سەلامەتت کا، هەرچییەک بڵێم هەمیشە بەدرۆم دەخەیتەوە و ئەوەی من باوەڕم پێی بێت، تۆ پووچەڵی دەکەیتەوە!

–چ خوا سەلامەتکردنێک! ئەمە چۆن سەلامەتییەکە!

ئەوەی تۆ شیرت داوەتێ، یان ئەوەی من شیری دەدەمێ؟

ئەوەی من شیری دەدەمێ، هیچ شتێکی خوای تێدا نییە، چونکە دایکم –ڕەحمەتی خوای لێبێت– منی بۆ کوێرەوەریی هێنایە دونیاوە و ئەوەش کە شیری دەدەمێ هەر بۆ خوا نییە، بەڵکو نیوەی بە کرێیە و نیوەشی بە خێرە. ئەی نابینی ئەو کرێیەی لە پەناگا وەریدەگرین بەحاڵ بەشی پێداویستی ئەو کەسانە دەکات کە دەیانژیەنین؟

–هەست بە هیچ سۆزێک ناکەیت بەرامبەر ئەو منداڵانە؟ بۆ تاقە جارێک بیر لەوە بکەوە کە شیر بە کوڕەکەت دەدەیت!

–باشە، کەی کاتی لە شیربڕینەوەی ئەو هەموو منداڵە دێت، تا مافی دایکایەتیم پێ ببەخشن و دەوڵەمەندبم؟ ئەی کەنگێ دەبنە کوڕە لاو و کچە جحێڵ، تا خوا وا بکات کە لە هەر شارێک زاوایەک، یان کەسێکم هەبێت؟ ڕەحمەتی خوات لێبێت چەند وڕێنە دەکەیت!

–واز لەنێوان من و دڵم بێنە، چونکە سۆزم بۆ هەموو ئەوانە هەیە و خۆشم دەوێن، توخوا ئەگەر نەیەیت بۆ ئەوەی ئەو گوڵە ببینیت، با وەکو تۆ دەیڵێیت لە باخچەی شەیتانیش بێت.

بۆیان گێڕامەوە کە لە لادێ دۆزراوەتەوە و دەبێت ئەو دوو چاوە سەوزەی ئەو ڕەنگەیان لە گەشیی بەهارەوە وەرگرتبێت، سەیری ڕووناکیی بکە کاتێک تێکەڵیان دەبێت و ئەو قوڵاییە بێ کۆتاییەیان و دەبێت چ جۆرە جوانییەک خۆی تێدا مەڵاس دابن، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بڵاو دەبێتەوە و پاڵەوانان بۆی دێنە سەر

چۆک، ئەی ئەو دەمە بچکۆلە نوقلّییەی و ئەو جووتە لێوەی، کە هەنگ بۆ خۆشەویستی بەکێش دەکەن و ئەو قژەی کە نە شانە بەنێو چینەکانیدا گەڕاوە و نە ئاویشی بەرکەوتووە، هێشتا دەستی ڕێکخستنی نەگەیشتووەتێ، ئەو قژە زێڕیین و دلّڕفێنە!

ئەو جوانییە هەر بۆ ئەوە دەشیا، کە لە شوێن خەوتنی شازادەیەک، یان لەسەر پێخەفی شایەک لەدایک بێت، بەڵام ڕۆژگار بێ پێوانە گوزەری کرد؛ ئەوەتا لێرە لەناو دەریاگەڕێک چینەکانی ئاو بۆ گەڕان بەدوای مروارییەکدا دەبڕێت و نایدۆزێتەوە، کەچی لەولاوە لەسەر کەنارەکەی دیکەدا، دەریا مروارییەک فڕێدەداتە دەر، بەڵام کەس نییە هەڵیگرێتەوە.

دە تۆ سەیری کە... خاوێنە، چونکە بە بۆنی خۆش شۆراوە، دەم بەخەندەیە، چونکە لە دوارۆژ دڵنیایە، نەرمونیانە، هەر دەڵێی لەنێو پێخەفی باوک و دایکیدایە! زولێخا وابزانم منداڵی باوک و دایکێکی ڕەسەنە، دزێک فێڵی لێ کردوون و خستوویەتییە نێو منداڵانی هەڵگیراوەوە.

–گوتارێکی ڕەوان و سۆزێکی بڵاو بۆ هەمووان و دڵێکی وا سەیر دروستکراو، کە جێگای هەموو خەڵکی تێدا دەبێتەوە و دەشترسم بڵێم: جێگەی زەوی و ئاسمانی تێدا دەبێتەوە.

–هیچ جیاوازییەک لەنێوان من و دایکی ئەو کچۆڵەیەدا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە من یەکێکم خۆشویستووە و مێردم کردووە و ئەو خۆشەویستی لە دڵیدا گەڕاوە، بەڵام

شووی نەکردووە و خۆشەویستیی نێوانمان و شەریعەت، من و مێردەکەمی کۆکردووەتەوە، بەڵام خۆشەویستییەکی بێ شەریعەت نێوان پیاوەکەی و ئەوی کۆکردووەتەوە، خۆ ئەگەر پەند لە ڕووداوان وەربگیرایە، دەبووایە تەنها ڕووداوی یەکەم ڕووبدات و نەدەبووایە لە یەک کوڕ، یان کچی هەڵگیراوە زێتر لەم پەناگایەدا هەبووایە، ئەگەر وامان دانا کە ئەوان دروستیان کردووە، ئەو کچەیان یەکێکی خۆشویستووە و لە خشتە براوە... و هێشتا دوای ئەوەش هەن خەڵکیان خۆشدەوێت و لە خشتە دەبرێن و فێڵیان لێ دەکرێت... ئەمە یەکێکی کوشتووە و کوژراوەتەوە، بەڵام هێشتا دوای ئەو، کەسانێک هەن خەڵکی دەکوژن و دەکوژرێنەوە، ئەوەتا ئەمەیان دزی کردووە و زیندانی کراوە، بەڵام هێشتاش کەسانێک هەن دزی دەکەن و دەخرێنە زیندانەوە، ئەمانە ئارەزووی لەپڕن لەوەتی مرۆڤ بەسەر ئەم زەوییەدا ڕۆیشتووە و یاسا کۆمەڵایەتییەکان دانراون، هەر ئاواش دەمێنێتەوە، تا ئاسمان دەپێچرێتەوە و چیاکان ڕێدەکەن، بەڵام پەندوەرگرتن... هیچ پەندوەرگرتنێک نییە تەنیا بۆ ئەو کەسە نەبێت کە خوا دەیپارێزێت.

پەناگای (ج) مایەوە و... خۆی لە باوەشی بیابان مات کردبوو و بەدرێژایی ڕۆژ خۆی دابووە بەر خۆر و کارکردنیش لەناویدا وەکو ئەو دیمەنەی دەوری دابوو، وابوو، هەردووکیان لەسەر یەک شێوە دەڕۆیشتن و نەدەگۆڕان... کارگوزارەکان

بەنێو ڕێگاکانی نێوان قەرەوێڵەکاندا دێن و دەچن و بە پێداویستییەکانی منداڵان ڕادەگەن و سەرپەرشتییان دەکەن و پزیشکەکان نەخۆشان فەحس دەکەن، چێشتکەرەکان خواردن ساز دەکەن و مامۆستایان ڕۆشنبیریان دەکەن، بۆئەوەی چەکی ژیان هەڵگرن و کوڕێک، یان کچێکی منداڵ ئەمڕۆ دێتە پەناگاکە، کوڕێک، یان کچێک جێی دەهێڵێت، دوای ئەوەی کە بەشی خۆی تێدا برد.

(لەیلا) لەنێو نوێنەکەی خۆیدا دوو ساڵی بەسەردا تێپەڕیبوو و ماوەی شیرەخۆریی تەواو کردبوو و لە شیر بڕابووەوە و لەگەڵ زەینەب ڕاهاتبوو، دوای ئەوەی هەستی منداڵانەی وێنەیەکی لە زەینی ئەودا هەڵکەندبوو، کە بیستوچوار سەعات لەباوەشیدا بوو و مەمکەکەی دەخوارد، دەیدیت ئینجا ئەگەر (غەریزە) سرووشتی ئەوەی پێ بەخشیبێت کە ئەو ژنە ئەو کەسەیە کە لێی بووە، یان لەجێی ئەو، ئەو کەسەیە کە ئەوی لێ بووە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوی خۆشویست.

گغەگغ و پێکەنینەکەی بۆ زەینەب بوو، دڵخۆشی و خەمداگرتن هەر بەوەوە بوو، شەوق و پەرۆشی بۆ ئەو بوو، هەموو ئەوانە لە کچۆڵەیەکەوە کە تازە پێی ناوەتە بەردەرگای بوون و دووڕوویی و دووفاقیی جیهانی نەزانیوە.

ئەگەر دڵی ژن فەلسەفەباز بووایە، ئەوا پاداشتی خۆشەویستی بە خۆشەویستی دەدایەوە و ئەو بانگەوازەش بە وەڵامدانەوە،

بەڵام دڵی ژن فەلسەفەی ناوێت، چونکە دایک هەموو منداڵێکی خۆش دەوێت، بەڵام بە جۆرە خۆشەویستییەک منداڵەکەی خۆی لەباوەش دەکات، ئایا ئەمە هەڵوێستی دایەنەکان بوو لە پەناگا.

بەتەواوەتی بەم شێوەیە نەبوو، چونکە پیشە، کار لە ویژدان دەکات و هەستکردن بە ئازار و ئێش چێژ کەم دەکاتەوە، تۆ کە دایکێک دەبینیت بەسەر منداڵەکەی داهاتۆتەوە و شیری دەداتێ، دەبینیت کە هەموو بەشێکی لەشی بانگی دەکات ڕۆڵە بخۆ تاکو بژیت و بۆ دایکی خۆت زۆر بژی، کاتێکیش کە دەبینیت دایەنێک بەسەر منداڵێکدا کە هی خۆی نییە، دانەویوەتەوە و شیری دەداتێ، دەزانیت کە دایکایەتی چۆن دەبێتە ئەرکێک، جێبەجێ دەکرێت و پیشەیەک و دەیگریتەبەر و وا دێتە بەرچاوت، کە هەموو بەشێکی لەشی ئەو ژنە سازش لەگەڵ منداڵەکە دەکات سەبارەت بەو شیرەی دەیخوات، سازشێکی بێدەنگ لەنێوان بەهێزێک و بێهێزێکدا.

بەڵام شتێکی بەدەر لە هەموو ئەوانە، سۆزی دڵی زەینەبی بۆ لای لەیلا ڕاکێشا و خۆشیویست و چاودێریی خۆی بەسەردا بڵاوکردەوە و دەیبینی کە هەموو ڕۆژێک چۆن جوانیی لەو دەموچاوە دەپشکوێت و بە چێژ و تاسەیەکی لەوەسفکردن نەهاتوو بەرەو تەواویی و بێگەردیی دەڕۆیشت، بە چاو بەدوایەوە بوو کاتێک بە کراسە سپییەکەیەوە گاگۆڵکێی

دەکرد و ئینجا دەگەڕایەوە لای و ئەویش بە ماچێک پێشوازیی لێ دەکرد، وەک ئەوەی بڵێت: بێبەش بووم لەو جوانییە بێ وێنەیەی کەسێک کە لە من بوو، بەڵام لەو جوانییەی کەسێک بێبەش نەبووم کە شیرم دایە... لەیلا خۆشم دەوێیت!

سروشت ئا بەو شێوەیە لەسەر ڕێبازی قەرەبووکردنەوە دەچێت بەڕێوە، ئەگەر لایەک لە خەلقندە ببڕێت، لەجیاتی ئەوە لەلایەکی دیکە بۆی زیاد دەکات و بۆی تێ دێنێتەوە: چاوێکی کز و بیستنێکی بەهێز، لەشێکی بچووک و دوو باڵ کە پێیان هەڵبستێت. ئا بەم شێوەیە ئەگەر نیاز ئەوە بێت کە ئەو ئافەریدەیە بژی، ئەگەر نا، ئەوا بە مردوویی لەدایک دەبێت... بڕیار درابوو کە لەیلا بژی و زەینەبی بۆ ڕەخسا.

هیچ سۆزێک لە سۆزی خۆهەڵسواندنەوە و مانەوەی زیاتری ڕۆژگار و پتر بەسەر زماندا گەڕان لە سۆزی خۆشەویستی بەتواناتر نابینیت، لە چیرۆکی سۆز دەربڕیندا، لە چیرۆکی خۆشەویستی کۆنتر و زیاتر نابینیت و بۆ مەبەستێک سەرنجی خەڵکی ڕاکێشاوە و خەریکی کردوون... ئەگەرنا، ئەی چی پاڵ بە بابایەکی غەوارە و کەس نەناسەوە دەنێت بەدوای دوو دڵدار بکەوێت، کە ساتێکیان لەو ڕۆژگارە دزیوە بۆ خۆیان بە ڕێگایەکی چۆڵ و هۆڵدا دەڕۆن؛ هەر بۆئەوەی بزانێت ماوەی پێکەوە ڕۆیشتنیان چەندە و مەبەست لەو دیدارەیان چییە، ئینجا چ کاتێک دەگەڕێنەوە؟

لەوانەیە ڕەقیبێک بیانووی خۆی هەبێت کاتێک عیشقبازیی دەخاتە ژێر چاودێرییەوە، چونکە ئەوە جۆرە حەز و ئارەزوو و ئاواتێکە، کە هاوتای بێبەشبوون، یان یاوەری چڵێسی و چاوچنۆکییە، بەڵام بیانووی ئەو کەسەی دەیەوێت نهێنی خۆشەویستی دوو پیاو، یان خۆشەویستی دوو ژن هەڵماڵێت، چییە؟ هیچ هۆیەک بۆ ئەوە نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە سۆزی خۆشەویستی بزانێت.

مەسەلەی دایەنەکە و ئەو منداڵەی شیری دەدایە، هەر بەم شێوەیە بوو، ئەو دووانە لە پەناگاکە بنێشتەخۆشەی سەر زاری فەرمانبەر و کارگوزارانن و دایەنەکان لەنێوان خۆیاندا گرەویان لەسەر ئەوە کردبوو، کە زەینەب دایک و باوکی لەیلا، یان ئەگەر هیچ نەبێت یەکێکیان دەناسێت و ئەو کرێی ئەو چاودێریی و سۆزە وەردەگرێت، هەندێک کەسیشیان دەیانگوت زەینەب دەیکاتە کچی خۆی، تاکو جوانییەکەی بکاتە ڕێگەیەک بۆ زاوایەکی باش، یان پیاوێکی گەورە.

**(٢)**

بەڕێوەبەری پەناگاکە بە خانمە سەرۆکی کارگوزارانی گوت:

–لێرە کاروبار بە چاکی و وەکو پێویست بەڕێوە ناچێت و بڵاوبوونەوەی نۆبەتێ (تا) لەنێو منداڵاندا دیاردەیەکی ناخۆشە و ئەگەر نیشانەی هەر شتێک بێت، نیشانەی خراپیی کار بەڕێوەبردن و پشتگوێخستنی پاکوخاوێنییە، من هەموو متمانەیەکی خۆم بە تۆ بەخشیبوو، بەڵام تۆ منت خستە بەر ڕەخنەی ڕەخنەگران و گلەیی و گازندەی گلەییکەران. ڕێژەی ئەو نەخۆشانەی جیاکراونەتەوە گەلێک بەرزە، بۆیە تکام وایە تێبینی نیشانەکانی نەخۆشیی بکەن و تا پزیشک دێت تووشبووەکان جیابکەنەوە و تکاشم وایە سنوورێک بۆ ئەو پرسە دانێن تا ئەنجامەکەی خراپ نەبێت.

خانمە سەرۆکی کارگوزارەکان گوتی:

–گەورەم، مردم ئەوەندە فەرمان دەربکەم، بەڵام کەس گوێم لێ ناگرێت و وەختە بڵێم کەسێک نابینم دڵسۆزی کارەکەی خۆی بێت، ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر گاڵتەیان بە ئەرکی خۆیان دێت و بۆشم ناکرێت شەکواکە (دەردەدڵەکە) بۆ لای تۆ بهێنم، ئەوان وەک ئەو خانووە وان کە تەنیا ڕووخاندن چاکی دەکاتەوە و پینەوپەڕۆکردن هیچ کەڵکێکی نییە، فەرمان بکە تا فەرمانەکەت جێبەجێ بکەم.

بەڕێوەبەر گوتی:

-بە هەموویان ڕابگەیەنە کە لەمەودوا لە کەس نابوورم و هەر کەسێکیش کەمتەرخەمی بکات، گەورەترین سزای دەدەم... بەڵام پێم بڵێ... نەخۆشی تازە دەرکەوتوون؟

-لە کچۆڵەیەک بەولاوە کە تەمەنی سێ ساڵە و ناوی لەیلایە، کەسی دیکە نەخۆش نەکەوتووە.

-زۆرباشە، هیوام وایە پزیشکەکە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بدات بۆ ڕزگارکردنی ئەو کلۆڵانە و سەرپەرشتیارانی چارەسەرکردنیش با زۆر بەوردیی فەرمانەکانی پزیشک جێبەجێ بکەن، بەڵکو ڕێژەی مردووان کەمبێتەوە.

-گەورەم، بێگومان هەموو شتێک بە دڵی تۆ دەبێت... هەموو کاتێکت شادیی بێت. بەڕێوەبەر بە سەرلەقاندن وەڵامی دایەوە.

ئەوەندەی پێ نەچوو کە هەموو کارگوزارانی پەناگاکە لە دالانێک کۆبوونەوە و خانمی سەرۆکیان لەنێوانیاندا ڕاوەستا، تا هۆشداریی بەڕێوەبەر و سزا توندکردنی ئەویان پێ ڕابگەیەنێت، گێلی و نەزانی بە نێوانیاندا تێپەڕی، بەوەی کاتێک کە تووشی شتێک دێن و سەرچاوەکەی نازانن. هەندێک وایان دەرخست کە دەیانەوێت واز لە کارکردن بێنن و بەشێکی دیکەشیان دەیانگوت گوایا هەرچەندە کار و خزمەتی زۆر دەکەن، بەڵام کەس پێی نازانێت و ئەو خزمەتەی ئەوان پێشکەشی دەکەن، سێ ئەوەندەی ئەو مووچەیەیە کە وەریدەگرن. ئەوانەی لەو هەڕەشەیە ترسابوون کەمێک پتر بوون لە گوێڕایەڵەکان.

لەملاو لەولای حەشاماتەکە قسەی ئەوتۆ دەکرا کە خانمی سەرۆک پێی ناخۆش بوو، بۆیە هانی ئەوەی دان کە مێشک بهێننەوە سەری خۆیان و ڕاستیی ئەو ئەرکە بزانن کە بە ویژدانیان سپێردراوە، بەڵام گوێیەکی هۆشیار و دڵێکی ناسک و نەرمی بەدی نەکرد، بۆیە دەستی کرد بە نارەزایی دەربڕین لەو دەور و زەمانەی ئەمی خستۆتە نێو ئەو نەزانانە و ئەو بارودۆخەی چاوی لە دەستی ئەو جۆرە کارە بێت، بەڵام دەنگێکی ژنانەی ناسک دڕی بەو هەراهەرا تێکەڵ و پێکەڵە دا و بە شێوازێکی سۆزبەخشانە گوتی:

-گەورەم خانمی سەرۆک، هیوات بە هیچ یەک لەمانە نەبێت، چونکە هەموویان، بەڵێ هەموویان، هەر دەنگەدەنگن! ئەوەی قسەی کرد لە زەینەب بەولاوە کەسێکی دیکە نەبوو. کە بە بەژن و باڵا لەڕ و لاوازەکەی و دەموچاوە خەم لێنیشتووەکەی خۆی خزاندبووە نێو کۆمەڵەکە و هەردوو چاوە پڕ لە فرمێسکەکانی بە خانمی سەرۆکەوە هەڵواسرابوون، بە دەست سەرئێشەوە دەینالاند، چونکە باڵی ڕاستی بۆ سەر سەری بەرزکردبووەوە. بەجۆرێک کە لەپی دەستی بە لایەکەی دیکەی دەموچاویدا شۆڕ ببووەوە.

هەر کە ئەو قسانە بەر گوێی خەڵکەکە کەوتن، بێدەنگییەک دایگرتن و دوای ئەوە دەمیان کرایەوە، هەبوو دەیگوت: بێگومان تۆ لە خێزانێکی خانەدانیت، ڕۆژگار پشتی تێ کردوویت،

بۆیە هاتوویت و لەم پەناگایە بوویت بە دایەن. یان ژنی وا هەبوو دەیگوت: بێگومان تۆ ئەمڕۆ لە لایەن پیاوێکی گەورەوە پشتیوانیت هەیە و ئێمە لەم ماوەیەدا هەست بە نازکردنت دەکەین. هەشیانبوو دەیگوت: لێی گەڕێن، لەیلای کچی نەخۆشە و تـای هاتۆتێ و ئەمە هـۆی هەڵچوون و توڕەییەکەیەتی بەرامبەر بە ئێوە. سەرەنجام- هەڵوێستەکە لەپڕ دروست بوو، هیچ هەلێکی بە خانمی سەرۆکی کارگوزاران نەدا، کە ڕادەیەک بۆ مشتومڕەکە دابنێ- ژنە کارگوزارێکی قەڵەوی بازوو بادراو هاتە پێشێ، بە هەڵچوون و تووڕەیی و قیژوهوڕەوە هات و جنێوی یەک لەدوای یەکی تێکەڵ و پێکەڵی دەپرژاند و بەرۆکی زەینەبی گرت، مشتەکۆڵەیەکی وای لێدا، هەموو ڕق لە زگێکی بە ژن و پیاوەوە هان دا و هەموو تووڕەیەکیشی بە ژن و پیاوەوە وریاکردەوە و ئەوەندەی لێدان بەرکەوت، کە لەسەر زەوی تەختی کرد... ئەو واقیعانە بەخێرایی چاوتروکانێک، یان هەڵبەز و دابەزی تیشک ڕوویان دا، ئیدی دوای ئەوە خەڵکەکە بڵاوەیان لێکرد و ماوەیەکی دیکەش تێپەڕی و ناحەزەکان لە ژووری بەڕێوەبەر خڕبوونەوە.

سەرۆکی کارگوزاران باسی ئەو توندیی و بەدڕەوشتییەی خەڵکەکەی کـرد، کـە خـۆی و زەینـەب دووچـاری بـوون و بەڕێوەبەر داوای لە زەینەب کرد قسە بکات و دەستدرێژکەرەکان بە هەناسەسوارییەوە چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد، کە زەینەب

بە بار تۆمەتیان بداتە پاڵ، بەڵام گوێیان لێبوو، دەڵێت:

–گەورەم بەڕێوەبەر، من هیچ شتێک ئازارم نادا و بۆ هیچ شتێکیش ناگریم بۆ ئەو منداڵانە نەبێت... ئەمانە، کاتێک منداڵەکان تەندروستییان باشە بە تاوانی یەکێکی دیکە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەن، کە نەخۆشیش دەکەون گوێیان نادەنێ و کەمتەرخەمی بەرامبەریان دەنوێنن. من کچێکم لەنێو ئەو منداڵانەدا هەیە نازانم بۆچی خوا دڵی منی بۆ لای ئەو ڕاکێشاوە، بەڕادەیەک وا هەست دەکەم من دایکیم– لەپێناوی ئەو کچۆڵەیەدا هەموو تاڵاوێکم لە دەست ئەمانەوە چێشت و ئەمڕۆش ئەو نەخۆشە و تای هەیە و ئاگای لە خۆی بڕاوە و بەدیارییەوە دانیشتووم، چونکە خۆشم دەوێت، مایەی بەزەیی بووم بۆ ئەو و بۆ ئەوانەی لە دەوروپشتی ئەون.

ئەوانە گوڵن، دەخرێنە ناو توونێکی گڕگرتوو و ئاگر چۆن داری وشک دەخوات، ئاو بەو شێوەیەش جوانی و گەشییان دەخوات.

دوێنێ شەو لەبەردەمی ئەو پزیشکەی سەریان لێ دەدات، گریام و تکام لێکرد، کە ئێش و ئازاریان کەم بکاتەوە، کەچی ئەو پڕی دامێ و قسەی پێ گوتم و گوتی گوایا من بەبێ ویژدانیی تۆمەتباری دەکەم و داوای ئەوەی لێ دەکەم، کە تەمەنیان درێژ بکات. گەورەم سوێندت بۆ دەخۆم کە درۆ ناکەم، خۆشم لە کاروباران هەڵناقورتێنم، بەڵکو من ژنێکی دڵناسکم و دەمارم

زوو دەگیرێت و دیمەنی ئازار چێشتووان دەموروژێنێت، تەنانەت ئەگەر باڵندەیەکیش بێت!

لەیلام خۆشویستووە و بەزەییم پێدا هاتووەتەوە و شەونخوونی بەدیارییەوە دەکێشم، ئای خۆزگە بەڕێوەبەری گەورەم بتدیایە، چاوە سەوزەکانی، قژە زەردەکەی...

بەڕێوەبەر قسەکەی پێ بڕی:

بەسە و بیبڕەوە، منیش ئەوەندەی بیستم، بەسمە. هەمووتان بڕۆن و چۆنم فەرمان کردووە، بەو شێوەیە کار دەکەن.

ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە پەناگای (ج)یان بە سووکی هەژاند... بەڵام دانیشتووەکانی هەر هەموویان هەستیان پێ کرد و جۆرە گیانێکی بەئاگایی و نیگەرانی لە دڵ و دەروونی کارگوزارەکان و وردە غیرەیەکیشی لە دەروونی خانمی سەرۆکدا دروستکرد و تاڕادەیەکیش وریایی، بەڵام زۆرنا، لای سەرپەرشتیاران زیندووکردەوە. ئینجا ژیان دوای ئەوە بە شێوازێکی نزیک لە هەوەڵەوە، ڕۆیشت، بەڵام لە چاکە نزیکتر بوو.

خۆر ماڵئاوایی لە پەناگای باوەشی بیابان کرد، ئینجا وەک هەموو ڕۆژێک لە پشت ئاسۆوە ون بوو، ئەو بینا دڕ و زبرەی لە تاریکییەوە پێچا و سێ بارێکی شەو تێپەڕی و هەموو ئەوانەی لەوێ بوون، بە خۆشی، یان ناخۆشی، خەوتن.

لایەکی دابڕکراو لەو پەناگایە بە ڕووناکیی ڕەنگاوڕەنگی جوان بەرچاو دەکەوت، کە جوڵانەوەیەکی نائاسایی تێدا هەبوو،

ئەمەش لایەنی بەلاوەی (تایبەتی) نەخۆشە منداڵەکان بوو، کە بەشێکی زۆری شەو بەو شێوەیە مایەوە و ئینجا ئەوانەی کاری ئەو بەشەیان پێ سپێرابوو، خەوتن و ناوبەناوێک لەناڵەی منداڵێکی نەخۆشی لاواز بەولاوە، هیچی دیکە نایەتە بەرگوێ... کز و درێژ دەیبیستن وەک ئەوەی ئەو دەنگە لە قوڵایی قەبرەوە بێت.

لەسەر یەکێک لەو قەرەوێڵانە لەیلا بە پەشێوحاڵیی خەوتبوو، کە چاوەڕوانی قەزا و قەدەری خوای لێ دەکرا و ژنێک لەلایەوە دانیشتبوو خۆی بەسەریدا دادابوو، تاوێک دەموچاوی بەرزدەکردەوە و ڕووی دەکردە ئاسمان و تاوێکیش ڕووی دەکردە لەیلا. هیچ ژنێک نییە لەنێو هەموو ژنانی جیهان لە زەینەب بەولاوە ئا بەو شێوەیە لای ئەو کچۆڵەیە دانیشێت.

–ماڵی وێرانم... خۆ ئەوە خەریکە گیان دەدات... پێم وایە گیان دەدات... ئایا بەڕاستی ئەو دەمرێت؟

لەوێ، گورگ و دڕندە لێی بێ ئاگا بوون، بۆئەوەی لێرە لەسەر ئەم پێخەفە بمرێت و لەنێو چاوی هەموو خەڵکدا چاوێک هەبێت فرمێسکی بەسەردا بڕێژێت؟

لەوانەیە ئەمە حیکمەتێکی دیکە بێت خوا لە پێناوی ئەو کچەدا دوایخستبێت! بێگومان ئێستا باوک و دایکی خەوتوون... ڕەنگە ئەوان خەون ببینن و لەوانەشە مردبن، خۆ ئەوان هیچ شتێک لەبارەی ئەو کچۆڵەیە نازانن و ئەمیش هیچ شتێک

لەبارەی ئەوانەوە نازانێت. چەند زۆرن ئەو شتانەی خەڵقندە بەیەکیانەوە دەگەیەنێت و یاساکان دەپچڕن! ئەو ئێش و ئازارانەش چەند زۆرن کە توانای مرۆڤایەتی شانی داوەتە بەریان و دەیانشارێتەوە، هەروەک ئەوەی هەڵگری ئەو ئازارانە نەبێت! بێگومان ڕەنگە دایکی لەیلا، وەک هەموو ژنێکی دیکە هەست بەو ئازارانە بکات، کە خەڵکی دیکە دەیانکێشن و ئەویش بۆ ئەو شتانە بگری کە خەڵکی بۆی دەگرین، بەڵام یاسایەک دڵی ئەوی کردووە بە بەرد و پارچەیەک لە جگەری خۆی پچڕی و فڕێیدایە بۆشایی.

دوای ئەوە چاودێریی و خواستی خوا شتێکی سەپاند، کە دایکەکەی خۆی لێ دوورخستەوە... لەیلا... هەست بە ئازار دەکەیت؟ ئەرێ ئەوە چییەتی و بۆ وەڵام ناداتەوە؟ ئاە... گەورەم دکتۆر... ئەوە هاتیت؟ وا تێ بگەم خەریکە دەمرێت!

پزیشکەکە بەشێوەیەکی بێزارییەوە، وتی:

–ئەو نە مردووە و نە زیندوو... لەوانەیە بمرێت و لەوانەشە نەمرێت... هەموو شتێک بە قەزاو قەدەرە. ژنەکە، ئەو ترسە سەیرە چییە؟ وەکو بیستوومە تۆ زۆر بەسۆزیت، بەڵام چەنەبازیی و واز لەو وڕێنەیە بێنە تا نەخۆشەکان بێزار نەکەیت، یان وا پێدەچێت تۆ ئەرکی وڕێنەت لەکۆڵ تادارەکان کردبێتەوە؟

–ببووره گەورەم قسە ناکەم... بەڵام وەک لە کارگوزارەکانم بیستووە، ئەم خانووە بۆ دانیشتووەکان بەدووم[1] بووە، پێش ئەوەی بکرێت بە پەناگا.

پزیشکەکە سووکە پێکەنینێک پێکەنی و بەشێوەیەک کە گاڵتەپێکردنی لێ دەچۆڕا، گوتی:

–ئێستا نهێنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیمان بۆ دەرکەوت و ئیدی ئەوەندەی نەبرد، ڕۆیشت.

مرۆڤ پێی ناخۆشە هۆیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ هەندێ لەو ڕووداوانەی تووشیان دێت، نەدۆزێتەوە، لەوانەیە هۆیەکەی لای ئەو ڕوون بێت، بەڵام بڕوای پێی نییە، بەڵکو دەیگێڕێتەوە بۆ شتێکی شاراوە، کە ڕاستییەکەی نازانێت و لە هەردوو حاڵەتدا دەبێت ئەو ڕووداوە بەلای ئەوەوە زۆر گەورە بێت و هەر ئەوەش بوو وای لە زەینەب کرد بڵێت: پەناگاکە لە شوێنێکی بەدوومە. ئەگەر لەیلا لەنێو ئەو نەخۆشانەدا نەبووایە ئەوا ئەو جێگایە تا ئەو ڕادەیەی بڕوای ئەوی پێ گەیشتووە، بەدووم نەدەبوو، شتی شاراوە زیاتر دڵ و دەروونی خەڵک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، وەک لە شتی ڕوون و ئاشکرا.

سێ حەفتە تێپەڕی و سەرلەنوێ سەوزیی لە داری لەیلادا گەڕایەوە و چاکبووەوە و ئەوجارەش قەزاو قەدەر لەبەر هۆیەک کە خوا ویستی، ئینجا بۆ بەختیاریی بێت، یان

---

١ - شووم.

کوێرەوەریی، چەکی مردنی بۆ درێژ نەکرد، بەڵام بەلای دایەنەکەوە بەختیاریی و خۆشییەک بوون مایەی سوپاس و پێزانین و ژنەکە ڕوخسارە لەڕ و لاوازەکەی پێکەنینی تێگەڕا، دوای ئەوەی کە خەم و شەونخونی تووشی خەمباریی زۆریان کردبوو. ئیدی سەرلەنوێ کارگوزارەکان کەوتنەوە چپەچپ: خۆی بە بەختیار دەزانێت، چونکە لەیلایەکەی شیفای بۆ هاتووە و چاکبووەتەوە، بەڵام خەڵکی کەمتر ئەوەیان بە خەیاڵدا دێت کە لەوانەیە مەرگ لە تەندروستەکان نزیکتر بێت وەک لە ئەوانەی کە نەخۆشن، ئەوەبوو لەیلا ژیا و زەینەب مرد و هەڵوێستەکەیان دوای چاکبوونەوەی لەیلا، گۆڕییەوە: ئەوانەی لە پەناگاکە بوون، سەریان سوڕما، هەندێکیان پێکەنین و هەندێکیشیان گریان.

ڕۆژگار دەستی کرد بە پەرلە[2] دروستکردن و قەدەر جارێکی دیکەش ڕێی بەو کچۆڵەیە گرت، دوای ئەوەی ئەو بەلەمەی خۆی هێنایە پێشی لەنێو دەریای شەپۆل هەڵچوودا.

شەو هەندێک کارگوزار دانیشتبوون قسەیان دەکرد و زولێخا گوتی:

–ڕەحمەتی خوای لێبێت ژنێکی باش بوو... میوەی شیرین هەمیشە دەبێتە ئامانج بۆ لەدارکردنەوە، نەخۆشیی تەنیا سێ ڕۆژ ماوەی دا، دوای ئەوە بە داخ و پەژارەوە بۆی،

---

٢ – لغز.

کۆچی دوایی کرد و ڕۆیشت... دەستە خوشکەکانم لەیلاتان بینی؟ بە چاوە گەورەکانی بەدوای دەموچاوێکدا دەگەڕا کە هەموو ڕۆژێک دەیدیت و هەموو چاکەیەکی لەو دەموچاوەوە بەردەکەوت، بەڵام ئێستا نایبینێت و غەریزە وای بردە دڵییەوە کە بگری، بێ ئەوەی بزانێت بۆ خۆشەویستێکی لەدەستچوو دەگری، دوای ئەوە، بەیانی و ئێوارە هاتن و ئەو بەدوای ئەو دەموچاوەدا گەڕا، بۆیە گریا. لەیلا ئەو ژنەی خۆشویست بێ ئەوەی بزانێت و خەمیشی بۆ داگرت، بێ ئەوەی هەست بکات، ئاخر کێ دەزانێت؟ لەوانەیە گیانی زەینەب بێتە لای و هەست بە بوونی بکات و ئینجا لێی بڕوانێت و نەشیبینێت، بۆیە دەگری، چونکە فێڵی لێکرا، یان شتێکی لێ ڕفێنرا!

یەکێکیان گوتی:

–انا للە!

ڕەوڕەوەی ڕۆژگار سووڕایەوە و پەردەی لەبیرچوونەوە بەسەر ناوهێنانی ئەو دایەنە دادرایەوە و دوو چاوە سەوزەکە لە چاوگێڕان کەوت و وازی لە گریان هێنا و یادگارەکان ون بوون و ڕووداو لەبەر چاو نەمان و کاروبار بەردەوام بە تەختی وەک ڕووی ئاو ڕۆیشت. کارگوزارەکانی پەناگاش هەر دێن و دەچن و منداڵگەلێک پێ دەنێنە ناوی و کوڕگەلێکیش دەچنە دەرێ و بیناکەی هێشتا خۆی لەباوەشی بیاباندا مەڵاس داوە و لە ناوەوەیدا کۆرپەلەی زۆر دەجووڵێن و هەموو ڕۆژێکیش

بەیانی و ئێوارە خۆر سڵاوی لێ دەکـات... و هیچ شتێکیش نەگۆڕاوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە کچۆڵەیەک چوار ساڵی تەمەنی تێدا بردووەتە سەر، کە خۆشی نازانێت چییە و لە دنیایەکیشدا کە نازانێت چییە، لەیلا لە بەردەمی دەرگای خوێندندا ڕاوەستا، بۆئەوەی لەوێوە بچێتە دەرگای ژیان.

"تۆ بڵێی سەرێک ناسکیی، جوانیی منداڵیی تێدابێت و ڕێکیی پێکهاتەی تێدا وردبووبێتەوە، توانای وەرگرتنی ئەوەی مامۆستا دەیڵێ و بەرگەگرتنی زبریی فێرکردنی هەبێت؟... لەوە بە دواوە دەیبینین".

(٣)

له ڕۆژی یەکەمی ژووری خوێندندا دیوتە؟ لەیلا لە ڕیزی دواوە دانیشتووە، چونکە منداڵییەکەی پێگەییوە و چاوی تیژە و دەستێکی بچووکی خستۆتە سەر دەمێکی بچووکی جوان وەک نقوڵ، هەر دەڵێی بیر دەکاتەوە.

دەبێت بیر لە چی بکاتەوە، ئەوە نەبێت کە هەوڵ دەدات نهێنی ئەو ئەرکە بزانێت کە لەپێناویدا هێنراوەتەوە ئێرە لە نهێنی ئەو شتانەی دەوریان داوە، بگات!

... دوای ئەوە ڕۆژان یەک بەدوای یەکدا هاتن و لە قوتابخانە گەیشت و ساڵ بەدوای یەکدا هاتن، وانەخوێندنی پێ خۆشبوو و قورسایی مێشکی دەرکەوت، لە هەمان کاتیشدا جوانییە دڵگرەکەی خۆی نواند، بەڵام سیفەت و ڕەوشتی بەرەو هێمنییەکی نزیک لە سەرکزیی دەچوو و تا تەمەنیشی بەرەوپێش دەچوو، ئەو سیفەتە بەرەو شکانەوە دەچوو و ئاسمانی تەمەنە کەمەکەی هەورێکی سروشت ڕەشبینانەی دڵتەنگکەر دایدەگرت کە لەنێو دەستەخوشک و مامۆستاکانیدا ناوبانگی پێ دەرکردبوو.

ئەگەر بۆت ڕێککەوت کە سەعاتێکی شەو لە ژوورێک لە ژوورە فراوانەکانی پەناگاکە دانیشیت و کۆبوونەوەی قوتابییە کچە بچکۆلەکانی ئەوێ ببینیت، ئەوا دەیانبینیت لەبەر ڕووناکیی چرا و لەسەر پشتی مێز، بەگەرمی خەریکی کارکردنن و یەک

یەک و کۆمەڵ کۆمەڵ دانیشتوون و هەموویان کاردەکەن و دەگمەن وایە ئەو کچۆڵەیەمان لەنێو کۆمەڵێکدا بەدی بکەیت، بەڵام ئەمجارەیان چوارەمینی سێ کچۆڵەیە، لەنێویان دانیشتووە و گەشییەکی زۆر و کەموکێک ڕووخۆشی و هەندێک گەشبینی بە ڕوویــەوە دیــارە، ئەمەش هانی دا لـەو سروشتەی خۆی دەرچێت و بە دەنگێکی چپەئاسا، بۆئەوەی (چاودێرەکە) گوێی لێ نەبێت، بە ئەوانەی دەوروپشتی خۆی گوت:

-خوشکینە... کێهەتان دەتوانێت وێنەی دایکێک بکێشێت، کە شیر دەداتە منداڵەکەی؟

پرسیارێکی سەیر و پێشنیازێکی سـەمـەرە و بێگومان سروشتی مێینەیی و هەستی شـاراوەی دایکایەتی، دەستێکی زۆریان لەوەدا هەیە.

مـاتـیـی و سـەرسـوڕمـانـێـک هـەرسـێـکـیـانـی داگــرت بە لێوهەڵقرچاندن و چاوکرانەوەیان، بێتوانایی خۆیان دەرخست و پێیان گوت:

-شتاقمان ناتوانین، لەیلا تۆ خۆت دەتوانیت؟

گوتی:

-بێگومان.

ئینجا لەسەر کاغەزەکەی بەردەمی هەرشتێکی بەدڵی بوو و پێی خۆش بوو، هێڵکاریی بۆ کـرد... شتگەلێکی پێکداچوو و تێکپەڕیو کە دڵە بچووکەکەی وای هەست کرد، کە وێنەی

دایکێک دەکێشێت سۆز بەسەر ڕۆڵەکەیدا دەبارێنێت.

چپەچپی زۆر لەنێوانیاندا ڕووی دا و هەندێکیان بەدڵیان بوو و هەندێکیش ڕەخنەگر بوون، دەنگەکە بەجۆرێک بەرزبووەوە، تا گەیشتە بەرگوێی چاودێرەکە لەلایەکەی دیکەی ژوورەکە، لەکاتێکدا خەریکی نەخشێک بوو کە بەدەستییەوە بوو، گوتی:

-کچینە ئەو دەنگەدەنگە چییە، خەریکی کارەکانی خۆتان بن.

یەکێک لە دەستەخوشکەکانی گوتی:

-خانمی گەورەم من نیم... ئەوە لەیلایە دەیەوێت وێنەی دایکێک بکێشێت شیر دەداتە منداڵەکەی.

چاودێرەکە بە سەرسامییەوە گوتی:

-لەیلا؟ لەیلا ئەوە قسە دەکەیت؟

ئینجا چوو بۆ لایان و چاوێکی بەوەدا گێڕا کە لەبەر دەستیان بوو و کاغەزەکەی لێ وەرگرتن و بە دەنگێک بڵمەبڵمی کرد، کە لە کچۆڵەکەی ئێمە بەولاوە کەسی دیکە گوێی لێ نەبوو، چونکە هەم ترس دایگرتبوو و هەم وریاش بوو، چاودێرەکە گوتی:

-بریا دایکت شیری پێ بدابان، ئەوسا خەڵکی لە کێشانی ئەم ئەرکە دەحەسایەوە!

لەیلا بە چاونەترسی و پەرۆشییەوە گوتی:

-خانمەکەم، بۆ دایکمان شیری نەداینێ؟

چاودێرەکە کەوتە هەڵوێستێکی نالەبارەوە و سەرلەنوێ ئاوڕێکی لێ دایەوە و بەتەواوەتی تێی ڕاما و سۆزێک دایگرت،

ئەو قسەیەی پێ ناخۆش بوو کە کردی و خۆی بەسەردا داهێنایەوە و بزەیەکی بۆ کرد و گوتی:

–لەیلا، چونکە مردن.

گوتی:

–کەواتە دوای مردنی دایکم کێ منی بەخێوکرد، ئەو کەسە لە کوێیە؟

گوتی:

–بیستوومە دەڵێن ئەو کەسەی تۆی بەخێوکرد ناوی زەینەب بوو و ئەویش مرد.

لەیلا بە زەندەقچوون و پەلەوە دووبارەی کردەوە:

–ئای خوایە! ئایا هەموو دایکێک کە منداڵەکەی بەخێو دەکات و شیری دەداتێ، دوای بەخێوکردنەکە دەمرێت؟ خانمی چاودێرم ئەی تۆ بۆ نەمردیت؟ ئەی تۆش منداڵت نییە بەخێوت کردبن؟

چاودێرەکە بە ڕەشبینییەوە سەبارەت بەم پێوانە و بەراوردە سەیرە پێکەنی و دوای ئەوە هەموویان چوون بەلای کارەکانی خۆیانەوە.

دوای ئەوە گومانێکی زۆر دڵ و دەروونی لەیلای داگرت و وای لێکرد، کە تەمەنی هەڵدەکشا و ساڵێک زیادی دەکرد، زیاتر بیری لە خۆی دەکردەوە.

ئەگەر لە وانەیەک لە وانەکانی ئایین لەوێ ئامادەبوویتایە،

کاتێک مامۆستا دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەی بوونی خوا بۆیان، ئەویش وەکو هەموو مامۆستایەکی دیکە گوتی:

-ئەو کەسەی ئەم دەرگایەی دروستکردووە، دارتاشە، ئەوەش کە ئەم خانووەی دروستکردووە بەننایە و ئاسنگەریش ئاسنی ئەم پەنجەرەیەی پێکەوەناوە و هەموو شتێک دەبێت دروستکەرێکی هەبێت و هەموو بوونەوەرێک دەبێت یەکێک هەبێت دروستی کردبێت.

ئاسمان هەیە، زەوی هەیە و ئێمەش هەین، دەبێت ئێمەش دروستکەرێکمان هەبێت... ئەویش (خوایە).

ئەگەر لەوێ ئامادەی بوویتایە، گوێت لێ دەبوو بە بڕوابەخۆبوون و لەسەرخۆ و بەردەوام دەڵێت:

-هەر ئەویش درەختی دروستکردووە و چۆن درەختی دەرهێناوە، ئێمەشی ئاوا دەرهێناوە...

-هەر ئەویشە درەختی دەرهێناوە و ئێمەشی هێناوەتە ئەم دنیایە... بەڵام لە باوک و دایکێک.

-مامۆستاکەم، ئەی دایک و باوکمان لەکوێن؟

-هەموویان مردوون.

-هەر لەبەرئەوەی ئێمە هاتووینەتە ئێرە؟

مامۆستا دەڵێت:

-بەڵێ...

ئینجا لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

–لەبەرئەوە نەمردوون کە ئێوە هاتوونەتە ئێرە، بەڵکو ئێوە بۆیە هاتوونەتە ئێرە، چونکە ئەوان مردوون، مردوون هەرچەندە زیندووشن، ڕەحمەتی خوا بۆ ئێوە و بۆ هەمووتان.

بەم شێوەیە بە درێژایی مانەوەی، لەبارەی ئەو ڕابردووە نادیارەی ئەو هەموو کۆمەڵە حەشاماتە پرسیاری لە خەڵکی دەکرد، لەپاش هەر پرسیارێکیش گەردی خەم و کەسەر دەچووە دڵییەوە و ئەو گەردانە گردبوونەوە تا ئەو دڵەی پڕ بوو لە کەسەر.

لەوانەشە ئەو زیرەکی و هێمنییە چەکێک بن لە ژیاندا بۆ ئەو هەڵەیەی شەریعەتی غافڵگیر کرد، ئەوەی کە خوا خۆی ویستی پاک و بێگەرد بێت، دوای پێکهاتن و بوونی، هەروەک چۆن پێستە بە خۆشکردن پاک دەکرێتەوە، بەڵام ئەدی ئەو کچۆڵانەی لە پەناگایەک لەگەڵ لەیلان و لە بەهرە بێبەشن، دەبێت چییان بۆ ببێت؟

بێگومان دەبێت یاسای کۆمەڵگا وەک لە بەهرە بێبەشەکانی دەرەوەی پەناگا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات، چونکە ئەمانیش وەکو ئەوان پاک و بێگەردن.

(٤)

دەتەوێت ئەو لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا بناسیت؟ کەواتە باڵای ئەو کچۆڵەیە ببینە کە سەرلەبەیانییەکی زوو پێی نایە ئەو پەناگایە بۆ ئەوەندەی چاو تێر بکات، بەڵام لە ڕادە تێناپەڕێت. ئەو باڵایە شووش و ڕێک و ناوقەد باریک بکە و چەندیش دەتەوێت مێینەیی و پێگەیشتن بخە سەری و بیانکە بە شەرم و شکۆ و شکانەوە و هێمنی و قورس و گرانی، ئینجا وێنەی دەموچاوێکی خڕ بکێشە کە هەمیشە سەیری ئاسمان دەکات، هەر دەڵێی چاو لە کەسانێک دەگێڕێت کە دەبووایە هەبوونایە، بەڵام لەسەر زەوی نەبوون، هەروەها جووتە چاوێک کە برژانگیان درێژ ببوو و ئەو دوو چاوە بەجۆرێک کرابوونەوە، کە بەشێکی زۆری ئەو دەموچاوەیان داگیر کردبوو و سەرزیییەکەشیان گەش بوو و نێوچەوانێکی ڕوون و قژێکی زەردی خاوی شۆڕەوەبوو، کە هەمیشە بەسەر پشتیدا هاتبووە خوار، چونکە هەمیشە ڕووی لە ئاسمان بوو، ئینجا دەمێکی بچووک کە هەمیشە لێوەکانی لەسەر یەک بوون و کەمدووی شیرین خەندە، ئینجا دەنگێکی هێمنی ئاغرانەی بێ ژاوەژاو بێنە بەرگوێی خۆت، تا بە دەنگەکەی ئاشنابیت و تەماشای کچێک بکە کە لە ڕۆییندا خێرا نییە، هەروەک ئەوەی لەکاتی ڕۆیشتندا بیربکاتەوە، یان بییەوێت بگەڕێتەوە-بۆئەوەی بە ڕەوتەکەی ئاشنابیت، هەروەک ئەوەی وەک ئەو حاڵەتەی ئەوی تێدایە، لە

دوودڵییەوە هاتبێت کاتێک کە لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا پێ دەنێتە ژیانەوە.

خۆ ئەگەر تەماشای بکەیت، وا هەست دەکەیت کە لێت بێزارە، یان ئەگەر بیئاخێویت، قسە لە کورتی دەبڕێتەوە، وای پێ خۆشە کە بیر بکاتەوە زێتر لەوەی قسە دەکات و دوورەپەرێزیش بێت پتر لەوەی پەیوەندی هەبێت و چارەنووسی خەڵکی بخاتە ژێر چاودێریی، زیاتر لەوەی چارەنووسێک بۆ خۆی وێنە بکێشێت و ... ئەگەر کەشتییەوان بووایە، ئەوا سەوڵ و بایەوان[٣] و سوکانەکەی تێکدەشکاند، چونکە داویەتییە دەستی قەدەر، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە خەڵکی دەترسێت، چونکە ئەوان سەرچاوەی بەسەرهاتەکەی ئەون و دەشبێت لە گونگەری بەڵا و بەسەرهاتاندا بژی.

ئەمەیە کچەکەمان دوای سێزدە بەهار لە جیهانە بچووکەکەیدا بەسەری برد و دوای ئەوە کەوتە بەربەستێک لەنێوان بوونێک و بوونێکی دیکە، وای بیر دەکردەوە، کە ئەو لە جێگەیەکە نە پەناگایە و نە دنیا و چاوە بەهێزەکانیشی بڕییە قوڵایی داهاتووی لێڵ و نادیار و لە تاریکی بەولاوە هیچی دیکەی نەدیت، بۆیە بە خەمباریی و پەشێوحاڵیی چاوی وەرگێڕا.

پێی وابوو کە دنیا کاتێک ئەوی هێنایە سەر لاپەڕەی بوون، لەو ڕۆژەی لەدایکی بوو، ویستوویەتی تاقی بکاتەوە، ئەویش

---

٣- شراع.

لەو تاقیکرنەوەیە تێپەڕی، چونکە لەدایکبوو و ژیا و خواش یەکێکی بۆ ڕەخساند کە منداڵیی ئەوی لە ستەمی ڕووداوان پاراست، ئەمە شتێکی سروشتییە، چونکە زۆرجار منداڵیی، خۆی خۆی دەپارێزێت و گەلێک جاریش هێز لە بێهێزیدا دەبێت، بەڵام... تۆبڵێی جارێکی دیکە لەو تاقیکردنەوەیە دەرچێت ڕۆژێک کە پێ دەخاتە نێو دەروازەی ژیان، لەکاتێکدا کە ئەو تەواو پێگەییوە و خاوەنی مێینەیەکی تەواوە؟ ئەو، ئەم جارەشیان هەر بێهێزە، بەڵام شتێکی دیکە خراوەتە پاڵ بێهێزییەکەی، کە لەوانەیە سەرچاوەی خێر، یان سەرچاوەی شەڕ بێت.

قسەی دەستەخوشکەکان لەوێ جۆرە شتێکی دەرەوەی دیوارەکانی پەناگای دەگرتەوە و ئەو تەوەرەیەی شەو دانیشتنی ئەوان بەدەوریدا دەسووڕایەوە و ئەوەی خەیاڵی ئەوانی دەگێڕا، گۆڕا. کچە هەوەسبازەکان بێباکیی خۆیان خستە ڕوو سەبارەت بەو ڕۆژەی کە لەو پەناگایە دەردەچن و دەیانگوت –هەر هیچ نەبێت– خوا لەو زیندانەی بێ تاوان تێی کەوتوون، یان ئەو دێرەی بێ ڕەبەن بوون تێیدا دەژین، ڕزگاریان دەکات و بوار لە مەیدانی ژیاندا هەیە و زەوی بۆ چاکان شوێنی هەڵسووڕ و داسووڕ و فراوانە.

بۆ نێوەڕۆژەکردن دانیشتبوون و یەکێک لە کچەکان گوتی:

–لەیلا ئەوە چیتە وا لە فکران ڕۆچووی و زۆریش ماتی؟ هەرچەند ئەو ڕۆژەی ماڵئاوایی لەم شوێنە دەکەیت، نزیک

دەبێتەوە، بیرت زیاتر دەشێوێت و خەمت کەڵەکە دەکات.

بۆ تۆ یەکەم کچیت لێرە دەچیتە دەر؟ چەندان و چەندان کچ پێش تۆ بەجێیان هێشتووین و نەشمان دیون وەکو تۆ پەشێوحاڵ بن، خوشکێ خوا لێت ببوورێت و لەوەی تۆی تێی کەوتوویت ڕزگارت کات!

لەیلا گوتی:

–ئەگەر یەکێک پێ بنێتە ئەو شوێنەی تێداچوونی ئەوی تێدایە، ئەمە هانی دووەم کەس نادات بۆ ئەو کارە، بەڵکو زراوی دەبات، ئینجا من بڵێم چی ئەگەر من مردم، خەڵکی دیکەش پێش من مردوون، یان کەس پێش من نەمردووە!

((ئەگەر ئەمڕۆ ئێوە ستەمتان کرد، هیچ دادێکتان نادات، چونکە ئێوە لە ئازارکێشاندا هاوبەشن)).

–هیچ شتێکیان لەگەڵ دانەناویت بۆئەوەی ئەو ڕۆژەی کە لە پەناگا دەردەچیت، وەک ئەو کچانەی کە شتمان لەبارەیانەوە بیستووە، بەو شتە پێشوازیی لە دنیا بکەیت؟

شەرم و تەریقییەکی زۆر دایگرت، لە جوینی خواردنەکە وەستا و چاوی بڕییە سفرەی خواردنەکە و گوتی:

–ئەمە خوا خۆی دەیزانێت و ناشمەوێت هیچ شتێک لەبارەیەوە بزانم... من ئەگەر لەبارەی ئەوەوە پرسیارم کرد، ئەوا، یان نیازپاکم، یان هەڵخەڵەتێنراوم... بریا ئەو خەڵکە هەڵوێستێکی نەرێیانە و خراپیان بەرامبەرم بنواندایە و نە بە خێر و نە

به شەڕ دەستیان بۆ درێژ نەکردبامایە! ئایا پارە دەمگەیەنێت به ژیانێک کە هۆیەکانی دابـڕاون، بنەچە نە دەکڕدرێت و نە دەشفرۆشرێت، من لە هیچ شتێک بێزار نیم، بەڵام من بارەکە هەڵدەسەنگێنم، پێش ئەوەی هەڵیگرم و خۆ ئەگەر ناچاریش بم بەوەی کە هەر دەبێت هەڵیگرم، ئەوا هەڵیدەگرم قورس بێت، یان سووک و لێی هەڵنایەم، تەنانەت ئەگەر پشتم بشکێنێت و هێزم لەبەر ببڕێت.

–جا کە تۆ ئەو بارە قورسە هەر هەڵدەگریت، بۆ پێناکەنیت؟ بە پێکەنینەوە بمریت، باشترە لـەوەی بە چـاوی بەگریانەوە بمریت، لەیلا ئەم هەمووەی بۆ چییە کە تۆ ئەو جوانییە دڵڕفێنە و ئەو ئەقڵە هەڵسەنگێنەرەت هەیە، ئەو جوانییەی خۆتم بدەیە و ئـەو ئەقڵەی خۆتم پێ ببەخشە، دوای ئـەوە فڕێم دە ناو دۆزەخەوە، بەڵێنت پێ دەدەم کە دەژیم.

بەتاڵییەکەوە پێکەنی و یاریی بە چەقۆکەی دەستی کرد و بە دووورودرێژیی هەردوو چاوە سەوزەکەی تێبڕی و ئینجا بەهێمنی گوتی:

–ئەمە هـۆکـاری نالەباریی و سـەرچـاوەی تـرس و خـەم پەیدابوونە. خۆزگە جوانیی فڕێبدرایە، ئەوسا فڕێم دەدا، خۆ ئەگەر فڕێشی بدەم، ئەوا هەڵوێستەکەم لە خراپەوە بۆ چاک ناگۆڕێت، بەڵام بەمە لە وریاییەکی ناخۆش ڕزگـارم دەبێت، بۆئەوەی تووشی کەمتەرخەمییەکی کوشندە بم.

ئێمەی لە پەنا دیوار هەڵگیراوە، جوان و ناشرینمان پێویستمان بە پاراستن هەیە لەلایەن دڵسۆزێکی ئەمینەوە، چونکە ئەو لەگەڵ یەکەمدا جوانییەکەی دەپارێزێت، نەوەک پێ بە خوارییدا بنێت، لەگەڵ دووەمیشدا ناشیرینییەکەی دەپارێزێت، بۆئەوەی پشتگوێ نەخرێت، بەڵام ئایا لەلایەکەی دیکەی ژیان، پیاوی ئەوتۆ هەن کە ئەو دڵەیان هەبێت و خۆیان بە ویژدانێکی ئاوەها شیرین بکەن؟ دایکەکانمان هەرهەموویان تووشیان بوو بە تووشی ئەو چەشنە پیاوانەی جیهان لەوانەی ئێمە هیوامان پێیانە و هەڵەیان کرد و لە ئۆباڵەکەشی ڕایان کرد و تەنیا ئێمەین، کە شانمان داوەتە بەر بەسەرهاتە نالەبارەکەی، ئەو خەڵکەشمان دەبن بە دوو بەش:

سەرزەنشتکەر و قورس پێداگرە و ڕێگەمان پێ دەگرێت و لێمان دەپرسێت: ئێوە لەکوێوە هاتوون و بۆ کوێ دەچن؟ بەشێکیش سووک داگر و گوێ پێنەدەر و پیاوەتیمان بەسەردا دەکات و دەڵێت: لێیان گەڕێن با تێپەڕن و هەر خۆیان تاوانەکانیان بکەنە کۆڵی خۆیان. ئێمە لە بارێک و ئەوان لە بارێکی دیکەدا: بەڵام پاڵپشتی دڵخۆشکەری لێبووردەیی ئاسانخوازیی دڵ و دەروون کراوەی باش، ئەوا تەنانەت دەست ئەوانەش ناکەوێت کە وەک ئێمە هەڵنەگیراونەتەوە!

بێدەنگیی هەموویانی داگرت و فرمێسکێک لێرەدا هاتە خوار و لەولاشەوە ئاخ هەڵکێشانێک بەرزبووەوە و گەلێک خەمی

دوارۆژێکی نادیار دایگرتن و دەستیان لە خواردن هەڵگرت، هەریەکە لای دەستەخوشکەکەی ڕۆیشت و بەخۆیەوە خەریک بوو و بۆ ڕابردوو دەگەڕایەوە و دەیگوت:

خۆزگە ئەو ڕۆژەی منی تێدا لەدایک بووم، لە شریتی ڕۆژگاردا بیانبڕیایە.

ئینجا بیری لە دوارۆژ دەکردەوە و دەیگوت:

یان ئەو ڕۆژەی منی تێدا دەردەچم، لە نەواری ڕۆژگار بپچڕێت!

مانگێک بەسەر ئەو قسەیە و ئەو ڕووداوانەدا تێپەڕی و جووڵەیەک لە پەناگادا گەڕا، کە زۆر تێیدا دەگەڕێت، چونکە کچێک خەریکە ئەو ڕۆژە پەناگا جێدەهێڵێت و...

ئەو کچەش لە لەیلا بەولاوە، کەسی دیکە نەبوو.

(٥)

لەکاتێکدا لەبەردەمی ڕاوەستابوو، بەڕێوەبەری پەناگاکە، چونکە ئەوی کەوتبووە بەر دڵی و خۆشیدەویست، ڕووی تێکرد و پێی گوت:

ئەمڕۆ کاتی ئەوەت هاتووە لەم شوێنە بچیتە دەر بۆ دنیا و خواش بارودۆخێکی باشی بۆ ڕەخساندوویت و سۆزی پزیشکێکی مەزنی دڵنەرمی بەسەردا باراندوویت، کە ناوبەناوێک دەهاتە ئەم پەناگایە، بۆئەوەی سەردانی نەخۆشەکانی ئێرە بکات و لە ئامۆژگارییەکانیشی بێبەشمان نەکات، کە تۆی بینی، پێی خۆش بوو چاکەیەکت لەگەڵ بکات و سۆزی خۆیت پێ ببەخشێت و بتخاتە ژێر چاودێریی خۆیەوە و سەرپەرشتیت بکات بۆ فێربوونی هونەری پەرستاریی لە نەخۆشخانە تایبەتییەکەی خۆی. کچەکەم ئەو پیاوە دکتۆر (ک) و ئەوە خەریکە دێت تا بتبات و ڕەوشت و ناوبانگی لە باسکردن نایەت.

لەبەر ئەو هەقەی تۆ کە بەسەر منتەوە هەیە، سوپاسم کرد و پێشم گوتووە کە بە چاکی ئاگای لێت بێت و پێشم وانییە بەوەی بۆمان هەڵبژاردوویت، ڕازی نەبیت و بەوەی کە دێتە ڕێت، گەشبین نەبیت، لەیلا گوتی:

-گەورەم سوپاسی هەردووکتان دەکەم، من ڕازیم.

گەلێک لەوانەی لە دەوروپشتی بەڕێوەبەرەوە بوون بە ژن و پیاوەوە و لەیلاشیان دەناسی، چوونە پاڵ قسەی بەڕێوەبەر

هانیان دا و هیوای سەرکەوتن و سەرفرازیشیان بۆ لەیلا خواست.

ئینجا لەیلا ئەوەی کە لە پەناگاکە بۆی هەڵگیرابوو، وەریگرت... لەبیرتە چییە؟ گوررزە قژێکی زەرد، کرابوو بە بازنێکی زێڕیین و کرابووە مەچەکی ڕاستی، بەڵام بازنێکی هەرزان نە دەکڕرێت و نە دەفرۆشرێت. ئەوەبوو بە سەرەپەنجەی لەرزۆک و پشێو و دڵێکی سەرسامی لێ نیشتوو وەریگرت و خستییە نێوان لۆچەکانی کراسەکەی و هەر بەو ڕۆیشتنە لەسەرخۆیەی ملی ڕێگای گرت، دەتگوت بە ڕۆیشتنەوە بیردەکاتەوە و دەیەوێت بگەڕێتەوە.

تۆ بڵێی ئەو سەرە بیر لە چی بکاتەوە و لەیلا چۆن سەیری قژە زەردەکەی دایکی دەکات؟

ئایا دەڵێت بریا بمدیبایە! خۆزگە نەیهۆندایەتەوە! ئایا دڵی لێوانلێوی سۆز دەبێت، یان ئەو دڵە ڕق و تووڕەیی لێ دەڕژێت؟ ئەو هیچ ئاگایەکی لە خۆی نەبوو کە نزیکترین شتە بۆ ئەو، وابزانم لەو ساتەدا سۆزی ئەو بۆ دایکی دیار و ئاشکرا نەبوو.

ئینجا گەڕایەوە بۆ لای دەستەخوشکەکانی تا بۆ دواجار ماڵئاواییان لێ بکات و ئەوەندەی نەمابوو بگاتە لایان تا سەرلەنوێ لەلایەن بەڕێوەبەرەوە بانگکرایەوە و سەری سوڕما، هەروەها هاوڕێکانیشی سەریان سوڕما. کە گەڕایەوە بۆ لای و لێی چووە ژوورێ، دیتی ڕووی گەشە و دەموچاوی بە

پێکەنینە و لەبەردەستی ڕاوەستا، بێ ئەوەی لێی بپرسێت چی دەوێت، بەڵام بە چەند وشەیەکی خێرا و دڵخۆشکەرانە گوتی:

-کچەکەم گوێت لێبێت... لەیلا گوێت لێبێت... هەموو شتێک لە کاتی شیاوی خۆی هات و سوپاسی خوا بکە. دوای ئەوەی تۆ چوویتە دەرێ، نوێنەرێک کە لەلایەن خانمێکی بەخشندە هاتە ئێرە، بازنێکی زێڕی پێبوو، کە ئەو خانمە دەیدات بە نزیکترین کچ لە پەناگا، بۆئەوەی ببێت بە پشت و پەنا و سەرمایەی بەرامبەر ڕۆژگار لەو ڕۆژەدا کە لێرە دەردەچێت، کچەکەم وەریگرە، یاخوا پیرۆزت بێت، دوای ئەوە ئەم کاغەزەش واژۆ بکە.

هیچ یەکێک لەوانەی لەوێ ئامادەبوون، شتێکی لەوە زیاتریان چاوەڕوان نەدەکرد، ئەوە نەبێت کە لەیلا قەڵەمەکە بەدەستەوە بگرێت و کاغەزەکە واژۆ بکات، بەڵام لە جێگەکەی وشک و بێدەنگ مایەوە، ئینجا چووە لای بەڕێوەبەر و گوتی:

-گەورەم بەڕێوەبەر، ئەمە ئەو زێڕەیە کە مامۆستا پێی گوتووین کە کانزایەکی بەنرخی لەرەدارە؟ ئەوا زێڕم ناسی... سوپاس بۆ تۆ پێویستم پێی نییە...

دوای ئەوە چاوی پڕ بوون لە فرمێسک و گوتی:

-ئەمە ناتوانێت پەیوەندیی نێوان من و ژیانی دەرەوەی ئەم پەناگایە بەهێز بکات. من هیچ شتێک لەوە زێتر کە دایکم بۆی بەجێهێشتووم، وەرناگرم، من نە میراتگرم و نە میرات

بەجێهێڵیشم! گەورەم بیدە بەو کەسەی دوای من دێت و لێشمگەڕێ با ئەم کاغەزە واژۆ بکەم.

بەڕێوەبەر وایکرد، هەروەها لەیلاش. هەموویان دەمیان داچەقاند، یان وەکو دەڵێن بوو بە تەڵەی تەقیو، گوێیان لێبوو گوتی:

-ڕۆژتان باش!

گوتیان:

-ژیانت خۆش بێت!

ئینجا گەڕایەوە لای دەستەخوشکەکانی تا ماڵئاواییان لێ بکات.

# بەشی دووەم
## لە نەخۆشخانەی دکتۆر (ک).

(١)

نەخۆشخانەی نەشتەرگەریی دکتۆر (ک)... لە گەڕەکێکی هێمنی بێدەنگی گەڕەکەکانی قاهیرەیە و داڵان و چووخمە فراوانەکانی بەسەر باخێکی بچووکدا دەڕوانن و ئەو نەخۆشانەی خەریکن چاک دەبنەوە، هەر کە بۆیان کرا، چاوی خۆیانی پێ گەش دەکەنەوە و بۆن و بەرامە و شنەیان بۆ دێنێت.

ئـەوانـەی تـوانـادار و دەستڕۆیشتوو نەبن، ڕوو ناکەنە ئەم نەخۆشخانەیە، کەم وایە لەکاتی سەردانی نەخۆشان لە بەردەمی ئەو نەخۆشخانەیە شەقامەکە بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی بە خاڵیی ببینیت و دوای ئەوە دەتوانیت ئەوە بزانیت با بە نزیککردنەوەش بێت، کە خاوەنەکەی چەند دەوڵەمەندە و ئەو نەخۆشخانەیە چ دەرامەتێکی بەسەردا دەبارێنێت.

دکتۆر (ک)... پیاوێکە تەمەنی لە پەنجا ساڵ نزیکبۆتەوە، نە کورتە و نە درێـژ، واتـا قـەدە پیاوە، لەش و لاری ناڕێکە و ڕوخساری ئاشکراو ڕوون نییە و ئەسمەرییەکەی زەردیی تێکەڵە و دیمەنی ڕووخساری نیشانەی وشکیی و دوودڵیی پێوەدیارە و دڵی باشە و حەز بە خێر دەکـات و بـڕوای بە خوا هەیە، بەڵام ئەوەی لە دڵییەوە دەیدات، زیاترە لەوەی لە سامانەکەی دەیبەخشێت و خۆشەویستی دڵنەرمیی لای ئەو لە قرۆش کەمبایەخترە و لە جونەیهیش هەرزانترە.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕاوێژی زۆر دەکات و سووره لەسەر ڕەزامەندیی ژنەکەی و جڵەوی خۆی و دەسبەندی کاروباری داوەتە دەست ئەو.

کچەکەمان یەکەم کایەی لە کایەکانی ژیانی لەم نەخۆشخانەیەدا گوزەری کرد و ژیان یەکەم دڵۆپی بە لەیلا کردە ناو زنجیرەکی گەورە، کە لە دەستپێکردنی خەڵقندەوە تا خەڵقندە کۆتایی دێت. هەر بەڕێوەیە و دەڕوات، بەڵام ئەو دڵۆپە لەنێو تەوژمی ئەو زنجیرەدا نەسازا و پێشییەوە پابەند نەبوو، هەروەک ئەوەی لە سروشتی ئاو نەبووبێت.

دکتۆر (ک) پێی گوت:

–کچەکەم، ئەمە ئەو نەخۆشخانەیەیە کە بنچینەی پەرستاریی تێدا وەردەگریت و ئێمە زۆر سوور و بەپەرۆشین بۆ ئاسوودەیی و حەسانەوەی نەخۆشەکانمان، چونکە کرێی زۆرمان دەدەنێ، هیوام وایە ئەو چاکە و دڵسۆزییەی لە تۆی ڕادەبینم، وەدییان بهێنیت. لەبەر ئەوەیش کە شوێنی نیشتەجێبوونت نییە ڕووی تێ بکەیت و تێیدا وەحەسێی. ئەوا قەرەوێڵەیەکم بۆ داناویت تا چاوە خانوویەک بۆ خۆت دەدۆزیتەوە... شتێکی دیکەش ماوە ئەویش ئەوەیە، کە مووچەی سێ جونەیهم بۆ بڕیویەوە و ئامادەشم هەرکاتێک بەکەڵکهاتن و زیرەکیی خۆت دەرخست، بۆت زیاد بکەم. ئەوەندە پارەیەت بەدڵە؟

بە کڵۆڵییەکەوە گوتی:

-سێ جونەیهە؟ ئەمە زۆرە و خوا یاربێت لێم ڕازی دەبیت.

گوتی:

-دەباشە، کەواتە سبەینێ سەرێک لە نووسەری نەخۆشخانە بدە تا قەرزی لەسەر مووچەکەت لێ وەربگریت بۆ کڕینی هەر جل و کەلوپەلێک کە پێویستت پێیانە... ئێستا دەتوانیت بچیت کارەکەت ببینیت و دەشتوانیت پشت بە یەکێک لە هاوڕێکانت ببەستیت بۆ ڕاییکردنی کاروباری دەرەوەت، تا وات لێدێت خۆت ڕاییان بکەیت... هیوای بەختێکی باشت بۆ دەخوازم.

لەو بینایە جوانەدا چاوی بە تەختەرەوانی نەخۆشان کەوت دەهاتن و هی دیکەش دەڕۆیشتن، بینی کورسییەکی عەرەبانە، نەخۆشیان لە شوێنێکەوە دەبرد بۆ شوێنێکی دیکە، هەروەها دیتی خەڵک بەخێرایی دێن و دەچن، چونکە لە خزمەتکردنی خەڵکدان و هاوبەشییەکی زۆری لەنێوان ئەو شوێنەی جێی هێشتبوو لەگەڵ ئەوەی دیکە، کە هاتووەتە ناوی، بەدی کرد. لەوێ بێهێزیی منداڵیی و دەستکورتی لە بنەچەدا جێهێشتبوو و لێرەش بێهێزیی لەبەر نەخۆشی و هەژاریی لە تەندروستیدا دەبینی.

لەگەڵ خۆیدا قسەی کرد و گوتی:

-خۆزگە دەمزانی ژیان ئائەمەیە؟

((کچەکەم پەلە مەکە! تۆ هێشتا لە ڕۆژی یەکەمتدایت، با تەمەنیشت سێزدە بەهار، یان زێتر بێت... دنیا زۆر شتی بۆ

هەڵگرتوویت کە بۆ کچێکی دیکەی هەڵنەگرتووە!))

ئەوانەی لەوێ بوون، کەوتنە چپەچپ:

((هاوڕێیەکی تازەمان بۆ هاتووە... چاوتان پێی کەوتووە، ئەو جوانیشە!))

دەبێت سروشتی ژن لە دەروونی هەر یەکێکیاندا گوتبێتی:

((شتاقمان لەمەودوا مافی ئەوەمان نییە بەخۆمان بڵێین جوان)).

بۆ ڕۆژی دووەم دەتبینی بەسەر نووسینگەی نووسەرەکەدا هاتووەتەوە تا واژۆ بکات، کە دە جونەیهی وەرگرتووە و بۆ یەکەمجار پارەی بەدەستەوە گرت!

-ئەمەیە پارە؟! ئەوەی کە دڵ و دەروونی خەڵکی خەریک کردووە و سەری بە پیاوان شۆڕ کردووە؟! لە پەناگا بەبێ ئەو ژیام و هەستیشم نەکرد کە شتێکی پێویستە، بەڵام کێ دەزانێت؟ یان چووزانین؟! لەوانەیە لەم نەخۆشخانەیە بۆ من پێویست بێت.

دوای ئەوە ژیان هێمنانە و یەک شێوە و لە بەیەکترچوونی بەیانی و ئێوارەی، ڕۆیشت، پاش ئەوەی لەیلا کراسە سپییەکەی پەناگای بە کراسێکی سپی دیکە گۆڕی، بەڵام جۆرێکی تازە بوو، ئیدی ئەو لەش و لارە لاوازە بە سوکەڵەیی و باریکی بە ڕێگاکانی نەخۆشخانەدا دەهات و دەچوو، وەکو هەنگ لەنێوان

ژوورەکاندا هاتوچۆی دەکرد و قژە زێڕینەکەی لەژێر کلاوچکە[٤] سپییەکەی خڕ کردبووەوە و دڵنەرمییەکی نوێ چەشن لەوێ لووزەی بەست بۆ سەر نەخۆشەکان و جوانییەکی تازەش بەسەر نەخۆشەکاندا باری و دڵ و دەروونێک خۆی لەپێناوی دڵ و دەروونی ئەوان دانا، چونکە نزیکێکی خۆی نەبینی تا خۆی بۆ فەنا بکات و پێی وابوو کە ژیانی ئەو زێڕی دزراوە، بۆیە بە هەردوو دەست بە چەپ و ڕاست تەخشان و پەخشانی پێ دەکرد و دەیدا بە ئەوانەی کە شایانین و شایانی نین، تا نزیکی کاتەوە لەو ڕۆژەی هیچی نامێنێت!

کارکردن بەلای ئەوەوە گەلێک خۆش بوو، بێدەنگیی سروشتە تەنیاخوازییەکەی ئەوی زیادکرد و دوورەپەرێزیی دەروونە تاکخوازییەکەی ئەوی بەهێز کرد و ئەو ڕقەی سەبارەت بە دنیاهاتنی خۆی لە دڵیدا بوو، گۆڕا بە سۆز و بەزەیی لە سەرە پەنجەکانی و بەسەر خەڵکدا ڕژا، هەروەک، بێئەوەی مەبەستی بێت، سزای خراپەیەک بکێشێت کە یەکێکی دیکە کردوویەتی، وەک ئەوەی تاوانی درەخت بکەوێتە ئەستۆی بەرەکەی.

٤-قلنسوة: وشەیەکی لاتینییە و عەرەبی نییە.

(٢)

(ئەحلام)ی پەرستار بە گەورەکەیانی گوت:

-هاوڕێ تازەکەمان سروشتی شازە و ڕەفتاری سەیرە، ئەو هەمیشە بێدەنگە و هەتا پرسیاری لێ نەکرێت قسە ناکات، هەروەک ئەوەی دایک و باوکی دوای ئەوەی فێری قسەیان کردووە، فێری بێدەنگیشیان کردبێت.

سەیرترین شت لەو کچەدا ئەوەیە، کە هەتا ڕادەی سەرنجڕاکێشان خۆی لە کارەکەی دەتوێنێتەوە و وام بۆ دەردەکەوێت کە تۆ، سەرۆکی گەورەم، لەو ماوە کەمەدا وانەکانی نەخۆشەوانیت بەخێرایی پێ لەبەرکردبێت.

سەرپەرشتیار گوتی:

-ئەحلام، ئەو زۆر زیرەکە و با شتێکی تازەش بخەمە سەر زانیارییەکانت، ئەویش ئەوەیە کە ڕەشبینە، هەروەک ئەوەی نهێنییەک لە دڵیدا بێت.

جارێکیان کاتێ کە فێری برینپێچانم دەکرد کە چۆن دەیبەستێتەوە و چۆن برینەکە پاک دەکاتەوە، ئەمە کێمە... ئەمە شتێکە کە دەبێت لاببرێت... لەیلا دەزانیت کێم چییە؟

سوێند دەخۆم کە من گاڵتەم لەگەڵ دەکرد، هەر بۆئەوەی دڵتەنگییەکەی بکەمەوە، کەچی ئەو بزەیەکی بۆ کردم و گوتی:

-بەڵێ، دەزانم چییە... زۆرم دیوە، بەڵام جۆرێکی دیکەی جیا لەمە.

ئینجا دەستێکی بە سەرەپەنجەی جوانەوە درێژکرد و بە وردیی و ورياييیەوە دەستی کرد بە کارکردن، پێم گوت:

–باش کاردەکەیت، بەختێکی باشت بۆ دەخوازم.

گوتی:

–لە چارەسەرکردنی برینان‌دا!

دوای ئەمە، کچەکەم، ئێمە چ هەقێکمان بەسەر ئەوەوە هەیە، نەخۆشخانە کارکردنی چاکی لەو دەوێت و ئێمەش ڕەفتار و هەڵسوکەوتی باش و نهێنییەکەشی با بۆ خۆی بێت و خۆ حەزکردنیشت بە شت زانین، کە پڕبەدڵ لە دەروونتایە، ئەوا ئەگەر بۆت کرا دەتوانیت بەدڵی بکەیت و پێشم وایە دەتوانیت.

لەیلا بنەچەی خۆی بە نهێنی نەدەزانی، چونکە ئەوە شتێکە ڕۆژێک لەڕۆژان پەردەی هەر لەسەر لادەدرێت و لە دەروونی خۆیدا وای دانەنابوو کە دەبێت هەر بیپارێزێت، بەڵام لە هەمان کاتدا نەشیخستبووە سەر سەری زمانی بۆ هەرکەسێکی بییەوێت، یان نەیەوێت، بیدرکێنێت. بۆیە هیچ کەسێک ئەرکێکی زۆری نەدەکێشا بۆ ئاشکراکردنی پرسەکەی، هەرچەندە هاوڕێکانی وای بۆ نەدەچوون. هەروەها دکتۆر (ک)یش... نەیویست بڵێت کە ئەو کچێکی هەڵگیراوەیە، یان ڕەنگە ئەگەر ئەو هەواڵەی بەمەبەست، یان بێ مەبەست بە هەریەکێک لەو خەڵکە بگوتایە، ئەمە ڕێگەیەکی باش نەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی لەنێوان ئەوانەی لەوێ بوون.

ئێوارە ئەحلام خۆی کرد بە ژوورەکـەی کچەکەمان و وای دەرخست کە خەمبارە و دڕی بە تەنیایی دەروون و تەنیایی ئەو شوێنە دا و گوتی:

-خوشکێ ئێوارەت باش... قەیدی نییە، تۆ ئەمشەو سەرەی حەسانەوەتە، بەڵام من با پێت بڵێم ئەو بەشەی چاودێریی دەکەم لە پرخەی خەوێدایە و لەنێو خەوناندا مەلە دەکات... ئەو ئەرکەی ژیان بەسەریدا داداوین، پارووەکەیە لەیلا، پارووەکەیە... هەژار لەش و مێشکی خۆی پێ دەبەخشێت تاکو لە دەستی کەسانی دیکەی دەربێنێت بۆ ناو دەستی خۆی. ئەگەر کچە دەوڵەمەند بووینایە، ئەو ئەرک و ماندووبوونەمان نەدەزانی و لەم زەمانەماندا بەو شێوەیە گیرۆدە نەدەبووین.

وەرە با سەیرێکی ئەو ماڵانەی دەوروپشتی خۆمان بکەین و لەم چوخمەیە کەمێک ڕاوەستین.

تەماشاکە! ئـەو پەنجەرە ڕووناکـە دەبینیت؟ ئـەوە کچێکە دانیشتووە و بێگومان ئەوەی بەتەنیشتییەوەیەتی دایکییەتی... بە بایەخێکی زۆرەوە قسە دەکەن. لەیلا دەتوانیت بابەتی قسەکەیان هەڵێنیت؟ من دەڵێم بابەتەکە وێنەکێشانی دوارۆژە، ئەمەیان ئەوەتا لەپی دەستی هەڵدەکشێت و دادەکشێت، چونکە جەخت لەسەر قسەکانی دەکاتەوە و کچەکەشی بە شەرمێکەوە سەری داخستووە و پێدەکەنێت، هەروەکو ئەوەی دڵی خۆش بێت، بێدەنگییەکەی درێژە دەکێشێت، هەر دەڵێی بە بێداریی خەون دەبینێت!

ئینجا کەمێک بێدەنگ بوو، لەیلا لە خەیاڵێکی وەکو خەیاڵی دەستە خوشکەکەیدا نەبوو، بەڵکو لە خەیاڵی ئەو شتەدا بوو، کە دایک بە کچ و کچ بە دایکییەوە دەبەستێتەوە... ئەوە لە خەیاڵی دایکایەتی ڕاشکاوانە و فرزەندایەتی باو بوو، چونکە لێیان بێبەش بوو.

ئەحلام دەستی پێ کردەوە و لەسەر قسەکەی ڕۆیشت:

-دیمەنەکەیان چەند جوانە! خۆزگە منیش دایکم لێم نزیکبایە، ئەو لەوێ لە دەوروبەری (الوجه البحری)یە و جەژناو جەژن نەبێت نایبینم، ئەی تۆ لەیلا، ڕەنگە دایکت لێت نزیک بێت و لەوانەیە تۆ وەکو من تووشی ئەو تەنیایی و دڵتەنگییە نەبووبیت؟

((ئەمەی وا گوت، هەروەکو ئەوەی لە ناخی خۆیدایە و لەبەر ئازار خەریک بێت بتوێتەوە)).

لەیلا بە واقوڕماوییەکەوە گوتی:

-ئەو زۆر لەوە دوورترە کە تۆ بۆی دەچیت... ئەو لەوێیە... لە دەوروبەری (الوجه القبلي)!

-لە دەوروبەری (الوجه القبلي)! خوامان هەیە هەموومان نامۆین... تۆ خەڵکی (ئەسوان)ی؟

-بەڵێ، خەڵکی ئەسوانم و نزیک بەنداوەکە.

-ئەی چی تۆی هێناوەتە قاهیرە؟ ماوەکە زۆر دوورە؟

-لافاو هەڵیگرتووم.

-شۆخی دەکەیت، من دەزانم خەڵکی ئەسوان ڕەنگ ئەسمەریی بەسەریاندا زاڵە، بەڵام تۆ دەموچاوت ئادگاری هەرێمی ئەسوانی پێوە دیار نییە، بەڕاست تۆ خەڵکی کوێیت؟

-خەڵکی ئەسوانم... بەڵام ئەو ڕۆژەی کە ئاوی لافاو هەڵیگرتم، شۆردمییەوە و دەموچاوم سپی بوو. لەبەر ئەوەیش کە زۆر لەنێو ئاودا مامەوە، قەوزە کاری لە چاوم کرد و چاوم ڕەنگی سەوزی گرت و لیتەش کاری لە قژم کرد و دوای ڕەشی، زەرد هەڵگەڕا... دوای ئەمە هیچ شتێکی سەیرم تێدا نەبینی!

بەئارامی پێکەنی و دەستە خوشکەکەشی لە قاقای پێکەنینی دا.

زرڕەی زەنگێک لە ژووری نەخۆشێکەوە هات و ئەحلام زانی لە بەشەکەی ئەوەوەیە و لە پێکەنین کەوت و بەهۆش هاتەوە، لەکاتێکدا کە دەڕۆیشت، ئاوڕێکی لە لەیلا دایەوە و گوتی:

-با بزانم چییە و ... دەگەڕێمەوە.

ئینجا چووە دەرێ و لەیلا لە دڵی خۆیدا گوتی:

بێگومان دەبێت بگەڕێتەوە تا لێکۆڵینەوەکە تەواو بکات. ئای خوایە، خەڵکی لە دەست کەسانی دیکە چییان بەسەر دێت، سێو لە دارسێو و هەناریش لە دارهەنار و لەیلاش لە دایک و باوکێکە، ئەوان کاتێک کە سێو، یان هەنار دەخۆن، هەقی ئەوەیان هەیە بزانن کە دارەکەی لە کوێ چێنراوە و کێ ڕواندوویەتی؟ مەبەستی ئەوان تامەکەیەتی، نەک کات و

شوێنی. نازانم بۆ بەپێی ئەم پێوانەیە ناڕۆن بەڕێوە، تا ئێستای من لەکۆڵ ڕابردوومیان بکاتەوە و بە کەسێتی خۆمەوە خەریک بن، نەک دایک و باوکم؟

ئەگەر ئێمە خۆمانمان بە دنیا بهێنایە، ئەوا لەدایکبوونی خۆمانمان دەسڕییەوە، چونکە ئەگەر یەکێک جارێک کارێکی ئەستەم و لە کارکردن نەهاتوو بکات، جارێکی دیکەش دەیکاتەوە و لە بازنەی نەشیاویی و لە کارکردن نەهاتووەوە دەیگوێزێتەوە بۆ لەتوانادابوون، ئەگەر کەمێک لەبەر دەرگای بووندا ڕامان بگرێت تاکو لاپەڕەکانی دەستوورەکەی بخوێنینەوە و یاساکانی سەودا و مامەڵەکانی ببینین، ئینجا سەرپشکمان بکات لە چوونە ناوەوە، یان گەڕانەوە، ئەوا ئەو گەڕانەوەیەمان هەڵدەبژارد کە عەدەمە، نەوەک بچینە شوێنێک کە شاز بوونە و باو نییە.

دوو نەناسراو منیان هێنایە دنیاوە و دوای ئەوە ڕووی ئەوەیان پێ نەدام کە بە خەڵکی بڵێم ئەوان کێن؟ بەردەوامیش خەڵک لێم دەپرسن و هەر ئەوانیش ئەو ڕۆژەی پێشوازییان لێ کردم، دایک و باوکێکی ساختەیان بۆ ناوزەد کردم... شایەدی ساختە و درۆیان فێرکردم، لە پاشان بەر لەوەی شایەدیی بدەم، سوێندیان دام.

دوای ئەوە ئەحلام لەبەر زۆر پێکەنین بە هانکەهانک و هەناسەسوارییەوە هاتەوە و بە دەنگێکی پچڕ پچڕەوە گوتی:

-لەیلا دەزانیت چی ڕوویداوە؟ ئەو نەخۆشێکی ڕووخۆشە

و دیسان تا دایگرتۆتەوە... کە لێی چوومە ژووریٚ دەستی بە قسەکردن کرد، هەروەک قسە لەگەڵ کچێکدا بکات: لێم ببوورە... من خۆشم دەوێی... ناتوانم بەبیٚ تۆ بژیم.

نێوچەوانیم ئاوپرژێن کرد تا بەهۆش خۆی هاتەوە و تایەکەی بەری دا، بەڵام هیچ شتێکم پیٚ نەگوت، نەوەک تەریق بێتەوە... تۆ بڵێی لەبەر خۆشەویستی نەخۆشکەوتبێت، یان یەکێکی خۆشویستووە بۆیە نەخۆشکەوتووە؟ دڵداریی شتێکی قورسە... لەیلا تۆ خۆشەویستیت کردووە؟

لە بێزاریی و پیٚ ناخۆشبوونی لەم پرسیارە و لە بێزاریی و لە پرسیارکەرەکەش هەر مەپرسە، بەڵام دەبووایە وەڵامی بدابایەوە، چونکە دڵی خەڵکی ڕادەگرێت، گوتی:

–بەڵیٚ خۆشم ویستووە.

ئەحلام دوو چاوی سەرکەوتووانەی دەرپەڕاند و پێی وابوو کە بەخت یاریەتی و نهێنییەکی قووڵی بۆ ئاشکرا بووە، گوتی:

–کەسێکت خۆشویستووە... ئەمە ڕاستە؟ تۆ بڵێی ئەو کەسە بەختیارە کیٚ بێت کە ئەو دەموچاوە جوانە و ئەو دڵە پاکەی وەدەستهێنابێت؟!

گوتی:

–هەموو خەڵکم خۆشویستووە، بەڵام تاکە کەسێکم لەو خەڵکە خۆش نەویستووە، تەنانەت باوک و دایکیشم!

–ئەوە تۆ نەزانیت، یاخود خۆت لە نەزانیی دەدەیت؟

-خوشکێ بڕوام پێ بکە.

ئەحلام وەک گاڵتەی پێ بکات، گوتی:

-ئای لەو وێنە جوان و ئاشکرایە لەبارەی تۆوە لەیلا، تۆ خەڵکی ئەسوانی لە تەنیشت بەنداوەکە... لافاو هەڵیگرتووی و کاری لە دەموچاوت کردووە و سپی بووە و لە چاوەکانیشت تا سەوز هەڵگەڕاون، لە قژیشت تا زەرد بووە، دوای ئەوەش تۆ هەموو خەڵکت خۆش دەوێت، بەڵام تاکە کەسێکت خۆش نەویستووە، تەنانەت باوک و دایکیشت!

ئەم پێچ و پەنایە چییە و ئەو ڕێگا پێچەبەدەورەیە چییە؟ سینگی خۆت بۆ خەڵکی بکەوە و خەڵکیش سینگی خۆیانت بۆ دەکەنەوە، خەمبار مەبە، من بۆ خۆم وەڵامی ئەو پرسیارەی لێم کردیت، دەدەمەوە. نەرمییەکی درۆزنانەی نواند و ڕەزامەندی لەیلای وەدەستهێنایەوە و دەستی کردەوە بە قسە و گوتی:

-لەیلا خۆشەویستی چییە؟ خۆشەویستی وا دەبینیت کە شتێکە شورەیی، یان ناسروشتی؟ دڵداریی کرانەوەی دەروونە بۆ دەروون و سۆز و نهێنیی درکاندنی دڵە بۆ دڵ. هەموو شتێک لەم بوونەدا شتێکی هەر خۆش دەوێت! ئەوەتا گوڵ جیاوازی لەنێوان ڕەنگەکانیدا دروست دەکات، بۆئەوەی هەنگی جیاجیا لەسەری هەڵنیشن و ڕۆژگاریش بەهار دەهێنێت تا لە سەرمای زستان و گەرمیی هاوین پاکانە بۆ خۆی بکات و هەموو سەماکەرێک لەم بوونەدا خۆشیی دڵداری دایدەگرێت و

هەموو چەهچەهە خوازێک لە ژیاندا ئـاوازی خۆشەویستی دایدەگرێت. خۆشەویستی تێکەڵ بە خوێنی هەموو زیندوویەک و سروشتی هەموو بوونەوەرێکە!

مـن... خـۆم یەکێکم خـۆشـویسـتـووە... ئـامـۆزای خۆمم خۆشویستووە و خوازبێنیم لە باوکم بۆ دەکات و باوکیشم پێی خۆشە و بەخێری دێنێت.

ئینجا هەڵوێستەکە بەسەریدا زاڵ بوو و لەسەر قسەکەی ڕۆیشت:

–ئای لەیلا بریا بتدیبایە! گەنجێکی قۆزی جوانە، قژ داهێنراوە، دەموچاوی بریقەدارە، ڕیش و سمێڵی دەتاشێت، شیکپۆشە، قسەخۆشە!

لەیلا گوتی:

–ئینجا لەبەرئەوەی تۆ دڵداریت کـردووە، دەبێت منیش دڵداریی بکەم؟

–یەکێکت خۆشبوێت شتێکی شورەیی نییە. بڕوام پێ بکە و بە خوشکی خۆتم دانێ و دەبا ئازار و هیوا دابەش بکەین، دەنا دنیا دەبێتە بارێکی گران بەسەرمانەوە.

–ئەگەر تۆ دەتەوێت کەسێکم خۆشویستبێت، ئەوا خۆشم ویستووە... یان خۆشم دەوێت!

–باشە، ئەوا نزیکبووینەوە لەوەی لە یەک بگەین.

ئیدی لەسەر کورسییەکەی ملی خۆی خوارکردەوە و گوێی بۆ ڕاداشت و لەخۆشییان پێدەکەنی و گوتی:

–لەیلا، باسی خۆشەویستەکەتم بۆ بکە و منیش قسەی زیاترت لەبارەی خۆشەویستەکەمەوە بۆ دەکەم.

–یەکێکم خۆشویستووە ئامۆزام نییە، ئەو کوڕ نییە و قۆز و جوان و قژداهێنراو و ئادگار ڕوون نییە، ئەو سپی نییە، بەڵکو گەنمڕەنگێکی مەیلەو زەردە، ئادگار بریقەدار نییە، ڕیش تاشراوە، سمێڵی درێژە، شیکپۆش نییە و خۆشیشم لە قسەکانیدا بەدی نەکردووە!

–ڕەنگە پیرێک بێت لە چل ساڵ تێپەڕیبێت؟

–ئەوەیە کە دەیڵێیت.

بەگاڵتەیەکەوە، بۆئەوەی بڕوای پێی بکات، گوتی:

–دەڵێی دکتۆر (ک)ە...؟

–هیچ سەیرێک لەمەدا هەیە؟ پیاوێک چاودێریی ژیانم دەکات و لە ڕۆژگار دەمپارێزێت... من جگە لەوە هیچ مانایەکی دیکەی خۆشەویستی نازانم.

–ببوورە من بەهەڵەدا چووبووم... خۆشەویستەکەم ئەو لاوە نەبوو کە بۆم باسکردیت، بەڵکو پیاوێکی دیکەیە، دەزانیت کێیە؟ ئەو باوکمە... من لەبەر دووریی ئەو خەوم لێ ناکەوێت.

ئینجا پێکەنی، بۆئەوەی ئەو ئازارە بسڕێتەوە کە ڕەنگە بە هاوڕێیەکەی گەیاندبێت.

قسەی نێوان دوو کچەکە لێرەدا وەستا و پشووی هەفتە هات و ئەحلام داوای لە لەیلا کرد کە پێکەوە بچنە دەرێ و

لەیلاش ڕازی بوو، چونکە دەیویست یارمەتی بدات بۆ کڕینی هەندێک جل و کەلوپەل و لەگەڵیشی بگەڕێت بەدوای ژوورێکدا، کە تێیدا نیشتەجێ بێت.

ڕۆیشتنەکەیان درێژەی کێشا و ئەحلام قسەی لەبارەی هەموو شتێکەوە دەکرد، کە لە ڕێگەی خۆیان دەیانبینی، وەک هەموو کچێکی شادان و دوور لە ڕێکپۆشی. خاوەن بڕوا بە دڵڕفێنیی خۆی، هەرچەندە کە جوانیش نەبوو، لەیلاش بێدەنگ سەری داخستبوو، یان بە بزەیەکەوە ڕەزامەندیی پیشان دەدا، گیانێکی هاوڕێیەتی نە بەتین و نە کز لەنێوانیاندا زاڵ بوو.

بەڵام لەیلا پێویستی بەو بوو تا لە کاروبارەکەی خۆی دەبێتەوە، ئینجا دوای ئەوە دەچێتەوە بۆ ئەو گۆشەگیرییەی خۆی کە پێی ڕاهاتبوو ئەگەر ویستی.

لەبەردەمی دوکانی کەلوپەل فرۆشێکی کۆنە ڕاوەستان، قەرەوێڵەیەکی بچووک و مێزێک و کورسییەک و ئاوێنەیەکیان هەڵبژارد، لەیلا پارەی ئەو شتانەی دا و ئینجا هەموو شتێکی لەوێ بەجێهێشت تا دەگەڕێتەوە و دەیانباتەوە، دوای گەڕان بە گوزەرەکاندا و پرسین لە دوکاندار و بەقاڵان، لەیلا ژوورێکی دۆزییەوە.

ژوورێک لە نهۆمی چوارەم لە سەربانی خانوویەکی گەورە، کە بەنناکە دروستی کردبوو بەتەنیا بۆ ژنێک تەنیابێت. پەنجەرەیەکی هەبوو بەسەر شەقامەکەیدا دەڕوانی و بەرامبەر دەرگا بوو.

ئـەوەی لە یەکەم بینیندا سەرنجی بینەر ڕادەکێشێت لە پەنجەرەکەوە، خانوویەکی گەورەیە و نهۆمێکی لەو خانووەی لەیلا تێیدا دادەنیشێت، زیاترە.

خاوەن ماڵەکە کە پیرەژنێکە و مێردەکەی مردووە و چەند کچێکی لەپاش بەجێماوە و هەموویان شوویان کـردووە، بە لەیلای گوت:

–کچەکەم کەست لەگەڵ دادەنیشێت؟

گوتی:

–نەخێر.

–ئەی ئەو کچەی لەگەڵتدایە کێیە، خوشکتە؟

–هیچ خوشکێکم نییە... بەهەرحاڵ ئـەو خوشکمە و بە تەنیا لای تۆ نیشتەجێ دەبم و کەسم لەگەڵ نییە، دایکە هیچ ڕێگرییەک هەیە؟

–نا، نا، کچەکەم. ماڵەکە ئەمینە و هەموو نهۆمەکانی خێزانی پاک و بەڕەوشتی تێدا دادەنیشن و هەر لە یەکەم چاوپێکەوتندا خۆشمویستی، چونکە زۆر بەو کچەم دەچی، کە مێردی کردووە و لە جێگەیەکی دوورە. لێرە مێردی بە فەرمانبەرێک کرد و گوێزرایەوە بۆ ئەسوان و لێم دوورکەوتەوە. ئەگەر حیسابی غەیبم بکردایە، هەرگیز نەمدەدا بە فەرمانبەرێک بگوێزرێتەوە.

ئەحلام گوتی:

–لەیلا شووی بە پیاوێکی وڵاتەکەی تۆ کردووە.

پیرێژنە خاوەن ماڵەکە گوتی:

-لەیلا تۆ خەڵکی ئەسوانی؟ دەبێت فڵانی مێردی کچەکەم بناسیت... دەیناسیت؟

وەڵامی دایەوە:

-دوو ساڵە من لە ئەسوان نیم و کە چوومەوە سڵاوی تۆی پێ ڕادەگەیەنم.

گوتی:

-باشە، وەرە بەخێر بێیت و شتومەکەکانت بێنە و لە پەنای خوا دابنیشە.

هەر کە ئێوارە داهات، کەلوپەلەکان لە ژوورەکە ڕێکخران و چرایەکی تێدا داگیرسا و بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا ئەوەی بۆ ڕەخسا کە لە جێگایەک بێت و هیچ کەسێک بەشداریی نەکات، ئینجا ئەحلام ماڵئاوایی لێ کرد و ئەویش وەک هەست بە چاکەی ئەو، ماچی کرد و دەرگای پێوەدا و خۆی دایە دەستی تەنیاییەکی دوورودرێژەوە.

**(٣)**

مەرج نییە کە دەروونی مرۆڤ خەمبار، یان خاڵیی بێت لە مرۆڤ، چونکە وەک خانوو وایە، بۆیە دروست دەکرێت، کە تێیدا نیشتەجێ بن، چونکە ئەگەر چۆڵ بوو ویران دەبێت و ئەگەر وێرانیش بوو، دەڕووخێت، کەسی دوورەپەرێزیش دەبێت پەیوەندییەکی هەر کردبێت، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێت، ئەو پەیوەندییەی پێ خۆش نەبووە، بۆیە لە خەڵکی چۆڵ بووە هەروەکو دێرنشینان، ئەوان پێش خۆ دوورەپەرێزکردن، لە هەموو کەسێک زیاتر بەندیوارییان بە ژیانەوە هەبووە و خۆشییان لە جوانییەکانی دیوە، دوای ئەوە لەوانەیە ئەم پشتی تێکردبن و ئەوانیش پشتیان تێکردووە و وازیان لێ هێناوە، یان ئەم پارچەپارچەی کردوون، بۆیە ئەوانیش پارچەپارچەیان کردووە.

هەرچەندە ژوورێکی بچووکە، بەڵام بەکەڵکی دانیشتن دێت و ڕووناکییش دڕ بە تاریکییەکەی دەدات.

یەکەم شەو لە هەر شوێنێک بێت لە هەموو شەوێکی دیکە پڕ لە خەیاڵترە و خەیاڵ لەو شەوانەدا هەتا بڵێی بەپیتە، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە کچەکەمان هەستی بە تەنیایی کرد، کاتێک لەلای پەنجەرەی ژوورەکەی دانیشتبوو چاوی بە زەمینەیەکی نادیاردا گێڕا، کە چارەنووس وای کردووە کچێک تێیدا بژی. هەروەها چارەنووسەکەی وابوو کە لە خاکێکی نەناسراودا

لەدایک بێت و لەوێوە بە منداڵی گوێزرایەوە و لە بوونێکی لێڵ و شەوێکی تاریکدا کەوتە پێ مەلە، هەرچەندە مانگ لە تاقی ئاسمانێدا تریفە زیوینەکانی بۆ سەر گەردوون دەنارد و پڕی دەکرد لە ڕووناکیی دڵشادی.

لە ماڵەکەی بەرامبەری دەنگی ژنێکی هاتە بەر گوێ، دەیگوت:

"ئەمە درۆیە... ڕۆڵە خۆت فێری درۆ مەکە و خۆتی لەسەر ڕامەهێنە و ڕاستگۆبە لە هەموو ئەو شتانەی بە زارتدا دێن".

قسەی ژنەکە دڵ و دەروونی خستە نێو تەوژمی خەیاڵەکانی، لەکاتێکدا قۆڵی خۆی کردبووە پاڵپشت بۆ سەری لەسەر قەراغی پەنجەرەکە و گوتی:

-ئایا دەبێت مرۆڤ ڕاستگۆبێت لە هەموو ئەو شتانەی دەیانڵێت؟ کەواتە من لە قسەکردنمدا لەگەڵ ئەحلام کارێکی خراپم کردووە. ئیدی خۆی کرد بە پرسیارکەر و پرسیارلێکراو، ئینجا دەستی کرد بە پرسیار و وەڵامدانەوە:

-کچەکە ناوت چییە؟

-لەیلا.

-ئەی باوکت ناوی چییە؟

-لەیلا.

-ئەی دایکت ناوی چییە؟

-لەیلا.

–ئایا بەڕاستی وەڵام دەدەیتەوە، یان بە پێچ و پەنا؟

–بێگومان بە پێچ و پەنا، چونکە ناکرێت دایک و باوک و کچیش بم.

–کەواتە باوکت کێیە؟

–یەکێکە لەو خەڵکە.

–ئایا ئاینێکی هەیە بیپارێزێت و کردار چاکییەکی هەیە ئاگای لێبێت؟

–بێگومان نەخێر!

–ئەی دایکت کێیە؟

–ژنێکە لە ژنەکانی ئەم جیهانە.

–ئایا ئاین و ڕەوشتی ئەو جیایە لە هی باوکت؟

–هەردووکیان لە یەک دەچن.

–وڵاتەکەت کامەیە؟

–خاکی خوا، هەمووی وڵاتی منە.

–کەواتە بنەچەیەکت نییە.

–هەر دەڵێی بیرێکی پڕوپووچم لە مێشکی ڕۆژگار، یان درۆیەکم زمانم کردوویەتی.

لەیلا، باری سەرشانی لەیلا قورس مەکە، چونکە کچی هەڵگیراوەی کۆڵانان شەرم لە کچی هەڵنەگیراوە دەکات! وابزانە لە ئاسمانەوە کەوتووەتە خوارێ، یان پارچە قوڕێکە و فووی تێکراوە. هەر وا بزانە کە دەریایەک فڕێی داوە، یان گۆڕێک

کراوەتەوە و لێی هاتۆتە دەرێ. وابزانە تووشی لەبیرچوونەوە بووە بنەچە و نیشتمانی خۆی بیرچووەتەوە، وابزانە هەر شتێکە کە تۆ حەزی پێ دەکەیت، بەڵام ئازاری پێ مەگەیەنە!

-بۆ خەڵکی گریمانە دادەنێن تا خەڵکی ئاسوودە بکەن؟

-خۆزگە گریمانەیان دابنایە.

ئینجا دوو دڵۆپ فرمێسکی سڕییەوە کە بەسەر دەموچاوە گەشەکەیدا هاتنە خوارێ.

دوای ئەوە ماوەیەک تێپەڕی و گوێی لە دەنگی پێڵاوێکی قورس بوو لەسەر پەیژەی ماڵەکە و زانی خاوەنی ئەو پێڵاوە بۆ لای ئەو دێت. ئەو کێی هەیە بۆ لای بێت؟ سوپاسی کرد، چونکە لەدەست ناخی خۆی ڕزگاری دەکات و هەڵگیراوە و هەڵنەگیراوە لێک جیا دەکاتەوە. لە دەرگا درا و سوکێک هەستا و دەرگای کردەوە.

-فەرموو دایکە.

-ئێوارەت باش کچەکەم.

-ئێوارەت باش دایکە.

لە تەنیشت یەکتر لەسەر قەرەوێڵە بچووکەکە دانیشتن.

هەر لە کۆنەوە پیرێژن بە چەنەبازیی و زۆر بڵێیی بەناوبانگن و هەر دەڵێ، ئەوەی لە تەمەنە درێژەکانیان دووچاری بوون، لە هەموو دانیشتن و کۆڕێکدا دەیگێڕنەوە و ئەوەی لەگەڵیشیاندا دانیشتووە، پێی خۆش بێت، یان ناخۆش، دەبێت گوێیان بۆ ڕاگرێت.

پیرێژن دانیشتنەکەی داکوتا، چونکە دەیویست درێژە بکێشێت و نەشی دەویست ماندوو بێت، ئینجا دوو سێ جار شەویلاکی جوولاند، هەروەک ئەوەی ئەسپ پێش غارغارێن دەیکات و گوتی:

-لەیلا، پێم گوتیت هەر لە یەکەم چاوپێکەوتندا خۆشمویستووی، چونکە شێوەیەکی کچەکەمت تێدایە.

-خوا تۆ و ئەو بپارێزێت... بۆیە حەزم کرد مادامەکی تەنیایت، لەگەڵت دابنیشم... کچی خۆم من کەمخەوم و دەگمەن وایە پێش سەعات سێ بنووم و... زۆریش خەون دەبینم، ئەمەش لەبەرئەوەی خەیاڵم هەر لای کچەکانمە، هەرچەندە ئەوان لە باوەشی مێردەکانیانن و هەمووشیان پیاوی چاکن، بەڵام ئەمە سروشتی دایکە، دەبینیت هەمیشە ماندووە و خەم دایدەگرێت با ڕۆڵەکانی لە خۆشیشدابن.

بەڵام بۆ لەو وڵاتە دوورە بەتەنیا هاتوویتە قاهیرە؟ (بەڵام چاوپۆشی لە وەڵامدانەوەی کرد و لەسەر قسەکردن ڕۆیشت):

کەشوهەوا لە ئەسوان ناخۆشە و مێردی کچەکەم دەردەدڵی خۆی لەوە دەردەبڕێت و هەمووشمان دەمانەوێت بێتەوە ئێرە، بەڵام ناتوانین. هەموو شتێک بەخواستی خوایە... پێت نەگوتم بۆچی لەم وڵاتە دوورەوە هاتوویت؟

-ئەوەی مێردی کچەکەتی بردووە بۆ ئەسوان، هەر ئەوەش منی هێناوەتە قاهیرە، هەر یەکێک لە ئێمە دوای گوزەرانی خۆی دەکەوێت!

–بەتەواوەتی وایە، بەڵام کچی خۆم تۆ بچووکی، جوانیشی و نەدەبووایە باوک و دایکت بەم جۆرە دەستبەردارت بن و بهێڵن تۆ بەتەنیا بژیت، کچەکەم دنیای ئەم نەوەیە هەمووی شەڕ و بەدکارییە، ڕەحمەت لە زەمانی ڕابردوو کە پیاوان وەک کچان بەشەرم و شکۆ بوون و ژنانیش پاکی و بێگەردیی فریشتانیان هەبوو! بەڵام ئەم ڕۆژگارە، ئەوا خوا لە بەڵاکەی بمانپارێزێت و ئایندەمان بەخێر بگێڕێت. نا... لەیلا هەرگیز نەدەبووایە ئەوان ئاوەها وازت لێبێنن، ئیدی چاوەڕوانی وەڵامی کرد.

–ڕاستە نەدەبووایە وازم لێبێنن، بەڵام دەسبەردارم بوون... چونکە مردن!

–مردن! ڕەحمەتی خوایان لێبێت، گوتت: خوشکت نییە؟

–براشم نییە.

–خەمبارت کردم، کەواتە دایک و باوکت بە گەنجی مردوون... خۆزگە کوڕێکم هەبایە و لێم مارە بکردیتایە! کچەکەم ئەی لە کوێ کار دەکەیت؟

–پەرستارم لە نەخۆشخانەکەی دکتۆر (ک).

–دەزانم کامەیە، چونکە مێردەکەم نەشتەرگەریی بۆ کرا، کە بوو بەهۆی مردنی... ڕەحمەتی خوا لە ئەو و لە باوک و دایکی تۆ بێت لەیلا. مردوو حەقی ئەوەی بەسەر زیندووانەوە هەیە کە هەمیشە ڕەحمەتی بۆ بنێرن... واش ڕێککەوت ژنێکی هەژار لە گوزەرەکەمان لە نزیک ئێمە دادەنیشت، هەر لەو

شەوەدا مێردەکەی مرد کە مێردەکەی منی تێدا مرد. هەروەک ئەوەی یەک کاتیان هەبێت و کچێکی بچووکی بۆ بەجێهێشت و گوزەرانی زۆر خراپ بوو، بۆیە بوو بە دایەن لە پەناگای (ج)... زۆرم بەزەیی پێیدا دەهاتەوە و یارمەتیم دەدا، چونکە ژنێکی باش بوو، ڕەحمەتی خوای لێبێت، ئەوەیش لە دەوروبەری سێزدە ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد... خوا خاکی گۆڕەکەت پیرۆز بکات زەینەب.

-خوا ڕەحم بە هەموومان بکات، چونکە هەموومان مردووین ئەمە لەژێر گڵدایە و ئەویش لەسەر گڵە.

-کچەکەم ڕاست دەکەیت... پێم وایە درێژەم پێدا... کاتی ئەوە هاتووە بڕۆم و تۆش بخەویت (ئینجا هەستایە سەرپێ) شەوت باش... لەیلا گوێت لێبێت:

به دایکی خۆتم دانێ... من هەمیشە لە خزمەتتدام لە هیچ شتێک شەرم مەکە، خۆشم دەوێیت لە شێوەی کچەکەمدایت... ئەی کەی دەچیتەوە بۆ ئەسوان؟

-کە جەژن هات.

-ڕۆژگاری لاوان هەمووی هەر جەژنە... جارێکی دیکەش شەوباش.

یادی زەینەبی بیرهاتەوە، چونکە لەوێ باسی ئەویان بۆ کردبوو، پێی خۆش بوو مەمکی زەینەب ژەهراویی، یان سینگی نەخۆش بووایە!

ویستی زیندووی بکاتەوە و نەشیدەزانی مراندوویەتی، بەڵام خوا لێی خۆش بێت، چونکە لە چاکە بەولاوە هیچی دیکەی نەدەویست.

دوای ئەوە باسی ڕاستگۆیی و درۆ هاتەوە بیری. ئەگەر قسەی ڕاستی بە پیرەژن بگوتایە، ئەوا بە زۆربڵێیی لە هەموو شوێنێک بڵاوی دەکردەوە. نابێت مرۆڤ هەمیشە لەگەڵ خۆی و خەڵکی دیکەدا ڕاستگۆ بێت، پێویستە بە درۆ و لەخۆباییبوون بژی، بۆئەوەی لەسەر ئەم زەوییەدا زانا و نەزان، زیرەک و گێل، هەژار و دەوڵەمەند و جوان و ناشرین ببینێ، بۆئەوەی شتەکان بەوە بمێننەوە کە لەگەڵ دژەکانیان لێک جیان، چونکە هەرکاتێک ئەوە ساغ بووەوە کە زیندوو هیچ جیاوازییەکی نییە و لە هەموو بەهرەیەک بێبەشە، بێگومان ئەوە دوا ساتی ژیانی دەبێت.

لەیلا بەو بیرانە کەمێک ئاسوودە بوو، تا ڕادەیەکیش لە خۆی ڕازی بوو، دوای سەرئێشەیەکی زۆر و شەوێکی زۆر بێداریی، تا بەیانی خەوت.

(٤)

ڕۆژان هەنگاویان خێرا کرد و ساڵێکی مانگ لەیەکچووی ڕۆژ دووبارە بووەوە تێپەڕی و کچەکەمان تەنیا یەک ڕێگەی دەکوتایەوە لە ماڵەوە بۆ نەخۆشخانە، کە وەختە بڵێین نەدەگۆڕا و تەنانەت ڕەنگی دەرگـای دوکانەکانی و شوێن و پێچ و گەوەکانی و هەموو شتێکی لەبەرکردبوو.

لە ماڵەوەش چەنەبازییەکەی پیرێژن مایەی کاتبردنەسەر و هۆکاری بێزاریی و لاپـەڕەی دەنگوباسانن و هاوڕێیەتی (ئەحلام)ی هەیە، کە پڕاوپڕە لە گەنجی و ئەویش کەشوهەواکەی پڕ کردووە لە ژاوەژاو و هەرا و بێ پچڕانەوە سکاڵای دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێت، یان باسی هیوا و ئاواتەکانی خۆی بۆ دەکات، ئەمە نامەیەکە لەوێ لە ئامۆزاکەیەوە بۆی هاتووە، ڕقی خۆی بەو ڕۆژگارەدا دەڕێژێت کە لێکی کردوون، هەرچەندە هەنگاوێک بچنە پێش بۆ تەواوکردنی زەماوەندەکەیان، ئەو دوو هەنگاو دەبیات بۆ دواوە. ئەمەش نامەیەکی دیکەیەتی پلانی ئەوە دادەڕێژێت کە چۆن ژیانێکی خۆش بۆ خۆی و بۆ ئەو لە لانەیەکی خۆشەویستی بەختیارانە ئامادە دەکات، ئەمەشیان نامەیەکە لە باوکییەوە کە سکاڵای دەستکورتی و بێ پارەیی و منداڵ زۆریی خۆی بۆ دەکات و داوای ئەوەی لێ دەکات شتێکی لەوەی کە لە خۆی زیادە، بۆ برا بچووکەکانی بنێرێت، با بە قەرزیش بێت. ئەحلام کچێکی تەبیات توندە، بێژنگی نهێنییانە،

بۆیە بێ پچڕانەوە، بارگرانی کاروبارەکانی خۆی دەخاتە سەر شانی لەیلای هاوڕێی و ڕووی ڕەنگڕشتنی ژیانێکی باشتر و ئاسوودەتری لێ دەکات، لەیلاش سینگفراوانە و گوێی زۆر لێ دەگرێت و ئەوەندەی بشتوانێت و پێی بکرێت ئامۆژگاریی دەکات.

دوای ئەوە ڕۆژگار لە سروشتە هێمنەکەی و ڕێڕەوە یەک شێوەکەی دەرچوو و داکشانی ژیان گەڕایەوە و دووبارە هەڵیدایەوە نێو گۆنگەرەکە، دوای ئەوەی هەڵکشان هەڵیدابوو بۆ سەر کەنار تا ئەویش لەگەڵ مەلەوانان مەلە بکات، یان لەگەڵ نووقمبووان نووقم بێت.

دکتۆر (ک)... نەخۆش کەوت و چەند ڕۆژێک لەنێو جێگەدا مایەوە و زۆر کەس چوون سەریان لێدا و هەواڵیان پرسی، لەیلاش یەکێک بوو لەوانەی کە سەریان لێدا، ئەم سەردانە لە ئێوارەیەکدا بوو لەو ئێوارانەی کاری نەبوو، کاتێک کە ئیزنی وەرگرت و لێی چووە ژووری کە لەنێو نوێنەکەی ڕاکشابوو، سڵاوی لە خۆی و لە ژنەکەی کرد. دوای ئەوە دانیشت، لەکاتێکدا شەرم پێڵووەکانی قورسکردبوو، شەرمکردن بە گۆناکانییەوە دیاربوو، یەکەم هەڵوێستی لەم جۆرە کە لە ژیانیدا تێی کەوتووە، شڵەژاندبووی. ئاخر ئەو لە ماڵی ئەو کەسەیە کە چاکەی لەگەڵدا کردووە و بەئامادەبوونی ژنێکی نامۆ، کە بێگومان نهێنییەکەی دەزانێت، هیچ نەبوو کە خۆی پێوە خەریک بکات، ئەوە نەبێت

کە قژی ببات بۆ دواوە، هەرچەندە پێویستیشی بەوە نەبوو، بێ هیچ بیانوویەک لەسەرخۆ کەوتە ئحەئح و قورگ پاککردنەوە و دوودڵی و ناوبەناو و سەرەنجام بە ئەدەب و شەرمەوە گوتی:

-گەورەم دکتۆر، قەیدی نییە، خوا شیفات بۆ بنێرێت.

ئەو ژنەی تەنیشتی لە ئاسمانەکەی خۆیەوە چاوێکی لێ کرد، نازانم چۆن پێی گەیشت، لەکاتێکدا زۆر لێکدوورن و چینەکانیش زۆرن؟ جوانترین وێنەی بینی کە قەڵەمی خوا لەسەر لاپەڕەی بووندا هێڵی کێشاوە، بۆیە بێگومان غیرەی ژن لە ژنێکی دیکە گرتی... غیرەی لە بووکەشووشەیەکی بێ گیان کرد و لە گوڵێکی بێ بۆن و لە باخچەیەکی خەمبار، کە هیچ مەلێک لە هیچ لایەکی چریکەی لێوە نەهاتووە. بەفیزەوە ئێرەیی بە جوانییەکەی برد و هێرشی کردە سەری و ئەگەر ئەو جوانییە کراس بووایە، پێش ئەوەی لێی بێتە ژووری، دایدەکەند.

دکتۆر بۆئەوەی ڕایەڵی ئەو بێدەنگییەی درێـژەی کێشا، ببڕێت، گوتی:

-لەیلا، بارودۆخی نەخۆشخانە چۆنە؟ (ڕەنگە ئەو پرسیارەی لە هەموو ئەوانەی هاتوونەتە سەردانی، کردبێت).

-هەموو شتێک بەدڵی تۆ دەبێت دکتۆری گەورەم.

ژنەکەی بە ساردییەکەوە پرسی:

-کچەکەی پەناگا ئەمەیە؟

لەیلا بە خۆداشکانەوەوە گوتی:

-بەڵێ من... ئەوم!

کارتێکردنی نان— بەو نەرمییەوە— لە کۆت ڕەقترە! دەیتوانی بە ژنێکی دیکە کە نهێنییەکەی دەزانی، بڵێت: ئینجا کە ڕاستییەکەی دەزانیت بۆ دەپرسیت؟... تۆ ژنێکی خۆتێهەڵقورتێنیت.

ئەوەندەی پێ نەچوو کە ڕۆیشت... هاتبوو چاکەیەک بکات، بەڵام خراپەی هاتە ڕێ!

دکتۆر بە ژنەکەی گوت:

کە گوتت "کچەکەی پەناگا" کچی سەماخانە و تیاترۆ و شتی دیکەی لەم بابەتەت هێنامەوە بیر... نەدەبووایە پرسیاری لەو جۆرەت لێ بکردایە، چونکە ئازارت پێ گەیاند، لەکاتێکدا ئەو کچێکی هەستناسکی دڵ و دەروون باشی ڕەوشت جوانە.

-بۆ ڕاستیگوتن ئازار دەگەیەنێت؟

-ئینجا هیچ شتێک وەکو ڕاستیگوتن ئازاربەخشە؟

ناشیرینێک چەند ئازاری پێ دەگات ئەگەر پێی بگوترێت تۆ دزێو و ناشیرینیت، لەکاتێکدا ئەو لە هەموو خەڵقندەیەکی دیکە ئەوە باشتر دەزانێت! پیاوخراپیش چەند ئازاری پێ دەگات ئەگەر پێی بگوترێت تۆ پیاوخراپیت، لەکاتێکدا ئەو لە هەموو کەسێک زیاتر ئازاری خەڵکی دەدات! بەڵام ئەو هیچ تاوانێکی نییە، ئەو میراتی شارێکی بۆ ماوەتەوە.

ژنەکەی وەک ئەوەی گاڵتەی لەگەڵدا بکات پێی گوت:

-دکتۆری فەلسەفەشی!

-بەڵکو دکتۆری نەشتەرگەری و... تۆش لە بریندارکردن.

بزەیەکی بۆ کرد، ئینجا گوتی:

–ژنە خۆشەویستەکەم خۆزگە دەتدیت ئەو ڕۆژەی چووم لەوێوە بیهێنم، ئەو هەڵوێستە سەیرەیت دەبینی، ئەوا دڵ و دەروونت پڕ دەبوو لەوەی کە بکەوێتە بەر دڵت و ڕێزت دەگرت.

ئینجا چیرۆکی بازنە زێڕەکەی بۆ گێڕایەوە، بەڵام ژنەکەی نووقمی پێکەنینێکی درێژ بوو و گوتی:

–ئەو بەمە ویستوویەتی گەواهی ڕەوشت و ڕەفتارباشی پێشکەش بە تۆ بکات، ئای کە ئەو ئاخۆ هەر لە زووەوە چ فرتوفێڵێکی لەژێر سەردا بووە و ویستوویەتی کە نموونەیەکی دنیا نەویستی و قەناعەت و ڕەزامەندی پیشان بدات، تاکو هەر لە یەکەم تاودا بڕواپێکردنی تۆ وەدەست بێنێت. یان ئەو شەیدای هەڵوێست نواندنە، بۆیە ژوووڕەکـەی جەنابی بەڕێوەبەری کردووەتە شانۆی ئەو شانۆنامەیە و شوێنەوارێک کە خەیاڵ دروستی کردووە، تۆی لەگەڵ خۆیدا بردووە بۆ جیهانی ڕاستی و ئەوەتا خەڵکی لەسەر شانۆ فرمێسک دادەبارێنن و دوای ئەوە لەبەر دەرگاکەیدا پێدەکەنن و مێردە ئازیزەکەم تۆش وەک بینەر، یان نابینەر، دەگریت!

بێگومان تۆ پیاوێکی دڵت باشە و نەخۆشەکانت لە نەخۆشخانە لە چینێکی تایبەتی خەڵکن، بۆیە دەبێت پەرستارەکانیشت وابن.

پزیشکەکە کەوتە باوێشکدان، بۆئەوەی بخەوێت، ژنەکەشی دەمی لێک ناو لە قسەکردن کەوت.

تۆ بڵێی ئەم قسە خراپە هیچ کاریکی لە دەروونی ئەو پیاوە کردبێت؟ دەبێت شوێنەواریکی جێهێشتبێت و خۆی هەستی پێ نەکردبێت، چونکە هیچ کاریکی لەسەر ئەوە پێک نەناوە و خەڵکی لە هەڵسوکەوتیاندا هەمیشە بۆ ئەو بیرە کۆنانە دەگەڕێنەوە کە لەبارەی خەڵکەوە گەلاڵەیان کردووە و پێکیان هێناوە، وەکو مامۆستای دارشتن بۆ نمرە کۆنەکە دەگەڕێتەوە پێش ئەوەی بابەتە تازەکە هەڵسەنگێنێت.

لەیلا وای لێهات کە لەبەر ڕووداوەکانی دوێنێ، ڕەشبینی لا دروست بوو و لەوە دڵنیا بوو، کە ڕۆژگار تازە لێی وریابووەتەوە و نهێنییە زۆر شاراوەکەی دەبێتە کتێبێکی بڵاوکراوە و هەرکەسێک بییەوێت دەیخوێنێتەوە. وای بە خەیاڵدا هات کە بچێت و تووشی هەرکەسێک بێت پێی بڵێت: دەمناسیت؟ من لەیلای هەڵگیراوەم! وای بەخەیاڵدا هات کە ئەمە بکات تا دڵە گیرۆدە و بیرە شێواوەکەی بحەسێنێتەوە، بەڵام ئەمە دەکرێت؟ ئەگەر بشکرێت، دەتوانێت؟

ڕۆژگار لەسەر گاڵتەجاڕییەکەی خۆی ڕۆیشت و دەستی بە چەنەبازیی کرد، هەروەکو چۆن پیرەژنەکەی دراوسێی چەنەبازیی دەکات، دوای چەند ڕۆژێک بە یەکێک لە ڕێگاکانی نەخۆشخانەدا دەڕۆیشت و بەلای ژوورەکەی دکتۆر (ک)... دا تێپەڕی و لەپڕ بینی لەبەر دەرگای ژوورەکەدا ڕاوەستاوە میوانێکی گەورە بەڕێ دەکات، لەیلا سەیری کرد و بینی

پیاوێکە و دەیناسیێت. پیاوەکە بە ناوی خۆی بانگی کرد و بە پزیشکەکەی گوت:

–لە کچەکەمان ڕازیت؟ ئەو لە باشترین کچانی لای ئێمە بوو و ڕایسپارد ئاگای لێبێت.

ڕەنگە یەکێک لێیانەوە نزیک بووبێت و گوێی لە قسەکە بووبێت، یان بەڕێوەبەری پەناگای ناسیبێت، ئیدی دەمامکەکە لاچوو و تەمەکە هەڵیبرینگاند و هەموو ئەوانەی لە نەخۆشخانە بوون، بە گوێی یەکتردا دەیانچپاند:

–دەزانن؟ ئەو لەیلا جوانە کچێکی هەڵگیراوەیە!

جوانییەکەی هیچ دادێکی نادات.

پەرستارەکان گوتیان:

–زانیوتانە؟ لەیلای دڵسۆز کچێکی هەڵگیراوەیە!

دڵسۆزییەکەی هیچ دادێکی نادات.

یەکێک لە پەرستارە قسەخۆشەکان گوتی:

–کچینە، ئینجا چییە با هەڵگیراوەش بێت. لەوانەیە ڕەچەڵەک باش و ئەسڵزادە بێت، گاڵتە بە خەڵک مەکەن.

لەنێوان خۆیاندا پێکەنین.

ڕۆژێک لە ڕۆژان لەیلا پێی نەگوتن: "ئەوە چیتان گوت؟ یان دەڵێن چی؟" بەڵام هەستی بەوە کرد کە شێوەی قسەکردنیان لە بانگکردنی بەناوی خۆی گۆڕاوە، هەروەک ئەوەی پیتەکانی پیتی تازە بن.

باشە، چی بکات؟ ئەو بەرەو مەبەستێکی خۆسەپێن دەچوو: چونکە ئەو ڕۆژانەی تێدەپەڕن و شتێک لە تەمەنی دەقرتێنن، هەر ئەو ڕۆژانەن کە تێدەپەڕن و هەندێک لە نهێنییەکانی دەردەخەن، ئەو ڕۆژەی شاراوەکان بڵاودەبنەوە و ئەو لەشولارە دەخرێتە ژێر گڵەوە.

ئێوارەیەکیان لە ژوورەکەی خۆی دانیشتبوو دڵی خۆی بۆ خەم کردبووەوە و لەگەڵ پەژارەدا یەکتریان دەدواند، دەنگی پەیژەکە هات، بێگومان پیرێژنە... قەیدی نییە گوێم لە هەواڵی تازە دەبێت! ئەمەیان منداڵی بوو! ئەوەشیان زگی پێنج مانگە... بەڵام فڵانە ژن ڕەزیل و قرچۆکە... خۆ فڵانەکەی دیکە هیچ حیسابێک بۆ سبەینێ ناکات... بەڵام ئەمە چییە؟ خۆ ئەو بەتەنیا نییە! لە دەرگا دراو گورج هەستا و کردییەوە.

–دایە فەرمو.

–کچەکەم ئێوارە باش.

–ئێوارەت باش دایە... خۆت و ئەوەی لەگەڵتدایە بەخێربێن و دانیشن.

پیرێژن گوتی:

–ئەمە سورەییای کچمە، کە لە ئەسوانە. بیری کردبووم و منیش بیرم کردبوو و ناردم بە دوایدا و ئەویش هات سەرم لێ بدات. ئەمە ئەوەیە کە لەپێناوی ئەودا خۆشمویستی! تەماشای بکە... ئەویش قژی زەردە و قژی تۆ ڕەنگەکەی وەک هی ئەو

وایە... ئەی سپیایەتییەکەی! ئەگەر سپیایەتییەکەی کەمێک لە سپیایەتییەکەی تۆ سافتر نەبووایە، ئەوا هەردووکتان پێک دەچوون... ئەی بەژن و باڵاکەی! ڕێکتر و پێست ناسکترە، لەگەڵ ئەوەشدا بەژن و باڵای تۆش جوانە... ئەی چاوەکان! تۆ بە سەوزیی چاوەکانت لەو جیایت... بەڵام ئەوەت بیر نەچێت کە چاوی چ جوانییەکی تێدایە... مێردەکەی شەیدای چاوەکانییەتی، تەنانەت هەموو سوێندێکی بەو چاوانەیە.

خوا دەزانێت کە قژی سورەیا کاڵ بوو و قەڵەویش بوو و هیچ جوانی و دڵگیرییەکی تێدا نەبوو، ئەمە ئەگەر بەدەر لە چاوی دایکی سەیری بکەین!

پیرێژن بەردەوام بوو، گوتی:

-کچەکەم ئەمە لەیلایە، کرێچییە تازەکەمانە، کچێکی خۆشەویستە و گەلێک لە ئەدەب و ڕەوشتبەرزیی تۆی تێدایە، دڵم بەوە خۆش بوو کە خەڵکی ئەسوانە و پێم وایە خەڵکی ئەو وڵاتە هەموویان باشن!

سورەییا گوتی:

-چ ڕێکە! لەیلا تۆ خەڵکی ئەسوانیت؟

-بەڵێ، خەڵکی ئەسوانم.

-کەواتە گەڕەکی ئەمە و گەڕەکی ئەوە شارەزای و فلان بازرگان کە ناودارترین بازرگانی ئەوێیە، دەیناسیت؟

-من خەڵکی ئەسوانم، بەڵام نەک ناو ئەسوان، لادێیی

نەریتیان وایە کە خۆیان دەکەن بە خەڵکی نزیکترین شاری ئەو هەرێمەی لە لادێکەی خۆیانەوە نزیکە، لەبەرئەوەی گوند و ئاوایییەکانی خۆیان ئەو ناوبانگەیان نییە و من زۆر کەم دەچووم بۆ شار، چونکە ئەوەی پێویستم دەبوو، بۆم جێبەجێ دەکرا.

ئینجا ویستی جۆرە دڵخۆشییەکی پێ ببەخشێت:

-بەڵام شاری دڵ نیشتمانە و قاهیرە شاری دڵمە خوشکێ، سورەییا خان چونکە دایکتی لێیە، کە دایکی منیشە و نەخۆشخانەی دکتۆر (ک)...ی لێیە، کە سەرچاوەی ژیان و گوزەرانمە.

بەمە دەتگوت بەشێوەیەکی خەمبارانە لێی دەپاڕێتەوە، کە باری سەر شانی قورس نەکات و ئیدی قسەکردن بەرەو مەبەستی دیکەی دوور لەوەی بردن، تا کاتی ماڵئاوایی هات و هەستان و ڕۆیشتن.

**(٥)**

ئەمە ئەو بەڕێزە ئەمینەیە کە لە نەخۆشخانەی دکتۆر (ک)... کەوتووە و نەخۆشە.

پیاوێکە خوا ژیربێژیی پێ بەخشیوە و هەڵیبژاردووە و ڕێی پیشان داوە.

پیرێکی لە خواترسی پاکی زانای دنیا نەویستە، نیشانەی قایلی و قەناعەت و قبووڵ لە دەموچاوە گەشەکەی و نیانیی ئادگاری دەخوێنیتەوە.

چاو لە یەکەم بینیندا هۆگری دەبێت و دەروونیش لە یەکەم جاردا متمانەی پێ دەکات، هەروەکو چۆن متمانە بە یەقین دەکەیت و دڵت بە ئاشتی دەکرێتەوە. ڕدێنێکی سپی کەم مووی خڕ، هەر دەڵێی ڕووناکیی دەوری خۆر، یان خەرمانەی مانگە و دووچاویش لەبەر شەو بێداریی خاوەنەکەی بۆ خواپەرستی، یان خوێندنەوە، یان نووسین پەنای بۆ چاویلکە بردووە، دوو لێویش کە بەردەوام بە جووڵانەوەیەکی سووک و چپەیەکی کەم خەریکی وێرد و خوا بەگەورە زانینە، چونکە لە خوا بەدەر گوێ لە کەسی دیکە ناگرێت.

قەدەر بۆ ڕێگای لەیلای ناردووە، لەکاتێکدا شەوی ژیان پێی گەیشت و تاریکیی وجود پێچایەوە و کاریگەرییەکی زۆری بۆ دڵ و دەروونی لەیلا و دەنگدانەوەیەکی قووڵی لە ژیانیدا هەبوو.

ئەوەتا لەیلا بە ڕوویەکی گەش و دەمێکی بە زەردەخەنەوە بەسەریدا دانەویوەتەوە و چارەسەری برینەکەی دەکات، کە خەریک بوو لێی پیس بکات و ئەویش بە دوو چاوی کزەوە نیگای پاکی و قەناعەتی تێ دەگریت، هەروەک بڵێی لە باخچەیەک، یان جوانیی گوڵێک ڕابمێنێت و – لەفافەکەی تێوە پێچا و گوتی:

–باوکە دەتبینم ئەمڕۆ باشتری و ئەو قۆناغەت تێپەڕاند کە دڵی ناڕەحەت کردبووم، سوپاس بۆ خوا. کەمێک بێدەنگ بوو، ئینجا هەردوو لێوی بە بزەیەکی تاڵ کرانەوە و گوتی:

–خۆزگە زامی ناخ و دەروونیش سارێژبووایە! هەزار پزیشک و هەزار دەرمان بۆ لەش کۆکراوەتەوە، بەڵام هیچ پزیشکێک و دەرمانێک بۆ نەخۆشیی دەروون نابینم!

جارێکی دیکەش پێکەنی، بۆئەوەی لە بایەخی قسەکە کەم بکاتەوە.

پیرە تینی دایە بەرخۆی و سەری خستە سەر سەرینێک لای پەنجەرە، وەک ئەوەی نیوەی دانیشتبێت و نیوەی خەوتبێت و دەستێکی پەنجە ڕووتی خستە سەر ڕیشێک، کە لەبەر نەخۆشی ئاگای لێ بڕابوو و درێژ ببوو، ئینجا بە چپە دەنگێک، کە گوێی لەیلا پێش ئەوە ئاشنای نەببوو، گوتی:

–کچەکەم... لەیلا... من پیاوێکی پیرم، ژیانم تاقیکردووەتەوە و هاوڕێیەتیم بۆ زەمان درێژەی کێشاوە، ڕۆژگار تەڕییەکەی خواردووم و وشکەڕۆکەی بۆ هێشتوومەتەوە و پەیوەستیی

لەنێوان من و ئاسماندا هەمیشە بەهێزە و پێشم وایە دوایینێکی ئاوەدانیم هەیە... بەڵام خەمبارم... لەبەر نەخۆشیی خەمبارم، ترسێکی زۆر دایگرتم کاتێک هەستم کرد لەسەر دەروازەی ئەبەدییەتم و واشم هەستکرد کە هۆگری دنیام و خۆم پێوە هەڵواسیوە.

لەوەتی هەستم بە خۆم کردووە، دەروونم گەلێک چەند و چوونی لەگەڵ کردووم، کە خۆم بخزێنمە چۆڵەوانیی ژیانت و بێمە ناو میحرابەکەت! بەڵام دوودڵ بووم، تا ئەو زاتە و بوێرییەم لە خۆمدا بەدی کرد و ئەو کارەم کرد.

کچەکەم بڕوام پێ بکە، دەبێت سکاڵا بۆ خاوەن ویژدانێک بکەیت و ئەو خەم و پەژارەیەت کەمێک سووک بکەیت، چونکە ئەو جەستە ناسکەی تۆ توانای بەرگەگرتنی نییە... ئەو لەشەی ئێوە بۆ خەم دروست نەبووە، بەڵکو شان و پیلی پیاوان بۆ ئەوە دروست بووە!

گوتی:

-باوکە من لەم دنیایەی خۆم لە تاریکیدام، خۆرم لێ هەڵنایە و تیشکێکیش سەرم لێ خوار ناکەتەوە! من ئاوازێکی شادیی نەبەخشم... من نهێنییەکم دەبووایە بڵاو نەکرێتەوە و قسەیەکم دەبووایە نەخرێتە بەردەمی خەڵک! من وشەیەکم نە ڕوونم و نە تێشم دەگەن! من نیهادێکم گوزارەی نییە و کارێکم بکەری نییە، من چوومەتە سەر خوانی وجود، نان دەخۆم و خەڵک لێم

بێزارن، نە من ڕژد و ڕەزیلم و نە ئەوانیش قایلن. باوکە من... تۆ نازانیت من کێم!

من پارچە پەڕۆیەکم کچۆڵەیەکی تێدابوو، پەناگا باوکمە و دایەنیش دایکمە و مامانێک پێشوازیی لێ نەکردووم و بە ماچکردن لەلایەن دایکەوە شاد نەبووم و گوێشم بە لایلایە شاد نەبووە.

من هەڵگیراوەم و بەرامبەر تۆ شەرم ناکەم!

من هەڵگیراوەم!

ئەمە نهێنییەکە و هەموو ئەوانەی لە دەورمن، پێیان زانیوە.

ئینجا بە چاوێکی فرمێسکاویی و دڵێک کە بە شڵەژاویی لێی دەدا، سەیرێکی کرد، چونکە ئەوە بۆ یەکەمجارە کە گوێی لێ دەبێت حوکم بەسەر خۆیدا بدرێت، پیرە بە واقوڕماوییەوە گوتی:

–تۆ هەڵگیراوەیت؟ ئای خەڵکی چەندە زوڵمیان لێ کردوویت!

–باوکم و دایکم یەکەم کەس بوون کە زوڵمیان لێ کردووم!

–دە خۆت زوڵم لە خۆت مەکە، چونکە تۆ جیای لەو کەسەی دەیناسیت.

زەردەخەنە بخەرە سەر لێوت بۆ ژیان و بۆ وجود، پێبکەنە و بەنێو دڵی خۆتدا بچۆ خوارێ و ڕەگی ڕەشبینیی لێ هەڵقەنە، وێنەی دنیا بە سەما کردوویی بکێشە، هەموو بوونەوەرێک لە دەورتدا سەما دەکەن.

شنەی فێنک هەڵمژە و دەست لە کەشوهەوای مرۆڤخنکێن بەردە و گوێ لە ئاوازی جوان بگرە و گوێی خۆت لە دەنگی سەردوولکەبێژان داخە.

کە لەسەر کەنارەکەی دیکە بوویت، مافی ژیانت نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ لەسەر کەناری زیندووانی، مافی ئەوەی ئەوانت هەیە با بە بەلەمێکی دزراویش پەڕیبیتەوە. هۆی پەڕینەوەکە لای ئێمە گرنگ نییە، بەڵکو ئەو کەسەی دەپەڕێتەوە بەلامانەوە گرنگە.

تۆ یەکەم ئەڵقەی لە زنجیرەی ڕەچەڵەک، کەواتە ئەڵقەیەکی زێڕبە و ئەوەی پێشت بڵێ کوا ڕەچەڵەکت؟ پێی بڵێ: ئەی تۆ کوا ڕەوشتت؟ جا ئەگەر لە ڕەوشتدا یەکسان بوون، ئەوا بە ڕەچەڵەک لە تۆ گەورەتر و باشتر نابێت... تۆ خۆتت نەهێناوەتە دنیاوە و ئەویش کە لەدایک بووە ئەو کارە خۆی نەیکردووە.

کچەکەم، تاریکیی دەروون بەترسترین جۆری تاریکییە، بۆیە لەنێو تەنیایی و چۆڵەوانیدا مەژی و پشتت لە جوانیی دنیا مەکە، چونکە هەموو زیندوویەک مافی ئەوەی هەیە پێی شاد بێت.

تۆ ئەگەر ئەوە بکەیت لە تافی گەنجی و جحێڵیدا بەرەوپیری دەچیت.

بەهرە لەو خۆشییەی لەبەردەستایە، وەربگرە و ڕایەڵی بەختیاریی لە دەوری خۆتدا بچنە، با باریک و خەیاڵییش بێت، چونکە ئەگەر خۆت خۆت بەختیار نەکەیت، ئەوا بەختیاریبەخشت

دەست ناکەوێت. بە بەربەیان دڵخۆش بە و لەگەڵ ئێوارەشدا چەهچەهەت بێت و بوونی خۆت بەسەر خەڵکیدا بسەپێنە، چونکە تۆ تاوانکار نیت و زوڵمیشت نەکردووە. تۆ گیانێکی بێگەردی لەنێو پێستێکی بێگەرددا. تۆ ساتێکی تۆبەکردنیت کە بەدوای ساتێکی گوناهدا هاتووە.

تۆ بێژەیەکی بەخشینخوازی زمانێکی هەڵئەنگوتوو گوتوویەتییەوە و خواش قبووڵی کردووە و بەخشیویەتی. تۆ فرمێسکێکی پەشیمانیت کە پڕە لە گەرموگوڕیی و تەژی پاکی و بێگەردییە.

تۆ کچەکەم... تۆ خۆت نازانیت کێیت!

تۆ هەڵەی خواپەرستێکی، یان نووچەدانی دنیا نەویستێکی، کە بە خراپە نەزانراوە.

لەیلا ئەمە تۆیت و خەم مەخۆ، ئەمە دەستووری مەملەکەتی پیاوچاکانە و ئەگەر یەکێکت لەو خەڵکە دی بە یاسایەکی دیکەی جیا لەم یاسایە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردیت، ئەوە بزانە کە ئەو کەسە پیاوچاک نییە و داوای خوالێخۆشبوونی بۆ بکە!

-باوکە... بەڕاست من وەهام؟ ئای کە لە پەناگای (ج) بووین... هەرهەمووومان چەند پێویستمان بەوە بوو کە قسەیەکی لەم جۆرەمان لە دەمی کەسێک لەوێ گوێ لێبێت.

چەندان دەستەخوشکم هەبوون و هەریەکە بەلایەکدا ڕۆیشتین و هەمووشیان لە من نائومێدتر و هیوابڕاوتر بوون.

چۆن نەفرین دابـەش دەکرێت، بەو شێوەیە بەسەر شاراندا دابەشیان کردین و خەڵکی بۆ پرسی ئێمە بەشێوەیەک هاوکاریی یەکتریان کرد، هەروەکو چۆن بۆ کارەساتێک هاوکاریی یەکتر دەکەن.

وامانزانی ئێمەش لە ڕیزی ئەواندا دانراوین، بەڵام تۆ پێت گوتم: ئێمەش مافی خۆمانە بژین... لەوانەیە ئی وایان تێدابێت کە ژیابن، بەڵام ئایا منیش دەتوانم بژیم؟

دوای ئەوە ڕایکردە دەرەوە و ڕووی لە پیرە بوو لەسەر قەرەوێڵەکەی و ئەوەندە ڕێگەی پێ نەدا کە هیچ شتێکی پێ بڵێت، بەڵام ڕۆشنایی باوەڕ و ڕووناکی یەقین و دڵنیایی کە لەنێوچەوانیدا پرشنگیان دەدا، بێ ئەوەی هەست بە خۆی بکات، چووبوونە دەروونییەوە.

دوای ئەوە چووە دەرێ، تووشی ئەحلام هات.

-لەیلا ئـەوە تۆ لـە کوێیت؟ مـن چەند لەمێژە بـەدواتـدا دەگەڕێم و نەمدەزانی لە ژوورەکەی پیرەیت. نازانم بۆ ئەوەندە دەچیتە ئەوێ و زۆریش دەمێنیتەوە! لەوانەیە هەموو ڕۆژێک وانەیەکی ئایین، یان فەلسەفەی لێ وەربگریت. ئەگەر ڕەبەنیی لە ئایینی ئێمەدا هەبووایە، ترسی ئەوەم لێت هەبوو کە جلی ژنە ڕەبەنەکان لەبەر بکەیت لەدێر دانیشیت! ئەوە چییە وا حەز لە پیریی دەکەیت و ئاشقی فەنابوونیت، هەروەک بڵێی لە دوادوای ژیانت بیت. بەزەییت بە گەنجایەتی ناسکدا بێتەوە لە بەفری

پیریی و گەرمیی ژیانی بۆ بنێرە تا چڵەکانی گەش و جوان بکات و بۆن و بەرامەی بڵاو بکاتەوە... بریا بمزانیایە باسی چیتان دەکرد؟

بەشێوەیەکی دڵخۆشانە گوتی:

-بە دوورودرێژیی باسی خۆشەویستیمان کرد و لەبارەی خۆشەویستییەوە پرسیارم لێ کرد، چونکە شتێکە من نەمزانیوە. ئەحلام دەزانیت چی پێ گوتم؟ گوتی:

لەیلا خۆشەویستی چییە؟ شتێکی شورەیی و ناشیرین، یان ناسروشتی تێدا دەبینیت؟ خۆشەویستی کرانەوەی دەروونە بۆ دەروون و سۆز و نهێنی درکاندنی دڵە بۆ دڵ.

ئەوەی بۆ گوتەوە کە پێشتر ئەحلام لەبارەی خۆشەویستییەوە گوتبووی.

ئەحلام گوتی:

-هێشتتا هەر گاڵتە دەکەیت. گاڵتەم پێ مەکە، من خەمبارم، لەیلا من لە هەموو کەسێک پتر پێویستم بە بەزەییهاتنەوەی تۆیە.

-شتێکی کەمت داوا لێکردووم... گوێم لێ بگرە، چونکە من ئاوازی گریاو بە چاکی دەژەنم.

ئەحلامی لەسەر کورسییەک دانا و خۆشی لەسەر یەکێکی دیکە ڕاوەستا، ئینجا دەستی پێکرد و گوتی:

-ئەحلام چۆن بەزەییم پێتدا نایەتەوە کە تۆ خۆشەویستی دڵ و خوشکی گیانم بیت؟ خوشکێ، ڕەحمەتی خوات لێبێت،

ئەوە چیت بەسەر هاتووە، خۆ تۆ دوێنێ پڕ بە دنیای خۆت بوویت؟ ئای ستەمی ئەو ڕۆژگارەی لێوانێکی تێکشکاند کە لەبەر دڵی چاو و لێوان بوو، چەند زۆرە، خوشکێ خوا ڕەحمت پێ بکات.

دوای ئەوە هاتە خوارێ پاش ئەوەی پێکەنین بەسەریدا زاڵبوو، ئەحلامیش بە پێکەنینەکەی ئەو پێکەنینی هات، کە لە پێکەنین وەستا، گوتی:

-هێشتاش هەر گاڵتە دەکەیت؟

-تۆ گاڵتە بە من دەکەیت و من گاڵتە بە تۆ دەکەم، سێهەمیش هەیە کە گاڵتە بە هەردووکمان دەکات، زەمانەش گاڵتە بە هەمووومان دەکات، ئاخر ژیان گشتی گاڵتەجاڕیی و بێ مێشکییە.

-کەواتە وەرە با هاوکاریی یەکتر بکەین دژی زەمانە و گاڵتەی پێ بکەین و گوێشت لە من بێت بزانە دەمەوێت بڵێم چی...

بەڵام ئەوە چییە جۆرە دڵخۆشییەکت پێوە دەبینم کە پێشتر نەمدیوە؟ لەوانەیە ڕووناکیی بەختیارییەک لە ئاسۆی ژینتدا دەرکەوتبێت، یان ڕەنگە پیرە کوڕێکی هەبێت بۆی دەگوازرێیتەوە!

-نا، نا، ئامانجەکەت نەئەنگاوت، هەرچەند تیرەکەت لە دەوروپشتی دا. کوڕی پیرەژنەکەی دراوسێم داخوازیی کردووم و

خوا ياربێت لە جيهانی غەيبەوە بۆی دەگوازرێمەوە، کەژاوەی گيانان شەقامەکانی قاهيرە دەبڕێت، سرووودی ئەبەدييەت دەڵێتەوە و تارای بووکێنيشم تيشکی خۆر و تاجەگوڵينەی بووکيشم لە ئەستێرەی ئاسمان دەبێت، بەڵام مۆڵەتی ئەوەم لێوەرگرتووە هەتا بزانم: ئايا باوکم زيندووە، يان مردووە، بۆئەوەی بچێتە لای بۆ داخوازيی داوای منی لێ بکات.

لێرەدا شين و شەپۆڕی ژنێک لە حەوشەی نەخۆشخانە بەرزبووەوە، چونکە کوڕەکەی مردبوو.

ئەحلام دەڵێت:

–ڕەنگە ئەمە لە سروودەکانی ئەبەدييەت بێت.

لەيلاش دەڵێت:

–کەژاوەی گيانان شەقامەکانی قاهيرە دەبڕێت، ئەحلام تۆ بڵێی ئەمە زەماوەندی من بێت، يان ماتەمينی تۆ؟ ئەوەت لەبير نەچێت کە من پێش کەمێک دەشڵەژام.

–بەڕاستی ژيان وەکو تۆ دەڵێی گاڵتەجاڕيی و بێ مێشکييە، ئێستا سنووری ئەمە و ئەوەمان بەزاندووە! لەيلا ناتەوێت گوێ لەوە بگريت کە دەيڵێم: من دڵ پڕ ئازار و خەمبارم، باوکم و دايکم دەبنە ڕێگر لەنێوان من و خۆشبەختيم.

–هەروەکو باوکم و دايکم لەمەوپێش کرديان.

–بەتەواوەتی وا نا، چونکە ئەوان مەبەستيان بەدبەختکردنت نەبوو، بەڵکو بێ ئەوەی مەبەستيان بێت، بەدبەختيان کرديت،

تکات لێ دەکەم قسەم پێ مەبڕە با قسەم لەبیر نەچێتەوە، چونکە من خەیاڵ شڵەژاو و بیر تێکچووم و دوێنێ شەو خەو نەچۆتە چاوم... دایکم و باوکم ڕێگرن لەنێوان من و خۆشبەختیم، پێم گوتووی کە ئامۆزاکەمم خۆش دەوێت و ئەویش ئەوەندە منی خۆش دەوێت و هەمووومان بیرۆکەیەک بەسەرماندا زاڵە کە ئەو دەمخوازێت. لەیلا پێم گوتووی ئەو زۆر بێبەختە، هەرچەندە زۆر زیرەکە، هەرجارێک هەندێک پارە کۆدەکاتەوە، بۆئەوەی ماڵێکی بەختیار بمانگرێتە خۆی، کارەساتێکی بەسەردا دادەبارێت تووشی ناخۆشییەک دەبێت.

سکاڵای ئەوەم بردە بەر کە زەمانە بۆ کاروبارەکەی ئێمە درێژەی کێشا و تکام لێ کرد پەلە بکات، بەڵام باوکم و دایکم لەڕێی وەستان، چونکە ئەو پارەیەی نییە چاوچنۆکیی باوک و دایکان قایل بکات... هەروەک ئەوەی ئێمە بەلای ئەوانەوە کەلوپەل بین، بفرۆشرێین و بکڕرێین، نەک ژن و مێردێک فەرموودەی خوا کۆیان دەکاتەوە.

من لەلای خۆمەوە کەم کەم شتێکم کۆکردبووەوە، بەڵام دایکم و باوکم بە نامە و سکاڵا دەربڕین وردە وردە هەموویان لێ ستاندم و هەردوو دڵدار بێ پارە مانەوە، پارەش بووەتە هۆی ئەو پەیوەندییەی دوو دڵدار کۆدەکاتەوە.

-بێگومان بەلای باوکم و دایکمەوە، لەبەر ئەوە ئامۆزاکەم تووڕە بووە لەو نامەیەی بۆی ناردووم، گوتوویەتی: ئەو لە

مەسەلەکە بێزارە و وای لێ هاتووە بیر لەوە دەکاتەوە، کە دڵی بخاتە ژێر پێ و پانی بکاتەوە و پشت لە من بکات بۆ کچێکی دیکەی پارەدار و کاروبارە تێکچووەکەی خۆی پێ ڕاست بکاتەوە، منیش لەنێوان ئەم و باوکم و دایکمدا ئازار دەکێشم.

لەیلا خۆزگە هەڵوێستەکانمان بگۆڕیبایەوە، من خۆشەویستێکم هەبایە و باوک و دایکم نەبایە و تۆش باوک و دایکت هەبایە و خۆشەویستت نەبایە.

لەیلا گوتی:

–من بەکەڵکی گۆڕینەوە نایەم، چونکە نە باوکم هەیە و نە دایک و نە خۆشەویست، تەنیا ئەگەر وا دابنێی کە ئەو پیرەی لەوێیە، یان دکتۆر (ک)... یان کوڕی پیرێژنەکەی دراوسێمان خۆشەویستەکەمن و لەم سیانە کامیانت دەوێت هەڵیبژێرە. تۆ لە کاروباری ژیان ڕاوێژ بە کچێک دەکەیت کە لە پەراوێزی ژیانە و بۆ کاروباری دڵیش قسە لە کچێکی پەککەوتە دڵ وەردەگریت و ئەگەر ترپەکانی نەبوونایە، ئەوا هەستم پێ نەدەکرد. دوای ئەوە، من لەو لایەنەوە بەکەڵکی جێگرەوە دێم، تۆ دڵی خۆت بێنە و دڵی من وەرگرە و من دڵنیات دەکەم کە یەکەم کەسێکی ڕقت لێی دەبێتەوە، ئامۆزاکەتە، ئینجا دوای ئەوە ڕقت لە هەموو پیاوێک دەبێتەوە.

ئەحلام وا نەزانیت کە من گاڵتەت پێ دەکەم... من گاڵتە بە خۆم دەکەم، چونکە من لە شێوەی خەڵک ئافەریدە کراوم و

یەکێکیش نیم لەو خەڵکە و لە وێنەی هەبوویەک دروستکراوم و لە هەبووانیش نیم، خەڵکی نهێنییەکەیان زانیوم، بەڵام لێیان نەبووردم و نەیانبەخشیم، هەرچەندە گوناهەکە پێش بەخشینەکە کەوت و ئەگەر گوناح نەبووایە، قسەکەران نە لێبووردنیان دەزانی و نە لە ماناکەشی خاکەڕاییان دەنوواند.

خۆزگە تاوانبارێکی لە لێبووردن بێبەش بوومایە، کەواتە نە خەمم دەخـوارد، نە داخیش دەچووە دڵم، چونکە کەسانی لێبووردە خاوەن پیاوەتین و هیچ ڕێگرییەکیش بۆ چاکەخوازان نییە، بـەڵام من وەک پەنجەی دۆشـاومـژەی پەشیمان وام، گەستیانم هەتا خوێنی لێهات، لەکاتێکدا من هیچ تاوانێکم نەکردووە.

ئەو پیرەی زۆر دەچمە لای و زۆریش لە کنی دەمێنمەوە، دەناسیت؟ ئەو بەڕێزە ئەمینە، زانایە، دنیا نەویستە، ئەو خۆ لە گوناح بەدوورگرە لەخواترسە. ئەو یەکەم پیاوە کە وشەیەکی بەزەییم لێ بیستبێت و هەر ئەو تیشکێکی هیوای بۆ ڕێگاکەم نارد. پێی گوتم دەبێت بژیت!

بەڕاستیش دەبێت بژیم، چونکە من ڕێگەی ژیانێک دەگرمە بەر کە تاریکیی ئەنگوستەچاوە و ڕۆیشتن پێیدا و گەڕانەوە وەکو یەکن، بەڵام بەردەوامبوون پێویستە تا ئەو کاتەی مەرگ لە ڕۆیشتنم دەخات. بە ڕۆشتن هیوایەک لە ئاسمانەوە هەیە و ڕەنگە ترووسکاییەک بنێریت تا شوێن پێی خۆمی پێ ببینم و

تارماییەکانی بەردەمم دەردەکەون. وەلێ بۆ گەڕانەوە، ئەوە لێم حەرامکراوە و مافی ئەوەم نییە هیچ هیوایەکم بە ئاسمان هەبێت و تاریکیی ڕێگا بە تاریکیی گۆڕ دەگات و ئەوسا لەنێو تاریکیدا دەژیم و لەنێو تاریکیشدا دەمرم.

لەبەر ئەوە، ئەحلام، بڕوام بە قسەکانی پیرە کرد!

بڕوام بەوە هێنا کە دەبێت بژیم.

پێویستە بژیم بۆئەوەی شوێنی ئاوازێک داگیر بکەم لە ئاوازی هەبووندا، ئینجا ئەو ئاوازە خۆشیبزوێن بێت، یان خەمبار، بۆئەوەی شوێنی گوڵێک داگیر بکەم لە چەپکێکدا خرابێتە سەر تەوێڵی بووکێک، یان سەر بەردی گۆڕێک!

هەر دەبێت بژیم ئینجا بەختیاربم، یان بەدبەخت، بۆئەوەی ئەو ئەرکە بەجێ بهێنم کە خوا بەسەریدا داوم.

(٦)

مرۆڤ بەلایەوە گرانە دەستبەرداری ئەو شتە بێت کە هۆگری بووە، یان هۆگرەکەی دەستبەرداری بێت، ئینجا ئەمە پەیوەست بێت بە لەشەوە، یان پەیوەست بێت بە ڕۆحەوە، سوودبەخش بێت، یان زیانبەخش.

دەبینیت بۆ شتی کەمبایەخ دەگرین بەو فرمێسکانەی بۆ شتی لەوە گەورەتر دەیانڕێژین و دەمانبینیت خۆمان دەخەینە پاڵ ئێستاکە، هەرچەندە ئەگەر ئەوەی لەدوایەوەیە گوزەران باشیی و بەختیاریی بێت و دەگەڕێینەوە بۆ ڕۆژانێک کە بەلامانەوەناون و هیوای نەمانیانمان خواستووە و ستایشی بەیانی و ئێوارە و ساکاریی ژیان و ئاسوودەیی بیری ئەو ڕۆژانە دەکەین، کاتێک کە لاوین، بیری منداڵیی دەکەین و خۆ ئەگەر گەنجایەتیمان تێپەڕاند، دەگەڕێینەوە بیری دەکەین و دڵمان بۆی لێ دەدات، ئەگەر لەدوای قۆناغی پیریی قۆناغێکی دیکە هەبووایە، ئەوا لەو قۆناغەدا بیری پیرییمان دەکرد.

ئا بەم شێوەیە دەبینین کە ژیانمان زنجیرەیەکی ئەڵقە پێکەوەبەستراوی غەریبیکردنە و ئەگەر غەریبی هەرشتێک بگەیەنێت، ئەوا مانای هۆگریی دەگەیەنێت، هەروەک چۆن سەوزیی نیشانەی هەبوونی ئاوە و دووکەڵیش نیشانەی ئاگرە.

لە هەموو هۆگریبوونێک زیاتر بە دەروونەوە ئەوەیە، کە دەروون یەکەم شت دیویەتی و پێی ڕاهاتووە، هەر لەبەر

ئەوەشە هاوڕێی منداڵیی بیرناچێت و یەکەم خۆشەویستیش لەبیر ناکرێت و بەپێی ڕادەی جەنجاڵیی دڵ بەوانەی هۆگریان بووە، یان جەنجاڵ نەبوونی، دڵ ئەو هۆگرییبوونە قبووڵ دەکات، یان نایکات، هەروەها بیرکردنەوەشی، یان بیرنەکردنی، چونکە ئەوەی دۆست و هاوڕێی زۆرن، کەم ئەمەکە و بێگومان ئەویش کە خۆشویستنی بۆ ئەم و ئەو زۆرە، ئەوا خۆشویستنی کردووە بە پیشە.

جا ئەگەر دڵی لەیلا بخەینە بەر ڕووناکیی ئەو تیشکە، ئەوا دەزانین ئەو ڕۆژەی بەڕێز ئەمین چاکبووەوە و ئامادەکاریی کرا بۆ دەرچوونی، چەند خەمی لە دڵیدا باربوو، بێگومان بۆ یەکەمجار هەستی بە چۆڵەوانی کرد کە بەرەو ئاوەدانیی دڵی دەچێت و لق و پۆپی دەبڕێت و دڵی هەروەک ئەو ڕۆژە، پێش سێ ساڵ، ڕاچەنی کاتێک کە دەستەخوشکەکانی جێهێشت و لە پەناگاکە چووە دەرێ و دەرکی بەوە کرد کە هۆگری دنیا بووە بەهۆی شوێن و پیاوێکەوە... هۆگری پەناگای (ج)... بوو و هۆگری بەڕێز ئەمینیش.

عەرەبانەیەکی کرێ لەبەر دەرگای نەخۆشخانە، کە دوو ئەسپی لێ بەسترابوو، ڕاوەستا، ڕانندەکەی لەسەر کورسییە بڵندەکەی پەلەی لە سەرنشینەکە دەکرد و پیرێکی بەویقار و قورس و گران، کە لەبەر ئاسەواری نەخۆشی و ئاسەواری ساڵانی تەمەن هەنگاوەکانی سست بوون. شنەیەک یاریی بە

کراسێکی سپی کرد و خاوەنەکەی ڕاوەستا تا ماڵئاوایی لە سەرنشینی عەرەبانەکە بکات، ئەو کراسەش، کراسەکەی لەیلا بوو. ئەوانەی لەنێو عەرەبانەکەدا بوون لەگەڵ لەیلا سڵاوێکی بەپەلەیان لە یەکتر کرد و دوای ئەوە دەنگی پیرەی هاتە بەر گوێ، دەیگوت:

–لەیلا من چاوەڕێی سەردانەکەتم.

ئینجا ڕەوڕەوەی عەرەبانەکە بەسەر شەقامەکەدا ڕۆیشت و دەنگی شرقە شرقی قامچییەکە هات و دوو چاوە سەوزەکە بە تێڕامانێک، کە نەدەترووکان، بەدوای عەرەبانەکەوە بوون، تا پێچێکی شەقامەکە لەبەرچاو بزری کرد، دوای ئەوە خاوەنی ئەو دوو چاوە ڕاپەڕی و لەو واقوڕماوییەی تێی کەوتبوو، بەهۆش هاتەوە و چاوی بە بینای نەخۆشخانەکەدا گێڕا و لە دەرگاکەوە چووە ژوورێ و لە باخەکە تێپەڕی، لەکاتێکدا دڵی دەیگوت: ئەمڕۆ بۆن و بەرامەی باوکایەتیی ماڵئاوایی لێکردم و وەک خەیاڵێک لێم دوورکەوتەوە و بەسەر پلیکانەکەدا سەرکەوت و چووە ژوورە تاک قەرەوێڵەکە، بەڵام سەرچاوەی ئەو تیشکە بەهێزەی نەبینی کە چووبووە ناو دڵە ڕەقەکەی و دڕی بە تاریکیی دڵە خەمبارەکەی دابوو و ڕووناکی کردبووەوە.

ئەحلامی هاوڕێی تێپەڕی.

–خوشکێ وەرە باسی خۆشەویستیم بۆ بکە، چونکە من خووم بە باسکردنی گرتووە و پێکەنی.

–ئەمجارەیان تۆ گاڵتە دەکەیت، یان نا، واتە گاڵتە ناکەیت؟

–ئەی ئێمە لەسەر ئەوە کۆک نین کە ژیان هەمووی گاڵتەجاڕیی و بێ مێشکییە... یەکەم ماددەی گەلاڵە ناوخۆییەکەمانت بیرچۆتەوە... لە قسەکردن دەتبەخشم... من وا دەچم تا سەرپەرشتی گواستنەوەی نەخۆشێک بکەم بۆ ژوورە تاک قەرەوێڵەییەکە... تۆ بڵێی کێ لە پێخەفەکەی ئەو زانا بەڕێزەدا بخەوێت؟ لەوانەیە نەزانێک بێت لە نەزانترین کەس، هەروەک ئەو کەسەی کتێبخانەیەکی لە باوکییەوە بۆ بەجێدەمێنێت و هیچی لێ تێناگات، بەڵام ئێمە چیمان داوە لە خەڵک! تەنیا ئەوە هەیە کە دوای ڕۆیشتنی ئەو پیاوە هەستم بە چۆڵەوانییەک کرد.

–لەیلا پیرۆزباییت لێ دەکەم... خوشکێ پیرۆزباییت لێ دەکەم... ئەمە یەکەم نیشانەی خۆشەویستییە کە بەر دڵە خاڵییەکەت دەکەوێت و ئەمە یەکەم شتی ئەو کانییەیە کە دەتەقێتەوە. دەبێت ئەو بەختەوەرە کێ بێت کە شەوگار ئەو گەنجینەیە و ئەو سامانە و ئەو بەختیارییەی بۆ ساز بکات، خەریکی دڵت بە خەڵکی دەکرێتەوە.

–مافی خۆت بوو بڵێیت: وا خەریکە کە خەڵکی دڵیان بە تۆ بکرێتەوە... ئای چەند لە دەرگام دان و وەڵامێکم دەستگیر نەبوو... بەڵام من دەمویست بە شەریفی بچمە ژوورێ و بە شەریفیش بێمە دەرێ، دەنا گەر وانەبێت، تەنیایی خۆش دەبێت و کەرناگیریش چێژی دەبێت.

من باخێکی بێ پاسەوانم و هەنگوینێکم هەنگ دەوریـان نـەداوە، من گوڵێکم دڕک نایپارێزێت... من بەرخێکم شوان ئاگای لێ نەماوە و لە مێگەلی دابڕاوە و لە مێگەلەکەش گورگ دەلـوورێـنـن، گورگیش برسی بێت، یان برسی نەبێت، هەر دەکوژێ و تێکدەشکێنێت!

من ترس لەبەر خۆم دایگرتووم و لە خەڵکیش تۆقیوم، نە لە دەرەوە و نە لە ناوەوە لە خۆم ئەمین نیم، وەک دەوڵەتێک کە لەنێو خۆیدا بەش بەش بووبێت و دووژمنیش دەوریان دابێت!

من شتێکم هەیە پێی دەڵێن جوانی، ئاخر ئەویش ئاگرێکی بڵێسـەدار و کڵپەدارە و پەپوولە هەڵپەیانە بۆ سـەری، بەڵام پەپوولەکان ناسووتێن!

من دارخورمایەکی تـاک کـەوتـووم لە کەشکەڵانێکی پان و بەرین، کە هیچ شتێک لەنێوان ئەو و بادا ناوەستێت! من ئاماژەکەر و ئاماژەبۆکراوم، پێشنیازکەر و ڕازیم، پرسیارکەر و پرسیارلێکراوم و دەستەبەرکەر و دەستەبەرکراوم!

من ئەو کەسەم کە بەتەنیا ئافەریدە کراوم هەر دەڵێی (حەوا) ی ئەم زەمانەیەم!

خوشکێ بمبوورە لەوەی کە لە خەڵکی دەترسم و داوای ئاگاداریی و پشتیوانیی خوام بۆ بکە، چونکە بارەکەم گرانە و هەردوو قاچیشم بێهێزن و لەوە دەترسم هەڵزەلم و بخلیسکێم. کۆمەڵگا بۆ من لە بەراوان ڕاوەستاوە بە چاودێرییکردنەوە،

ئەگەر چاکەم کرد دەڵێن: تۆڵەی خراپە دەکاتەوە. خۆ ئەگەر خراپەشم کرد، ئەوا دەڵێن: بنەچەکەکەی وایە... لە قازانجەکە دێمە دەر و دەکەومە ناو زیان. ئای لەو بازرگانییە چەند خراپە، ئەگەر پیاوبوومایە و خۆم بخستایەتە گۆنگەری شەڕ، ئازاترین پیاو دەبووم، چونکە دەمەوێت بمرم. ئەگەر ئەوەش ڕووی دابا، نەدەمردم، چونکە ئەوەی بەهیوای بێت، هەمیشە هەر دوادەکەوێت و ئەگەر برینی هەموو ئەوانەی لە دەورو پشتمان دەناڵێنن، لە جەستەی مندا کۆبکەیتەوە، نایکوژن، چونکە تەنیا شتی نرخدار لەناودەچێت. دیسان دەڵێم خوشکێ لێم ببوورە کە ترسم لە خەڵکی هەیە و داوای ئاگاداریی خوام بۆ بکە، چونکە بارەکەم گرانە و هەردوو قاچیشم بێهێزن و لەوەش دەترسێم هەڵبخلیسکێم!

–لەیلا خۆزگەم بمزانیبایە ئەو گەنجییە کەمئەزموونەی تۆ چۆن توانای هەموو ئەوانەی هەیە؟ تۆ بەڵاکەی خۆمم لا سووک دەکەیت و داوای لێبووردن بۆ باوک و دایکم دەکەیت لە گوناحەکەیان... خوشکێ خەم مەخۆ، داوای ئاگاداریی خوات بۆ دەکەم، خوای گەورە ئاگادار و پشتیوانت بێت.

هەردوو هاوڕێ لێک جیابوونەوە، یەکەمیان بارگران بە خۆشەویستییەکەی و ئەوی دیکەش بارگران بە باری سەرشانی.

دوای ئەوە، ڕۆژگار بەلای لەیلاوە بەسستی تێپەڕین و پشووی حەفتە هات و لەیلاش لە ژوورەکەی خۆی مەسەلەی

سەردانی پیرەی هەڵگێڕ و وەرگێڕ پێ دەکرد، ئایا بچێت؟ لەوانەیە یەکێکی وەکو ژنەکەی دکتۆر (ک)... لەماڵەکەی بێت و جارێکی دیکەش هێرش بکاتە سەر جوانییە کڵۆڵەکەی، بەڵام خۆی پیاوێکی چاکە و ڕەنگە ژنەکەشی وابێت. دڵی بۆ چوون ئاسوودەیە و وتەی دڵ زۆر کەم بەدرۆ دەکەوێتەوە.

ڕێزدارانەترین جلی لەبەر کرد و ئێوارەی ئەو ڕۆژە (تراِم) بەرەو ئەوێی برد و لەبەر دەرگای ماڵەکەی ڕاوەستا و جارێکی دیکەش دوودڵی دایگرت، بەڵام دەستی پێش خۆی کەوت و زەنگەکەی لێدا و دەرگا کرایەوە و کارەکەرێکی پیر دەرکەوت. لەیلا گوتی:

-لەوانەیە ماڵی بەڕێز ئەمین بێت؟ پێی بڵێ: لەیلا.

کارەکەرەکە تێی ڕاما و بەجێیهێشت و چووە ژوورەوە، ئینجا هاتەوە بۆ ڕێپێدان!

-خانمەکەم فەرموو... ئەمە ژووری چاوەڕوانییە.

چاوەڕوانییەکەی ئەوەندە درێژەی نەکێشا، تەنیا ئەوەندەی ئەوە نەبێت کە خاوەن ماڵ خۆی بۆ دیداری میوانەکەی ئامادە دەکات، ئینجا بە جلێکی باشەوە لێی هاتە ژوورێ. عەبایەکی ڕەشی بەسەر شانیدا دابوو، کە ڕووە ڕووناکاکەی گەشتر کردبوو. بە سڵاوی باوکێک بۆ کچەکەی سڵاوی لێ کرد و لەسەر کورسییەک بەرامبەری دانیشت. بەخێرهێنان دووبارەبووەوە و وەڵامدانەوەشی دووبارەبووەوە، لەیلاش بە شەرمەوە سەری داخستبوو و هیچی

نەدەبینی، کە بەهۆی ئەوەوە لەسەر قسە بڕوات و لە دڵی خۆیدا خۆزگەی نەهاتنی خواست، بەڵام سینگە فراوانە گەورەکەی خانەخوێیەکەی جێی ئەمی تێدا بووەوە و لەو سەرسامییەی ڕزگاری کرد، کاتێک بە بزەیەکەوە پێی گوت:

-وەکو پێویست خێرا نەهاتم بۆ لات، چونکە لە کتێبخانە بووم و لەنێو خوێندنەوەدا قووڵ ڕۆچووبووم و تا نەگەیشتمە شوێنێک کە وا چاکە، لەوێ ڕابوەستم، هەڵنەستام. ئا بەم شێوەیە دەبینیت کە کەسانی وەک من، ئەوانەی خەڵکی پێیان دەڵێن زانا- لە خوێندنەوە بەولاوە هیچ خەمێکی دیکەیان نییە. منیش بەتایبەتی کتێبم کردووە بە کاری جیددی و گاڵتە و کار و ڕابواردنم، لەیلا منیش وەکو تۆ بەتەواوەتی پێویستم بە دڵدانەوە هەیە، بەڵام دڵدانەوەی تۆ لە جۆرێکی دیکەیە.

-بێگومان، من کاتی بێکارییم بە دروون و نەخش، یان بە بیر و وردبوونەوە و ڕامان دەبەمە سەر، بەڵام ئەو کاتانە سنووردارن و کەمن، وەختە بڵێم لە گرانیی کاری ڕۆژانم نامحەسێنێتەوە، چونکە ئێمە لەوێ هەمووومان لە یەکێک لەو دوو قامچییانە ڕزگارمان نابێت، قامچی غیرە و دڵسۆزی، یان قامچییەکەی دکتۆر (ک)... و خانمە سەرۆکی پەرستاران.

-بەڵام تۆ لەوانەی بەر قامچی یەکەم کەوتوویت. هەتا ماوم ئەو ئەرک و ماندووییەتم بیرناچێتەوە کە لەپێناوی ئاگاداری و شەونخوونی مندا کێشات... تۆ کچێکی کەموێنەیت، من خۆشەویستی و ڕێزی زۆرم بۆ تۆ هەیە.

یەکەم وشەی لەو جۆرەی بەر گوێ کەوت: ئەو ڕێزی دەگرێت... وەخت بوو بگری، چونکە لەپڕ شتێکی هاتە بەر گوێ، کە لێی بێبەش بوو و هەر ئارەزووشی لێبوو، یان لەبەرئەوەی لە شوێنێک دابنابوو کە بە بەرزتری دەزانی لەوەی شیاوی بێت، بۆیە پێی گوت:

–باوکە لێم گەڕێ با من سوپاست بکەم، چونکە تۆ بوویت ناخی منت بووژاندەوە، من شتێکم پێشکەش نەکردوویت بە چاکە و پیاوەتی دابنرێت، چونکە ئەوە کارێکە من بە جێبەجێکردنی کرێ وەردەگرم. لە دڵی خۆمدا چەندم حەز دەکرد لە کرێی ئەو چەند ڕۆژە خۆش بم کە تۆ لای ئێمە بوویت لە نەخۆشخانە، بۆئەوەی ببم بە کارەکەرێکی دڵسۆزت بەبێ کرێ، بەڵام وام هەستکرد کە ئەوەت بەدڵ نابێت، بۆیە پەشیمان بوومەوە، تۆ سۆزێکت پێبەخشیم کە سروشت بە زۆری زانی بمداتێ و پێی ڕەوا نەبینیم! دەوامت بێ و هەر بمێنیت.

–تۆ دڵ و دەروونێکت هەیە زۆر لەوە بەنرخترە کە خەڵکی دەیزانن!

کارەکەرەکە بە قاوەوە هاتە ژووری و دوای ئەوە ماوەیەکی بێدەنگی بەسەریاندا زاڵ بوو –ئەگەر تۆ سێیەمیان بوویتایە– جگە لە دەنگی لەسەرەخۆ فڕکردنی قاوە، هیچی دیکەت نەدەهاتە بەرگوێ و هیچی دیکەت نەدەدیت، تەنیا ئەوە نەبێت، کە لەیلا چاوە گەورەکانی بە دیوارەکانی ژوورەکەدا دەگێڕا، دوای

ئەوەی قورسایی شەرم کەمێک سووک بوو و وا دەرکەوت کە ئەمجارەیان ببێت بە پاڵەوانی قسەکردن، بۆیە گوتی:

–مامۆستای گەورەم گەڕەکەکەتان هێمن و بێدەنگە و... جوانیشە... ماڵەکەشتان بێدەنگە و هێمن و جوانە!

–هێمن و بێدەنگی گەڕەکەکە لەبەر ئەوەیە کە لە گەڕەکە نایابەکانە، بەڵام بێدەنگییەکەی: لەبەر ئەوەیە کە هیچی تێدا نییە مایەی دەنگە دەنگ و هەرا هەرا بێت.

به سەرسامی و واقوڕماوییەوە گوتی:

–بۆ گەورەم، منداڵی بچووکتان نییە؟

–نە گەورەش... سوپاس بۆ خوا!

لە ماڵەکە هەموویان لەبەر کۆبوونەوەی دژەکان پێکەنین.

لەپڕ فنجانەکەی دەستی دانا وەک ئەوەی بییەوێت داوای ڕوونکردنەوەی ئەو گرفتە پێشهاتووە بکات پێش ئەوەی لەبیری بچێتەوە.

–گەورەم، من بڕوام بە خوا و قەزاو قەدەری هەیە، چونکە من خۆم یەکێکم لە شتە سەیرەکانی ئەو قەزایە، بەڵام شتێک خۆی هەڵدایە ناخم لەوەی ئێستا لە تۆم گوێ لێبوو! تۆ منداڵت دەوێت و منیش دایک و باوک، گەڕانەکەی من بەفیڕۆ چوو و گەڕانەکەی تۆش بەفیڕۆ چوو... بۆچی هەندێ لایەنی ئەم گەردوونە کامڵ و تەواوە و هیچ کەموکوڕییەکی تێدا نییە، هەرچەند خوا نەمریی بۆ ئەوانە دانەناوە – کەچی باوکە خۆمان

دەبینین کەموکوڕیی لە وجوود و هیوا و ئاواتەکانماندا هەیە!

کە پاڵ بەسەر قەراغی پەنجەرەکەمدا دەدەم و بە بیرکردنەوە دڵی تەنیایی دەدەمەوە و چاو بە شانشینی ئاسماندا دەگێڕم و ئەقڵ لە بۆشایی کەشکەڵان بەرەڵڵا دەکەم، دەبینم لە وجوددا کامڵ و تـەواوە و هەموو لایەکی بە سفتی چنراوە، ئەوەتا خۆر ڕۆژێـک لە ڕۆژان لە هەڵهاتن دوا نەکەوتووە و هیچ بەربەستێکیش لە ئاوابوونی ڕێی لێ نەگرتووە. لەکاتێکدا لەناو دەچێت و ئەزەلیی نییە. هەروەها ئەوەتا ئەستێرە و هەسارەکان شوێنێک داگیر دەکەن و ناشگۆڕێت و لە خولگەیەکدا دەخولێنەوە و سەریشیان لێ تێک ناچێت و خۆ ئەوانیش لەنێو دەچن و ئەزەلییش نین!

ئەوەتا دەریـا بە تاڵیی دروستکراوە و شیرین نابێت و زێ بە شیرینی دروستکراوە و تاڵ نەبووە و نابێت، بولبوول دەچریکێنێت، ناقڕێنێت و قەل دەقڕێنێت و ناچریکێنێت و هەموو ئەوانەش ئەزەلیی نین.

بـەڵام مـرۆڤ پێوانە شـێواوە و ملکەچی گـۆڕانـە و شتێک خـراوەتـە ژێـر حوکمی قـەزا وەک ئـەوەی قـەزا بەتەنیا بۆ ئەو دروست بووبێت! ئەوەتا ئەمە هیوادارە و بێبەشە و ئەمەشیان دەبەخشێت و هیواشی نییە. ئەمەیان هەوڵ دەدات و کەمی هەیە و ئەوەیان دانیشتووە و زۆری هەیە. ئەمەیان نەخۆشدەکەوێت و نامرێت، کەچی ئەوەیان دەمرێت، بێئەوەی نەخۆش بێت...

باشتر نەبوو بۆ ئێمە خاکەڕاییمان بکردایە لـەوەی ناومان ناوە: "هۆکار و هۆکارپەیداکەر". مادامەکی هۆپەیداکەر زۆر لە هۆیەکەی دوادەکەوێت!

بە دوو چاوی تینووی زانیاری سەیری کرد.

–نەخێر کـچـەکـەم... خـوات بە خۆشەویستییەکی پـاک و بێگەرد خۆشبوێت، حیکمەتی کارەکانی ئەوت بۆ دەردەکەوێت، خۆ ئەگەر بۆشت دەرنەکەوێت، دڵ و دەروونت لە کارەکانی دڵنیا دەبێت. ئـەوەش بزانە کە یاسای قەزا بەسەر زەوی و ئاسماندا زاڵە و هەندێ خەڵقندە وای بۆ دانراوە لە هەندێکی دیکە ڕێکوپێکتر و بەردەوامتر بێت. ئەگەر بتەوێت منداڵان بەسەر ماڵاندا دابـەش بکەیت تا ئەوەیان چۆڵ نەبێت و ئەوەشیان ئاوەدان، یان داری لێڕەوارەکان[٥] بەسەر بیاباندا دابەش بکەیت!

دوای ئەوە وا نەبینیت کە قەزا چۆن بەسەر مرۆڤدا ڕێی گرتووە، بەهەمان شێوەش بەسەر زەویدا ڕۆیشتووە؟ بەڵام حیکمەتەکەمان لەوی دیکەیان بۆ دەرکەوتووە و لە یەکەمیان بۆمان دەرنەکەوتووە، هەرچەندە سەیرکردنی ڕێڕەوییانە و بیرێکی هەڵەنگوتوو دەڵێت: چ دەبوو ئەگەر خاکی بیابان بە هەندێک لەو درەختانە داپۆشرایە و بەم جۆرە بیابانەکە و دانیشتووانی لە قرچەقرچی گەرمیی خۆر ڕزگاریان دەبوو؟ دوای ئەوە چ دەبوو ئەگەر داری دارستان هەندێکی بەسەر ئەو

٥– دارستانی سروشتی.

بیابانە دابەش بکرایە و بیابانەکە و دانیشتووانی لە قەرەباڵغی و پێچ و پەنا ڕزگاریان دەبوو؟

خوات بە پاک و بێگەردیی خۆش بوێت، ئەوسا حیکمەتی کارەکانیت بۆ دەردەکەوێت و ئەگەر بۆشت دەرنەکەوێت، ناخت دڵنیای کارەکانی دەبێت. ئەوەش بزانە شەڕی بۆیە دروستکردووە، چونکە پێویستە و ڕۆژێک شەیتان لە کارەکانی پەک بخە، ئینجا تەماشاکە سیستم و وجوود چۆن دەبن! کچەکەم تۆ هەر دەڵێی ناتوانیت دان بەوەدا بنێیت کە ژیان ڕێکوپێکە هەتا نەبینیت "کە شێوەیەکە لە شێوەکانی ئەندازە". یان زەخرەفێکە لەو زەخرەفانەی لەسەر کاغەز وێنەیان دەکێشن و درەخت لەسەر شێوەی ئەو ڕێک دەخەین! دنیا وەکو ئامێرێک وایە لەو ئامێرانەی چاو دەیانبینێت، کە تێکڕایان ناڕێکوپێکن، هەرچەندە سیستمەکەی لە شڵەژانەکەیەتی و ڕێکییەکەی لە ناهاوئاهەنگییەکەیدایە. خۆت لە چۆڵەوانیی گومان لادە بەرەو هۆگریی یەقین.

دەنگی قورئانخوێنێک لە ڕادیۆ، لە شوێنێک لە ماڵەکەی پیرە بە دەنگێکی خۆش و سازگار ئەوەی گوتەوە: "یهب لمن یشاء اناثاً ویهب لمن یشاء الذکور او یزوجهم ذکراناً واناثاً، ویجعل من یشاء عقیماً". هەردووکیان چاویان بە بێدەنگی و لێکتێگەیشتن تێک هەڵئەنگوت، چونکە ئاسمان لە کاتێکی گونجاودا دەستی خستە کارەکە!

دوای ئەوە خانمێکی ڕێکپۆش کە سەرپۆشەکەی بەسەر نێوچەوانیدا هێنابوو و وەک تازە لە نوێژ بووبێتەوە، لێیان وەژوور کەوت. جوانییەکی لەپاڵ پیرۆزیی تێدا دیاربوو. لەشی نەرمی گەنجایەتی پاراستبوو، چونکە منداڵێک مەمکی نەمژیبوو. ئەو خانمە لە ژنی بەڕێز ئەمین بەولاوە، کەسی دیکە نەبوو. لەیلا بۆ سڵاولێکردنی هەستایە سەرپێ، خانمی خاوەن ماڵ بەهەمان شێوەی پیرەی خاوەن ماڵ لەیلای لە خۆشەویستی و بەخێرهاتن و سۆز تێراوکرد و دەروونی پڕبوو لە خۆشی و هەنگاوی زەمەن سووک بوو و هەستی بەوە نەکرد کە بووەتە بارگرانی و زۆریش دانیشتووە. قسەکانیان لقیان لێ بووەوە و کاروباری جیا جیای گرتەوە تا کاتی نانخواردنی ئێوارە هات و هەردووکیان زۆریان لێ کرد، کە لەگەڵیان بێت تا هەموویان هەستان بۆ نانخواردن.

سێ کورسی لە دەوری مێزەکە هەبوو، ماوەی نێوانیان لێک دوور بوو. لەیلا لەسەر یەکێکیان دانیشت بەرامبەر بە خانم و لە تەنیشت پیرە و دەستیان کرد بە خواردن و تەنانەت مێزەکەش لە کۆبوونەوەی دژەکان پێکەنین گرتی. بێگومان ڕەنگە لە دڵی خۆیدا گوتبێتی: خۆزگە دایک و باوکم بوونایە! ئەوسا بەختیار دەبووم. بێگومان ئەوانیش لە دڵی خۆیاندا دەیانگوت: خۆزگە کچی ئێمە بووایە! ئەوسا بەختیار دەبووین. بێگومان هەریەکە لەوان دوای ئەوە لە دڵی خۆیدا ئەوەی دووبارە کردەوە، کە

پێش ماوەیەکی کورت لە قورئانخوێنەکە گوێی لێبوو، ئیدی دڵ و دەروونیان لەسەر ئەوەی تێیدا هاتبوو، ئاسوودە بوو.

لە نانخواردن بوونەوە و قسەکردنیان درێژەی نەکێشا، تا لەیلا ئیزنی خواست. پیرە ژنەکەی و لەیلا و ژنەکەی جێهێشت و گوتی ئێستا دێمەوە، دوای ئەوە کتێبێکی خستە نێو دەستی لەیلا و پێی گوت: کاتێک لە نەخش چنین بێزار دەبیت، ئەمە بکە بە دڵدەرەوەت، ئەمەم لە ڕۆژانی لاوییدا کڕیوە و خوێندنەوەی بۆ لاوان بەکەڵکە.

لەیلا بە سوپاس و خەندەوە لێی قبووڵ کرد، ئینجا بەڕێز و خۆشەویستییەوە تا دەرگا بەڕێکرا.

(٧)

تەنیایی لێ خۆشهات و چێژی لێوەرگرت و بێدەنگیی دایگرت کاتێ لەسەر مێزەکەی دانیشت و پەڕەکانی کتێبە تازەکەی هەڵدایەوە... ئەو کتێبە یەکەم شتە لەو جۆرە کە بۆی ڕێککەوتووە بیخوێنێتەوە! یادداشتی کچێک کە یەکێکی خۆشویستووە... چەند باش دەبوو ئەگەر ئەحلام کتێبی لەم جۆرەی بخوێندبایەوە، بەڵکو لە فرمێسکی دێڕەکانی ئەوەی دەبینی و لەناڵەی وشەکانی ئەوەی دەبیست کە لە گوڕی دڵە جەنجاڵەکەی کەم دەکردەوە و سووکی دەکرد و ئاگری خۆشەویستییە کڵپەکردووەکەی دادەمرکاندەوە و کەمێک خۆپارێزیی دڵبەردیی تێدا دەبووژاندەوە! بەڵام کەوتووەتە بەر دەستی لەیلا و ئەویش دەبێت بیخوێنێتەوە.

دوای ماندووبوونێکی زۆر، خەو یاریی بە پێڵووی چاوەکانی کرد و هەستا چرا ئەسپرتۆییەکەی لەبن مێزەکە دەرهێنا و چایەکەی خستە سەری و دەستی کرد بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی.

١٨ی یەنایەر (کانوونی دووەم)

لەسەر دەمی عاشقان نەبێت، من نەمدەزانی خۆشەویستی چییە و نە شیرینی و نە تاڵیم لێ نەچێشتبوو، ئەو کوڕە قۆزە ئاماژەی خۆشەویستی بۆ کردم و لە دەستی هەڵاتم، بەڵام هاتەوە و سەرلەنوێ ئاماژەی بۆ کردمەوە.

١٥ی مارس (ئادار)

ئینجا من چ هەقێکم بەسەر ئەوەوە هەیە؟ ئەگەر ڕۆژێک نەمبینێت لەو جێگایەی ڕووبەڕوو چاومان پێک دەکەوێت، کە من بۆ قوتابخانەکەم دەچم و ئەویش بۆ کارەکەی، وا هەست دەکەم کە لە کاتەکەی خۆی دواکەوتووە... لە شوێنێک چاومان بە یەکتر دەکەوت کە هەرگیز نەدەگۆڕا. بەڕاست و چەپدا ئاوڕ دەداتەوە، ئاوڕدەداتەوە و قسەیەکی خۆشی وام تێدەگرێت، کە چاوە ڕاستگۆیەکانی پشتگیریی لێ دەکەن...

٢٠ی مارس (ئادار)

ئەمڕۆ دواکەوتووە، یان زوو هاتووە؟ بەڵام من چ هەقێکم بەسەرییەوە هەیە؟

٢٨ی مارس (ئادار)

دوامکەوت تا بە ماڵەکەمانی زانی، ئەو هێشتا لەو شەقامەیە کە ئێمە تێیدا نیشتەجێین، یان لەوێ لە چایخانەیەکی نزیک دادەنیشێت و ئەو لە دانیشتووانی گەڕەکی ئێمە نییە، ڕەنگە سەرقاڵ بێت، بەڵام من چیم داوە لەو؟

یەکەمی ئەپریل (نیسان)

بەزەییم پێیدا هاتەوە و بەجوانی وەڵامم دایەوە، خۆی ڕەپێش کرد و ملکەچیی نواند و خۆنزیککردنەوەکەم قبووڵ کرد و بەزەییم بە ملکەچییەکەیدا هاتەوە. داوای کرد لەگەڵم دابنیشێت تا باسی ئەو ناڕەحەتییەیم بۆ بکات، کە لەپێناوی

مندا دەیکێشێت و دوای ئەوە فەرمانەکە بەدەست خۆمە. نازانم چۆن لای دانیشتم؟ دوای یەکەم دیدار هەستام، بەڵام ئەوەبوو نە خۆشم ویستبێت و نە خۆشم نەویستبێت، بەڵام ئەڵقەڕێزەی دڵم وەکو جاران پتەو نەبوو و ئەوەی لە دەرگاکەی بدات، بەئاسانی بۆی دەکرێتەوە.

١٠ی ئەپریل (نیسان)

قسە لەنێوان من و ئەودا وەکو قسەی نێوان برا و خوشک بوو، تا ئەو ڕادەیەی کە قسەکانیم پێ خۆش بوو و بڕوام بە بێگەردییەکەی هات، بەڵام ئەمڕۆ داوای ماچێکی لێ کردم... ماچ! ترسام. مامەڵەی خەڵکی وا نابێت! لەدوای ئەمڕۆ یەکتر نابینین... من قسەکانتم پێ خۆش بوو و لەوە زیاتر هیچی دیکە لەنێوان من و تۆدا نییە...

١٥ی ئەپریل (نیسان)

چاوی پێم کەوت و داوای لێبووردنی کرد، منیش لێم بووری، چونکە داواکەی بەریئانە بوو و دڵساف بوو و شتێکی داوا لێکردبووم کە برا لە خوشکی خۆی داوای دەکات.. شتێک کە بەدڕەوشتی تێدا نەبوو، ئاوەدان بە مانای سۆز و هیچ باکی بە ڕەزامەندیی من نییە، بۆ ئەوە و پێشی ناخۆش نییە کە ڕەتم کردووەتەوە...

١ی مایۆ (مایس)

ئەمڕۆ ماچەکە خێرا و لەپڕ ڕووی دا، کاتێک کە هەڵوێستێکی دڵدارییانە لە سینەما هەژاندمی و نەشدەکرا کە ئێمە لەنێو خەڵکیدا بووین لێی تووڕەبم، یان گلەیی لێ بکەم، تا خەڵکی بێئاگا؛ بەئاگا نەهێنم، بۆیە بێدەنگ بووم... بەڵام پەڕەی گوڵ یەک لەدوای یەک هەڵوەرین دوای ئەوەی کە یەکەم پەڕە هەڵوەری...

٧ی یۆنیە (حوزەیران)

چەند فێڵباز و مەکربازە! ئەو کەشوهەوایەکی نیگەرانیی لەبارەی خۆیەوە لە دەوری من دروست دەکات، کاتێک قسەم بۆ دەکات کە وای بەخەیاڵدا دێت، ئەو دەمرێت بێ ئەوەی زەمانە ڕێی ئەوە بدات ئێمە بە یەک بگەین و هیچ باکێکی بە مردن نییە، ئەگەر لە سایەی دەموچاوە جوانەکەی من بێت...

٩ی سێپتەمبەر (ئەیلوول)

ئەمە یەکەم ژووانە کە لەگەڵ مندا نایباتەسەر، بریا بمزانیبایە چ شتێک ڕێی لێگرتووە؟ نەخۆشە؟ یان لە ڕێگا کارێکی ناخۆشی بەسەر هاتووە؟ یان خۆشەویستێک لەم خۆشەویستەی دووری خستۆتەوە. نە ئەوە و نە ئەمە، بەڵکو خێر و خۆشییە... من نیگەرانم بۆی و ترسم بۆی هەیە.

١٥ی سێپتەمبەر (ئەیلوول)

ئەم جارەیان دوانەکەوت، بەڵکو بە ڕووخۆشی هات...

نەیخەڵەتاندم و دڵیشم نەیخەڵەتاندووم... ئەوە خۆشی دەوێم و منیش دەبێت ئەوم خۆش بوێت...

١٨ی یەنایەر (کانوونی دووەم)

خۆشەویستییەکەمان ساڵێک لەمەوبەر لەدایک بوو و هەمیشە فریشتە بە دەورماندا دەسوڕانەوە، بەڵام لە دانیشتنی ئەمشەوماندا، شەیتان سێیەممانە!

من گریام و ئەویش گریا، چونکە ئەمە شتێک بوو پەلەمان لێ کرد و پێش کاتی خۆی بوو، دوای ئەوە ڕۆیشتین... ئینجا ئەوە چییە مادامەکی متمانەی پتەو لەنێوانماندا هەیە؟ ئەو فێڵم لێ ناکات دوای ئەوەی بەنرخترین گەوهەرم داوەتە دەستی...

٢٠ی یەنایەر (کانوونی دووەم)

ماڵوێران خۆم... ئەوە بۆ ڕەورەوە بەپێچەوانەی سووڕانی جارانی دەسووڕێت؟ ئەو دەیەوێت ڕیایی لەبەر بکەم، لەکاتێکدا ئەو ڕیایی بۆ دەکردم و ئەگەر توورە بوو، دڵی ڕازی بکەم، لەکاتێکدا ئەو دڵی منی ڕازی دەکرد و وای لێهاتووە ئەمرم بەسەردا دەکات، دوای ئەوەی من پێشنیازم دەکرد و ماوەی نێوان دیدارەکانمان دوور دەخاتەوە، هەروەک ئەوەی من شتێکی قورس و ئێسکگران بم!

١١ی مارس (ئادار)

دواکەوتن و ناکۆکییەکانی زۆر بوون و کەشوهەوا تۆز دایگرت... لەبەر چاوی ئەودا بووم بە ژنێکی دیکە!

١٣ی ئەپریل (نیسان)

خوایە تۆم هەیە، من چیدیکە نابینم... بەڵکو هیچ کەسێک نابینم، چونکە بەرامبەر هەموو خەڵکی کوێراییم داهاتووە...

ڕۆیشتووە بۆ جێگایەک نازانم کوێیە و دەگەڕێتەوە، یان ناگەڕێتەوە، نازانم.

نەمدەزانی کە فیلم لێ دەکرێت و نەشمدەزانی کە دەموچاوێکی دزێو و ناشیرین لەژێر ئەو بۆیە جوانەدایە! ئەو سێبەری شەیتان بوو! من بەرەو ئامانجێکی نادیار دەڕۆم!

دوایین بەشی پیاڵە چایەکەی خواردەوە، کە زۆرجار ئاگای لێ نەدەما و ئینجا دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ خۆی:

تەنیا خۆی بەخۆی کرد، چونکە کەسی لێ نەبوو... خۆزگە ئەو دایکم بووایە! ئینجا گریا، چونکە لەو شەوەدا دایکێکی بەئاوات خواست کە هیچ مرۆڤێک پێی ڕازی نییە... ئەو گوێی لەوە نییە کە دایکی شەریف بێت، یان ناشەریف، بەڵکو ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگە، ژنێک بێت منداڵی نەبێت.

ئینجا گەڕایەوە و گاڵتەی بە هەموو ئەوانە کرد کە خەڵکیان خۆشویستووە، چونکە لە خشتە براون، هەندێکیان بەخت یاوەریان بووە و مێردیان دەستکەوتووە، هەندێکیشیان بەخت پشتی تێکردوون و شکست و شەرمەزارییان بۆ ماوەتەوە.

ئینجا جارێکی دیکە هاتەوە و گاڵتەی بە خودی خۆشەویستی کرد، خۆشەویستی وەکو هیوا وایە، چەندان تەختی شاهانی تێکداوە و چەندان سەری پەڕاندووە و مۆری گێلی بە چەندان

ئاقڵەوە ناوە. ئینجا دوای ئەوە پێشی دەڵێت: شیرینە، چونکە سەیری لایە سەوزەکەیمان کردووە و چاومان لە ئاستی لایە وشکەڵانەکەی نووقاندووە.

بەم شێوەیە لەیلا نیگاری جۆرە ژیانێکی خاڵیی لە خۆشەویستی و بێ ئومێدی کێشا. خۆزگە دەمزانی ئەو جۆرە ژیانە چۆن دەبێت؟

دەنگی قورس و لەسەرەخۆی پێڵاو لەسەر پلیکانەکان هات، لەیلا گوتی: ئەو هەمیشە لەکاتی خۆیدا دێت کە شەڕ و گۆنگەر لەنێوان من و خۆمدا ڕوو دەدات، هەروەک بڵێی وشەی ئاشتکردنەوە بێت. ئیدی سووکێک هەستا و دەرگاکەی کردەوە.

-فەرموو دایکە.

-ئێوارە باش کچەکەم.

-ئێوارە باش دایکە.

ئیدی هەردووکیان لەسەر قەرەوێڵە بچووکەکە دانیشتن.

پیرێژن گوتی:

-کچە خۆشەویستەکەم چۆنیت؟ گلەییم لێ مەکە کە درێغیم کردووە لە سەردانت، چونکە زستان دوژمنی پیرانە. کەمخەویی و کۆکە تێم ئاڵاون هەتا هەموو لەشم تێکشکاوە و دەڵێن: بچۆ بۆ لای دکتۆر، بەڵام من بڕوام بەو پزیشکییە نییە کە مێردەکەمی کوشت... من زۆر شت دەخۆمەوە، بەڵام سەرەڕای سوودیان، سوود ناگەیەنن، چونکە لەیلا، دارەکە وشک بووە

و گەڵا دەرناکات با بەهاریش بێت. دراوسێکانیشم گلەیی درێغیکردنم لێ دەکەن لە سەردانیکردنیان و هیچ حیسابێک بۆ پیرییم ناکەن.

ئەم خانمە (ئاماژەی بۆ ئەو شوقەیە کرد کە بەسەر ژوورەکەی لەیلادا دەڕوانێت)، بەردەوام هەر گلەییم لێ دەکات تا دوێنێ چووم بۆ سەردانی.

درێژەی نەدەمێ. چووم بۆ لای سەیرم کرد خەمبارە و دۆش داماوە... ئای خوایە باوک و دایک چ ئازارێک دەکێشن بەدەست منداڵەکانیانەوە، ئەوان هەمیشە مایەی سەرئێشەیەکن بۆیان کە تەواو نابێت.

لەیلا لە دڵی خۆیدا گوتی: ئای خوایە منداڵان چ ئازارێک بەدەست باوک و دایکەوە دەچێژن و ئەوان هەندێک جار سەرچاوەی سەرئێشەن بۆیان.

کوڕە گەورەکەی قوتابییە لە زانکۆ و تەمەنی بیست ساڵە و زیرەکیشە، بەڵام لەم ڕۆژانەدا شتێکی سەیری بەسەر هاتووە: لێی دەچنە ژوورێ لە ژووری خوێندنی دەبینن ڕەنگ بزرکاو و بێدەنگە و تەندروستی تێکچووە و کەمخەوە و خواردن ناخوات. دایکی لێی پرسیم تۆ بڵێی چی ئەو بەڵایەی بەسەر هێنابێت؟ پێم گوت ئەمە نیشانەی خۆشەویستییە.

بەڵێ کچەکەم خۆشەویستیش نیشانەی هەیە، بەتەواوەتی وەک نیشانەی هەموو نەخۆشییەک، بەڵکو نیشانەکانی ئەوەندە

ئاشکرا و ڕوونـن کە وەختە بڵێم هیچ نەخۆشییەکی دیکە نایانگاتێ.

ناشزانین ئەو کچە کێیە کە قەدەر هێناویەتییە سەر ڕێی ئەو لاوە بەدبەختە کڵۆڵە، کە بە کردار چاک بووە و زۆریش دەخەوت و دڵیشی خاڵیی بوو؟

لەیلا دەمـوچـاوەکـەی ئـەوی بیرهاتەوە کە هەندێک جار کاتێک لە نزیکی پەنجەرەکە بوو، تووشی دەهات، ئەو نیگایانەی بیرکەوتەوە کە تێی دەگرتن و ئەو لێیان هەڵدەهات، گوتی:

-خوا لە هەموو ئەوانە خۆش بێت کە دووچاری نەخۆشیی هاتوون و چاکیشیان بکاتەوە.

-بەڵێ کچەکەم، ناخۆشیی و بەڵا بەسـەر خەڵکیدا دابەش بوون و شـەوگار ئاوسە و هەموو شتێکی سـەیری لێ دەبێت. مەسەلەی ئەو کوڕە کەمئەزموونە سەیرتر نییە لەوەی دوێنێ بەیانی بـۆم پێش هـات: بانگی ماستفرۆشێکم کـرد، سـەیرم کرد کچێکە لە تەمەنی تۆدا، یان کەمێ زیاترە، کچێکی لادێیی دەموچاو جوانی پاک، کە جوانیی شـەرمی پێوە دیارە، منیش ئـەوەی پێویستم پێی بـوو، لێم کـڕی. پێی گوتم: دایـە دەبێت هەمیشە لێم بکڕی، ئاخر منیش کچی گەڕەکەکەتانم. سـەرم سوڕما و گوتم: کچم بە ڕواڵـەت لە خەڵکی (جیزە) دەچیت، چۆن لە گەڕەکی ئێمە پێگەیشتوویت؟ دوای ئەوە ئـەوەم لێ زانی کە باوک و دایکی لە نزیک ئێمە دادەنیشن و کە مردن،

مامی کە یەکێکە لە هەژارەکانی (جیزە)، بردییە لای خۆی. ئەو کچە هەموو بەیانییەک دادەبەزێت بۆ قاهیرە، بۆئەوەی هەر ماستێکی کە پێیەتی، بیفرۆشێت و دوای ئەوە دەگەڕێتەوە. ڕەنگە بیرت بێت کە باسی ژنێکم بۆ کردیت ناوی زەینەب بوو. لەمێژە مردووە و ئەو ژنە پاش ئەوەی مێردەکەی مرد بوو بە دایەن لە پەناگای (ج)، ئینجا ئەو کچە کچی ئەو ژنەیە.

لەیلا بە سووکی ڕاپەڕی کاتێک هەستی کرد کە دنیا خوشکێکی شیرینی داوەتێ و گوتی:

–بەڵێ بیرم کەوتەوە... توخوا ئەوە کچی ئەو ژنەیە؟ سەیرەکە لەوەدایە کە هەردووکیان بازرگانیی شیر دەکەن! توخوا دایە لەبەرئەوەی وەک تۆ دەڵێی پاکوخاوێنە، پێی بڵێ با ئەو بەیانییانەی لێرەم، بێت بۆ لام، چونکە حەز دەکەم بەرچاییم شیری تێدابێت.

–بێگومان دێت و تۆش ڕێزی لێ دەنێیت لەیلا.

ئینجا پیرێژن خەریکبوو تینی دەدایە بەر خۆی، بۆئەوەی هەستێ دوای ئەوەی ئەرکەکەی خۆی بەجێهێنا و سەرشانی خۆی سوک کرد لەو دوو هەواڵەی قوورسیان کردبوو، نەشیدەزانی کە یەکێکیان، یان هەردووکیان پەیوەندییان بە لەیلاوە هەیە. ئیدیماڵئاواییان لە یەکتر کرد و دەرگا داخرا.

هەرچەندە کات درەنگ بوو، بەڵام چرا نەکوژایەوە و لەیلا نەچووە ناو پێخەفەکەی، هەرچەندە ئەو سەرمایەی زستان

دەری دەدا، پەنجەرە شووشە شکاوەکە، کە کاغەز جێگەی گرتبووەوە، نەیدەگێڕایەوە، بەڵکو گەڕایەوە بۆ یەکەم دانیشتنی و جارێکی دیکە گوێی لە خۆی گرت دوای ئەوەی خوشکەکەی دەرکەوت!

ژیان ئەو جێگە هێمن و مەندە نییە وەک هەندێک کەمئەزموون و کورتبین دەیبینن، بەڵکو دەریایەکی گەورەی پڕە و بەناویدا بەدوای ڕاوەکەماندا دەگەڕێین و نایبینین.

بە بایەوان[٦] و سەوڵەوە بەدوایدا دەڕۆین، کەچی لەژێر پێمانە و جێگایەکەی جێدەهێڵین بۆ جێگەیەکی دوور، ئینجا جارێکی دیکە پەنا بۆ با دەبەینەوە و بەپەلە بە بایەوان و سەوڵەوە دەگەڕێینەوە و خەم دامانده‌گرێت، کە دەبینین ڕاوەکەمان جێی گۆڕیوە! بریا بمزانیبایە کێهەیان بۆ زیندووان باشترە: ڕێکەوت، یان وازهێنان بەوەی هەیە؟

دوای ئــەوە، پیرە مەبەستی چی بوو لــەوەی داوای خوێندنەوەی ئەو کتێبەم لێ بکات؟ بێگومان ئەو ئەوەی بینی کە من دیومە و زیاتر لەوەی دیومە. ئەو کۆمەڵگایەکی دیوە کە مۆنجەیان دێت لە چەندان چەشنە خۆشەویستی، هەندێکیان مەردانەن و ماڵان ئاوەدان دەکەنەوە، هەشیانە چەپەڵ و پیسن پەناگایان ئاوەدان دەکەنەوە و ترسی ئەوەی بۆ من هەبوو کە نەفرینی باوک و دایکمم بەرکەوێت، دوای ئەوەی ژیانی لێ شیرین کردم.

٦- الشراع.

پیره، خوا ئاگادارت بێت و بتپارێزێت! هیچ لە من مەترسیّ، چونکە من لە لۆجی ژیانم و تەماشای چیرۆکەکە دەکەم و بۆ دیمەنە ئازاربەخشەکە دەگریم، بۆ ئاوازە خۆشەکەش خۆشی دامدەگرێت، بەڵام من نە ئەکتەرم و نە گۆرانیش دەڵێم.

لە کپی و بێدەنگیی شەودا لێدانی سەعاتێکی نزیک زرنگەی هات و لەیلا بەوەدا زانی کە نیوەشەوە، چووە ناو جێگاکەی، بۆئەوەی پێش خۆر بکەوێت لە هەستاندا.

(٨)

دوێنێ شـەو خەوێکی خۆش و ئاسـوودەی لێکەوت. کە خەبەری بووەوە و دڵخۆش و دەروون ئاسوودە بوو. ئەوەندەی پێ نەچوو کە یەکێک لە دەرگای دا... دیارە شیرفرۆشەکەیە.

-بەیانیت باش خانمەکەم... خاوەن ماڵەکە فەرمانی پێ کردم هەموو بەیانییەک سەرکەوم بۆ لات تا شیرم لێ بکڕیت. لە چاکی و پاکوخاوێنی ئەو شیرەی پێتی دەدەم دڵنیابە، من لەو جۆرە کەسانە نیم کە ئاوی تێ دەکەن، یان ساختەی تێدا دەکەن.

لەیلا مەبەستی شیرەکە نەبوو، بەڵکو ئەو خەیاڵی لای شیر فرۆشەکە بوو. بە هەموو هەست و نەستێکی تێی ڕاما و لە هەموو شتێکی ئەو کچە وردبـووەوە و ویستی هەستێت و ماچی بکات، بەڵام ئەوەی نەکرد، نەوەک پێی بڵێن شێت بووە.

ئەو دەمە شیری لە مەمکێکی پاکی مژیوە. لەو چاوانە ڕاما کە ئەویش بە منداڵی تێیان ڕاماوە و ئەو لەش و لارە جوانەش لە کۆشێکدا ڕاکشاوە، کە ئەویش تێیدا خەوتووە، بەڵام لەوە زیاتر هیچی نەگوت کە پارەی شیرەکەی دایە و پێی گوت: خوات لەگەڵ. کێ دەزانێت ڕەنگە دوای ئەوە گوتبێتی: "خوشکێ"، بەڵام بە دەنگێکی نزم وەک گوتەی سۆزی ویژدان.

لە ماوەی مانگێکی تەواودا، هیچ بەیانییەک جگە لە ڕۆژباش و دیدار و قاپ پڕکردن و نرخی شیرەکە و ماڵئاوایی زیاتر، شتێکی دیکە لەنێوان ئەو دوو کچەدا ڕووی نەدا، بەڵام دڵ زۆر

شتی تێدایە، وەلێ زمان بێدەنگە و باس لە هیچ شتێک ناکات، دوای ئەوە ئەو ڕۆژە هات کە قسەیان کرد.

ئەو بەیانییە ڕۆژی هەینی بوو کەوکەب لە کاتەکەی خۆی دواکەوتبوو و لەیلا دوایین کەس بوو کە هات بۆلای. هەر کە لە پلیکانەکان سەرکەوت لە دەرگای دا، لەیلا بینی کە ئەو ماندووە و هەناسەبڕکێی پێ کەوتووە. سۆز و خۆشەویستییەک لە دڵیدا کەوتنە جووڵە، کە دایکە هاوبەشەکەیان خستبوونییە ئەوێ و پێی گوت:

–نەخێر... گرنگ نییە کە شیرەکە وەرگرم، گرنگ ئەوەیە تۆ پشوویەک بدەیت و بحەسێیتەوە... وەرە ئێرە کەسم لانییە دانیشە تا هێزێکت بە بەردا دێتەوە.

دوو چاوی ڕەش لەگەڵ دوو چاوی سەوز تێک هەڵئەنگوتن تا هۆی ئەوە بپرسن. سۆزێکی زۆر لەلایەن کچێکی ڕەوشتبەرزەوە!

ئەوەندەی پێ نەچوو کە هاتە ژوورێ و لەسەر زەوی لێی دانیشت، بەڵام لەیلا لەسەر کورسییەک داینیشاند.

–خانمەکەم دڵێکی نەرم و بەسۆزت هەیە، بەڕاستی زۆر ماندووم، ئەوە بێنە بەرچاوی خۆت– هێشتا شەو زۆری بە بەرەوە ماوە، هەڵدەستم، مەڕ و ماڵاتەکە دەدۆشم، شیرەکە لە قاپ و قاچاغان دەکەم، ئینجا لەگەڵ گەردی بەیانی دێم بۆ ناو شار، بۆئەوەی کە خەڵکی شار لە خەو هەستان من لەوێ بم. کە

لە شیر فرۆشتنیش بوومەوە، لەگەڵ دەستەخوشکەکانم دەچینە سەر ڕێی ئۆتۆمبێلێک و پێکەوە کرێکەی دەدەین و لە شوێنێکی نزیک گوندەکانمان داماندەبەزێنن... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا – سوپاس بۆ خوا- بەختیار و دڵخۆشم.

تۆ بڵێی زیندووان چی لە دونیا وەدەست بێنن؟ پارووییەک و پارچە پەڕۆیەک، دوای ئەوە هەژار و دەوڵەمەند هیچیان لەو خاکە نابێت، مەگەر ئەوەندە نەبێت کە بەشی پشتیان بکات، چونکە موڵکایەتی لەوێ یەکسان دەبێت، هەروەها بەش و بەرکەوتنیش یەکسان دەبێت. پاشان ئەگەر خەمیش بخۆین، ئایا خەمخواردن هیچ دادێکمان دەدات؟ کەواتە با ڕووخۆش بین... بەیانیان هەڵدەستم بۆ مانگا دۆشین و گۆرانی دەڵێم، دوای ئەوە بە ڕێگادا دەڕۆم وەک ئەوەی گۆرانی بڵێم هەی شیر، هەی شیر دەکەم، ئینجا بۆ گەڕانەوە سواری ئۆتۆمبێل دەبم، من و دەستەخوشکەکانم و لەو کۆمەڵەی ئێمە تیپێک پێکدێت گۆرانی گوندەکانی خۆمان دەڵێین، بەلاشمانەوە گرنگ نییە گوێگرەکان پێیان خۆشە، یان نا، مادامەکی ئێمە خۆمان پێمان خۆشە.

گاڵتەم پێ مەکە من دەزانم کە قسەکەی منت بەدڵ نییە، چونکە وشکیی لادێی تێدایە و ساف و لووسی و مشتومالیی شاری پێوە دیار نییە... ببوورە، سوپاست دەکەم و حەساومەتەوە و ئیدی هەڵدەستم.

-نا نا کەوکەب، ئەو ماوەیە بەس نییە و من پێم وایە لە کارەکەی خۆت بوویتەتەوە و منیش هیچ کارێکم نییە و بەتەواوەتی بحەسێوە و پێشم گوتی من تەنیام و کەس نارەحەتت ناکات.

-ئەو جوانییە بۆ بە تەنیا دەژی؟ ئەگەر لە لادێ بای، ئەوا بە کوتەک و تفەنگ جوانییەکەیان دەپاراستی، بەڵام پاراستنی جوانیی لە شار ئەوەیە کە بخرێتەڕوو و دەربخرێت. خانمە گەورەکەم ئەمە هیچی تێدا نییە، چونکە من هێرشبەر نیم، بەڵکو ئەمە جیاوازیی بۆچوونە.

-خۆ تۆش جوانیت، ئەی جوانییەکەی تۆیان بە کوتەک و تفەنگ نەپاراستووە؟

-جوانیی من شایەنی هەموو ئەوانە نییە.

لەیلا بەگاڵتەکردنەوە گوتی:

-کەواتە تەنیا کوتەک بەسە و پێویست بە هەردووکیان ناکات.

-نەزانیی بۆ خەڵکی دیکەیە، نەک بۆ تۆ، جوانیی هەژاران ناپارێزێت... ئێمە جوانیمان لا سووکە و دەوڵەمەندانیش دزێویی دەپارێزن. ئاخر ئەوە کولێرەیە پێی پێخواست کردووە و دەموچاوی ڕەش هەڵگێڕاوە و چاوی لە خەو کردووە! لەگەڵ ئەمەشدا گوتم: من بەختیارم، خۆ ئەگەر کەنەفت و ماندووش بم، ئەوا کەنەفتییەکەم درێژە ناکێشێت، چونکە شوو دەکەم و

پیاوێک شان دەداتە بەر بارێک کە مێینەیی هەڵیگرتبوو.

لەیلا بەخەمبارییەوە گوتی:

-ئاخر دەبێت پیاوێک بارگرانیی مێینەیی هەڵگرێت!

-ئەمە شتێکە کە هەموو کچێک بەدوایدا وێڵ و عەودالە، هەیانە شەرم و شکۆ دەکاتە هۆکار بۆی و هەشیانە شانازیی بەخۆکردن دەکاتە ڕێگایەک بۆ گەیشتن پێی، بەڵام یەکەمیان لە هەموو حاڵێکدا سەرکەوتوو دەبێت و ئەوەی دیکەیان تەنیا لە تاقە حاڵێکدا سەرکەوتوو دەبێت.

-حیکمەت و ژیرییت لە مەمکی زەینەب مژیوە!

سەرسامی و واقوڕماویی لە کەوکەبدا دەرکەوت.

-گوێ مەدەیە من سەرگوزشتەکەت دەزانم و تۆش سەرچاوەکەی دەزانیت و سەرگوزشتەیەکی شەرەفمەندانەیە.

-ئاهـ.. بێگومان ژنە خاوەن ماڵەکەیە... ئەمە شتێکی وا نییە، چونکە بەم زووانە بە بووک دەچم، ئەرێ دەبێت شتێک لەمەدا هەبێت ببێتە مایەی شوورەیی و نەنگی خانمەکەم، بەڵام بۆ؟ یارمەتی مێردەکەم دەدەم ئەگەر پێویستی بە بازووی من بێت، ئاخر ئەمە دەستووری گوندە، بۆ ئەمەش هیچ شوورەییەکمان پێ ناگات.

لەیلا پێی ناخۆش بوو، چونکە وای هەستکرد کە ئازاری پێگەیاندبێت و ناوی دایکی، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، لە دەمی دەرچوو، چونکە دایکێکی هاوبەشە، بەڵام کەوکەب بەوەی نەدەزانی.

لەیلا گوتی:

-منیش لەپێناوی کولێرەدا بەتەنیا دەژیم، ئەمەش بووەتە هۆی پێخواست بوون و ڕوخسار ڕەش هەڵگێڕان و چاویشمی لە خەو کردووە... بەڵام بەختیارم.

-ئای خوایە! ئێمە واماندەزانی کە کوێرەوەریی تەنیا لەنێو کوخەکەدایە و لەپشت شووشەی درەوشاوە و پەردەی شۆڕبووەوە، بەختیارییەکی زۆر هەیە، کەچی لە شاریش کەسانی بەدبەخت هەن. نەمدەزانی ئەوەی نووستووە، بەدبەختە و ئەوەیش کە هەوڵ دەدات شیری بۆ بەرێت، بەختیارە! ئەوە لە دڵدایە... ئەوە لە ناخەوەیە... لە بۆشایی ئاسمان نییە... دەبا لە ناخی خۆمان داوای بکەین.

خانمەکەم ڕێم بدە بڕۆم، چونکە وا هەست دەکەم کە لە قسەکردنمدا سەرکەوتوو نەبووم و بشم بوورە ئەگەر هەڵەیەکم کردبێت، من تەنیا شیرفرۆشێکم و هیچی دیکە نا.

ئەگەر بتدیبایە دوای ماوەیەک لەنێوان دەستەخوشکەکانیدا لەسەر ئۆتۆمبێلە سەر واڵاکەدا قوڕگی خۆی بە گۆرانیگوتن ماندوو کردبوو و قاپی بەتاڵی شیری کردبوو بە دەف و گۆرانییەکەی لەسەر ئەو ڕیتمە دەگوت، دڵنیا دەبوویت لەوەی کە زێدەڕۆیی دەکات لەوەی کە دەڵێت گوایا بەختیارە و باسکردنی بەدبەختی و دانیشتن لەگەڵ بەدبەختاندا دوور، یان نزیک کار ناکاتە سەر بەختیارییەکەی ئەو. زەمانە ڕۆیشت و

هەنگاوی هەڵێنا و هەموو ڕۆژێک قاپە شیر لە ژوورەکەی لەیلا پڕ دەکرێت و هێشتاش دڵ هەر پڕە و زمان بێدەنگە و نهێنییەکە تەنیا لەکن لایەکە!

ئەوەتا کەوکەب هەر دەڵێی ئەستێرەیە. شیرەکەی بەتاڵکرد بە ڕووخۆشییەوە بەو کەسەی گوت کە بە خانمە گەورەکەی خۆی دەزانی:

–خانمەکەم... دەبێت ئەمڕۆ لات دانیشم، چونکە پاش ئەمڕۆ چاوت پێم ناکەوێت، یان بەلای کەمەوە نامبینیت، مەگەر زەمانە خۆی حوکم بدات و مێردەکەم ڕێگام پێ بدات.

لەیلا دۆش داما و وەخت بوو هەردوو چاوی فرمێسک بڕێژن، بەڵام خۆی گرت و زەردەخەنەیەکی خستە سەر لێوان، ئینجا گوتی:

–کەواتە بەم نزیکانە بە بووک دەچیت!

–دوو سبەی... سبەینێ شەوی پێنج شەممە خەنەبەندانمە و گواستنەوەشم دوو سبەیە شەوی هەینی.

–پێم ناخۆشە کە دوای ئەوە نەتبینم!

–کەس ئەوەی پێ نەگوتووم.

–چونکە بە کەست نەگوتووە (هەق بوو بڵێ: ئاخر خوشکی کەسی دیکە نیت لە من بەولاوە، بەڵام ئەوە نهێنییەک بوو نەیدرکاند).

–لەمڕۆ بەدواوە شیر لە کەس ناکڕم، چونکە بۆیە هۆگری

ببووم لەبەر ئەم دەموچاوەت.

-خانمەکەم ئەمە سۆزێکی زۆرە و ویستی بڕوات.

-خەمی پێ دەخۆم کە ناتبینمەوە.

لای دەرگا ماچی کرد. بەشەرم و سەرسوڕماوییەوە گوتی:

-تۆ بڵێی چی نێوانی من و تۆی وا پێکەوە بەستبێت؟ خانمەکەم من لەوانە نیم هاوشانی تۆبم.

-هیچ شتێک... هیچ شتێک... ئەوە... ئەوە تەنیا شیرە و بەس.

هاوڕێییەکەی تێنەگەیشت مەبەستی چییە و بۆ هەتاهەتایە ئەستێرەی خوشکایەتییەکی کز لە ئاسۆی ژیانی ئاوابوو.

دڵی ئادەمیزاد چەند سەیرە و نهێنیی خوا لەودا چەند نادیار و شاراوەیە! تاکە کەسێک نێوان ئەو و دنیا بەیەک دەگەیەنێت و تاکە کەسێکیش نێوان ئەو و دنیا لێک دەکات و لێکیان جیا دەکاتەوە و ئەگەر ئەوکەسەی بینی، ئەوا دنیاشی دیوە و ئەگەر ئەو کەسەشی لەدەست چوو، ئەوا دنیاشی لەدەست چووە، چونکە تەنیا بەهۆی ئەو ڕێگایەوە دنیا دەبینێت.

بە سروشت خۆی بە ڕووناکی دروست نەکراوە، بەڵکو ڕووناکی لە شتێکی دیکە وەردەگرێت. هەستیارە ئەگەر بێدەنگ بوو، بێدەنگکەریشە ئەگەر خاڵیی بێت، لە چنگە گۆشتێک بەولاوە هیچی دیکە نییە.

مرۆڤ بەیانی، یان ئێوارەی بەسەردا دێت و دنیا دەبینێت، دنیایەکی دیکەیە جیا لەوەی ئەو دەیبینێت و بێگومان ئەو

دنیایە هەر هەمان دنیایە و نەگۆڕاوە و تەنیا ئەوەیە کە تاکە مرۆڤێک لەبەرچاوی ئەوی گۆڕیوە و چەندان کەس پێش ئێستا لەبەرچاو بزر بوون و هیچ شتێکیان تێدا نەگۆڕیوە، چونکە دڵی ئەو بەهۆی ئەوانەوە دنیای نەدەبینی و ئەوانیش ڕێگای ئەو نەبوون بۆ دنیا.

سەیرەکە لەوەدایە کە داگیرکەری دڵ بە ئێجگارەکی لەبەرچاو ون نابێت، بەڵکو ئاسەوارێک لەدوای خۆی ڕادەکێشێت؛ پێی دەڵێن یادگار و ئەویش پووختەی ئەو شتەیە لەلایەن ئارەزووخوازی دڵگرتووەوە، خۆشەویستەکە دەیکات و شریتێکە وێنەکانی یەک بەدوای یەکدا دێن و ئەوە نیشان دەدەن، کە هەردوو هۆگر لەسەر شانۆی ژیان نواندوویانە، بەڵام پێکەنین تێیدا فرمێسکە و سەماکردنەکەش پەرکەمە، هەروەک ئەوەی چیرۆکەکە لە بەهەشت نوێنرابێت و شریتەکەی لە دۆزەخ پیشاندرابێت.

(٩)

چوار کچ بوون لە نەخۆشخانە، کە شەو ڕاشکاو برینی نەخۆشەکان ئازاری شکا، ژوورێک کۆی کردبوونەوە و لە دەوری مێزێک ئاڵابوون و بە ئانیشکیان پاڵیان دابوو بە مێزەکەدا و هەندێ کلاوچکەکەیان بەسەر یەکتردا لاربووبوونەوە، بەڕادەیەک کە سەریان لێک نزیک ببووەوە. ئەگەر یەکێک بەوێدا تێپەڕیبایە و ئەوانی بەو شێوە دانیشتنە بدیبایە، هیچ گومانی لەوەدا نەبوو کە ئەوان خەریکی سازدانی کارێکی گرنگن.

یەکێک لە دانیشتووەکان بە دەنگێکی نزم گوتی:

-خانمی سەرۆک وەک فەرمانت پێ کردووین لە کات و شوێنی خۆیدا هاتووین و لەوانەیە بۆ خزمەتێک ڕوومان لێ بنێیت، هەندێک لەو چاکەیەت بدەینەوە لەوەتی هاتووینەتە نەخۆشخانە هەرسێکمانت تێدا نووقم کردووە!

بایەخێکی زۆر لەسەر دووەکەی دیکەدا دەرکەوت و ئاوڕیان دایەوە و گوتیان:

-بێگومان.

خانمی سەرۆک زیاتر بەسەریاندا خواربووەوە و دەستی کرد بە چپە.

-ئێوە لەوە دڵنیان کە کچی منن و من بەرژەوەندیی ئێوە دەخەمە سەروو هەموو شتێکی دیکەوە، وێڕای ئەوە، من دووربینم و شتگەلێک دەبینم کە ئێوە نایبینن و لە پشتی

دیواریشـەوە هیچم لێ ناشارڕێتەوە. ئێمە هەمووومان لەم نەخۆشخانەیە بەهۆی کچێکەوە هەڕەشەمان لێ دەکرێت و هەر ئەوە لە ڕێگای پلە بەرزبوونەوەی ئێوە دەوەستێت و هەرچی چاکە و سۆزە تەنیا بۆ ئەوە، بێ ئەوەی هۆیەک بۆ ئەوە بزانین.

ئێوە خۆتان دەزانـن کە دکتۆر (ک)... پیاوێکە دڵی باشە و زۆر دوورە بیرۆکەیەک بگۆڕێت کە لەبارەی کەسێکەوە پێکیهێناوە، تا بەبێ هیچ گومانێک بۆی ساغ دەبێتەوە، کە ئەو بیرۆکەیەی لەسەر بنچینەیەکی بێهێز و کز دامەزراوە.

ئەو کچەش لەیلای هەڵگیراوەیە، کە بەجوانیی خۆی و ئەو نەرمییە درۆیینەی بە چاکی دروستی کردووە، دڵی نەخۆشەکان و پزیشکەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. دنیاش کچەکانم، هەوڵ و تێکۆشانە و من لەو کەسانەم کە بڕوام بەوە هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانج، هەموو ڕێگایەک ڕەوایە. بۆیە پێویستە لەسەرمان هاوکاریی یەکتر بکەین، کە ڕێگای پێ چۆڵ بکەین، دەنا هەر بە کۆسپ و ڕێگر دەمێنێتەوە لە ڕێگای ئێمەدا.

ئەو جۆرە کچە هیچ دەرگایەک لە بەرامبەر جوانییەکەی داناخرێت و ئێمەش کارێکی گەورە و خراپ ناکەین و ئەو ڕۆژەی ئەم نەخۆشخانەیە بەجێدەهێڵێت، دەتوانێت لە نەخۆشخانەیەکی دیکە، یان هەر جێیەکی دیکەی بیبەوێت، شوێنێک بۆ خۆی پەیدا بکات، بـەڵام مانەوەی، ئـەوە خۆتان دەیبینن: کە سۆز و سەرمووچەی لەلایەن دکتۆر (ک)ەوە... هەیە و لەلایەن

نەخۆشەکانیشەوە بەخشیش و دیاریی و سەیرترین شت کە دیم لەو ڕۆژانە، کراسێکی گرانبەهای لەبەر کردبوو، کە چوار ساڵ لەمەوبەر هیچ ڕۆژێک لە بەریم نەدیبوو. هەر ئەوەشە کە خەو و خۆراکی لێ هەڵگرتووم، بۆیە بۆم خستنەڕوو، چونکە متمانەم پێتانە و هیوام وایە کە دەستی یارمەتی بۆ خۆتان درێژکەن پێش ئەوەی بۆ منی درێژکەن. لەیلا تارماییەکی تۆقێنەر و مۆتەکەیەکی قورسە.

یەکێکیان گوتی:

-خانمی سەرۆک، ئەوەی تۆ دەیڵێی ڕاستە و فەرمانیش بۆتۆیە و خۆت بزانە فەرمانت بە چییە و ئێمە سێبەری تۆین و بەری چاکەی ئەو دەستانەتین!

هەموو لایەکی پیلانەکە داڕێژرا و هەر ئەکتەرێک ڕۆڵی خۆی زانی و هیچ نەمابوو ئەوە نەبێت، کە پەردە هەڵدرێتەوە! بۆئەوەی ئەوەی لە نەخۆشخانەیە بە چاوی خۆی ئەو چیرۆکە ببینێت کە بە شەو سازکرابوو.

بێگومان لەیلا لەنێو پێخەفەکەی خۆیدا وەک فریشتەیەکی پاک و بێگەرد نووستبوو و خەونی خۆش بەدەوریدا دەسووڕانەوە، یان ڕەنگە خەوتبێت بێ ئەوەی خەون ببینێت، بەڵام نەیدەزانی کە چ شتێک لەبارەی ئەوەوە ساز و جێبەجێ دەکرێت و نیازی گڵاو و چەپەڵ بەسەر نیازە پاکەکانی ئەودا زاڵکراوە و چ بزووتنەوەیەکی زاڵمانە بەسەر ئەو بێدەنگییە

ڕازییە بێ خەوشەی ئەودا دەگوزەرێت.

ڕۆژێک و دوو ڕۆژ تێپەڕین، ڕۆژ بووەوە و جلەکانی لەبەر کرد و قژی داهێنا و ڕێگای نەخۆشخانەی گرتەبەر، بێ ئەوەی بزانێت بەدوومی[٧] خۆی تێدا مەڵاسداوە و لەوانەی سڵاوی لێکردن، ئەوانە بوون کە دوێنێ کۆببوونەوە و پێکەنین لەسەر لێویان بوو، وەک ئەوەی هیچ قسەیەکی خراپیان لەبارەی ئەوەوە نەکردبێت.

ئەحلام پێی گەیشت و بە بزەیەکەوە پێشوازیی لێکرد:

–بەیانییەکی گەش و جوان بۆ ئەو بەژن و باڵایە و بەختێکی بەختیارانە بۆ ئەم جوانییە! لەیلا ئەم بەیانییە وەک گوڵێکی ئاورنگ بەرکەوتوویت... خوا لەچاوی بەد بتپارێزێت.

بە پێکەنینەوە تۆقەیان کرد.

ئینجا ئەحلام خۆی بۆ لەیلا لارکردەوە و ماچی کرد. لەیلا گوتی:

–دەڵێی لەسەر سەفەرین... ڕەشایی شەو ئەو هەموو ناخۆشییەی لێ ناکەوێتەوە.

گوتی:

–پاداشتی ماچ وا نابێت، تۆ زۆر لە پێویست قورس و گرانتری و جارێکی دیکە تا خۆت داوام لێ نەکەیت، ماچت ناکەم و ئەگەر پێشی قایل نیت بۆم ڕەت کەرەوە سوپاسیشت دەکەم.

---

٧– شوم.

بـه سـووکـی و ڕێـک ئـەندامـییـەوە تـەختـەی ڕوومـەتـە ئەسمەرەکەی بۆ بردە پێش و لەیلا ماچی کرد و گوتی:

-ها، لەوەی خۆت خۆشتر، ماچێک بە قازانجەوە.

دوای ئەوە بە سووکەڵەیی هەریەکەیان چوو بۆ لای کاری خۆی.

دەتگوت ئـەو هەڵوێستەی نێوانیان ماڵئاوایی بـوو، پێش ئـەوەی کـات و ساتی ماڵئاوایی بێت و زۆرجـار خەڵکی لە بەرامبەر دۆستانیان هەڵوێستی سەیر دەنوێنن، کە دوای ئەوە ڕۆژگـار خۆی لێکی دەداتـەوە کە بۆ هەست و نەستی دڵ و دەروونپاکیی دەیگێڕنەوە!

گەرمەی کار دەستی پێکرد و لەکاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا هەندێک هێوربووەوە و لەو ماوە کەمەدا فیتنەکە بێچووی خۆی هەڵهێنا و لەیلا نانی نیوەڕۆی خوارد کە دوا کولێرەی بوو لەوێ.

لەیلایان بانگ کرد بۆ لای دکتۆر (ک)... و ئەمەش شتێکی سەیر نەبوو بۆ ئـەو، بۆیە خێرا چـوو بۆ لای و لێی چووە ژووری، بـەڵام کاتێک کـە دکـتـۆری بینی نێوچـەوان گـرژ و دەموچاوی تێکچووە، زراوی چوو و خەریک بوو بگەڕێتەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی کە ئەو تووڕەییە بەهۆی ئەوەوەیە، بۆیە ڕاوەستا و چاوە گەورەکانی کردەوە وەک ئەوەی لێی بپرسێت، دکتۆر ئاماژەیەکی بۆ کرد کە دانیشێت و ئینجا فەرمانی دا دەرگاکە داخرا.

-گوێم لە شتێکی گەورە بووە...

ویستی تف قووتداتەوە، بەڵام تف لە زاری وشک ببوو، چونکە ئەو تۆڕەی بۆی هەڵدرابوو و لەنێوان نەهەنگان دەریهێنابوو، خەریکبوو دادڕ دادڕ دەبوو...

لەسەر قسەکەی خۆی ڕۆیشت، گوتی:

-بەڵێ، کارێکی گەورەیە... بڕیارم دابوو لێتی بشارمەوە، بەڵام وام بەباش زانی بەڕووتیدا بدەمەوە.

تۆ دێیەکەی من دەزانیت...

دێیەکە... لە نزیک قاهیرە.

-بەڵێ گەورەم دکتۆر.

-ئەوەش دەزانیت کە لە مەزراکانی ئەو دێیە هەڵگیراویتەوە...

بە سەرسامی و تێمانەوە گوتی:

-ئەمە و ئەوە دەزانم، بەڵام چ شتێک ئەو دووانە بەیەک دەبەستێتەوە؟ گەورەم وا لەسەرخۆ مەمکوژە و بەپەلە نەشتەرەکە بخە برینەکەوە، چونکە بەرگە ناگرم!

بەتووڕەیی گوتی:

-ئای کە کچێکی ناسکی، ئێوە هەمیشە بەو درۆ و بووختانانەی بەسەر پیاواندا تێدەپەڕێت، خەوشەکانی خۆتان دەشارنەوە، (لێرەدا شایەدی ژنەکەی هاتەوە بیر، چونکە کاتەکە لەبار بوو). ئەو ڕۆژەی کە لە پەناگا دەرچووی لە بەردەمی خۆم بازنە زێڕەکەت ڕەتکردەوە و قبووڵت نەکرد،

بۆئەوەی نموونەی پاکی و قەناعەت پیشان بدەیت و سۆز و شاگەشکەبوونیش لە دڵ و دەروونـی مندا بورووژێنیت... دوای ئەوەی کە داڵدەشم دایت و خێر و چاکەی خۆم بەسەردا باراندیت، کوفرانی ئەو چاکە و پیاوەتییەمت کرد و گوتت گوایە من باوکتم و یەکبوونی شوێنەکان بەڵگەی ئەمەن، من بۆیە سەرم لەو پەناگایە دەدا، چونکە تۆی لێبوویت و هەڵبژاردنی تۆش وەک پەرستارێک لە نەخۆشخانەکەم لەخۆڕایی بەگاڵتە نەبووە، بەڵکو ئەوە چاکەیەکی نهێنییە لە باوکێکەوە دەگات بە کچەکەی، بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت. چۆن زاتی ئەوەت کرد کە میحراب بەردباران بکەیت و پاکی و سپیایەتی و بێگەردیی ژیانم بەو درۆیە گەورەیە پیس بکەیت؟ بۆ منێک کە هەر لە گەنجییەوە دڵم بە مزگەوتەوە بووە و هۆگری بووم و هیچ گوناهێکم نـەکردووە؟ نا، نا، لەتوانامدا نییە لەمڕۆ بـەدواوە قبووڵت بکەم، بڕۆ لەبەرچاوم ون بە و من کار و خزمەتی تۆم پێویست نییە.

زەوی و ئاسمان سوڕاندیانەوە و لێڵاییەک بەسەر چاویدا هات، بەڕادەیەک هیچ شتێکی نەدەدیت، بەڵام دنیا لەبەرچاوی وەک تارمایی سەماکردوو وابوو. هیچ شتێکی بۆ نەمابووەوە، جگە لە گریان، بۆیە گریا، بەڵام فرمێسک چەکێکی بێکارە بوو، کە کەمێک هۆشی هاتەوە بە بەردا قسەی کرد:

-گەورەم ڕێی ئەوەم پێ دەدات تا بزانم سەرچاوەی ئەو هەواڵە کێیە؟ دوای ئەوە بەڵکو درۆ و ناڕاستی ئەو قسەیەت بۆ دەرکەوێت کە کردوویانە!

-سەرچاوەی هەواڵەکە؟ خەڵکێکی زۆر، نەخۆشخانەکە پڕ بووە لەوە و جمەی دێت، بەڵام سەرچاوەکەیت بۆ دێنم.

دەستی بە زەنگەکەوە ناو خزمەتگوزارێک هاتە ژووری و پێی گوت:

-فڵان ژنم بۆ بانگ بکە.

یەکێک لەو سیانەی تەڵەکەیان بۆ نابووەوە، هاتە ژووری و بۆ بەدبەختی لە هەموویان فێڵبازتر و ساختەچیتر بوو. دکتۆر تۆمەتەکەی خستەڕوو و لەگەڵ لەیلا ڕووبەڕووی کردەوە، ئەویش بەڕوویەکی هێمنی پڕ لە بێشەرمیی ڕووی لە لەیلا کرد، ئینجا ئاخێکی هەڵکێشا و جارێکی دیکەش ڕووی لە دکتۆر کردەوە و بە خۆگێلکردنەوە گوتی:

-گەورەم دکتۆر، نەمدەزانی ئەوەندە توورە دەبیت و نەشمدەزانی، کە هیچ زیانێکی بۆ لەیلا دەبێت. شایەدەکانی دیکەش ناسراون و نەخۆشخانە هەمووی بەوە دەزانێت و لەوانەشە ئەو هەواڵەی جگە لە ئێمە، بە خەڵکی دیکەش گەیاندبێت... و من هەر ئەوەندەم لایە... لەیلا هیچت هەیە بیڵێیت؟

هەڵوێستی ئەو ژنە شایەدە ئەو هێز و توانایەشی بۆ نەهێشتەوە، کە توورەبوونی دکتۆر بۆی هێشتبووەوە و

دوارۆژی خۆی هێنایە بەرچاو و هەموو دنیای لەبەر چاو تاریک بوو و بڕیاردانی لانەما و خۆڕاگریی و توانا پشتیان تێکرد و جڵەوی لەدەست بەرەڵڵا بوو، نەیتوانی ئەو بەسەرهاتە قورسە لە خۆی دوورخاتەوە و لەوە زیاتر کە دووچاوی فرمێسکاویی بە هەردووکیاندا بگێڕێت، چیدیکەی نەکرد و تەنیا گوتی:

-من ئەو قسەیەم نەکردووە، هەرچەندە تۆ بۆت ساغ بووبێتەوە کە ئەوەم گوتووە...

دەستێکی خێرا لە دەرگاکەی دا و خاوەنەکەی چاوەڕوانی ئەوەی نەکرد تا ڕێگای پێ دەدرێت، دەرگاکەی کردەوە و هاتە ژوورێ و ئەویش لە ژنەکەی دکتۆر (ک)... کەسی دیکە نەبوو، کە کارێکی بۆ پێش هاتبوو، بۆیە هاتبووە نەخۆشخانە.

لەگەڵ مێردەکەی سڵاویان لە یەکتر کرد و ئینجا دانیشت، لەو ساتە یەکلایکەرەوەیەدا بە هاتنەژوورەوەی ژنەکەی دکتۆر، ڕۆژگار بە لەیلا پێکەنی.

دکتۆر بە شایەدەکەی گوت بچێتە دەرەوە و هەردوو ژنەکە بە بەرچاوی دکتۆرەوە، نیگای ڕق و کینەیان لە یەکتر کرد و دارێکی زۆر خرایە سەر ئاگرەکە و گڕ بڵاوبووەوە و دووکەڵ پەنگیخواردەوە، بەجۆرێک لەیلا توانای ڕێگا دۆزینەوەی نەما. ژنەکەی دکتۆر لەیلای بە چاوی بەفرمێسکەوە بینی، بە گاڵتەپێکردنەوە پێکەنی و گوتی:

-چی هەیە؟

دکتۆر کە کەمێک پیاوەتی بە دڵ و دەروونیدا هاتبووەوە، گوتی:

-هیچ شتێک نییە... بەڵام من پێویستم بە کارکردنی ئەو نییە... لەیلا دەتوانیت بچیتە دەر... هەرشتێکت لایە بیدەوە بە سەرۆکی پەرستاران و دوای ئەوە بڕۆ بۆ لای نووسەری نەخۆشخانە تا پاشماوەی حیسابەکەت وەرگری و فەرموو بڕۆ بە دەرنەکراویی.

لەیلا ڕۆیشت و چاوی لێ نەکردن و هیچ بوارێک بۆ قسە و چەند و چۆن نەما، کە بەر گوێی ئەو ژنە بکەوێت، لەکاتێکدا دەزانێت کە ئەو چ دڵ و دەروونێکی هەیە.

ئەگەر لەکاتێکدا کە بۆ دواجار لە ژوورەکە دەرچوو ئاوڕێکی لەدوای خۆی بدایەتەوە، ئەوا لە چاوی ئەو ژنەوە، کە هەر لەخۆیەوە بەبێ هۆ ڕقی لێی دەبووەوە، شمشێرێکی هەڵکێشراوی دەبینی.

ڕووداوەکان هاوشێوەی خۆیان هێنایەوە لای یەکتر و ئەو ڕۆژەی پەناگای (ج)ی... بیرهاتەوە، کاتێک کە دوا نیگای بڕییە دیوارە بریقەدارەکانی نەخۆشخانەکە و داڵانە درێژەکانی و ئینجا سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی، گوتی: "خوایە نەفرینی باوکم و دایکم لەسەر لابە، چونکە لە هەموو شوێنێکدا ڕاوم دەنێت".

هەرچییەکی لای بوو، ڕادەستی کردەوە و دوای ئەوە، ئەوەی هەیبوو، وەریگرت و بوو بە کەسێکی غەوارە و نامۆ

لەو جێیەی تا دوێنێ ڕێز و بڕێوییەکی تێدا هەبوو. گەڕا بەسەر ئەوانەی کە پێی وابوو دەبێتماڵئاواییان لێ بکات و بەبێدەنگی سڵاوی لێکردن و هەندێک لەوانە بڕوایان وابوو کە لەیلا بەری و بێتاوانە، بەڵام هیچیشیان لەدەست نەدەهات و هیچیان پێ نەدەکرا، بۆ دواجار بە ئەحلام گەیشت و فرمێسک زایە چاوی و لە ناخەوە بروسکەی زەردەخەنەیەکی توانجئامێز سەری هەڵدا.

–هەر دەڵێی لەسەر سەفەرین! بەیانی ئەمەم پێ گوتیت! خوشکێ لەڕاستیدا لەسەر سەفەرین و لەمڕۆ بەدواوە من هاوڕێت نیم.

بەخەمبارییەوە گوتی:

–هەموو شتێکم زانی، کەواتە لەمڕۆ بەدواوە ناتبینم.

–لە ماڵەکەی خۆم دەمبینی و خۆت پێی دەزانی... ئەحلام ماڵئاوا و خوات لەگەڵ!

وێنەی لەیلا

من ئەوەم کە بەتەنیا خولقاوم،

هەر دەڵێی حەوای ئەم زەمانەم...!

–ماڵئاوا لەیلا! خوات لەگەڵ.

وەک ماچەکانی سەرلەبەیانی دوو جار یەکتریان ماچ کرد، بەڵام هەردووکیان خەمبار بوون.

وەک ئەو ڕۆژەی لە پەناگاکە دەرچوو، دیسان کەس لەدوای نەڕۆیشت و کەسیش هیوای سەرکەوتنی بۆ نەخواست و لە چەند چاوێکی کەم بەولاوە، هیچ چاوێک فرمێسکی بۆ نەڕشت و وای بیرکردەوە، کە ئەو ڕۆژەی سەرلەنوێ بەردەبێتەوە

و بەر دنیا دەکەوێت و شڵپەی دێت، تێکشکانی مسۆگەرە، کاتێکیش بە باخەکەدا تێپەڕی و بەڕێوەبوو بۆ دەرگاکە، نیگاکانی پەرت بوون و دەموچاوی بێئاگایی پێوە دیاربوو و خەیاڵی ڕۆیشتبوو، ئەگەر ئەم جارە ئاوڕێکی بدابایەوە، ئەوا چاوی بە چوار ژن دەکەوت لە چوار پەنجەرەوە لە پشتی شووشەکانەوە سەیری قوربانییەکیان دەکرد دەڕۆیشت، بەڵام بۆی نەڕەخسا ئاوڕ بداتەوە تا لە باخەکە تێپەڕی و دوای ئەوە جیڕەی دەرگا ئاسنەکەی نەخۆشخانە هات و کرایەوە تا کچێکی تەمەن حەڤدە ساڵی لێوە دەرچێت، کە پێش چوار ساڵ پێی خستە ناوی. دەرگاکە دووبارە جیڕەی لێوە هات و داخرا و لەنێوان شیشە ئاسنە شاشەکانی دەموچاوی قوڵەڕەشێکی نووبی سەری بەسەرداگرت و خاوەنی ئەو دەموچاوە بە شێوە زمانێکی نووبیانە گوتی:

-خوات لەگەڵ...

ئەمەش دوایین قسە بوو کە لەوێ بەر گوێی کەوت!

نەخۆشخانەکەی دکتۆر (ک)... هێشتا لە گەڕەکە بێدەنگەکەیە و باخەکەی هێشتا هەر بۆن و بەرامەی خۆش و شنەبای بۆ ئەوانە پێیە کە بەرەو چاکبوونەوە دەچن و کارمەندە نەخۆشەوانەکانیشی دێن و دەچن و هەندێک نەخۆش دەچنە نەخۆشخانە و هی دیکەش دەردەچـــن... هیچ شتێک لەو نەخۆشخانەیە نەگۆڕاوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە لەیلای تێدا نەماوە.

# بەشی سێیەم
# ماوەیەک بێ کار

(١)

وەک هەموو شەوێکی دیکە، ژوورەکـەی گرتییە خـۆی... بەڵام شەوێکی خەمبارانە، شەوێکی ئەستێرە بە قووڵداچووی تیشک کز، هەست بەتەنیایی بزوێنی تا بڵێی تاریک بوو، ئەگەر هیچ نەبێت بەلای ئەوەوە وابوو!

هیچ شتێک لە جیهاندا نەبوو بزەی لەسەر لێو بێت، هەرچەندە ئەم کچی بەئەمەکی زەمانەیە و بە هەموو شتێکی قایلە. بیری لە ڕابردووە درێژەکە کردەوە:

-خۆش بوو، بەڵام ڕۆژەکانی وەک یەک و هاوشێوە بوون و چێژیش لای کەسێکی ترس لێنیشتوو بەتەواوەتی مانای هێمنیی دەدات.

لە دڵی خۆیدا گوتی:

-خۆزگە بگەڕابایەوە، بەڵام ڕەوڕەوەی زەمانە هەمیشە هەر بۆ پێشەوە دەڕوات. پاشەکەوتەکەی خۆی ژمارد، سەیری کرد کەمە، بۆیە گوتی:

-قەیدی نییە، خەرجییەکانم کەم دەکەمەوە بۆ نیوەی و هیچ جلێکیش ناکڕم و ئەوەندەی هەمە بەسمە، ئەوەتا ئەوەی لەنێو ئەو جانتا گەورەدایە کە گۆشەیەکی ژوورەکەی داگیرکردووە، بەشی شەش مانگم دەکات... تۆ بڵێی شەش مانگ بێکار بم؟ باوەڕ ناکەم! خۆ ئەگەر بێکاریش بم، ئەوا هەموو سبەینێیەک لەگەڵ خۆر هەڵاتدا، بژێویی خۆی دێنێت. پیرێژنەکەش ئاسانە

کە سەرەتای هەموو مانگێک کرێیەکەی بدەمێ. ئاسانیشە کە مانگی یەکەم بڵێم پشووی حەسانەوەم هەیە. ئەوە جگە لەوەی کە بەنەخشکردن و خوێندنەوە کاتێکی زۆر بەسەر دەبەم.

سەردانی ماڵی بەڕێز ئەو پیاوە ئەمینەی کرد و حاڵی خۆی بۆ دەرنەخست، بەڵکو ڕووگەش و دەم بە پێکەنین بوو، هەروەک ئەوەی هیچ شتێک لە دەروونیدا نەبێت. کتێبێکی بۆ بردەوە و کتێبێکی دیکەی وەرگرت. دڵخۆشییەکی سەرکەوتووانە لە پیرەمێرددا دیاری دا، چونکە وایکردووە لەیلا حەز بە خوێندنەوە بکات، بەڵام نەیزانی کە لەیلا کتێبەکانی ئەوی بۆ کاتبردنەسەرێکی بەکەڵک دەوێت.

ڕۆژگار وردە وردە تێپەڕی و ئاسمانیش نە زێڕ دەبارێنێ و نە زیو، چونکە ئەو لە ژوورەکەی خۆی دانیشتووە و دوورکەوتۆتەوە لەو کەسانەی کە هیوای واسیتەیەکیان لێ دەکرێت، دەبووایە قسەی بکردایە، بەڵام جارێ دڵی بە قسەکردن ڕازی نەبووە.

ڕۆژێکیان جانتایەکەی کردەوە، چاوی بە سەرجێیەکی تازە کەوت کە هیچ ڕانەخرابوو، هەروەها دوو سێ سەرپۆشی دیت کە ڕۆژانی ئاسوودەیی دروستی کردبوون و گوتی:

–چ پێویستییەکم بەوانە هەیە... هەر دەڵێی بۆ جیازیی زەماوەند، یان بۆ خۆشی دروستم کردوون و نە ئەم و نە ئەو پەیوەندییان بە منەوە نییە! بۆیە بردنی بۆ بازاڕ و نرخەکەیانی

هێنایەوە. هی دیکە و زۆری دیکەشی دروستکردن و فرۆشتی، پارەیەکی لێ وەگیر کەوت، بەڵام پاشەکەوتەکە لەگەڵ ئەوەشدا هەمووی، هەر خۆی لە کزیی دەدا و هەر کە جونەیهەکانی دەژمارد، کسپە لە دڵییەوە دەهات.

دوو مانگ تێپەڕین و پیرێژن هەستی بەوە کرد کە لەیلا بێکارە، بەڵام نەیویست برینداری بکات، هەروەها لەیلاش نەیویست بەڕاشکاوانە هیچی پێ بڵێت، بەڵام هەردووکیان لە یەکتر گەیشتبوون. پیرێژن سەردەکەوت بۆ سەرەوە، بۆئەوەی کاتی لەگەڵ بەسەر بەرێت، بەڵام ئەو شەو دانیشتنە بەلای کچەکەوە قورس بوو، وەلێ لەکاتێکدا دەرزی درووماندکەی بەدەستەوە بوو، گەلێ وەڵامی پشتگوێ دەخست، یان بە کورتی وەڵامی دەدایەوە.

ژیان بارگرانییەکی زۆر بوو بەسەر شانییەوە و دیاری دا کە بەرەبەرە لاواز دەبێت و قورسی ژیانی کرێکاری ڕوخساری ژنانەی داپۆشی، بەڵام ئەو بیری لە هیچ یەک لەمانە نەدەکردەوە، بەڵکو بەرەو ڕێگایەک ڕووی دەنا، کە پارووە نانێکی لێیەوە دەستکەوێت. ژەمی ئێوارەی لە خواردندا لابرد، هەرچەندە شەو دانیشتن زۆر درێژەی دەکێشا، بەڵام کات تێپەڕین و کەمیی دەرامەت ترسیان خستە دڵی و ناچاریان کرد قسە بکات.

دوای تێپەڕینی سێ مانگ بەسەر بێکارییەکەیدا، شەوێک لە ماڵی بەڕێز ئەمین دانیشتبوو قسەی بۆ دەکرد. پیرەمێرد بە

دوو چاوێک کە هیچ شتێکی لێ ون نەدەبوو، بەوردیی تێی ڕاما، بینی کە خەریکە دەتوێتەوە و لەڕ دەبێت، بۆیە گوتی:

-لەوانەیە لەم ڕۆژانـەدا نەخۆشتان زۆربێت، چونکە من نیشانەی ماندوویيت لێ بەدی دەکەم!

بەشەرم و سەرداخستنەوە گوتی:

-گەورەم نەخۆشم نییە.

وەڵامەکە بەگومانی خست.

-بەڕاشکاوی ڕاستی کارەکەم پێ بڵێ، چونکە وەک دەزانیت من باوکی تۆم.

-کارم نییە و ئەمە ماندوویی هزرە، بەهەرحاڵ گەورەم، من لە پاشەکەوتەکەم پارە خەرج دەکەم و ئەویش زۆر نییە.

- بۆ خەڵکی بۆیە پاشەکەوت دەکەن، تا هەمیشە بێکار بن؟ (خۆی لە نەزانیی دا لەوەی لە مەبەستەکەی گەیشتبێت، بەڵکو ویستی بڵێت کە پێویستی بە پارە نییە). دەبێت کارێکت هەبێت و دەشبێت ئەو کارە هونەری پەرستاریی بێت، حەزدەکەیت لە نەخۆشخانەکانی وەزارەتی تەندروستیی بێت؟

-یان بۆ هەر شوێنێکی دیکە بێت... من بۆ هەموو شوێنێکم!

لەو پیاوە پیرەدا ڕزگارکەری خۆی بینی، بۆیە گەورەیی ئەو لای زیاتر بوو، ئەمیش لەودا کچێکی دڵشکاوی بینی، بۆیە سۆزی زیاتر بوو بۆی، ئینجا نامەیەکی دایە بۆ پیاوێکی گەورە لەوێ و لە نامەکەدا ڕایسپاردبوو کە چاوێکی خێری لێیەوە

بێت و بە زمانی شیرین و ئەدەبەوە باسی ئەوەی بۆ کردبوو کە لەیلا پێویستی بە کارە. کچەکە بەدەستی سوپاسگوزارییەوە نامەکەی لێوەرگرت، دوای ئەوە چووە دەرێ و ملی نا بۆ ڕێگا. ئینجا خۆی لێک کێشایەوە وەک یەکێک بارێکی گران، کە پشتی ئازاردابوو، لەسەر پشتی فڕێ بدات و دووبارە دنیای لەبەرچاو شیرین بووەوە، چونکە دیتی کە هێشتا سەرچاوەی چاکە و پیاوەتی تێدایە و وەک کەسێکی گەشبینی هێمن خەوت و ئەم شەوە هیچ نەخشێکی نەکرد، چونکە نەخش و درووومان چیدیکە مایەی کاتبەسەربردن نین و وەک ئەوەی بەمە مەبەستی ئەوە بووبێت کە بەو شەوە کۆتایی بە شەوانی نەخش و درووومان بێنێت.

ڕۆژ بووەوە و بەیانی داهات، لەیلا چوو بۆ دیوانی وەزارەتی تەندروستی و بەدڵی خۆش و کار بۆ ڕاییکراو گەڕایەوە... سوپاس بۆ خوا! ئەو پشت لە کەس ناکات. دوای چەند ڕۆژێک پۆستەچی لە دەرگای دا نامەیەکی تۆمارکراوی دا پێی. پیرێژنی خاوەنماڵ دەوروخولی دا، بەڵکو نهێنی ئەو نامەیە بزانێت و لەیلاش و ئەو حەز بەشتزانینەی پیرێژنی ڕەواندەوە و گوتی کە لە نەخۆشخانەی (س)...ی حکومەتی لە ئەسکەندەرییە دامەزراوە و بۆ چوونە سەر کارەکەشی چوار ڕۆژ زیاتری بەدەستەوە نییە. پیرێژن گریا، یان وای پیشان دا کە دەگری و لەیلاش لەبەر کاروباری خۆی، ئاگای لە گریانی ئەو نەبوو.

دوای ئەوە دانیشت نامەیەک بنووسێت... تۆ بڵێی بۆ کێی

بنووسێت؟ بۆ ئەحلام تاکو پێش ئەوەی بڕوات چاوی پێی بکەوێت.

خۆی لە قاهیرە بە میوان دیت، دوای ئەوەی بۆی ساغ بووەوە کە بەجێی دەهێڵێت. جێی دەهێڵێت بۆ شارێکی تازە کە کەسی تێدا ناناسێت و ئەمشەو دوایین شەوە کە لە نیشتمانی ژیانیدا دەیباتە سەر.

کاتەکە ڕۆژ لە زەردان بوو، کە لەماڵەوە هاتە دەر و چوو بۆ دوکانی کەلوپەلی کۆنە، کە ئەم و ئەحلام سەردانیان کردبوو، بۆئەوەی شتوومەکی لێ بکڕن و داوای لە خاوەنەکەی کرد کە ئەمڕۆ بێت و سەرلەنوێ کەلوپەلەکانی لێ بکڕێتەوە و بۆ سبەینێ کە ڕۆژی سەفەرکردنەکەیەتی کەلوپەلەکان بەرێت، چونکە لە توانایدا نەبوو لەگەڵ خۆیدا بیانبات بۆ ئەسکەندەرییە. ئینجا دوای ئەوە پێچی کردەوە بۆ ماڵی بەڕێز ئەلئەمین، بۆئەوەی پێی ڕابگەیەنێت و سوپاس و ماڵئاوایی لێ بکات.

ماڵئاواییکردنی لەیلا و ئەو خێزانە چاکە، کاریگەرییەکی زۆری لە دڵ و دەروونان‌دا هەبوو، چونکە ئەو ژن و مێردە بەچاوی کچی خۆیان سەیریان کرد و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست و چەندان ئامۆژگاریی جیاجیایان کرد و داوایان لێ کرد، کە جێگیر بوو، نامەیان بۆ بنووسێت و لە هەموو کاروبارێکی خۆی ئاگاداریان بکات.

پیرەمێرد، وەکو هەموو پیاوێکی قورس و گران سڵاوی لێ کرد و خانمەکەشی ماچێکی دۆستانەی کرد.

(٢)

گەڕایەوە ماڵەوە و چووە ژوورەکـەی خۆی و چرایەکی داگیرساند و دەسـتـی کـرد بـە جـیـاکـردنـەوەی ئـەو شتانەی دەفرۆشرێن و ئەوانەش کە نافرۆشرێن، هەموو ئەو شتانەشی لە جانتای سەفەرەکەیدا کۆکردەوە کە پێویستی پێیان دەبێتن، ئینجا دوای ئەوە دانیشت بحەسێتەوە. ئاوڕێکی بـەرەو لای دەرگای ژوورەکەی دایەوە و لەبەر ڕووناکیی چراکە کاغەزێکی سپی بەدی کرد، کە هەرچوار لای پێچرابوونەوە. یەکەم جار وایزانی کە لەو کاغەزانەیە کە فڕێی داون و بڵاوبوونەتەوە، بەڵام نامەکە بانگی دەکرد، چونکە بەجوانی پێچرابووەوە، بۆیە هەستا تا هەڵیگرێتەوە و کردییەوە، ئەمەی تێدا خوێندەوە.

"خانمەکە: ئەوەتا من یەکێکم نارد ئەم نامەیەمی خستە ژێر دەرگاکەت. شێتی و سەرەڕۆیی منت لا گران نەبێت، چونکە چیدیکە بەرگە ناگرم و خۆم بۆ ناگیرێت. دەکرا هیچ نەبێت جارێک تۆش چاوێکت لێ کردبام، بـەڵام تۆ وەک یەکێکی ترساوی زەندەقچوو لە من ڕادەکەیت و هەڵدێیت، هەرچەندە من دڵێکت دەخەمە بەردەست کە لە پاکی و بێگەردیدا بێ وێنەیە، دڵێک کە هیچ ڕیاکاریی و دووڕوویی پیسی نەکردووە لە کوڕێکەوە کە دووچاری خۆشەویستی تۆ بووە، لە کاتێکدا نەیدەزانی خۆشەویستی چییە. خۆ ئەگەر بتزانیبایە کە تۆ بێخەم و ئاسوودە بەرامبەر من دەخەویت و منیش شەو بێدارم و

ناخەوم و ئەشکەنجەبارم، ئەوا ئەو خەوە دڵخۆشی نەدەکردیت و هیچ خۆشییەکیشت لە خەونەکانت نەدەبینی.

"بیرت نەچێت– ئەگەر ئەو دۆستایەتییەی منت ڕەتکردەوە– لەوانەیە لە دوارۆژدا کاتێک بێتە پێشت پەنجەی پەشیمانیی بەرامبەر دۆستایەتییەکی ڕەتکراوە و خۆشەویستێکی دەرکراو بگەزێت، ڕێزم هەیە بۆت".

ئاوڕێکی بەدەوروپشتی خۆیدا دایـەوە، هـەروەک ئەوەی چەندان چاو بەدزییەوە لە پشتییەوە نامەکە بخوێننەوە، ئینجا پچڕپچڕی کرد و دایە بەر با، کێ دەزانێت؟ لەوانەیە خۆشەویستی نامەنێر چاوی بە پارچەکانی بکەوێت کە دەکەونە سەر زەوی و هەڵدەبەزنەوە. ئینجا کاتێک کە قسەی پیرەژنەکەی بیرکەوتەوە، پێکەنی و لەوە دڵنیا بوو خۆی ئەو کچەیە کە خۆشەویستی هەڵیداوەتە سـەر ڕێی ئـەو کـوڕە کلۆڵە و ئـەوەی دووبـارە کردەوە، کە ئەو شەوە لە وەڵامی پیرێژنەکەدا گوتبووی: خوا لە هەموو کەسەربارێک خۆش بێت و شیفای بۆ بنێرێت.

ئـەو ڕووداوە مێشکی ئـەوی زیـاتـر لـە مـاوەی نامە خوێندنەوەکەدا خەریک نەکرد.

دوای ئەوە لە ژوورەکەدا دەستی کرد بە هاتوچۆ و چاوی بە هەموو لایەکی ژوورەکەدا گێڕا، چونکە ئیدی دوای ئەمشەو چرا پێ ناکات. ئینجا چراکەی کوژاندەوە و لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشا... و ئەو دۆشەگەی لەژێریەتی جارێکی دیکەش بەر

لەشی ناکەوێتەوە! تۆ بڵێی سبەینێ لە کاتێکی وەکو ئێستادا، لە کوێ بخەوێت؟ ئا بەم شێوەیە بە پرسیار لەدوای پرسیار لەبارەی دواڕۆژێکی نادیار یەک لەدوای یەک بەمێشکیدا هاتن، وەک کەسێک کە سەردەمێک بەڕێ بکات و پێشوازیی لە سەردەمێکی دیکە بکات.

ئەو بەیانییە بەرچایی خوارد و کابرای بازرگانی کەلوپەل هات و سەوداکە ئەوەندە درێژەی نەکێشا تا مامەڵەکە کرا و ڕێککەوتن و نرخی شتەکانی دا بە لەیلا، ئەو ژنانەی لە پەنجەرەکانی ئەو گەڕەکە میللییەوە دەیانڕوانییە خوارەوە، عەرەبانەیەکی دەستییان بینی کە پیاوێک بەلایەوە ڕاوەستابوو و پیاوێکیشیان دیت کە کەلوپەلی دەهێنایە خوارێ و زوو زانییان ئەوانە کەلوپەلی ژوورەکەی لەیلان. حەزی شت زانین پاڵی پێوەنان پاشماوەی چیرۆکەکە بزانن، بۆیە لە پیریژنی خاوەنماڵەکەیان پرسی، ئینجا بە لاحەولە وەلا قووەتەوە گەڕانەوە. هەندێک منداڵ کە یارییان دەکرد، دەوری عەرەبانەکەیان دا... گوێیان لێبوو دایکەکانیان لە پەنجەرەکانەوە دەیانگوت کە ئەو کەلوپەلانە هی لەیلان.

یەکێکیان گوتی:

–ئەوەیانە کە لە ژوورەکەی سەرەوەی پوورە (ام ثريا)یە؟

یەکێکی دیکە گوتی:

–بەڵێ، ئەوەیە کە پێڵاوی پاژنە بەرزی لەپێیە و کراسی

ئاڵوواڵای جوانی لەبەرە. ئەوە ڕۆیشت شوو بکات.

ئەو پیاوەی لەوێ ڕاوەستابوو لێیان توورە بوو و بڵاوەی پێ کـردن، ئینجا بـەبێ هیچ ئـەرک و هیلاکییەک پاڵی بە عەرەبانەکەوە نا و دایە پێش خۆی. لەیلا چاوی لێبوو بەژێر پەنجەرەکەیدا تێپەڕی و منداڵێک گاڵتەی لەگەڵ دەکرد و پاڵی بە عەرەبانەکەوە دەنا، بزەیەک هاتە سەر لێوی و دوای ئەوە ڕووی خۆی گرژ کرد، وەک ئەوەی بڵێت: کەلوپەلی لەیلا تاقە پیاوێک هەڵیدەگرێت و خەمی لەیلاش قورسایی خۆی دەخاتە سەرشانی هەمووان!

مـاوەیـەک تێپەڕی و لـەیلا دابـەزییـە خـوارێ، ئینجا بە کۆڵهەڵگرێکەوە گەڕایەوە تا جانتا گەورەکەی بۆ هەڵگرێت و کۆڵهەڵگرەکە پێشی کەوت و ئەویش لە دوایەوە ڕۆیشت و لای دەرگای خاوەن ماڵەکە بەڕێی کرد و لەدوای کۆڵهەڵگرەوەکە چووە دەر بۆ گوزەرەکە و منداڵەکانی لەمەوپێش ڕێیان پێ گرت.

یەکێکیان گوتی:

–خانمەکەم بەڕاستی تۆ بۆیە دەڕۆیت تا مێردی بکەیت؟

دەستێکی بەسەریدا هێنا و زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:

–بەڵێ، شیرینیشت بۆ دەنێرم.

دووەمیان گوتی:

–منداڵینە باوەڕی پێ مەکەن، ئەوە دەچێتە لای دایکی.

تاڵیی ئـەوەی دوایـیـان شیرینی یەکەمیانی سڕییەوە و بەدبینی کەوتە سەر گەشبینی، بۆیە ڕووی خۆشیی پیشاندان تا گەڕاندنییەوە دواوە و خۆی گەیاندە کۆڵهەڵگرەکە. گەیشتە کۆتایی شەقامە سەرەکییەکەی گەڕەکە میللییەکەی و چاوێکی پێدا گێڕا و گوتی:

-ماڵئاوا... بەڕاستی ڕۆژگارەکانت هێمن و ئاسوودە بوون!

ئاوڕێکی لـە ڕێگاکە دایــەوە، سـەیـری کـرد خـاوەن نامەکە لە پێشییەوە بوو دەگەڕایەوە ماڵەوە و کە بەو حاڵە چاوی پێی کەوت، زانی کە لەسەر سەفەرە، بۆیە نائارامی و ترسێک دایگرت و لەڕێی ڕاوەستا بە سەرسامییەوە پرسی:

-لەیلا بۆ کوێ؟ لەسەر سەفەریت؟

-بەڵێ، لەسەر سەفەرم.

ئیدی لـەیـلا ڕۆیـشـت و ئـەویـش لـە تەنیشتییەوە ڕۆیـشـت و کۆڵهەڵگرەکەش لە پێشیانەوە بۆ وێستگەی ترام.

-نامەکەمت پێگەیشت؟

-بەڵێ، لەژێر دەرگاکەوە پێم گەیشت!

-چی لەوەدا دەبینیت؟

-"من بـڕوام بە بوونی شتێک نەبووە تا ڕای خۆم لەبارەیەوە دەرببڕم. خۆ ئەگەر هەر پێویستیش بکات کە ڕای خۆم بڵێم، ئەوا ئەوەم هەڵبژاردووە کە "پەنجەی پەشیمانی بگەزم بەرامبەر دۆستایەتییەکی ڕەتکراوە و خۆشەویستێکی دەرکراو، ڕێزم هەیە بۆت".

-من زۆر بەدبەختم!

-ئەگەر تۆ بەختت باش بێت، من بەدبەخت دەبم... شەمەندەفەرەکەت لێ تێپەڕیوە. ببوورە هیچت لێ تێنەپەڕیوە، چونکە کەسی تێدا نییە.

-ئەی بۆ کوێ دەچیت؟

-بۆ شوێنێک کە تۆ نایزانیت.

لەپڕ لە ڕۆیشتنەکەی ڕاوەستا بە نائومێدییەوە گوتی:

-کەواتە خوات لەگەڵ!

بەڵام وەڵامەکەی گوێ لێ نەبوو.

شووتی شەمەندەفەرەکە دەنگی بەرزبووەوە و لەیلا لای پەنجەرەوە سەیری خاکی وڵاتێکی دەکرد، کە حەڤدەساڵی تێدا بردەسەر. وڵاتێک کە زۆری لا خۆشەویست بوو، هەرچەندە نە هیچ کەسوکارێکی ئەوی تێدابوو، نە نیشتەنییەک. پێی نایە قاهیرەوە و کەس هەستی پێ نەکرد و ئەوەتا ئێستا جێی دەهێڵێت و کەسێک ماڵئاوایی لێ ناکات و دەشچێتە ئەسکەندەرییە لەوێش کەس چاوەڕوانیی ناکات. هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەم و ئەو شەمەندەفەرەدا نییە کە سواری بووە! ئەو و شەمەندەفەرەکە وڵاتیان نییە، هەموو پەڵەیەکی ئەم زەوییە لای ئەوان وەکو یەک وایە.

شەمەندەفەرەکە دەستی بە ڕۆیشتن کرد و خەڵک لەسەر سەکۆی وێستگەکە بوون خۆیان بە پەنجەرەکانەوە نابوو و

بەتەنیشتییەوە هەنگاوی بەپەلەیان دەناو هونەریان دەنواند لە دەربڕینی وتەی ماڵئاوایی بۆ سەفەرکەرەکان و لەو دوایین کاتەدا کارە گرنگەکانیان بەبیر دەهێنانەوە – تەنیا پەنجەرەکەی لەیلا نەبێت، کە هیچ کەسی بەرامبەر نەبوو. شەمەندەفەرەکە کەمێک ڕۆیشتنەکەی سووک کرد و لەیلا ئاوڕێکی دایەوە، دیتی کچێک پڕ بە قاچەکانی ڕادەکات و دەستەسڕێکی بۆ ڕادەوەشێنێت و دەڵێت:

"خوات لەگەڵ".

دەنگێکی هەناسەبڕکێ پێ کەوتوو و پشوو سوار، ئەو کچە لە ئەحلام بەولاوە کەسێکی دیکە نەبوو، کە هاتبوو بۆ بەڕێکردنی، بەڵام شەمەندەفەرەکە پێشی کەوت. لەیلاش دەستەسڕەکەی خۆی بۆ ڕاوەشاند و خێرایی شەمەندەفەرەکە زیادی کرد و کەوتە نێوانیان. ئەوانەی لەسەر سەکۆکە وەستابوون لەوێ، هەریەک لەو دووانەیان بینی دەستەسڕەکەی بەچاوییەوە گرتبوو فرمێسکی داباریوی پێ دەسڕییەوە.

ئەحلام گەڕایەوە و لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

–خۆزگە کەمێک زووتر بهاتمایە.

لەیلاش لەسەر کورسییەکەی خۆی لە پلەی سێیەم وەڵامی ئاواتخواستنەکەی ئەوی دەدایەوە: ئەوە بەختەکەی خۆم وایە و ئەو هیچ گوناهێکی نییە... ئەگەر ئەحلامیش زووتر بهاتبایە، ئەوا شەمەندەفەرەکە زووتر دەڕۆیشت.

خاکی پایتەخت لەبەرچاوی بینەر ون بوو و وێستگە لەدوای وێستگە تێپەڕی و خەیاڵ پەرتە و هەردوو چاو لە مۆلەق وەستاون. ئەو خۆشییەی بە کارە تازەکەی سەری هەڵدابوو، دوای ئەو بێکارییە دوور و درێژە، نەیما و نیگەرانی لە دوارۆژ جێگەی خۆشییەکەی گرتەوە و ئەگەر لەسەر ئەو کورسییەی بەرامبەری دانیشتبای و لێت بڕوانیبایە، کە پشتی بە کورسییەکەی دابوو و لە پەنجەرەوە چاوی بە بۆشایی ئاسماندا دەگێڕا، دڵنیا دەبوویت لەوەی کە ئەو لەو کچانەیە کە ڕووداوی لەناکاو لەباوەشی باوکیانی پچڕیوە و هەڵیداوە بۆ جێگەیەکی دوور، هەرگیز ئەوەت نەدەهات بە خەیاڵدا کە ئەو کچێکە هیچ کەسوکارێکی نییە، هەرچەندە چاوت بە کەسێک نەکەوت بەڕێی بکات و ماڵئاوایی لێ بکات.

دوای ئەوە وێستگەیەک ڕۆیشت و شەمەندەفەرەکە سووکی کردەوە، چونکە لە وێستگەیەکی دیکە نزیکبوونەوە و دەنگی بلیتبڕەکە بەر گوێی کەوت، کە سەرنشینەکانی وریا دەکردەوە، پێش دابەزین بلیتەکانیان تەسلیم بکەنەوە. لەیلا کە خەیاڵی پەرت و بڵاو بوو، بە بیستنی ناوی ئەو شارۆچکەیە، هاتەوە هۆش خۆی، چونکە یادگاریی لە مێشکی ئەودا هەیە.

بەڵێ ئەمە شارۆچکەکەی دکتۆر (ک)ە... دوای ئەمە ئەو شارۆچکەیەشە کە ئەو لەنێو کێڵگەکانیدا هەڵگیراوەتەوە. لەسەر کورسییەکەی هەستا تا چاوێک بە شوێنی لەدایکبوونیدا بگێڕێت

و یەکەمین شوێن ببینێت کە سەرگوزشتەکەی ئەوی تێدا دەست پێکرد. بێگومان نەیزانی کام پەڵە زەوییە ئەوی تێدا بینراوە و کێهە داریشە کە ئەوی لەبن بووە... بەڵام هەردووکیان لە مەودای بینینی ئەودا بوون.

کە شەمەندەفەرەکە ڕاوەستا، دیتی خەڵک دادەبەزین، بینی خەڵک سەردەکەوتن و بێجگە لەمانە و لەوانە، خەڵکی دیکەی بینی لە وێستگەکە ڕاوەستابوون، هەروەها کرێکاری کێڵگەکانی دیت و ئەوانەشی بینی کە بە ڕێگادا دەڕۆیشتن و بێگومان هەموویان خەڵکی ئەو شارۆچکەیەن. لەکاتێکدا قسەی لەگەڵ خۆی دەکرد، گوتی:

–ڕەنگە دایک و باوکم لەنێوان ئەوانەدابن کە من دەیانبینم... لەوانەیە دایکم ئەو ژنە بێت، کە خۆی پێچاوەتەوە و کارەکەرێکی بەدواوەیە، ئەو بێ عەبایەیە کە بەتەنیا سەفەر دەکات، یان ئەوەیانە کە بانگەواز بۆ میوەکەی دەکات!

لەوانەیە باوکم ئەو بەڕێزە بێت کە بە سواری ئەسپەکەی غارغارێن دەکات، یان ئەوەیان بێت کە زەوی دەکێڵێت، یان خاوەنی ئەو چایخانەیەی نزیک وێستگەکە بێت. هەموو ئەمانە ڕەنگە شیاوبن و لەوانەشە نە لەم شارۆچکەیە و نە لە هیچ شارۆچکەیەکی دیکە دایک و باوکم نەبێت، یان لەوانەیە لەژێر گڵ بن!

کە نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک، هەناسەیەکی دایەوە و هەناسەی

هەڵکێشا. شەمەندەفەرەکە شووتی لێدا بۆ ڕۆیشتن، شووتی شەمەندەفەرەکە بەسەر هەناسە هەڵکێشان و هەناسەدانەوەیدا زاڵبوو و لە پشتییەوە کەس گوێی لێ نەبوو.

هەروا چاوی بە هەڵواسراویی بە وڵاتێکەوە مایەوە کە نەیگرتە خۆی و خۆی لێ نەبان کرد و شەمەندەفەرەکەش زەوی دەپێچایەوە تا دارخورماکان لەبەر هەردوو چاوی ون بوون.

# بەشی چوارەم

## لە نەخۆشخانەی (س)ی... حکومەتی.

(١)

ئەمە شاری ئەسکەندەرییەیە...

شەمەندەفەرەکە لێرەدا ڕاوەستا، لە تانکەرەکەیەوە هەر هەڵمێکی پێبوو، دەریدایە دەرەوە، هەروەک بڵێی ئەمە دوایین هەناسەی بێت، دوای ئەوەی ئەو قۆناغە دوورو درێژەی بڕیبوو.

کەلوپەل لە پەنجەرە و دەرگاکانەوە بەدەستی سەفەرکەر و کۆڵهەڵگرەکانەوە خزینە خوارێ و جانتایە گەورەکەی لەیلاش، کە هەر شتێکی لە دنیادا هەیبوو، لەناویدا بوو، تەنانەت پارچە قژە زێڕینەکەی دایکیشی، ئەویش خزییە خوارێ.

زۆر لەسەر سەکۆیەکە ڕانەوەستا، مەگەر ئەوەندە نەبێت تا جانتاکەی هەڵگرت، چونکە خۆ ئەو بە سڵاو و وەڵامدانەوەی کەس خەریک نەبوو. دوای ئەوە چووە دەرەوەی شوورەی وێستگە و لەوێ لە کۆڵهەڵگرێکی پرسی کە نزیکترین ئوتێل لەکوێیە، بۆئەوەی لێی دابەزێت و داوای یارمەتی لە یەکێکی دیکە کرد تا بیگەیەنێت و پیشانی بدات.

شەوێکی بە نیگەرانی و لەخۆ ئەمین نەبووی لەو ئوتێلە بردەسەر، چونکە ژینگەیەک بوو کە ئەو لە شوێنێکی هاوشێوەی ئەوێ ڕانەهاتبوو، ڕۆژ بووەوە و هەناسەیەکی خۆشیی هەڵکێشا و ئەو بەرچاییەی بۆی دانرا، خواردی و لە پلیکانەکان هاتە خوارێ تا بچێتە نەخۆشخانە.

لە ڕێگاکە دادەبەزی، تووشی هیچ یەکێک لە شاگردەکانی ئۆتێل نەهات، هەروەها لە هۆڵەکەش کە دەچووە دەرێ، بۆئەوەی لێی بپرسێت چ ڕێگایەک بگرێت بۆ نەخۆشخانەی (س)... بەڵام دوو پیاو لە نزیک دەرگا ڕاوەستابوون، زانی کە یەکێکیان خاوەنی ئۆتێلەکەیە، بۆیە بەلایەوە زەحمەت نەبوو کە لێی بپرسێت:

-گەورەم ڕۆژباش.

-ڕۆژباش خانم.

-من لە ژووری ژمارە... دابەزیبووم و دەمەوێت بزانم چ ڕێگایەک بگرم بۆ نەخۆشخانەی (س)... چونکە دەمەوێت بچمە ئەوێ.

خاوەنی ئۆتێلەکە تەماشایەکی ئەو لاوەی کرد کە لەلایەوە بوو و بزەیەکی بۆ کرد و بەچپە گوتی:

-ڕێککەوتێکی سەیر.

ئینجا ئاوڕی بۆ لای لەیلا دایەوە دەستی کرد بە ڕاڤەکردنی نیشانەکانی ڕێگاکە و لەیلاش ڕاوەستابوو و هەموو ئازایەکی لەشی گوێ بوو، کە لێبووەوە، سوپاسی کرد و هەنگاوی ڕۆیشتنی نا، بەڵام لاوەکە ڕایگرت و گوتی:

-خانمەکە بیرمان نەبوو شتێکت پێ بڵێین... وا پێدەچێت تۆ لە ئەسکەندەرییە نامۆ بیت و من هەر دەچم بۆ ئەو نەخۆشخانەیە و ئەمەش ئۆتۆمبێلەکەمە، دەفەرمووی لەگەڵ من بێی بۆ ئەوێ؟

قسەکەی بە ئەدەبانە و بەریئانە بوو، بەڵام لەیلا پۆزشی بۆ هێنایەوە:

-ترام بۆ سواریی هەرزانە... سوپاست دەکەم.

ئیدی ڕۆیشت و ئەو دووانـەی ڕاوەستابوون چاویان لە یەکتر کرد.

خاوەنی ئۆتێلەکە گوتی:

-هێشتاش کچی وشک و کۆنەپارێز هەر ماون! نەدەبووایە دەست بە ڕووتەوە بنێت و ئەو پیاوەتییەت ڕەت بکاتەوە.

ترام شەقامەکانی ئەسکەندەرییەی شەق کرد، ئەو شارەی کە کەس ئەوی تێدا ناناسێت و دڵخۆش بوو بەوەی کە کەسێکی نەناسراوە، ئینجا دابەزی و چوو بۆ نەخۆشخانە و لەوێ کارە تازەکەی وەرگرت و هەر لەوێشەوە زەمانە دەستی کرد بە خەتکێشان لە لاپەڕە تازەکانی لەیلا.

کاربەدەستان لەوێ زانییان کە پێشینەیەکی لە خزمەتگوزاریی نەشتەرگەرییدا هەیە، بۆیە بردیان بۆ بەشی نەشتەرگەریی. لێرەدا ئەوانەی بینی کە حکومەت کرێی چارەسەرییان بۆ دەدات، دوای ئـەوەی ئەوانەی دیبوو کە خۆیان کرێی چارەسەری خۆیان دەدەن، هەستی کرد کە جیاوازییەکە زۆرە، هەرچەندە ئەرکەکەی لێرە گرانتر و قورستر دەبێت، بەڵام دڵە گەورەکەی فراوانتر بوو و جێگای هەموو ئازارداران، بەو زۆریەیان، تێدا بووەوە.

یەکەم ڕۆژ تێنەپەڕیبوو کە لەیلا لە یەکێک لە قاوشەکانی بەشی نەشتەرگەریی لەنێوان هاوڕێکانیدا ڕاوەستابوو و کاتێک کە بایەخ پێدانیان لێ دەرکەوت، بەرامبەر ئەو فریشتەیەی لە باشوورەوە باڵی گرتبوو بەرەو باکوور تا لەنێوان ئەواندا نیشتووەتەوە، بەمەش جوانییەکی هێمنی کامڵی قورس و گران لە نەخۆشخانە درەوشایەوە.

سوعاد دەستی کرد بە پرسیارکردن لێی، هەروەکو خەڵکی دەیکەن لەبارەی کارکردنی پێشووی و نیشتمان و پەروەردەبوونی. لەیلا دەبووایە بە هێمنی و ساکاریی وەڵام بداتەوە، هەروەکو چۆن یەکێک بێ ساختەکاریی وەڵام دەداتەوە. چیرۆکێکی ئاسانی بەردەستی بۆ داڕشتن.

ئەو بەهەتیویی لە قاهیرە لەدایکبووە و دایکی باڵی بەسەردا کێشاوە و لەو پارە کەمەی باوکی بۆی بەجێهێشتوون بۆ پێ خوێندنی لێی خەرج کرد، دوای ئەوە دکتۆر (ک)ی... خاوەنی نەخۆشخانەی تایبەتی نەشتەرگەریی لە قاهیرە بردییە لای خۆی، کاری پێ کرد بۆ ماوەی چوار ساڵ ئوسووڵی دەرمانکردن فێر بوو، بەڵام بوون و مانەوەی لەوێ لەگەڵ دکتۆر، لای ئەو دەستەبەرێکی تەواو نەبوو، بۆیە پیاوچاکێک لەوانەی کە دەیناسین یارمەتی دا بۆئەوەی لە نەخۆشخانەی حکومەتی کار بکات. دایکیشی هێشتا بەتەنیا لە قاهیرە دەژی و چاوەڕوانی هەلێک دەکات کە کچەکەی تێدا بگوێزرێتەوە بۆ

قاهیرە بۆ باوەشی دایکی.

سوعاد گوتی:

-لەیلا، بەڵام شتێکی سەیر وادیارە لە کارەکەی تۆدا هەیە... و کەمێک بێدەنگ بوو. لەیلا دڵی داخورپا و وایزانی کە سوعاد پەی بە ژیانی ئەو بردووە، بەڵام ئەو دڵەخورپەیەی نەما کاتێک سوعاد قسەکەی تەواو کرد و گوتی:

-بریا بمزانیبایە بۆچی چاوی خوازبێنیکەران لە عاستی تۆدا کوێر بووە؟

-هێشتا گەنجێتیم زۆری بە بەرەوە ماوە.

-بەڵام وەک بۆم دەردەکەوێت بیستساڵیت تێپەڕاندووە و نەدەبووایە ئەو هەموو ماوە دوورودرێژە چاو لەتۆ بێئاگا بوونایە... پێگەییینت خۆی لەخۆیەوە هاوار دەکات!

-باکم پێی نییە، ئەگەر چلیش تێ بپەڕێنم، بەڵام بەڕاستی من تەمەنم حەڤدە ساڵە.

هەموویان چاویان کردەوە و پێکەنین و یەکێکیان گوتی:

-پێویست بە چەند و چۆن ناکات... تۆ پێت وایە دەبێت بڕوانامەی لەدایکبوونی پێبێت؟

ئینجا سوعاد بە دەنگێکی نزم گوتی:

-هەمووتان بێدەنگ بن... ئەو وا دێت... دکتۆر جەمال.

ئیدی هەر کچە و چووە شوێنێک.

لەکاتێکدا لەیلا ڕاوەستابوو، ئەو خەریکبوو لێی نزیک

دەبووەوە، تارمایی لاوێکی بزاوت و خێرای سووک ڕەوت، لەش لاوازی نە کورت، نە درێژی، دەموچاو ئەسمەری درێژکۆلە، چاوبچووکی چاوتیژ، هەر کە دەوری هەنگاوێکی مابوو پێی بگات، سەیرێکی کرد و سڵاوی لێ کرد. کە دەموچاوی بەرزکردەوە پێشتر ڕووی لەو نەبوو، دەمی دابچڕی "چەند سەیرە، دکتۆر جەمال ئەو لاوەیە کە لەگەڵ خاوەنی ئوتێلەکە بوو و داوای لێ کرد کە لەگەڵی سواری ئۆتۆمبێلەکەی بێت". بە کەمێک واقوڕماویی و شڵەژانەوە وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە، بەڵام بۆئەوەی ئەو شڵەژاوییەی دایگرتبوو، بڕەوێنێتەوە بە بزەیەکەوە گوتی:

–ئەوەی بە ترام هات پەرستاری نەخۆشخانەی (س)...ە، من ئەوەم نەدەزانی.

–ئەڵبەت گەورەم دکتۆر تۆ خۆت دەزانیت، پەرستاران بۆیان نییە بە ئۆتۆمبێل بێن.

لەکاتێکدا کە سەری داخستبوو، تروسکایی بزەیەک پرشنگی دا.

دکتۆر گوتی:

ئەوەی بە ترام هات ناوی چییە؟

–پێی دەڵێن لەیلا.

قسەکە ئەوی سەرسام کرد و ئەو جوانییەی نێو جلە سپییەکانیش ئاوی چاوی برد، بۆیە بە گاڵتەکردنێکەوە، لە

پرسیارکردن بەردەوام بوو:

-لەیلای نەخۆش؟

-نەخێر پەرستار.

-لەیلا پێش ئێستا لەکوێ بوویت؟ بێگومان پرسیاری ئەو شوێنەت لێ ناکەم کە لێی دەنووستی.

-پێش ئــەوەی لــە ئوتێل دابــەزم، پەرســتار بــووم لە نەخۆشخانەی دکتۆر (ک)... لە قاهیرە.

-مادامەکی قوتابی یەکێکی وەک دکتۆر (ک)... بوویت، دەبێت لێهاتوو بیت.

-سوپاست دەکەم... من شایەنی ئەو ستایشە نیم.

ئینجا بەرەو لای کارەکەی خۆی ڕۆیشت، سوعاد لێیانەوە نزیک بوو و بەشێکی قسەکانی گوێ لێبوو، سەری لەو دیدارە سەیر و ئەو بایەخەی دکتۆر بەو تازە هاتووەی دا، سوڕما و دڵی ئێشا و پێی ناخۆش بوو، چونکە لە دڵی خۆیدا شتێکی وەک نیمچە خۆشەویستییەکی بەرامبەر بە دکتۆر هەبوو، ئەویش بەسۆزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد و هەندێک جاریش کەمێک بایەخی بەو مامەڵە و هەڵسوکەوتە دەدا، ئەوەی لەنێوانیاندا بوو، تەنیا ئەوەندە بوو لەوە زیاتر هیچی دیکە نەبوو.

ئینجا بەلای سوعاددا تێپەڕی و سڵاوی لێ کرد و هەندێک فەرمانی پێدا و ڕۆیشت، سوعادیش دەستبەجێ هاتەوە بۆ لای

لەیلا تا لەبارەی بابەتی قسەکانەوە پرسیاری لێ بکات. ئینجا گوتی:

تۆ مایەی ئیرەیی پێبردنی... چونکە ئەو قسە لەگەڵ کەس ناکات... بەڵام ئەوەتا لە یەکەم ڕۆژەوە قسەی لەگەڵ تۆ کرد!

ئەمە لەنێوان دوو کچەکەدا سەرەتایەکی باش نەبوو.

لەیلا ئەوەندە بایەخی نەدا بەو دکتۆرەی کە ڕووداوەکان لە یەکەم سەر لەبەیانییەک کە ئەوی لە ئەسکەندەرییە بینی، نێوان ئەم و ئەوی بەیەک بەستەوە. لەیلا قسەکەی ئەوی بە هیچ بیرۆکەیەک نەبەستەوە و هیچ ئەنجامێکیشی لەسەر ئەو پێشەکییە بنیات نەنا، چونکە ئەو بیر لەوە ناکاتەوە کە مێرد بە یەکێکی وەکو ئەو بکات و باوەڕیش ناکات ئەو دکتۆرە بیر لە یەکێکی وەکو ئەم بکاتەوە، خۆ ئەگەر تەنیا خۆی بیر لە شووکردنیش بکاتەوە، ئەوا ئەم وایدەبینێت کە شتێکە دەشێت ڕووبدات و ئەگەری ئەوە هەیە، بەڵام تۆ بڵێی ئەو مێردەی دەبێت کێ بێت و چۆنیش لێی دێتە پێشێ و لەسەر چ بنچینەیەکیش ڕێک دەکەون؟ ئەو بە شووکردنێک قایل نابێت، تەنیا مەگەر بە خوازبێنییەکی ئاسایی بێت وەک ئەوەی بەزۆری ماڵی لەسەر بنیات دەنرێت، بەڵام ئەگەر بە خۆشەویستی پێکبێت، ئەوە نا، چونکە یاریی بە پشکۆیەک ناکات کە گەلێک دەستی شێواندووە و سووتاندوونی، بەڵام یەکەم شووکردن چۆن ڕوودەدات؟ بۆ ئەوێک کە ئەو مەسەلەیە لە مێشکی خۆی بەولاوە، لە مێشکی

کەسی دیکەدا ناخولێتەوە، نە باوک، نە دایک، نە هیچ کەس کە ئەرکی بنیاتنانی ماڵێکی لەکۆڵ کاتەوە، بۆیە دەبێت بە دەستی خۆی قوڕی سواغەکە هەڵگرێت. لێرەشدا دەکەوێتە نێو کارێکی لە کردن نەهاتوو و ڕووە و شتێک دەچێت کە بەدرێژایی ڕۆژانی گەنجی لە لەیلا دوورکەوتۆتەوە، کەواتە چار نییە، ئەو بەلەمێکە لەسەر شەپۆلی دوور.

بەڵام قەدەر یەک لەدوای یەک بەردی لەسەر یەک دادەنا، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات کە بینایەکە هەڵدەستێ و بەرز دەبێتەوە، ئەوەتا بایەخی دکتۆر پێی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە زیادییە. ئاخر کارەکە وای دەخواست کە لە یەک جێگا پێکەوەبن و بەکەمی لێک دابڕێن... حەزی نەدەکرد لەو بەولاوە بانگی یەکێکی دیکە بکات، یان جگە لەو، بۆ شتێک ڕوو لە کەسی دیکە بنێت و ئەو هەمیشە بەلایەوە بوو لەکاتی نەشتەرگەرییدا و لە سووکدەستی و وردەکاریی و دڵسۆزیی بەولاوە، هیچی دیکەی لێ بەدی نەدەکرد، دکتۆر لە دڵی خۆیدا پێی وابوو کە حەز بە کارەکەی ئەو دەکات و نەیدەزانی کە ئەو لەیلا خۆی خۆشویستووە، بەڵام لەیلا حەزی بە یەک شتی ئەو دەکرد... سۆزە بەرفراوانەکەی و بایەخپێدانە زۆرەکەی ئەوی پێ خۆش بوو.

کاروبارەکە بەدرێژایی شەش مانگ ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕێڕەوە هێمنەکەی خۆی پەلەی نەکرد، نە دکتۆر هەستی کرد

و نە لەیلاش هەستی بەوەکرد کە شتێکی بەدەر لەوەی باوە لە ژیانی ئـەودا دەگوزەرێت و خۆشـەویستی لە دەوری خۆ ماتکردندادا بوو. سـەرلەبەیانیان دیدارێکی زەردەخەناویی و سڵاوێکی بەئەدەبی ناسک و لە کاریشدا، کارکردنی جددی کە زبریی جددیبوونی تێدا نییە و لێبووردەیی و ئاسانکاریی، ئینجا قسـەی ئاسایی ڕەها کە هەردووکیان و ئەو خەڵکەی لەگەڵیانن، بەشداری تێدا دەکـەن و هیچ یەکێک لەوانە هەلی ئـەوەی بۆ نەڕەخساوە کە قسـەیەک لەبارەی پەیوەندیی نێوانیان بکات، تەنیا مەگەر سوعادی لێ هەڵبوێرین، چونکە ئەو کڵۆڵە ئاگری گرتبوو، بەڵام نەشیدەتوانی قسە بکات.

(٢)

قەدەر ویستی بیناکە بەرزبکاتەوە، بۆیە لە دیدارێکدا کە هیچیان مەبەستیان نەبوو، کۆیکردنەوە. ئەمە لە ڕۆژ لە زەردانی ئێوارەیەک بوو کە دانیشتووانی شار پەنایان بۆ دەریا بردبوو، بۆئەوەی لەوێ خەمی دەروون و ئازاری ژیان فڕێدەن و لە کۆڵ خۆیانی بکەنەوە.

لەوێ سروشتەکان لێک جیابوون و هەریەکە ئەوەی دەکرد کە پێی وابوو ڕێگایەکە بۆ سووککردنی بارگرانییەکەی، یان پەردەلادان لەسەر ناخۆشییەکانی، ئەوەتا ئەو پیاوە بەتەنیا خۆی دەڕوات و ئەو ژنەش هەر بەتەنیا دەڕوات، ئەوەیان لەنێو ئاودا مەلە دەکات، ئەوەشیان لەسەر لم ڕاکشاوە و ئەوەتا قاقای پێکەنین لە دەمی کۆمەڵێک کە دۆستایەتی هۆگری یەکتری کردوون، بەرگوێ دەکەوێت. یان ئەوەتا دوو دڵدار بە چپە قسە دەکەن و هەنگاو هەڵدەگرن لەسەر ڕێگا، بۆئەوەی بۆ شوێنێکی هێمنتر ڕابکەن. یان دەبینیت پیاوێک خەیاڵ بردوویەتییەوە و نە هەوای ئەو ئێوارە وەختانە و نە ئاوی دەریا، نەیتوانیوە بکەونە نێوان ئەو و خەمەکانی و– لە هەموو ئەمانەدا وێنەی دنیایەک پێکهاتووە، کە چاو دەیبینێت و بیر هەستی پێ دەکات بێ گەشتوگوزار و بێ سەفەر.

بەڵام کاری لەیلا لەسەر کەناری دەریا جیابوو لەو کاروبارانەی کە باسمان کردن، ئەو بەتەنیا ڕاوەستابوو، بە

هەموو هەستێک کە هەیبوو ڕووی لە گەردوون کردبوو و جگە لەو، هەستی بە هیچ شتێکی دیکە نەدەکرد, چاوی بڕیبووە شینیی ئاسمان و خەیاڵی لەسەر ئەو ڕووە بەربڵاوە مەلەی دەکرد، بۆئەوەی ئەو خەیاڵە تەنیا بۆ ئەو ڕووە بەربڵاوە بێت، هەروەک لەیلا کە ئەویش لەسەر زەویدا تەنیایە، ئەگەر بتدیبایە دڵنیا دەبوویت کە ئەو پەیکەری یەکێکە کە شێتی دەریایە و ئەگەر ئەو شنەیە نەبایە، کە یاریی بە کراسە سپییەکەی دەکرد و خێراش قژە زێڕینەکەی بۆ دواوە دەبرد... بەڕاستی خەڵقندەیەکی مەزن بوو لە خەڵقندەیەکی مەزنی دەڕوانی!

دەنگی پێ کە لە دوایەوە وەستا، لەو بێدەنگی و تەنیاییەی دەرهێنا، بۆیە بەترسەوە ئاوڕی دایەوە، چونکە ئەو بە ئەنقەست لە شوێنی قەرەباڵغی دوورکەوتبووەوە، کەچی دیتی دکتۆر جەمال لە دواوەیەتی و ڕێککەوتی دووەمیش کۆی کردنەوە. سڵاوی لێ کرد و بە ڕوویەکی خۆش و بە بزەوە گوتی:

–ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟ وەڵامێکی ڕاستم بدەوە.

–بیر لە دەریا دەکەمەوە.

پێکەنین دایگرت.

–بیر لە دەریا دەکرێتەوە؟ کە منداڵ بووین شتێکیان پێ خوێندینەوە:

فەیلەسووفێک بە هەموو بیرێکی خۆی ڕووی کردە ئاسمان و پشتی کردە زەوی، لەکاتێکدا کە هەر ڕووی لە ئاسمان بوو

و دەڕۆیشت، کەوتە بیریکەوە، ئەمەش هۆیەک بوو بۆئەوەی فەلسەفەی لە ئاسمان دابەزێنرێتە سەر زەوی... لەیلا، تۆ بڵێی تۆش بتەوێت جێی ئەو فەیلەسووفە بگریتەوە و فەلسەفە لە وشکانییەوە بگوێزیتەوە بۆ ناو ئاو، لەکاتێکدا ئێمە لە گیروگرفتی وشکانی نەبووینەتەوە؟

قسەکەی بەدڵ بوو و بزەیەکی هاتێ:

-گەورەم دکتۆر، شتەکە بەتەواوەتی بەو شێوەیە نییە، بەڵکو ویستم بیرم لە پانتاییەک بخەمە ڕوو کە بیری تێدا نییە، بۆئەوەی لەگەڵ بیری خەڵک نەکەوێتە مەلە، هەربۆیەش بیرم لە دەریا کردەوە.

-لەیلا تۆ کچێکی سەیری و بەهەڵەدا نەچووم کە بە فەیلەسووفم داناویت. کەواتە چۆنت بیردەکردەوە؟

-بۆ نموونە دەمگوت: لەژێر ئەم ئاوەش بەختیاریی و بەدبەختی هەیە، هەروەک لەسەر ئەم زەوییە بەختیاریی و بەدبەختی هەیە! یان ئەو دووانە (بەختیاریی و بەدبەختی) هەر بەو کەسانە براون کە لەسەر پشتی شتێک دەژین. وەک ئێمە لەسەر ڕووی زەوی بەدبەختین و ئەگەر لەنێو زگی زەویدا نێژراین، ئەوا دەحەسێینەوە؟ دەڵێم ئایا ماسی و شتی دیکە ئەوانیش بەدبەخت دەبن و بەختیار دەبن، هەروەک چۆن ئادەمیزاد بەختیار و بەدبەخت دەبێت؟ خۆ ئەگەر ئەوانەی لەنێو ئاودان و لەوێ دەژین. نە بەختیاربن نە بەدبەخت، ئەی واباشتر

نییە ئـەوەی لەسەر زەوی دەژی هیواخوازی ئـەوە بێت بۆ خۆی کە لەنێو ئەو مەلەوانگانەدا بژی و حەز بەو ژیانە بکات، مادامەکی ئێمە لەو بەختیارییە ڕەهایە بێبەش بووین و هەندێک جار بەدبەختی ڕەهامان وەک شمشێر بەسەردا هەڵبکێشرێت و مادامەکی تاکەکەسێک لەسەر زەوی نابینین، بڵێت: "من بەهەموو داب و عورفێک نە بەدبەختم و نە بەختیار". بەڵکو دیومانە دەڵێت: "من ئەمڕۆ بەختیارم، یان من ئەمڕۆ بەدبەختم".

جەنابی دکتۆر، من لە دڵی خۆمدا ئەمەم دەگـوت، بۆیە دەپرسم تۆ سەیرانێکی دیکەی چاکتر لەم سەیرانەت پێ شک دێت؟

–مێشکت بە بەدواداچوونی واتاکان ماندوو کـردووم... تۆ مێشکت لەو نەشتەرانە تیژترە کە هەموو ڕۆژێک میکرۆبکوژ (تعقیم)یان دەکەیت! دوای ئەمە، لەیلا ئەمە بۆتۆ گەلێک زۆرە و لەپڕ لەگەڵ کەسێتییەکی سەیر بەرەو ڕووت کردمەوە و... پێم وایە تۆ کەسەرێک لە ناخی خۆت هەڵدەگریت و ناشزانم مافی ئەوەم هەیە کە لێتی بپرسم، یان لەو تەنیاییەدا بتهێڵمەوە، کە ئەو گەنجی و جوانییەت دەسووتێنێت، هەروەکو چۆن خۆری بیابان دەکەوێتە سەر ڕووەکێکی بە سێبەری بیابان و دەیسووتێنێت.

ئـازار و واق وڕمانێک لەسەر دەمـوچـاوی دەرکـەوت و دڵیشی دەستی کرد بە لێدانێکی سەیر، کە خۆشەویستی و سۆز و پەرۆشیی لێ دەچۆڕا، لە هەردوو چاوە وردەکانیشی نیگای

چاوێکی نەترووکاوی تێگرت، لەیلاش بە دوو چاوە گەورەکانی تێیەوە ڕاما و شەرمیش هەردوو کوڵمی سوور هەڵگەڕاند، وەک ئەوەی پەشیمان بێت لەو قسانەی کردوونی... دوای ئەوە دکتۆر بە دەنگێکی هێوری کپی نزم، کە دڵنەرمیی خستبوویە لەرزە، ئەو بێدەنگییەی بڕی کاتێک هاتە لایەوە و گوتی:

-لەیلا... بە برام قبووڵ دەکەیت؟

بەڵام شەپۆلی دەریا کە بە نەرمی و لەسەرخۆوە بەرەو کەنار دەهات بە گوێی لەیلایدا چپاند: "وریابە لە باوەڕکردن، چونکە سروشت پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە تۆ هیچ کەسێکت نەبێت و بێکەس بیت"!

بۆیە بە دەنگێکی نزم گوتی:

-گەورەم... سوپاس بۆتۆ... ئەوەت لەبیر بێت کە تۆ قسە لەگەڵ یەکێک دەکەیت کە لە خۆت بەرەوژێرترە و ئەوەشت بیرنەچێت کە من پەرستارم و تۆش پزیشک. تکاشم وایە گەورەم ئەم قسەیەی من ئازارت نەدات و خۆ ئەگەر سووریش بیت لەسەر ئەوەی کە سەرگوزشتەی من بزانیت، ئەوا ئەو سەرگوزشتەیەت بۆ باس دەکەم، چونکە نهێنی نییە:

من تەمەنم دوو ساڵ بوو کە باوکم مردووە و دایکم سەرپەرشتی کردووم بەو پارە کەمەی کە باوکم بۆی بەجێهێشتووین و ئیدی دایکم بۆ من ژیا و بەپێی توانا فێری کردم کاتێک ئێمە لە قاهیرە بووین. دوای ئەوە پەرستار بووم

له نەخۆشخانەکەی دکتۆر (ک)... و لەویشەوە هاتووم بۆ ئێرە. دایکیشم هێشتا لەوێ دەژی وەک هەموو ئەو هەزارانەی دەژین و لە لادێش خزممان هەیە کە نان پەیداکردن وای لێکردوون نەپەرژێنە سەر کەسوکاریان و لەبەر کاروباری خۆیان ئاگایان لە کاروباری ئێمە نەماوە، ئێمە وەک خۆت دەیبینیت بەتەنیا دەژین و شیری دایکێکم خواردووە، کە بنچینەی گۆشەگیریی و حەز بە تەنیاییکردنی پێ مژیوم، من لەنێوان خەڵکیدا لەو وێنە دەنگدەرانەم کە لەسەر شریتی سینەمادا هەڵبەز و دابەزیانە و من هەموو کاروبارێکی ئەوان دەبینم، بەڵام هیچ ئاگایەکیان لە کاروباری من نییە. ئەمە ئەو لەیلایەیە کە تۆ دەتەوێت ببیت بە برای.

گوتی:

–باشە، بۆ تۆ لە ئەسکەندەرییە دەژیت و دایکیشت لە قاهیرە، کە هیچ بەرژەوەندییەکی لەوێ نییە؟

–ئەو چاوەڕوانی گوێزانەوەی منە بۆ ئەوێ.

–ئەی بۆ ئەو نایە بۆ لای تۆ، خۆ هەردوو کارەکە وەکو یەکن.

بیری کردەوە کە درۆ و فڕوفێڵ بۆ ژیان پێویستن و ناشبێت ئادەمیزاد هەمیشە ڕاستگۆ بێت لەوەی دەیڵێت، بۆیە وازی هێنا کە مێژوو خۆی، خۆی دووبارە بکاتەوە و گوتی:

–ڕەنگە ئەمە نزیک بێت و باشتریش بێت؛ هەموو وڵاتێکی دونیا لای ئێمە وەکو یەک وان.

لێرەدا شوێنەواری ڕۆژ لە ئاسۆی خۆرئاوا نەما و نیشانەی ڕۆژ لە زەردان سڕایەوە و ئاو تاریکیی بەسەردا هات و ڕووناکی چراکان کە شەپۆلی ئاو دەیشکاندنەوە، کەوتە هەڵبەز و دابەز و سەماکردن. لەیلا سەیرێکی دەورووپشتی خۆی کرد و گوتی:

–دەبێت بگەڕێمەوە.

ئیدی ڕۆیشت و دکتۆریش لە تەنیشتییەوە. ئەم بێدەنگ بوو و ئەویش هەر بێدەنگ، دەتگوت هەردووکیان بەو قسانەدا دەچنەوە کە کردوویانن، لەیلا ڕووی لە دەریا بوو و ئەویش ڕووی لە لایەکەی دیکە بوو، شنەبا بە چالاکیی هەڵیکرد و هەندێک تاڵەمووی قژە درێژەکەی خستە سەر شانی ئەو و کەمێک لێی دوورکەوتەوە و بێدەنگ بەردەوامییان بە ڕۆیشتن دا. ئەگەر تۆ تەماشات بکردبانایە، لەیلا سەری بۆ ئاسمان بەرزکردبووەوە و ئەویش سەری داخستبوو، لەیلا ڕووخسار کپ و ئەویش هەروەها کپ، ئەو قسەی نەدەکرد، هەروەها ئەمیش بێدەنگ بوو قسەی نەدەکرد، هەروەک ئەوەی لە قەراغی دەریا گوێ لە دەنگی پێی خۆیان بگرن– دڵنیا دەبوویت لەوەی کە ئەوانە دوو دڵدارن و لێک تۆراون، یان لە گلەیی و گازاندە بوونەتەوە، بەڵام نەگەیشتوونەتە ڕادەی ئاشتبوونەوە!

هێزێکی شاراوەی نادیار ئەو دوو دەروونەی پێکەوەبەستووە و ئەوان هەستیان پێ نەکردووە و وایان زانیوە کە ئەمەش

شێوەیەکە لە شێوەکانی گەورەیی، لەکاتێکدا ئەمە مەبەستی ئەوینێکی نەرمونیان بوو. هەریەکەیان خزابووە بوونی ئەوی دیکە و ئەگەر بوونەوەرێک بخزێتە نێو بوونی بوونەوەرێکی دیکە، ئەوا هەموو هەست و نەستی دادەگرێت. دکتۆر قسەی کرد:

-بێگومان، لەیلا، سواری ترام دەبیت.

-بۆماڵەوە ... ئەی تۆ؟

-من ژووانێکم (مەوعدێکم) هەیە.

-بەهیوای بەختێکی باشم بۆت، خوات لەگەڵ.

-خوات لەگەڵ (نەرمییەکی وەک نەرمیی شنەبا لە قسەکانیدا گەڕا). بیرم چوو شتێکت پێ بڵێم... من بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە نەخۆشخانە نابم، چونکە سەفەر دەکەم بۆ شارەکەی خۆم و تا چاوێکم بە باوکم بکەوێت؛ چونکە لەمێژە نەمدیوە.

-دکتۆری گەورەم، شارەکەی تۆ لە کوێیە؟

-نزیک جیزە.

-کەواتە بە قاهیرەدا تێپەڕ دەبیت... سڵاو لەو شارە چاکە بکە.

-ئەمڕۆ، سبەی حەز بە ئەسکەندەرییە دەکەیت.

-پێم گوتی: هەموو شار و وڵاتێک لای من وەکو یەکن.

-ئەی بۆ دڵت بۆ قاهیرە چوو؟

-چونکە نیمچە نیشتمانێکە!

دکتۆر پێکەنی.

-بۆ دووەم جار خوات لەگەڵ.

-گەورەم خوات لەگەڵ.

ئینجا ڕۆیشت و هیچ ئاوڕێکی نەدایەوە.

ڕۆژ بووەوە و چوو بۆ نەخۆشخانە، بەڵام دکتۆر جەمال لەوێ نەبوو، وای هەست کرد کە کەسێک دیار نییە و لەوە دوورتر نەڕۆیشت، چوار ڕۆژەکە تێپەڕین و بۆ ڕۆژی پێنجەم خۆی بینی هەنگاوی خێرا هەڵدەهێنێ لە ڕێگادا بۆ نەخۆشخانە و وای هەستکرد کە ئەمڕۆ بەختیارترە، یان ئەگەر هیچ نەبێت ئاسوودەترە... تۆ بڵێی ئەمە بۆچی بێت.

وازی لە خۆی هێنا بیربکاتەوە و بەبیر گەڕایەوە بۆ دواوە و ڕێی بە هەردوو پێی خۆی دا بڕۆن و دەرکی بە شتێکی تازە کرد. هەموو ئێوارەیەک لەو ئێوارانەی کە دکتۆر لەوێ نەبوو، دەچووە نێو جێگەکەیەوە بەشێوەیەکی میکانیکی مێشکی دەستی دەکرد بە ژماردن: یەک... دوو... سێ... چوار. لەکاتێکدا پێش ئەوە نەیدەزانی ڕۆژ بژمێرێت.

لەناکاو ڕاوەستا هەروەک ئەوەی بەسەر چاڵێکدا کەوتبێت. ئەیەڕۆ... ئەمە بۆچی، من بیر و خەیاڵم لای ئەوە و... دەترسم ئەمە ئەو شتە بێت کە پێی دەڵێن خۆشەویستی! خوایە لە هەموو شتێک کە دەیکەم یان دەیڵێم، ڕاستیم پێ ببەخشە، چونکە ئەوەی تۆ ڕابەری بێت، ڕێگا ون ناکات و ئەوەش کە

سەری لێ بشێوێت، هەر سەرلێشێوانی بۆ دەمێنێتەوە.

کە لەوێ چاویان بە یەکتر کەوت، بەبێدەنگی تێگەیشتن کە دووریی شتێکی ئاسوودەبەخش نەبوو. تۆقەیان لەگەڵ یەکتر کرد و بۆ ماوەیەکی نائاسایی دەستی لەنێو دەستی خۆیدا هێشتەوە. غەریزەی ژنانەی ئەوەی تێگەیاند کە دکتۆر خۆشی دەوێت، بۆیە شەرم و ترس و شڵەژان دایگرت و بەئەسپایی دەستی لەنێو لەپیدا دەرهێنا. ڕەورەوەی کارکردن کەوتە سووڕان و دکتۆر لە نەشتەرگەرییەکی مەترسیدار بۆوە و دوای ئەوە نەخۆشەکەیان بردە سەر شوێنەکەی خۆی، ئینجا دکتۆر چووە ژوورەکەی خۆی و سێ کەس کە یارمەتییان دەدا، دوایکەوتن: لەیلا و سوعاد و یەکێکی دیکەی سێیەمیان. سوعاد بە پێداهەڵدان و ماستاو ساردکردنەوە و ڕیاوە گوتی:

–گەورەم دکتۆر پیرۆزبابییت لێ دەکەم. بێگومان نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو بوو و دوای تەنیا یەک ڕۆژ دکتۆرەکان باسی گەورەیی تۆ دەکەن؛ چونکە تۆ دەستپێشخەرییت کرد بۆ ئەو نەشتەرگەرییە و دڵنیاش بووم لەوەی کە تۆ تێیدا سەرکەوتوو دەبیت.

–هیوام وایە وابێت، سوعاد بەهەرحاڵ ئەمەش نیشانەی ئاسوودەیی و حەساوەییمە، چونکە لە لادێ هاتوومەتەوە.

–خوا ئاگاداری لادێ بێت و ئاگاداری جوانیی سروشتی لادێ بێت! بێگومان دەبێت تۆ لەوێ سەیرانێکی خۆشت کردبێت.

جەمال ڕووی لە لەیلا کرد، ئینجا ڕووی قسەی لە هەمووان کرد و گوتی:

-ئینکاریی ئەوە ناکەم کە ئەو سەیرانە زۆر چاک بوو و هەتا ماوم کاریگەریی ئەو سەیرانە لەبیر ناکەم... لەیلا، تۆش ڕات وا نییە کە هەوای ئێواران خەم و کەسەران لە دڵدا دەڕفێنێ و ئاورنگی ئێواران دڵ و دەروونان لە خەم و خەفەت دەشواتەوە! ئەوە بۆ بێدەنگی و قسە ناکەیت؟

لەیلا زەردەیەکی هاتێ و ئاماژەی بۆ کرد کە هاوڕایەتی.

سێیەمیان قسەی کرد و بە گاڵتەپێکردن و ئینکارییەوە گوتی:

-لەیلا هەمیشە بێدەنگە!

لەیلا بە بزەیەکەوە وەڵامی دایەوە و گوتی:

-تۆش هەمیشە قسە دەکەیت... نیوەی بێدەنگیی من بخەرە سەر قسەکانی خۆت و نیوەی کەمجووڵەیی من بخەرە سەر جووڵە و بزێویی خۆت، ئەوا کچێکی مامناوەندیمان لێ پەیدا دەبێت.

دکتۆر جەمال گوتی:

-کێهەتان دەتوانێت حوکم بدات؟ ئایا ئەقڵی لەیلا لە زمانی کاریگەرترە، یان زمانی لە ئەقڵی کاریگەرترە؟

سوعاد گوتی:

-جارێ وتارێک، یان وتەیەکمان لێی دەوێت.

لەیلا گوتی:

-کەوابێت، ناتوانیت حوکم لەبارەی کێشەکەوە بدەیت... من نە وتاربێژم و نە نووسەریش.

سوعاد بە تەوسەوە گوتی:

-لەوانەیە سبەینێ ببیت بە وتاربێژ (مەبەستی "خطیبە"یە کە بەمانای وتاربێژ و دەزگیران دێت و لێرەدا مەبەستی دەزگیرانە).

بەم قسەیەی هەر قینێک لە دڵیدا بوو، دەریبڕی. دوای ئەوە لەیلا چووە دەر بۆ لای ئیشەکەی و دوای کەمێک دوو کچەکەش شوێنی کەوتن.

خۆری ئەو ڕۆژەش لە ڕۆژ لە زەردانێکی جوان بەرەو ئاوابوون چوو و کەناری دەریا وەک هەموو ڕۆژێکی دیکە مۆنجەی هات لە خەڵکی هەمەجۆر و لەیلاش هەر لەو شوێنەی کە پێی ڕاهاتبوو، ڕاوەستا، هەرگیزیش ئەوەی بە خەیاڵدا نەدەهات کە ئەو وتووێژەی پێشوو دووبارە دەبێتەوە، چونکە ڕێکەوت ئەگەر دووبارە بووەوە، ئەوا پێی ناوترێت ڕێکەوت.

چاوی دابووە دەریا و تاڵە مووەکان و دامێنی کراسەکەشی دابووە دەست شەماڵ و زێڕی خۆرئاوابوون تێکەڵ بە زێڕی قژ بوو و جوانییەکی زۆری نائاسایی بەو دەموچاوە بەخشی. ئەو سینگەش کشا تا هەوا هەڵمژێت، بۆیە بەرەوپێشەوە چوو و نیگای بڕیبووە لایەک و سەری نەدەجووڵاند، نەرمی و لووسی ئەو تەختی ڕوومەتە بە ڕوونترین شێوە دەرکەوت. ئەو مەبەستی ئەوە نەبوو ئەو جوانییە بخاتە ڕوو، بەڵکو سرووشت

ئەو خستنەڕووەی لە ئەستۆ گرت، هـەروەک چۆن گوڵ بە ڕەنگی جۆراوجۆر دەڕازێنێتەوە پێش ئەوەی چاویان پێ هەڵێ.

لەیلا دەنگێکی ئاشنای هاتە بەر گوێ، کە بەنەرمی و گاڵتەوە هاواری کرد:

–تۆ بڵێی ئەمڕۆ بیر لە چی بکەیتەوە؟ دیسان بیر لە دەریا دەکەیتەوە؟

بەترسێکی شیرینەوە ئاوڕی لێ دایەوە و بە دەنگێکی نزم گوتی:

–دیسان هاتی؟ من جگە لە دەریا بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکەمەوە.

کەمێک بێدەنگ بوو، ئینجا ئاماژەی بۆ قسەکەی سەرلەبەیانی کرد و گوتی:

–ئەی بیر لە وتار (دەزگیرانی) ناکەیتەوە؟

–من بەکەڵکی وتاربێژیی (دەزگیرانی) نایەم.

–ئەی کەسی دیکە لە تۆ بەولاوە هەیە کە لە تۆ بەکەڵکتر بێت؟ تۆ لەو کەسانەی کە هەموو مەرجێکت تێدایە.

–باوەڕناکەم وابێت، من خۆم لە هەموو کەسێک باشتر دەناسم.

لـێرەدا بـەهـەمـوو هەست و نەستێکی چـوو بـەلایـەوە و هەوایەکی دوورو درێژی هەڵمژی، هەر دەتگوت دەچێتە ژێر ئاوەوە و دەستێکی بە ئەوی دیکەدا دا بە یەکگرتوویی لە نزیک

سینگی هێشتنیەوە، دوای ئەوە گوتی:

-لەیلا گوێم لێ بگرە و گوێ بە هیچ شتێک مەدە. پرسیارێکت لێ دەکەم و بە هەموو ڕاشکاوییەک کە لە تۆدا هەیە وەڵامم بدەوە، بەڵام هۆی ڕوونکردنەوەی پرسیارەکەم لێ مەپرسە، چونکە لەو ئەنجامەی پێی دەگەیت، دەزانیت مەبەستم چییە و چیم دەوێت.

دڵی لەیلا بەخێرایی لێی دا و وای هات بە خەیاڵدا کە لە تاوێکی یەک لاییکەرەوەدایە لە ژیانیدا، تفی قووتدایەوە و گوتی:

-فەرموو چیت دەوێت بپرسە.

دەستی کرد بە پرسیارکردن و ئەویش بەخێرایی و ڕاشکاویی و ساکارانە وەڵامی دایەوە.

-من چەند ڕۆژ لە نەخۆشخانە دیار نەبووم؟

-چوار ڕۆژ.

دکتۆر پێکەنی.

-لە یەکەم وەڵامدا هەڵەت کرد... پێنج ڕۆژ بوو.

-نەخێر دکتۆر، شەممە، یەکشەممە، دووشەممە و سێشەممە... چوار ڕۆژە.

-لەیلا پێش ئێستا ژماردووتن؟

-بیرم نییە.

-کەواتە هەستت بەوە نەکردووە کە من دیار نەبووم.

-چۆن وایە؟ تۆ بۆشاییەک بەجێدەهێڵیت کە هەموو کەسێک هەستی پێ دەکات.

-بۆ نموونە هەروەک ئەو بۆشاییەی دکتۆر ڕوشدی جێی دەهێڵێت؟

لەیلا کەمێک بێدەنگ بوو.

-لەیلا بێدەنگ مەبە... لەپڕ وەڵامدەرەوە.

-هەردوو بۆشایی وەکو یەک نین.

-تۆ سەرکەوتوویت، هەست بە چ واتایەک دەکەیت بەرامبەر بە هەر بۆشاییەک لەو دووانە؟

-بڵێم چی؟... هەر دەبێت بیڵێم؟... پێم وابێت کە تۆ دیار نابیت، شتێک کە پێی ڕاهاتووم، نایبینم... هەست بەمە دەکەم.

-منیش بەدوای ئەمەدا دەگەڕێم، چونکە منیش لە لادێ هەستم بەهەمان شت کرد، کە تۆ لە ئەسکەندەرییە هەستت پێ کرد، هەریەک لە ئێمە هەستی بەوە کردووە کە شتێکی هۆگر پێگرتووی لێ دیار نییە!

-ئای کە مامۆستایەکی کارامەیت.

-ئای کە تۆش قوتابییەکی زیرەکیت، بەڵام قوتابییە خۆشەویستەکەم، لە مانای هۆگریی دەگەیت؟

بەشێوەیەکی تەحەددا قسەی کرد و قسەکەی بە لەسەرخۆیی و ڕوونی کرد، هەروەک ئەوەی بترسێت کە شتێکی لەبیر بچێت!

-بەڵێ دکتۆری گەورەم لە مانای هۆگریی دەگەم، گوێم لێ بگرە: هۆگریی واتایەکە کەس لەسەری گلەیی لێ ناکرێت و کەسیش لەسەری تووشی خەوزڕان نابێت و سەرئێشەی بۆ

دروست ناکات. هۆگریی شتێکی ئازاربەخش نییە و بەدڵەوە نانووسێت و دڵیش پێیەوە نانووسێت و چاو فرمێسکی بۆ ناڕێژێت. هۆگریی ئەمەیە وەک من هەستی پێ دەکەم و تێی دەگەم و لەوە زیاتر نییە؟

–خوایە، ئای لە تۆ لەیلا... لەبیرت چوو شتێکی دیکە بڵێیت: هۆگریی منداڵێکە پێدەگات و گەورە دەبێت و ئەگەر گەورەش بوو بە ناوێکی دیکە ناودەبرێت.

–دەتەوێت شتێکی تازەم پێ بڵێیت؟ دکتۆری گەورەم تێدەگەم مەبەستت چییە، تۆیەکی بەهێز و منێکی بێ توانا. لەوانەیە بۆ من و بۆ تۆش واباشتر بێت کە هەریەکەمان لە دوورەوە لە ئاسۆی ئەوی دیکە لە شەقەی باڵ بدات، چونکە تۆ خۆرهەڵاتی و من خۆرئاوا و خۆرهەڵات و خۆرئاوا بەیەک ناگەن.

–لەیلا ئەوە دەڵێیت چی؟ من وای بۆ دەچم کە تۆ دڵت داخرابێت.

–بەڵێ وایە وەک تۆ دەڵێیت.

–بەڵام ئایا لەسەر کەسێکت داخستووە؟

–بەڵێ.

بە ترس و بەپەلەوە گوتی:

–لەیلا لەسەر کێ... ڕاستگۆبە لەگەڵم.

–لەسەر لەیلا... تەنیا دڵم لەسەر خۆم داخستووە!

–خوا ڕابەرایەتیت بکات، وامزانی یەکێکت خۆش دەوێت.

–خوا بتبەخشێت، خۆ زراوت بردم.

–کەس زەندەقی لە ڕەزامەندیی و هێمنی و ئارامیی دەچێت؟

–ئەمە شتێکە ناتوانم وەڵام لەبارەیەوە بدەمەوە و حەزیش ناکەم تاقی بکەمەوە.

–خواست و بژارەی کەسی تێدا نییە... ئەو شەپۆلانە دەبینیت کە بەرەو کەنار دەڕۆن، پاڵنەرێک لە دەرەوەی خۆیان پاڵیان پێوە دەنێت؟ دڵیش هەروایە لەیلا لەبارەی هەموو ئەو شتانەی دەستبەرداریان دەبێت و ئەوانەش کە دەیانبات، بەڵام من پێویستم بەوە نییە ئەرک بخەمە سەرشانم و ئاسوودەییش لەوەدا نابینم ئەو ئەرکە بخەمە سەر شانی تۆ. تۆش وەکو خۆت دەڵێی دڵ داخراویی بەرامبەر بە خەڵکی و لە ئاسۆی خۆتدا دەژیت و وای بۆ دەچم کە تۆ بۆ تاکە سەعاتێکی ڕۆژەکەت بیر لە سبەینێت ناکەیتەوە و هەر دەڵێی لەگەڵ خۆر ئاوا دەبیت و لەگەڵ گزنگدا دەرناکەویتەوە، بەڵام من ناڵێم: خۆشم ویستووی تا نەترسی و زراوت نەچێت، چونکە تۆ وەکو بۆم دەردەکەوێت کۆیلەی بیرۆکەیەکی کۆنی– بەڵکو دەڵێم: تۆ پێویستییەکی لە ژیانی مندا و من لێت دێمە پێش و خوازبێنیت دەکەم، بەڵام لەو کەسانە نیم دڵیان هەڵگێڕ و وەرگێڕی کردبێت و یەکێکی خۆشویستبێت و وازی لێهێنابێت، یان خۆشیان ویستبێت و وازیان لێهێنابێت، چونکە ئەو شتەی کە زۆر ڕقم لێیەتی؛ ئەوەیە بەدوای یەکێکدا بگەڕێم ئەرکی دڵی خۆمم بۆ هەڵگرێت و ئاواتم لە ژیاندا ئەوە بووە کە ماڵەکەم لەسەر خۆشەویستی بنیات

نەنێم، هەروەک چۆن هەموو ماڵێکی دیکە بنیات دەنرێت، تا لە ژیانی ڕاستەقینەدا بەسەر ئەوەدا نەکەوم ئەوەی لە ژیانی خەیاڵدا وێنام دەکرد، لەدەستم چووە- ئەوە ئامانجم بوو، بەڵام قەدەر پاڵی پێوەنای بۆ سەر ڕێگەم و بینیم کە تۆ بۆ من پێویستی و بەختیارم دەکەیت و منیش تۆ بەختیار دەکەم، لەیلا، ڕازی دەبیت بەوەی دەیڵێم؟

-من تۆ بەختیار دەکەم؟ ئەمە بیرۆکەیەکە و پێم وایە بەردەوام نابێت و من خۆم بە شایەنی ئەو شەرەفە نابینم. دوای ئەوە تۆ وەک بۆم دەردەکەوێت کەوتوویتە ناو شتێکەوە کە پێی دەڵێن خۆشەویستی و خۆت نەتدەویست ماڵی لەسەر بنیات بنێیت. گەورەم، لە بازنەیەکی دیکەدا، بەدوای نیوەی دووەمتدا بگەڕێ و واز لەم نیوەیەی بەردەمت بێنە دنیا گێژی بدا و هەڵیسوڕێنێت، تا بە نیوەکەی دیکەی دەگات.

دکتۆر بێدەنگ بوو و کپییەک لەنێوانیاندا زاڵ بوو، کە سەرسامی دروستی کردبوو، چونکە وەڵامێک بوو کە ئەو چاوەڕوانی نەدەکرد، بەڵام لێی نزیکبووەوە و گوتی:

-لەیلا ناتوانم شتێکی دیکە زیاد بکەم بۆئەوەی گوتم، کە شتێکی ئاسایی بوو، بەڵام وەڵامەکەی نائاسایی بوو. بۆ بەختیارم ناکەیت؟ هەر لەبەرئەوەی هەژاریت؟ دەوڵەمەندیی هەرگیز سەرچاوەی بەختیاریی و بەختەوەرکردن نەبووە، هەروەها هەژارییش سەرچاوەی بەخترەشی و بەخترەشکردن نەبووە، بەڵکو جیاوازی و تەباییە لەنێوان دوو کەسدا کە بەخترەش دەبن، یان بەختیار.

لەیلا بچۆ بۆ ناو دەروونی خۆت و لێی بپرسە، ئەوسا بە وەڵامێک دەگەڕێیتەوە لەبارەی حاڵی ماڵێکەوە، کە هەردووکمان دەگرێتە خۆی.

-وادانێ کە من لە ژیاندا تەنیام و خزم و کەسوکارم ناناسم و دایکیشم مـردووە، ئەوسا دەتوانیت بە ژنی خۆتم قبووڵ بکەیت؟

چاوی تێبڕی بۆئەوەی قسەی جیاکەرەوەی لێ ببیستێت، گوێی لێ بوو، گوتی:

-بێگومان، من تەنیا هەقم بەسەر ئەو کەسەوە هەیە کە لە ماڵەکەم دادەنیشێت، بەڵام لەیلا، دایکت مردووە، یان تۆ وەک گریمانە دایدەنێیت؟

-نەخێر مردووە.

-ئەی بیرت نییە کە گوتت ئەو لە قاهیرە دەژی؟

-کچ هەمیشە پێی ناخۆشە ئەوە بڵێ کە ئەو بەتەنیا دەژی. دەبێت کەسانێکی هەبێت بیپارێزن و کەم کەسیش لە ئێمە خۆیان، خۆیان دەپارێزن. ئایا پێت وانییە هەقم بوو وا بڵێم؟

-بەڵێ، تۆ لەوانەی کە خۆت خۆت دەپارێزیت.

-ڕووداوەکان لەنێوانماندا بەخێرایی تێدەپەڕن.

-تۆ بڵێی بە دەزگیرانم دابنێیت؟

-گـەورەم پەلەمەکە، دەبێت مەسەلەکە حەفتەیەکی بۆ دابنێیت، تا من قەناعەت بە خۆم بکەم، کە من شایستەی ئەوەم ئەو شەرەفە لەئەستۆ بگرم و تا تۆش بە خۆتدا دەچیتەوە،

چونکە دەشێت کەوتبیتە بەر کاریگەرییەکی نائاسایی، بەڵام پێم بڵێ: وا پێویست ناکات کە ڕاوێژ بە باوک و دایکت بکەیت لەم کارەتدا؟

–ئەمە پەیوەندیی بە خۆمەوە هەیە و هاوبەشم بۆ پەیدا مەکە.

ئیدی دەستیان کرد بە ڕۆیشتن و شەو کپ و بێدەنگ بوو و لە قەراغی دەریا بەتەنیشت یەکترەوە ڕۆیشتن و دڵیان بۆ خۆشەویستی لێی دەدا و دواخستنی "وشە" بوو بە بەربەست، چونکە لەیلا هێشتا ڕەزامەندیی پیشان نەداوە. جارێ ئەوەندە نەڕۆیشتبوون هەتا لەبەر ڕووناکیی چرایەک کە تیشکەکەی لەسەر دەموچاوی لەیلا ڕەنگی دابـووەوە، دووعاخوازییان لە یەکتر کرد و ئەو لەو دەموچاوە مانایەکی خوێندەوە کە وایزانی ئارامی و ئۆقرەییە، بەڵام لە ڕاستیدا خەیاڵ ڕۆیشتن و سەرسامی و واقوڕمان بوو، کە شەو لێی تێکدابوو. ئیدی وشەکە بەدەمی ڕۆژگارەوە هەڵواسرابوو، خوایە تۆ بڵێی چی بێت؟!

(٣)

بەو کچی و بێدەنگیی شەوە خەریکی نامەیەک بوو دەینووسی... بۆ تاقە پیاوێکی دەنووسی کە سۆزی بەسەردا باراند، لەکاتێکدا خەڵکی هەموویان لێی بێزار بوون. ئەو پیاوە بەڕێزە پیرەمێرد ئەمین بوو، بەڵکو ڕایەکی لە مەسەلەکەی ئەودا هەبێت:

"گەورەم و باوکم، ئەی ئەو کەسەی بۆ هەر ڕووداوێک ڕووی دەمم تێکردبێت، وەڵامی داومەتەوە و بەدەنگ هاتووە.

باوکە، نەمتوانی بەخۆ دوور لە ژیانگرتن بژیم، هەرچەندە ئارەزووشم لێی نییە، سەیرەکە لەوەدایە کە ڕقمان لێی دەبێتەوە و بۆ نانیش لەپێناوی ژیاندا تێدەکۆشین و هەوڵ دەدەین... ژیان بە هەموو شێوەیەک بەسەرماندا سەپاوە و ئەگەر بەدبەختێک خۆی لێ ڕزگار کرد، ئەوا بەدبەختەکان یەکەم کەسن کە گاڵتەی پێ دەکەن!

بێ ئەوەی هەستی پێ بکەم، تەوژمەکەی بۆ لای خۆی بەکێشی کردم و خۆم لە گۆنگەرەکەیدا دیتەوە، لەکاتێکدا وامدەزانی لێیەوە دوورم و خۆم ڕووبەڕوو بەرامبەر دکتۆرێکی گەنج بینییەوە، کە لە نەخۆشخانە لەگەڵمدایە و نەمهێشت بڵێت: کە خۆشی دەوێم، بەڵام نەمتوانی ڕێی ئەوەی لێ بگرم بڵێت: کە ئەو دەیەوێت بمخوازێت و جۆرە هۆگرییەک لەنێوانماندا ڕووی دا، کە لە خۆشەویستی ناچێت، چونکە من خۆم بەری خۆشەویستییەکم کە لە ئەنجامەکەی دەترسم.

بەڵام من لەم پرسەی خۆم تووشی سەرسامی هاتووم، چونکە ئەو بەو نهێنییەی من نازانیت، ئایا تۆ پێت وایە کە پێویستە لەگەڵیدا ڕاستگۆبم، چونکە ناکرێت و ئەستەمە ژیانێکی دوورو درێژ لەسەر درۆ بنیات بنرێت، ئەمەیە ئەوەی ناخم پێم دەڵێت، هەرچەندە ناوێرم و زاتی ئەوە ناکەم ئەو نهێنییەی بۆ بدرکێنم.

باوکە! تۆ ڕابەر و پشت و پەنام بوویت، توخوا لە چاکە و گەورەیی خۆت بێبەشم مەکە، چونکە لە دنیادا کەس نابینم پەنای بۆ ببەم. خۆشەویستیی و نزا لە منەوە بۆتۆ".

ئەوەندەی پێ نەچوو دوای چەند ڕۆژێک پۆستە ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ هێنا:

"کچە خۆشەویستەکەم:

کچەکەم وا مەزانە کە پیاوەتی لەسەر زەوی وێنەی کێشراوە، بەڵام لەنێو دڵی خەڵکدا جێگەی نییە و ئەوەش بزانە کە بوون دەبێت هێزێکی بەرهەڵستکاری هەبێت، کە هەریەکەیان دژی ئەوی دیکە دەوەستێت، چونکە ئەگەر هەر خێر بەتەنیا دروستبووایە، ئەوا کاروبار بەڕێکی نەدەڕۆیشت بەڕێوە و ئەگەر هەر تەنیا شەڕیش دروستبووایە، دیسان کاروبار بەڕێکی بەڕێوە نەدەچوون و ڕێکی و ڕاستی کاروبار لەوەدایە کە دەستاودەست لە خێر و شەڕدا بکەن. بڕوات بە بوونی پیاوەتی هەبێت، مادامەکی بڕوات بە بوونی خراپە و دزێویی هەیە.

دوای ئەوەش، بۆت ناکرێت کە سیفەتی پیاوەتی و چاکە لەو دکتۆرە زەوت بکەیت و وابزانیت نییەتی، چونکە لەوانەیە یەکێک بێت لە چاکەخوازان و مادامەکێ دڵنیایت لەوەی کە ئەو سوورە لەسەر ئەوەی ببیت بە ژنی، بەڕاشکاویی مەسەلەکەی خۆتی پێ بڵێ و ئەگەر بۆ تاوێکی ئەم ڕۆژگارەش بێت، خۆت ناچار بکە بۆ هەندێک کەس بکەویتە ڕوو، چونکە خۆ تۆ تاوانکار نیت، بەڵکو ئەوان تاوانکارن، ئەگەر دوای ئەوە قبووڵی کرد ببیت بە ژنی، ئەوا تۆ فێڵت لێ نەکردووە، خۆ ئەگەر ئەوی دیکەشیان بوو، ئەوا خوا پشت و پەنات بێت. ئەمە ئەو ڕێوشوێنەیە کە دروستبوون ناچارمان دەکات پێیدا بڕۆین... نە فروفێڵ و پێچ و پەنا، قەزا و فەرمانی خوا هەر دەبێت ڕووبدەن، هیوای سەرکەوتنتم هەیە".

چەند ئازاری پێ گەیی کە دەبێت خۆی شایەدی نزمیی خۆی بێت بەرامبەر بەو کەسەی هیوای وایە ببێت بە هاوسەری بە درێژایی ژیان!

بەڕێز ئەلئەمین خۆی پیاوێکی چاکە، بۆیە پێی وایە هەموو کەس چاکن... بەڵام ئەی ناشێت ئەو پزیشکەش پیاوێکی باش بێت؟ لەوانەیە وابێت و لەوانەشە وا نەبێت! بەڵام بەهەرحاڵ ناتوانێت لێی ڕابکات تا دوای وەڵامەکە بە ئەرێیی، یان ڕەتکردنەوە و بۆ ئەرێیی و دەبێت ڕاشکاوانە بیت و ڕەتکردنەوەش هۆیەکی هەیە.

ڕای هاتە سەر ئەوەی دەبێت جارێکی دیکەش تاڵاو بچێژێت، ئەمەش زۆر ئازاری پێ ناگەیەنێت، چونکە ئەمە شتێکە زمان پێی ڕاهاتووە، حەفتەکە بە خێرایی تێپەڕی و دکتۆر چاودێریی دەکرد، تا دوایین ڕۆژی حەوت ڕۆژەکە و ئیدی سەر لە بەیانییەکەی یەکتریان دیت و پێکەنی و سڵاوی لێ کرد، ئینجا گوتی:

–من هەر لەسەر قسەی خۆمم و لە هیچ شتێک لام نەداوە.

–نا ، پێویستی بە گەڕانێکە، با بڵێم سەیرانێکە.

–هیوام وایە کەشوهەوایەکە لەبار بێت.

–ئەوەش خوا دەیزانێت.

هەردوو ناولەپی خۆی ئەمدیو ئەودیو کرد، ئینجا هەریەکە بەرەو کاروباری خۆی چوو.

دەریا لە سێیەم ڕۆژ لە زەردان گفتوگۆی لەیلا و جەمالی بینی و لەیلا چوو تا لە ئاریشەی تەمەندا گوێ لە حوکمەکە بگرێت، دوای ئەوەی نهێنییە سەیرەکەی لەبەردەمی ئەو پیاوە نامۆیە پان دەکاتەوە. کە بەیەکگەیشتن زیاتر دەم بە پێکەنین و نزیکتر بوو لە گەشبینی و هێمنی و ئازایەتی تەنیا لەو ڕۆژەدا لێیەوە دەرکەوتن؛ چونکە ئەو هەفتەیەکی تەواو بوو هەردوو لای نێوان ئەو دووانەی کۆدەکردەوە.

جەمال ویستی دەرگای قسە بکاتەوە و بە نەرمییەکەوە گوتی:

-لەیلا... من دەمەوێت ئەمڕۆ ببم بە شاعیر! لەیلا لە دڵی خۆیدا گوتی: (خۆزگە لە تۆوە دڵی شاعیرانەم بەردەکەوت). هەروەک چۆن لە ڕۆژانی ڕابردوودا فەیلەسووف بوویت، لەیلا گوێم لێ بگرە و حوکمم بەسەردا بدە... تۆ بڵێی بەکەڵک بێم؟

چاوی بە گەردووندا گێڕا و ئینجا دەستی پێکرد و گوتی:

-نازانم بۆ لەم ڕۆژەدا نیشانەی ڕەزامەندی و هێمنی لەسەر گەردوون دەبینم، تا ئەو ڕادەیەی هەموو دەریایەک لە دەریاکانی لەگەڵ یەکتردا گونجاون و لەو گونجانەشیاندا جوانیی لافاوی بەست؟ شنە لەگەڵ دەریـادا ئاشتبووەتەوە، بۆیە دەبینیت کە هێمنە و دەریـاش هێمنە و مەل خۆی خزاندۆتە ئاسمان، هەڵۆ بەتەنیشت چۆلەکەوە دەفڕێت و لقی درەختەکانیش بێ دەنگەدەنگ و هـەراو هۆریا بەرامبەر بە یـەک وەسـتاون و خۆریش تیشکی بۆ خەڵکی دەنێرێت بەو گەشی و گەرمییەی تێیدایە. شینیی ئاسمانیش لەوێ لەگەڵ شینی ئاو لەگەڵ یەک گونجاون، هـەر دەڵێی لە یـەک خاکن و شـەمشـەمەکوێرەی دەریاش لە شەقەی باڵ دەدات و تاو ناداتە ماسی، وەک بڵێی ئاشتبوونەتەوە و ئاشتییان لەنێواندا بێت. هەموو شتێک لە گەردووندا نەرمونیان و بێدەنگە بە ڕەزامەندیی و جوانییەوە، هەروەک بڵێی گێتی خۆی بۆ جەژن سازکردبێت... لەیلا ڕەنگە ئەوە جەژنی ئێمە بێت و... لەوانەشە بە چاکی لاسایی شاعیرانم کردبێتەوە.

–دکتۆر، تۆ دەبووایە شاعیر بوویتایە، چونکە دڵت دڵی شاعیرانە و دەبێت فراوان و بەخشندەش بێت، بەڵام لەوانەیە ئەو دڵە گەورە بەخشندانە بە شتێک تەنگ بن و جێی نەبێتەوە تێیاندا و لێشی ناگیرێت لەوەی کە دەیکات، چونکە دڵ نە دەستوور دەزانێت و نە یاسا، لەبەرئەوەی دەستوورەکەی لە خۆیەتی و یاساکەشی لەناوخۆیدایە.

–ئەی ئەو شتە چییە کە دڵی منی پێ تەنگ دەبێت و جێی ئەوی تێدا نابێتەوە؟

–ئەو شتە لەیلایە.

–ئەوە تۆ دەڵێیت چی؟ ئێمە لەوانەیە یەکێکمان شێت بین.

ئێمە بۆیە نەهاتین بۆ ئێرە، بۆئەوەی وشەیەک کۆمانکاتەوە و پێشم گوتی: من نەگۆڕاوم، باشە چۆن دڵم بە تۆ تەنگ دەبێت لەیلا؟

–وامزانی بەکەڵک دێم، بەڵام ئەو خەیاڵە جێیهێشتم، واباشترە بۆ هەردووکمان لێک دابڕێین و تکاشم وایە لە هیچ شوێنێک یەکتر نەبینین تەنیا لە نەخۆشخانە نەبێت... وام لێ مەکە لەبەر چاوت بچووک بمەوە و ئەوەندەم بەسە کە دڵت ڕۆژێک لە ڕۆژان بەدەوری مندا سووڕاوەتەوە.

–لەیلا... ڕابردوویەک هەیە کە لێی دەترسیت؟ ڕاشکاوانەبە لەگەڵم و بڕواشم پێ بکە.

لەیلا سەیرێکی کرد و هەردوو چاوی لەنێو فرمێسکدا

کەوتنە مەلەکردن، دوای ئەوە چاوی لێ گوێزایەوە و ڕووی لێ وەرگێڕا تا لەوەی کە دووچاری ببوو، کەمێک هێووربووەوە و گوتی:

-وا باشترە بۆ من دوور لە خەیاڵ بژیم، چونکە من لە خەڵک نیم و خەڵکیش لە من نین، بەڵام تۆ ئەوە ڕەت دەکەیتەوە و دەتەوێت خۆت بخزێنیتە ئەو تەنیاییە قەڵا ئاساییەمەوە، ناشزانم ئەو دەسەڵاتە چییە کە دەروونی تۆ بەسەر دەروونی منیدا سەپاندووە، بەڕادەیەک وا هەست دەکەم کە دەمەوێت هەموو شتێکت پێ بڵێم، جا ئەگەر لێت بووریم و بەخشیمیت، ئەوا من بۆ تۆم و خۆ ئەگەر بەدڵیشت نەبوو، ئەوا لەمڕۆ بەدواوە لە نەخۆشخانە نامبینیت، دەچم بۆ جێگەیەکی دیکە!

-دەڵێی نهێنییەکی گرنگ و مەترسیدارە... تۆ لەوە زیاترت هەڵگرتووە کە دەرەقەتی دێیت و کەمێ لەو بارە گرانەت سووک بکە و دڵنیاش بە کە لێبووردن گەلێک شوێنی هەیە.

-جەمال... من درۆزنم... ئایا لێم دەبووریت، کە من درۆزن بم؟

-ئەمە ئامانجە، یان سەرەتایە؟

-ئەمە سەرەتایە و شتی دیکەی لەسەر بنیات دەنێم و لەگەڵ هەموو کەسدا درۆم کردووە، چونکە بوونی من خۆی، شوێنەواری درۆکەیە!

-قسەکە بەتەواوی ڕوون نییە... من شتێکی گەورەی لێوە تێدەگەم.

-بەڵێ شتێکی گەورەیە... دایکم پیاوێکی خۆشویستووە و... باوکم هەڵاتووە و... ئەمەش لەیلایە!

-دەتەوێت بڵێی کە تۆ...

-من هەڵگیراومەتەوە... من هەڵگیراوەم!

ئیدی دایە پڕمەی گریان و جەمالیش واقی وڕمابوو لەبەر کاریگەریی ئەو قسە کتوپڕە. وشک ببوو. دەتگوت پەیکەرە. کەمێک خۆڕاگرییەکەی وەبەرهاتەوە و کەمێکیش ئەقڵ لە مێشکی گەڕایەوە وەکو یەکێک بە نووستوویی قسە بکات، گوتی:

-تۆ هەڵگیراوەیت... خەڵکی زوڵمیان لێ کردوویت!

-بەڵام ئەوان کە زاڵمن من داوای لێبووردنیان لێ دەکەم!

لەیلا ڕووی لە ئاسمان کرد، هەروەک بەدوای هەسارەیەکدا بگەڕێت و جەمالیش ڕووی کردە دەریا، وەک ئەوەی بیەوێت داوا لەو تەختاییە بەرفراوانە بکات چارەسەرێک بۆ گیروگرفتێک وەبینێ، کە زۆربەی دانیشتووانی زەوی گیریان پێیەوە خواردووە. لەو کاتەدا چەندان شەپۆل بە شکانەوەی یەک لەدوای یەک خۆیان بە کەنارەکەدا دەدا، لەیلا وای بەخەیاڵدا هات کە بە گوێیدا دەچپێنێت: هەر لە یەکەم دیداردا پێم نەگوتی وریابە و نەکەیت باوەڕ بکەیت، چونکە سرووشت سوور بووە لەسەر ئەوەی کە برایەکت پێ نەبەخشێت؟ لەیلا بە تەنیا دەژیت و هەر بەتەنیاش دەمریت و لەسەر ئەم زەوییە نە خزمێکت هەیە و نە خۆشەویستێک...

لەیلا بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، دەمی هاتەگۆ:

-بەڵێ ئەوە وایە.

دکتۆر ڕووی تێکرد و گوتی:

-بەڵێ ئەوە وایە لەیلا، ئەوان زاڵمن و تۆش داوای لێبووردنیان لێ دەکەیت... ئای بارودۆخەکە لەم دنیایەدا چەند پێچەوانە بووەتەوە و کەسانێک تاوانەکە هەڵدەگرن، کە ئەوان خۆیان نەیان کردووە! لە هیچ شتێک مەترسە تۆ بۆ منی. بەکۆڵ و سەرشانم هەڵتدەگرم و بەناو ئاستەنگ و کۆسپی کۆمەڵگادا تێت دەپەڕێنم. تۆ دەزگیرانمی و جاڕیشی بۆ دەدەم.

ئینجا وەک مێردێک ماچێکی کرد.

لەیلا گوتی:

-دەڵێی لەبەرچاوت بچووک نەبوومەتەوە!

-بەڵکو خەڵکەکە لەبەرچاوم بچووک بوونەتەوە.

-بەڵام من ئەوا بەخشیمن، چونکە دوو پیاوی بەخشندە و گەورەم لەنێویاندا بینی، مێردەکەم و بەڕێز ئەلئەمین.

-بەڕێز ئەلئەمین دەناسیت؟ ناو و ناوبانگێکی زۆری هەیە.

-ئەو ئاگاداری بێهێزیمی کرد و ڕەوشتی پەروەردەکردم و ژیانی منی ئاڕاستە کرد و هەر ئەویش منی لە خەڵک پاراست.

-کەواتە گەوهەرێکم دەستکەوتووە... لەیلا، با لەدواچووان نەچین و ئەوەی ڕابوورد لەبیر خۆمانی بەینەوە و باس لە ڕابردوو مەکەوە... هەر وابزانە پێکەوە لەنێو دەریا هاتووینە

دەرێ، بۆئەوەی ژیانێکی تازەی بەختیارانە لەسەر ئەم زەوییە بگوزەرێنین.

ئێوارەیەکی جوان و خۆش ئەسکەندەرییەی داپۆشی، کە تاریکاییەکەی لەبەرچاوی لەیلا ڕووناکیی بوو و هەردوو دەزگیران پێچیان کردەوە بڕۆن. لەیلا گوتی:

-ئەم شوێنە هەرگیز لەبیر ناچێت! وەک حەج سەردانی دەکەم، چونکە پیرۆزە!

جەمالیش گوتی:

-گەردوون هەمووی پیرۆزە، ئەی پێم نەگوتی سروشت خۆی بۆ جەژن ئامادە کردووە:

ئینجا هەردووکیان بۆ دوعاخوازیی ڕاوەستان و سڵاوی ئەمشەو جیابوو لەگەڵ هەموو شەوانی دیکە: هەریەکەیان بە ئەوەی دیکەی گوت: "خوات لەگەڵ... بەئومێدی دیدار".

(٤)

دوای یەک دوو ڕۆژ بەیانییەکیان هەواڵی دەزگیرانیی لەیلا بۆ جەمال بەر گوێی خەڵک کەوت و هەواڵێکی سەیر بوو، چونکە هەموو وایان دانا کە لەیلا بەختەوەرە.

بەڵام هەردوو دەزگیران لەبەر سەرقاڵیی خۆیان لە ئەو هەموو خەڵکە بێئاگا بوون. هەردووکیان لە گەرمەی بەختیاریدا نووقم ببوون و هەستیان بە کەس نەدەکرد، هەروەک ئەوەی دنیا لەبەرچاوی هەر یەکێکیان لە کەسێتیی هاوڕێکەیدا کۆبووبێتەوە. هەموو خەمێکی دکتۆر ئەوە بوو کە هەتا زووە هەموو ڕێوڕەسمێک تەواو بکات و بووکەکەی لە باخەڵ بکرێت و ئەویش بچێتە پەردەوە، بەڵام لەیلا ئەگەر بچووبایەتە نێو ناخی، ئەوا دەتدیت بەختیارە، بەڵام لەو بەختیارییە دڵنیا نییە، هەروەک یەکێک لەخەو بێدار بووبێتەوە و خۆی لەسەر تەختی پاشایەتی دیبێت، هەر لەبەرئەوەش وازی هێنا بۆئەوەی خۆشیی لەو هەنووکەیە جوانەی ببینێت، سبەینێش نەزانراو و نهێنی و قەدەری ڕۆژگارە.

وا ڕێککەوتن کە پێکەوە سەفەر بکەن بۆ شارەدێکەی خۆی کە بە دایک و باوکی بناسێنێت. لەیلا ترسی لەو سەفەرە هەبوو، بۆیە بە ترسێکی زۆرەوە گوتی:

-پێویست بەوە دەکات هەموو شتێکیان پێ بڵێیت؟ دکتۆر هەردوو چینەکە لێک جیان، ئەمەش زۆرجار خۆشەویستان لێک دادەبڕێت.

دکتۆر گوتی:

لەیلا، قسەکەی ڕابردوومت لەبیر بێت... ئەمە تەنیا پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە و من کاروباری خۆم دەزانم و هیچ شتێکیشم لەبیر ناچێت و تۆش بە میوانی لای ئێمە دادەبەزیت و کەسیش پرسیاربارانت ناکات، بێگومانیش دەکەوینە بەر دڵیان. بەهەموو حاڵێکیش کەس ناتوانێت من و تۆ لێک بکات، بەڵام تۆ هەر لە ئێستاوە خەڵکی ئەسکەندەرییەیت و کچی بازرگانێکیت.

بە ئازار و شەرمەوە گوتی:

–ئاخ... ناچارم کردیت درۆ بکەیت، لەکاتێکدا دەروونە گەورەکەی تۆ هیچ پێویستییەکی بەهەموو ئەمانە نییە، من هەست بە بارگرانیی خۆم دەکەم لەسەر شانی تۆدا، جەمال دەکرێت باری سەرشانی خۆت سووک بکەیت و دەست لە من بەردەیت، چونکە بە هیچ شتێکەوە نەبەستراویتەتەوە و تەنانەت ئەگەر بە شتێکیشەوە بەسترابیتەوە، ئەوا من داوای هیچت لێ ناکەم... من دەترسم... من دەترسم...!

–ئەدی پێم نەگوتی: کە پێویستە ڕابردوو لەبیر خۆمان بەرینەوە و قسە لەبارەیەوە نەکەین؟ من درۆ ناکەم، بەڵکو دەمەوێت وتووێژ لەگەڵ کۆمەڵگادا بکەم و گریمانەی بۆ دابنێم، تا قەناعەت بکات، چونکە کۆمەڵگا لە شتی ناباو دەڕەوێتەوە بێ ئەوەی بیری لێ بکاتەوە.

خۆزگە بمزانیبایە چ ڕووداوێک ئەو گرژییە خاودەکاتەوە،

جەمال. ئەگەر تۆ خاوی نەکەیتەوە! بەڵێ، چ ڕووداوێک ئەو گرژییە خاو دەکاتەوە!

لەیلا بزەیەکی هاتێ و ڕەزامەندیی لەگەڵ تەڕاوی لاوی لە ڕوخساریدا گەڕا.

شەمەندەفەرەکە درێژەی بە ڕۆیشتن دا و ئەوان هەردووکیان لە پۆپەی بەختیارییدا بوون، کە هەردوو چاو بۆ هەردوو چاوەکەی دیکەی ڕاڤە و باسیان دەکرد، یان زمان ئەو بەختیارییەی بە زمانەکەی دیکە دەگوت، تا کە گەیشتنە قاهیرە، گوێزایانەوە بۆ شەمەندەفەری (صعید). ئێوارە داهات و لە وێستگەیەکی باشووری جیزە دابەزین و ماڵێک لە گوندێکی بەرەو ڕۆژهەڵات خۆی بۆ میوانێکی ئازیز سازکرد.

مانگ تیشکێکی زیوینی بۆ سەر کێڵگە سەوزەکان دەنارد و بە ڕۆشناییەکەی شەوڕۆ و بێدارانی شەوی دەبووژاندەوە، کاتێک جەمال و لەیلا سواری ئەو عەرەبانەیەی باوکی بوون کە لە چاوەڕوانییاندا بوو و ئەسپێک لە باشترین جۆری ئەسپ ڕایدەکێشا. شەوی هێمنی لادێ خۆشییەکی بێ سنووری خستە دڵی هەردوو دڵدارەوە و تریفەی مانگ لەسەر دەموچاویان کەوتە هەڵبەز و دابەز و بێدەنگییەکی وا باڵی بەسەردا کێشان، کە لە دەنگی سمی ئەسپەکە کە بەسەر خاکە تەڕەکەدا دەڕۆیشت، وەڵامی قیڕەقیڕی بۆق و دەنگی سیسرکەی دەدایەوە، هیچ دەنگێکی دیکە نەدەهاتە بەر گوێ– لەمەشدا هەڵوێستێکیان

هەبوو کە لەپێش ئێستا هەرگیز نەیانبووە، وایان بە خەیاڵدا هات کە عەرەبانەکە بەرەو ڕێگەی نەمرییان دەبات و هەریەکەیان بەبێ قسە بە هاوڕێکەی خۆی گوت: "ئێمە بەختیارین"!

سەعاتێک تێپەڕی بەبێ ئەوەی پێیان خۆشبێت کە تێپەڕیوە و لە باوەشی شەودا دێیەک بەرچاو کەوت، کە لەنێوان کێڵگەکاندا خۆی مات کردبوو. جەمال گوتی:

-ئەمە گوندەکەمانە...

بە نزمی و شەرمەوە گوتی:

-جەمال... گوێت لە هیچ شتێک هەیە؟

-گوێم لە چی بێت؟

-وامزانی پێش ئێستا گوێت لەو دەنگە بووە و سەرنجی ڕاکێشاویت... دڵم بەشێوەیەکی نائاسایی لێ دەدات و تەنانەت دەنگی دڵم بەسەر دەنگی ئەسپەکەدا زاڵ دەبێت... من دەترسم!

-لەیلا هەر بەم عەرەبانەیەش دەگەڕێینەوە و لەکاتێکدا کە گەلێک نزیکین، لە هیچ شتێک مەترسە، چونکە ئێمە ڕێز لە میوانان دەگرین.

***

بەخێر بێیت کوڕەکەم.

دایکی جەمال ئاوای بە کوڕەکەی گوت، ئینجا ماچێکی دایکانەی لە نێوچەوانی کرد.

–ژوورەکەی دەرەوە میوانێکی ئازیزی لێیە... ئەی کوا باوکم و براکانم؟

–هەموومان وا دێین.

هەموویان لە ژوورەکە کۆبوونەوە، جەمال بە ناوی کچی یەکێک لە بازرگانەکانی ئەسکەندەرییە پێشکەشی کەسوکارەکەی کرد و پێی ناساندن. هەموو ماڵەکە بەخێرهاتنیان کرد و ئەو هەستی بە غەریبیکردنەی هەیبوو، نەما و دایکی جەمال کە ژنێکی دنیادیدە و وریایە لە تەنیشتییەوە دانیشت و تا ئەو ڕادەیەی خۆی لەو وشکییەی لادێ تەکاندووە و وردبینی و ناخناسییەکەی وای بردە دڵییەوە، کە دەبێت ئەوە دەزگیرانی کوڕەکەی بێت، کاتێک چاوی بەو جوانییەی کەوت کە ئاوی چاوی دەبرد، ژن هەمیشە میکرۆسکۆپێکە کە لەبەر پشکنینەکەی هەموو خەوش و جوانییەک چەند وردبن، دەردەکەون.

دایکی جەمال گوتی:

–لەیلا پێش ئێستا لادێت نەدیوە؟

–بێگومان نا، چونکە من لە شار پێگەییوم، بەڵام زۆر شت لەبارەی لادێوە دەزانم، لەبەرئەوەی لادێییەکی زۆر تێکەڵمان بوون و هاتوچۆیان کردووین و هەمووشیان مرۆڤی چاکن.

ئەمەی گوت، هەرچەندە هەندێک لادێ لە زەینی ئەودا یادگاریی خراپیان هەیە.

خانمەکە بەشێوەیەکی دەستخۆشانە، پێکەنی و گوتی:

-کچەکەم تۆ گەلێک بەئەدەبی، ئاخر ستایشکردنی نشینگە لە ستایشی دانیشتووەکەیەتی. جەمال، سبەینێ شوێنەکانی لادێی پیشان بدە تا سەیرانێکی باش بکات... بەنێو کێڵگە و باخەکاندا بیگێڕە و سەرێکیش لە مەزرای خۆرئاوای بدەن، با خۆشەویستیی لەیلا بۆ لادێ زیاد بێت.

ئینجا هەستان بۆ شێوخواردن و دوای ئەوە لەیلا چوو بۆ ژوورێکی تەنیای خەوتن.

هەموو خێزانەکە کۆبوونەوە بۆ قسەکردن لەبارەی ئەو تازە لەپڕ هاتووە و ئەوانەش کە قسەیان دەکرد، جەمال و دایکی و باوکی و برا لەخۆ بچووکترەکەی بوون. جەمال وەک پارێزەرێکی وریای بەپەرۆش پرسەکەی خستەڕوو و گوتی:

-ئێوە ئەوپەڕی ئازادیتان پێ داوم کە خۆم هاوبەشی ژیانی خۆم هەڵبژێرم، دوای ئەوەی بڕواتان بە قورس و گرانی و ئەقڵی من هێناوە. منیش ئەو کچەم لە بارودۆخێکی هێمنانە ناسیوە، چونکە باوکی یەکێکە لە دۆستەکانم، ئێمەش بەو موڵک و ماڵەی هەمانە، دەوڵەمەندین و ئەوەندەم بەسە کە کچێکی بەڕەوشت و ڕۆشنبیرە.

دایکەکە گوتی:

-جەمال تۆ خۆشت دەوێت، وانییە جەمال؟

-بەڵێ دایکە، بەڵام لەو خۆشویستنانە نا کە لە ئاستی خەوشەکاندا کوێرایی دادێت... ناسیومە و دوای ئەوە خۆشم ویستووە و تۆش خۆت دەتوانیت حوکمی بەسەردا بدەیت.

-بە وردبینی و خەملاندن. بەوانە حوکم دەدەم کە کچێکی بەڕەوشت و چاکە و جوانییەکەشی لەوانەیە کە کەس جیاوازییان لەبارەیەوە نییە و ناکۆک نین.

باوکی گوتی:

-من لە هیچ شتێک بەرهەڵستی ناکەم و ڕێگر نیم مادامەکی چینەکەی بەرەوخوار و نزم نییە، چونکە جیاوازیی چینی ژن و مێرد کەلێنی نێوانیان فراوانتر دەکات. بۆیە دەبێت پێش هەموو شتێک ماڵەکەیان ببینم.

جەمال بە پەژارەوە گوتی:

-بەڵام تۆ لەسەر ئەوە کۆکی لەگەڵمدا کە خۆی کەسێکی شیاوە پێش ئەوەی باس لە شتی دیکە بکەین.

باوکەکە سەیرێکی ژنەکەی کرد و نیگای پاڕانەوەی لە چاویدا بینی کە ناکۆکیی بەرامبەر هەستی کوڕەکەی نەنوێنێت سەبارەت بەوەی خۆی دەیەوێت و با ڕەزامەندییەکی سەرەتایی لەوەوە دەستکەوێت.

پیاوەکە خێرا گوتی:

-بێگومان کچێکی باش و شیاو و لێوەشاوەیە.

ئیدی جەمال جڵەوی کارەکەی گرت، دوای ئەوە خێزانەکە تا بەیانی خەوتن.

لەیلا لە دەنگی جریوەجریوی ئەو چۆلەکانە خەبەری بۆوە کە لەسەر لقی دار کافوورەکەی نزیک پەنجەرەی ژوورەکەی جەنجاڵییان پەیدا کردبوو، پەنجەرەکەی کردەوە و چاوێکی پرسکەرانەی بەو جوانییە دەم بە پێکەنینەدا گێڕا و دەمی بە زەردەخەنەیەک پشکووت، لەکاتێکدا سەری ڕادەوەشاند و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: تۆ بڵێی ئەم سەرلەبەیانییە جوانە چی بێت؟ مژدەیە، یان هۆشدارییە؟ بێگومان من جێی قسەوباسی دوێنێ بووم.

دەستێک بە سووکی لە دەرگاکەی دا، ئینجا گوێی لە جەمال بوو بە دەنگێکی سازگار و ڕوون گوتی:

لەیلا... ئەوە هێشتا هەڵنەستاویت؟

لەشێوەی دەنگەکەی دەرکی بە ڕەزامەندیی کرد، بۆیە کەمێک ترسی ڕەوییەوە و کە دەرگاکەی دەکردەوە وەڵامی دایەوە:

-پێش خۆر کەوتووم.

-باشە، خەڵکی لێرە هەموویان زوو لە خەو هەڵدەستن.

-چونکە گەردوون لە لادێ زۆر ناخەوێت... بەڵکو زوو لە خەو هەڵدەستێت و زووش دەنوێت.

جەمال ڕووی خۆش و گەش بوو، هەرچەندە تازەش خەوتبوو، بەڵام هەموو ئەندامێک لە ئەندامەکانی لەشی بە

سووکی کاریان دەکرد: تroووسکایی چاوی زۆر بوو و لەکاتی قسەکردنیشدا دەستی خێراخێرا دەجوولاندەوە و بەشەکانی دەموچاوی دەربڕینی ڕەوانیان پێوە دیاربوو، چونکە بە ئاشکرا چالاک دیار بوو کە بەختیاریی خولقاندبووی. لەسەر کورسییەکی ژوورەکە دانیشت و بە پێکەنینەوە گوتی:

–لەیلا بیریشم چوو پێت بڵێم: بەیانییەکی خۆش.

–چونکە بەیانییەکی خۆشە.

–بێگومان. لە یەکەم پێکهەڵچووندا سەرکەوتین.

–هیوام وایە جەنگەکە بەردەوام نەبێت و دواسەرکەوتن وەدەست بێنین.

–واز لە ڕەشبینی بێنە، چونکە بەدوومی لە ڕەشبینییەوەیە، گەردوون ئاهەنگمان بۆ دەگێڕێت لە لادێدا، هەروەک چۆن لە ئەسکەندەرییە ئاهەنگی بۆ گێڕاین... تۆ بۆ منی هیچ گومان و ڕێگرێکی تێدا نییە.

لە ژووری خەوتن هاتە دەرێ ئاوێک بەخۆیدا بکات و فێنکی بێتەوە، لەلایەن هەرکەسێکیماڵەکە بە چاکی بەخێرهاتن کرا، ئەو بەپیرەوەچوونەش لە پێشوو زیاتر بوو، کە کاتێک زانییان چ پایەیەکی لای جەمال هەیە، کە نۆبەرەی خۆشەویستی دایک و باوکییەتی و براگەورەی کوڕەکانە. لەیلا لەوە دڵنیابوو کە ڕۆژگار بەرامبەر بەو خەوی هەتاهەتایی لێکەوتووە و ئەوەی لەنێوان ئەو و زەمانەدایە، لەگەڵ بادا ڕۆیشتووە و بەدەستی خۆی کلیلی بەهەشتی گرتووە، بۆئەوەی بکەوێتە نێو خۆشیی تێیدا.

(٥)

سەیرانێکی تەنیایی بوو، لە کێڵگەکانی دەوروبەر، لەبەر تیشکی خۆری بێهێزی پاییز. کوڕی گەورەی دێیەکە لەگەڵ دەزگیرانە خۆشەویستەکەی پێکەوە هاتوونەتە دەر، تا خۆشی لەو بەختیارییە ببینن کە لە ئاسمانەوە بەسەریاندا هاتۆتە خوارێ.

لەیلا بە کراسێکی شین و جووتێ پێڵاوی سووک خۆی خزاندە نێو تیشکی خۆری چێشتەنگاو و سەوزیی مەزراکان و بۆ یەکەم جار خاکی لادێ پێیە جوانەکانی تۆزاویی کرد، ئینجا بە ڕێگایەکی تەختدا ڕۆیشتن کە شەقە جۆگەیەکی ئەوەندەی ڕووبارێکی بچووک بە تەنیشتیدا دەڕۆیشت و ئەملاو ئەولای داری بەرزی تێدا ڕوابوون و مەل و باڵندە هێلانەی خۆیان تێدا چێ کردبوو، بۆئەوەی ئەو بەرزیی و کەنارکەوتووەیان ببێت بە شوێنێکی ئەمین لە دەستدرێژیی ئادەمیزاد.

هەردووکیان دەستی یەکتریان گرتبوو و پێکەوە دەڕۆیشتن و بێدەنگی گوێی گرتبوو لەوەی هەردوو عاشق دەیانگوت.

لەیلا وەک ئەوەی لەبەر خۆیەوە قسە بکات، گوتی:

-ئەمەم بەسە... لەوەی دەستم کەوتووە زیاترم ناوێت. خۆزگە چیرۆکی من لەگەڵ تۆ تا ئەو سنوورە کۆتایی بهاتبایە، ئەوسا دەبوومە دڵۆپێک لە دڵۆپەکانی ئەو ئاورنگە درەوشاوەیە، کە دوای تاوێک خۆر هەڵیدەمژیم و دەچووم بە ئاسماندا و لە

پانایی ئەو ئاسمانەدا بەفەنا دەچووم و بزر دەبووم!

ئاورێکی لێ دایەوە و لەکاتێکدا لە ڕۆیشتندا بەردەوام بوون، هەردوو چاوی کردەوە و تێی ڕوانی، بەڵام لەیلا لە قسەکردن نەوەستا:

–بەختیاریی ئادەمیزاد هەمیشە هەر شێواوە، چونکە بەخشینێکە لە بەخشینەکانی نەمریی و ئەو بەختیارییە لە نەمریدا نییە و وێنەیەکە لە خۆشگوزەرانیی هەتاهەتایە، بەڵام ڕاستی نییە، کاتێک کە بەختیار دەبین ئەگەر بیر لەوە نەکەینەوە کە ئەو بەختیارییەمان کۆتایی هەیە، ئەوا هەرگیز بەدبەخت نابین، بەڵام ئێمە وەکو ئەو مەلانە واین کە لە ژوور سەرمان دەیکەن بە قیژەقیژ و هەرا و گوێ نادەنە ئەوەی کە بەیانییە، یان ئێوارەیە– بەڵام ئێمە پەرداخەکەمان دەخۆینەوە و چاو دەبڕینە بنەکەی تا کە خواردنەوەکەی تێدا نەما لەسەر لێومان هەڵیگرین. نامەوێت ئەو خۆشییەت لێڵ بکەم، بەڵام خۆزگەی ئەوە دەخوازم کە هیچ تەقەیەک لەو خەونە بەخەبەرم نەهێنێت و بێدارم نەکاتەوە و بەنەرمی و ئاسانی لەو بەختیارییەم دەرمکێشێت.

تۆ سەیری ئەم ڕێگا جوانە بکە و بڕوانە چەند پێمان خۆشە، کە پێیدا بڕۆین! ئەو ڕێگایە خۆ هەر دەبێت کۆتایی بێت! ڕەنگە بمانەوێت بگەڕێینەوە بۆئەوەی ئەو چێژ و خۆشییەی بەکۆتایی پێهێنانی لەدەستمان چووە، وەدەستی بێنینەوە، بەڵام ڕێگای

بەختەوەریی و ڕێگای تەمەن تەنیا یەک جار دەبڕڕێن.

لەکاتێکدا نیشانەی بایەخ و جیددیبوون کەوتبووە سەر دەموچاوی، گوتی:

-لەیلا باوەڕ ناکەم، ئێمە لە باسکردنی بەختیاریی و بەدبەختی نابینەوە و دووریش نییە کە تۆ لە بەرگی بووکێنی بیت، بیری لێ بکەیتەوە!

ئێمە شتێکین لەو گەردوونە وەک هەموو ئەو شتانەی دیکە کە تێیدان: ئایا داسی دروێنە ڕێی لەو کێڵگە و مەزرایانە گرتووە لە سەوزبوون؟ یان تیشکی خۆر ڕێی لە تنۆکی ئاورنگ گرتووە کە بدرەوشێتەوە؟ یان تۆڕی ڕاوکەر ڕێی لەو مەلانە گرتووە، کە بخوێنن و بچریکێنن، یان ماسی لە هاتوچۆ بکەوێت؟

هەر دەبێت لەگەڵ سەماکەران سەما بکەین، لەگەڵ گریاوانیشدا بگرین. کەواتە لە هۆڵی سەماکردندا با قاقای پێکەنینمان بێت و فرمێسکیش بۆ ڕۆژانی فرمێسک هەڵڕشتن هەڵگرین... واز بێنە با قسە لە هێلانەی هاوسەریمانەوە بکەین.

جەمال پێکەنی، لەیلاش پێکەنی.

-تا سەفەر دەکەین بۆ ئەسکەندەرییە.

-کەشوهەوا لێرە هێمنترە.

-هەر کەشوهەوایەکی تۆی تێدابیت، هێمنییە... ئەو پردۆڵکەیە بە کوێ دەگات؟

-ڕۆیشتنی ئێرەمان کۆتایی هات، دەپەڕینەوە بۆ باخەکە.

لەڕێگا سێبەر بەسەرداکشاوەکە لایان دا بەرەو خۆرهەڵات تا لە پردۆڵکەکە بپەڕنەوە و لەیلا بە بزەیەکەوە تەماشای کرد و گوتی:

-بەڵام دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بیبڕینەوە.

جووتیارێک خێرا چوو تا پێشوازیی لە گەورەکەی بکات، دووەم و سێیەمیش لەدوای ئەو چوون و هەردوو دەزگیران سەرکەوتنە سەرەوە بۆ بینای باخەکە، تا کەمێک بحەسێنەوە، ئینجا دابەزینە خوارەوە و بە کێڵگەکاندا گەڕان تا گەیشتنە باخچەکە و گیاوگوڵیان ڕاخست و بەری درەختەکانیان خوارد و باخەوانەکەش لە نزیکیانەوە هەڵترووشکابوو تا جەمال فەرمانی پێ کرد بڕوات. بە گاڵتەکردنەوە گوتی:

-لەیلا تۆ بڵێی پیاوێکی وەکو ئەمە بەدبەخت بێت، یان بەختیار؟

-دیسان گەڕایتەوە بۆ باسکردنی بەختیاریی و بەدبەختی.

دوور نییە لە شەوی پەردەش هەر باسیان بکەیت و (پێکەنی)، بەڵام بۆ ئەوە دەچم کە بەختیار بێت.

-چۆن بەختیارە لەکاتێکدا لەو بەدبەختییەدایە؟

-بەدبەختی کوا؟ تۆ دەیبینی و ئەو نایبینێت؛ چونکە هاوشێوەی ئەو کلۆڵانە وا دەزانن ئەوان بۆ ئەو جۆرە ئەرکانە خولقاون، نەک بۆ ئەرکی لەوە گەورەتر. جا کە ئەو ئەرکانەیان بەئەنجامگەیاند و تێر بوون، بەختیار دەبن... لەتە نانێک و

قومە ئاوێک و پارچە پەڕۆیەک لەش داپۆشێت و هێزیش بۆ جێبەجێکردنی پیشەکە، ئەوانە ئەو چوار ئەستوندەیەن کە بەختیاریی جوتیارانیان لەسەر پێکدێت، ئەگەر وا نەبووایە ئەوا گۆرانیی لە کێڵگەکاندا دەنگی نەدەدایەوە و نە بەیانی لەوێ دەیدیتن و نە ئێوارەش!

جەمال لە قاقای پێکەنینی دا، ئینجا گوتی:

-پێم نەگوتی، من گەوهەرێکم دەستکەوتووە؟ تۆ بێ هیچ گومان و کۆسپێک ئی منی.

هەردوو لەپی خستە نێو لەپی خۆیەوە.

لە هەردوو چاوە سەوزەکانییەوە نیگایەکی پڕ لە ڕازیبوون و هیوای تێگرت، وەک ئـەوەی بڵێت: ئومێدم وایـە وابێت و ژیانمان وەک کەشوهەوای ئەم باخچەیە بێت: بۆن و بەرامەی گوڵ و چەهچەهەی مەلان.

***

هەموو ڕووناکییەک لە ماڵەکە کوژابووەوە، تەنیا یەک ژوور نەبێت، کە جەمال و دایکی تێدابوون و قسەیان لەبارەی لەیلاوە دووبارە دەکردەوە و دەگوتەوە، چونکە دایکان هەمیشە پەناگای ڕۆڵەکانیانن، هەموو شتێکی گەورەیان پێ دەڵێن و بەرگیش لە هەموو نهێنییەک دادەماڵن بۆیان.

جەمال گوتی:

-دایکە من نامەوێت کەمێک لـەوەی گوتوومە، پاشگەز ببمەوە، بەڵکو دەمەوێت شتێک ڕاست بکەمەوە، سەبارەت بەوەی لەبارەی لەیلاوە گوتوومە.

-خێر کوڕەکەم، شتێکت لەبارەی ئەوەوە بۆ دەرکەوتووە؟

-دایکە، ڕەوشتی ئەوت بەدڵە، جوانییەکەی ئەوت بەدڵە؟

-پێش ئێستا ڕای خۆمم بۆ دەربڕیوی و هێشتاش هەر لەسەر ڕای خۆمم.

-تۆ دڵنیایت لـەوەی ئەگەر هۆکارێکی دەرەکـی لەبارەی کەسێتیی لەیلاوە دەرکەوێت، ناگۆڕێیت؟

-تێناگەم، مەبەستت چییە. تۆ پێت گوتم: کە خۆشت دەوێت و بڕایەوە، بەڵام ڕاستی کارەکەم بۆ دەرخە و من جگەرگۆشەی خۆم فڕێ نادەمە نێو ئاگردانی پڕ لە ئاگرەوە... جەمال بەهەموو توانایەکم بەختیارییت بۆ وەدی دێنم.

-دایکە... ئەو هەژارە!

-ڕەنگە لە خێزانێک بووبێت کە ڕۆژگار پشتی تێکردبن.

-بەڵام تۆ وتت باوکی بازرگانە.

-ئاخر ئەمە ئەو شتەیە کە دەمەوێت لێی پاشگەز ببمەوە و ئەو هەتیویشە.

-هەژارە و هەتیویشە! کەواتە ئەدی چۆن دەژیا؟

-لەو پارە کەمەی باوکێکی دەستبڵاو بۆی جێهێشتبوون لەگەڵ دایکێک کە لە دەستبڵاوان بوو. دایکە بڕوام پێ بکە ئەگەر

دایک و باوکی لەیلا ئەوەیان نەکردایە، ئەوا بە گران ئەو کچە بە یەکێکی وەکو من دەبرا. من دەمەوێت چاکەیەک بۆ خۆم بنووسم و پیاوەتییەکیش بە هەل بزانم. یارمەتیدەرم بە لای باوکم و وای لێ مەکە پێچەوانەی ئەو گوێڕایەڵییە هەمیشەییەبم کە لە ژیانمدا نەخشەم بۆ کێشاوە. من چاوم لە داوای ئەوەیە بۆ من لەبەر دەرگای ئەم ژیانەدا.

خەمی گەیشتە ئەوپەڕی، بۆیە چاوی پڕبوون لە فرمێسک. دایکی بە نزاکردن و خواترسییەوە دەموچاوی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و نزایەکی کورتی لەبەر خۆیەوە گوتەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی، دایکی بە کوڕەکەی گوت:

-جەمال، دوای چەند و چوونێکی زۆر باوکت قایل بوو، چونکە ئەو پێی خۆش نەبوو ژنەکەت لە چینێکی نزمتر لە چینی خۆت بێت. کوڕەکەم ئێمە وامان فێرکردبوویت کە نموونە لەبەرچاوت بەرز بێت، بەڵام خۆشەویستی لەسەر زەوی تەختی کردی و داتی بە ئەرزا و ئێمەش لەدوای تۆ بەربووینەوە. باوکت بەو خوازبێنیکردنە ڕازی بووە، بەڵام حەزی کرد ئارام بگرین تا کەمێک بە خۆی ڕابگات، چونکە خەڵکی دەڵێن: "تۆ بڵێی دکتۆر جەمال بووە بە زاوای کێ؟" بەڵام دڵی باوکان دەڵێت: "جەمال هەرکەسێکی دەوێت، با بیخوازێت، باشترە لەوەی کە جەمال لەدەست بدەین". دەتوانین ئەوەش بڵێین: "ئێمە بە بنەچە و ماڵ و دارایی دەوڵەمەندین و پێی ناوێت ژنخوازی بکەین بە

هۆیەک لە بەرامبەر خەڵکدا خۆمانی پێ هەڵکێشین و لە بەرامبەر شانازیکەران شانازیی پێوە بکەین". ئەوەی هەر لە ئەزەلەوە لە نێوچەوانت نووسراوە... ئیدی لەسەر بەرەکەتی خوا، بەڵام دەبێت ئەو دڵتەنگییەت خاوکەیتەوە تا ئەو میوانداریيە لە کچەکە نەشێوێنین، چونکە ئەمە بەخشندەیی و پیاوەتی نییە.

لەخۆشییان خەریک بوو باڵی دەگرت، تەنانەت وەک ئەوە وابوو کە هەموو دنیا لەنێوان هەردوو دەستیدا بێت، بۆیە لە ماڵەوە هاتە خوارێ و ئینجا سەرکەوتەوە، دوای ئەوە سەرکەوتەوە و هاتەوە خوار، ئینجا چووە ژووری خەوتنەکەی و دەرگای لەسەر خۆی پێوەدا و بەرامبەر بە ئاوێنە ڕاوەستا سەری دابێنێ و خۆی بینی خەریکە گۆرانی دەڵێت، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات سترانی بەختیاریی لەنێوان هەردوو لێویدا هاتنەدەر، چونکە تایەفەیەکی زۆری کۆمەڵگا بەو ژنهێنانەی ڕازی بوون و ئەو تایەفەیەش باوک و دایکی بوون، چونکە ئەو بەڵێنەی بە یارەکەی دابوو، بەجێی گەیاند، کاتێک کە پێی گوت: "دەتخەمە سەر شانم و هەڵت دەگرم و بەنێو هەموو کۆسپ و تەگەرەیەکی کۆمەڵگادا تێت دەپەڕێنم". لە ژوورەکەی خۆی، لێی چووە ژوور دەستی گوشی:

-لەیلا... دواشەڕمان بردەوە!

دەمی کردەوە و هەردوو چاوی کرانەوە هەر دەتگوت باوەڕ ناکات:

–هەموو شتێکت پێ گوتن؟

–هەموو شتێکم پێ گوتن و هیچ نهێنییەک نەماوەتەوە.

بە چپە و دەنگێکی خنکاوەوە گوتی:

–جەمال تەنها یەک نهێنی نەبێت!

–لەیلا، ئەو نهێنییە هەر نیشە و زەمانە لەناوی بردووە و شوێنەواری بڕاوەتەوە و نیشانەکانی بوونەتە پێخوست. ئێمە لە نەوەیەکین لە دەریا هاتووینەتە دەر، بۆئەوەی پێکەوە ژیانێکی تازەی بەختیارانە بژین.

–زۆر دەترسم بۆ دواساتی هەڵگرتبێت و خۆی خەواڵوو کردبێت، لەکاتێکدا بێدار و ئاگادارە!

–نا، باوەڕ ناکەم وابێت... ئێمە ئەمڕۆ بەختەوەرترین کەسین.

وا ڕێککەوتن کە سبەینێ سەفەر بکەن، ئیدی چوون بۆ ئەو شوێنانەی بەختیارییەکی لێ تێکدراویان تێدا بینی، بۆئەوەی لەوێ ئەو بەختیارییە تازەیە پڕ دڵنیاییە دەرخەن کە هەیانە و دەوروبەری سەعاتەوەختێک بە ڕێگاکەی جارانیاندا ڕۆیشتن.

لە بەرامبەر هەموو درەختێک ڕاوەستان و سڵاویان لە هەموو هێلانەیەکی سەری دەکرد و گڵ و خۆڵی ڕێگاکەیان دەپشکنی، وەک ئەوەی بەدوای شتێکی بزربوودا بگەڕێن! ئەمجارەیان شەپۆلێکی ئەبەدییەت و هەتاهەتایی دایگرتن و وایان هەستکرد کە هیچ شتێکی دەوروبەریان کۆتاییان نایە: ڕێگا بە دارو درەختەکەیەوە بەبێ ئامانج درێژبۆتەوە، ڕووبارەکەش

بەبێ کۆتاییهاتن بە شانبەشانی ڕێگاکەدا دەڕوات، ئەوانیش هەردووکیان دەتگوت دوو فریشتەن لە شێوەی مرۆڤ دەتوانن بەسەر هەر شتێکدا کە دەیانەوێت، بڕۆن! بەسەر خاکدا، یان بەسەر ئاودا، یان لە هەوادا... لە دیدی ئەواندا، یاساکانی مادده پەکیان کەوتبوو، چونکە ئەوان لەژێر هەژموون و دەسەڵاتی ڕۆحدا بوون!

خۆر بەرەو ئاوابوون چوو، ئەوان پێچیان کردەوە بۆئەوەی بگەڕێنەوە و ئەو خڕییە سوورەی خۆر لەسەر هێڵی ئاسۆ داگیرسا و کەمێک سستی نواند پێش ئەوەی ئاوابێت و هەردوو دڵدار چاویان بڕییە ئەو هەسارە زۆر گەورەیە، جەمال وەک ئەوەی سرووشی شتێکی بۆ هاتبێت، ڕاوەستا.

–لەیلا... دەبێت کەمێک ڕاوەستین تا بەختەوەرترین خۆر بەڕێکەین کە لە هەموو دنیادا دەرگای خۆی لێکردینەوە و... ڕۆژەکەت لەبیر بێت و شوێنەکەشت لەبیر نەچێت.

–ڕۆژەکە پێنجشەممەیە، لە تەنیشت گەورەترین دار لەسەر لای دەستەڕاستی ڕێگاکە.

لەوێ لەلای یەکدی ڕاوەستان و مەزنیی باڵی بەسەردا هێنان و چاویان بڕییە خۆرئاوا، هەروەک خەریکی نوێژکردن بن، بەڵام بێ ڕوو لە قیبلەکردن.

لە خوا بەولاوە کەسی دیکە نەیدەزانی لەدوای چەند ڕۆژێکی کەمی دیکە، کێ لەم شوێنەدا ڕادەوەستێت؟ ئەو (جەمال)

بەتەنیا؟ یان ئەم (لەیلا) بەتاقی تەنێ! یان هەردووکیان پێکەوە لەوێ ڕادەوەستن؟

دڵیان بە پۆلە باڵندە خۆش بوو و هەنگاوەکانیان کەمێک سووک بوون و سێبەری شەو دەموچاوی هەردووکیانی داپۆشی و شەپۆلی هەتا هەتاییان بۆ گەڕایەوە و قسەکردن لەنێوانیاندا کپ بوو، وەک ئەوەی لەوە بترسن کە یەکتر بێزارکەن. جەمال گوتی:

–دێتەوە بیرت!

–ڕابردوو، یان ئێستا؟ مێشکم چالاکە و هەموو شتێکم بیر دێنێتەوە هەر دەڵێی کتێبێک دەخوێنمەوە!

–یەکەم جارت لەبیرە ئەو ڕۆژەی بیرت لە دەریا دەکردەوە؟

–تۆ لە ئاو دەرتهێنام.

–هەر لەبەر ئەوە بوو کە تۆ مرواری بوویت... ئەوا ئێستا نزیکبووینەتەوە... ئێوارەکە ماڵئاوا... ئێمە وەکو بووک و زاوا هی وەکو تۆ دەبینین.

–بەڵێ، ماڵئاوا؟

هەردوو دەزگیران زوو چوونە ناو پێخەفی خەوتن، چونکە بەتەمابوون سبەینێ سەفەر بکەن.

**(٦)**

چێشتەنگاو ئەسپ لە عەرەبانە بەستراو عەرەبانەکە لەبەر دەرگـا وەستابوو، تا ماڵئاوایی لە هـەردوو سەفەرکەرەکە دەکرێت. لەیلا دیمەنێکی بینی. کە لەمەوپێش بەخۆیەوە نەیدیبوو، سۆزێکی هاوبەشی تێدا بینی کە سروشت بۆ ماوەی هەژدە ساڵ پێی ڕەوا نەبینیبوو، دڵی بە ماچێک خۆش بوو لەلایەن دایکی دەزگیرانییەوە و دەستی باوکی دەزگیرانەکەشی ماچ کرد و وایزانی کە لە لانکی منداڵیی هاتووەتە دەر و ماڵئاوایی لە کەسوکاری دەکات، بۆیە لەکاتێکدا ڕێگای چوونەدەرەوەی گرتبوو، بەری فرمێسکەکانی پێ نەگیرا. خانمی ماڵ چاوی پێی کەوت دەگریا، دەستێکی لە شانی دا و گوتی:

-کچەکەم تۆ هەستناسکی... چەند زوو هۆگرمان بوویت! خەمی هیچ شتێکت نەبێت، بەمزووانە دەتبینینەوە.

جەمال کە چاوی بە گریانەکەی کەوت، پێکەنی، بەڵام لە ناخی خۆیەوە کەوتبووە بەر دڵی.

جانتایەکی گەورە خرایە بەردەمی عەرەبانەچییەکە و جەمال سەرکەوت و لەدوای ئەویش لەیلا سەرکەوت و ئەوانەی لەوێ ڕاوەستابوون کە عەرەبانە ئامادەی ڕێکردن بوو، کەمێک دوورکەوتنەوە و بەدەست ئاماژەی سڵاوکردنیان کرد و دەنگێکی ژنانە لە پشتی دەرگاکەوە بیسترا، گوتی: "خواتان لەگەڵ". ئینجا عەرەبانەچییەکە جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشا و بۆ

ڕۆیین کەوتەڕێ و ماڵئاواییکەران بڵاوەیان لێکرد و هەریەکە بە ڕێگایەکدا ڕۆیشت.

جەمال تەماشای لەیلای کرد، پێی گوت:

-ڕۆژەکان زۆر بەخێرایی تێپەڕین، هەروەک بڵێی تەنیا سەعاتێک ماینەوە.

دەنگێک لە دواوە بیسترا، پێش ئەوەی عەرەبانە بە خێرایی بڕوات، بانگی دەکرد:

-گەورەم دکتۆر... گەورەم دکتۆر...

عەرەبانەچییەکە وەستا و جەمال سەیری دوای خۆی کرد و ئینجا بە لەیلای گوت:

-جانتا بچووکەکەم بیر چووبوو.

کچێکی جوانی لادێیی تەواو گەنج و جحێڵ ڕایدەکرد، دوای ئەوەی عەرەبانەکە بەڕێکەوت، کچەکە چووە ماڵەوە و بینی خانمەکەی داوای یەکێک دەکات کە جانتاکە بگەیەنێ و ئەویش جانتاکەی وەرگرت بۆئەوەی بیگەیەنێت و بەڕێشیان بکات. کە گەیشتە عەرەبانەکە، کەوتە ئەولایەی لەیلای لێ دانیشتبوو. لەکاتێکدا دەستی پانکردبووەوە، چاوی پێکەوت و گوتی: "خواتان لەگەڵ".

پێش ئەوە لە ماڵی جەمال نەیدیبوو، بەڵام لەپڕ خوێن زایە دەموچاوی هەردوو کچەکە و سەرسامیی لە چاویاندا دەرکەوت و لەڕوویاندا ئەوە دەرکەوت کە یەکتر دەناسن،

ماوەیەک تێپەڕی و سەرسامیی دایگرتن و دکتۆریش سەیری دەکردن... ئینجا کەوکەب هاتە قسە و گوتی:

-تۆ لەیلا نیت؟ خانمەکەم چۆنی؟

لەیلا بە ئاماژەیەک وەڵامی دایەوە و عەرەبانەکە کەوتە ڕێ.

کەوکەب دوایین تیر بوو کە ڕۆژگار هەڵیگرتبوو بۆئەوەی بیگرێتە دڵی هەردوو دڵدار و هەر لەبەرئەوەش جانتاکەی لەبیر چوو و هیچ چاوێک نەیبینی.

جەمال گوتی:

-لەیلا چۆنی دەناسیت؟ ئەو ژنی جوتیارێکی باخەکەمانە.

-لەو ڕۆژانەی من لە نەخۆشخانەکەی دکتۆر (ک)... بووم، ئەو شیری دەفرۆشت.

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و پشێوییەک دایگرت کە لەمەوبەر بەخۆیەوە نەیدیبوو:

-وا چاکە لە ڕۆیشتن بەردەوام بین... ئەو ژنێکی گێلە... بێگومان لەوە زیاتر نازانێت!

لەیلا ئەو ئارەقەیەی سڕییەوە کە بە دەموچاویدا هاتەخوارێ، هەرچەندە هەردوو دەستی ساردبوون، لەکاتێکدا سەری داخستبوو، وەڵامی دایەوە:

-بێگومان نازانێت... جەمال تکات لێ دەکەم خۆت بگرە تا سواری شەمەندەفەر دەبین... ئەی پێم نەگوتی؟

دەستەسڕەکەی بەرزکردەوە تا ئارەقەی پێ بسڕێتەوە،

بەڵام فرمێسک و ئارەقەی سڕییەوە.

چۆلەکە بە جووکە جووک و لقەدارەکانیش بەجووڵانەوەی سەما ئاسا گاڵتەی پێکردن، لەکاتێکدا چاوی بە کێڵگەکانی دەوروپشتی خۆیدا دەگێڕا و لەیلاش سەیری ژێر پێی خۆی دەکرد و تەقەتەقی سمی ئەسپەکە وەک دەفێکی خەمبار دەهاتە بەر گوێیان.

لە وێستگە دابەزین و عەرەبانەکە گەڕایەوە، چونکە جەمال نەیویست عەرەبانچییەکە وەمێنێ تا جانتایەکانی دەداتە دەست. هەردوو دەزگیران ڕاوەستابوون و غەم دایگرتبوون و سەرسامیی بەسەریاندا زاڵ بوو، بەڵام هەر کە ژووری شەمەندەفەرەکە گرتنیە خۆ، بە قسە هاتنەوە و لەیلا دەستپێشخەر بوو:

–جەمال! پێم نەگوتی؟ ئەی پێم نەگوتی کە من کۆڵێکی قورسم بەسەر شانتەوە و دەبووایە لە کۆڵی خۆت دامگریت؟ ئەی پێم نەگوتی: لەوانەیە ڕۆژگار بۆ دوا تاو هەڵیگرتبێت و خۆی بە خەواڵوو پیشان دا، لەکاتێکدا ئەو بێدار و وریایە. هەموو ئەوانەم پێ گوتی و ئەوەی لێشی دەترسام ڕووی دا! سروشت منی بە بەردێکەوە بەستۆتەوە و هەڵیداومەتە ناو ئاوێ، بۆیە خۆت بەدوای مندا نووقم مەکە و لێمگەڕێ با بخنکێم. شیر من و کەوکەبی پێکەوە بەستۆتەوە و شتێک هەیە لێتی ناشارمەوە... خوا ویستی ئەوە بکات و ئەوەیش ئەو

بییەوێت بەدەست خۆیەتی و ئێمە بۆمان نییە هەموو شتێکمان بوێت!

–ئینجا پەیوەندی شیر چییە... ئەو فرۆشیار و تۆ کڕیار!

–نەخێر لەوە زیاتر هەیە.

–ئەوەی هەیە دەبێت چی بێت؟

–زەینەب شیری داوە بە هەردووکمان... ئەو لە ماڵەوە و منیش لە پەناگا.

جەمال پێکەنی:

–گاڵتەجاڕییەکی سەیرە... باشە کەوکەب بەوە دەزانێت؟

–نەخێر نازانێت.

بێدەنگییەک لەنێوانیاندا زاڵ بوو، دەتگوت لێک تۆرانە، جەمال هەڵوێستەکەی دوێنێی لەیلا و خۆی بیرهاتەوە کاتی خۆرئاوابوون و ئەوەی بینییان و ئەوەی بە شایەتییان گرت لەبارەی خۆشەویستییەکەیانەوە و قاچی خستە سەر قاچەکەی دیکەی و بەپێ لە زەوییەکەی دەدا و هەر دەتگوت ئاوازێک دەژەنێت.

بەڵام لەیلا خەمی هیچی نەبوو، ئەوە نەبێت کە سەرئێشە بۆ خۆشەویستەکەی دروست دەکات. ئەگەر بچوویتایە نێو دڵی ئەوەت دەبینی کە ئارەزووی ڕزگارکردنی خۆشەویستەکەی لەو بارگرانییەی بۆی دروستکردووە، گەورەترین هیواو ئاواتی بوو.

شەمەندەفەرەکە لە ڕێگای چوونی بۆ ئەسکەندەرییە ڕێگاکەی دەپێچایەوە، لەکاتێکدا کەوکەب بە بزەیەکی گێلانە بە خانمی دەگوت کە ئەو شتێک لەبارەی لەیلاوە دەزانێت و دەبێت ئەوەش بڵێین: ئەو خۆی بەو زانیارییانەوە هەڵدەکێشا و مەبەستی ئازار پێگەیاندن نەبوو.

کەوکەب گوتی:

-خانمی گەورەم من دەیناسم... ئای کە ڕێکەوتێکی خۆشە! لەیلا کچێکی جوان و دڵ و دەروون چاکە و من شیرم پێ دەفرۆشت، پێش ئەوەی بۆ (موجاهید) بگوێزرێمەوە. ئەو پەرستار بوو لە نەخۆشخانەی دکتۆر (ک)... و لە سەربانی ماڵێک لە ژوورێکدا دەژیا لە گەڕەکی... و من هەر کە ماندوویی تینی بۆ دەهێنام، لای ئەو پشوویەکم دەدا، چونکە سۆزێکی بەسەردا دەباراندم کە هەرگیز لە کەسی دیکەم نەدیوە.

کە لەگەڵ دکتۆری گەورەم بینیم، دەستبەجێ ناسیمەوە، بەڵام کاتەکە کورت بوو و هیچم بۆ نەکرا لەوە زیاتر کە سڵاوی لێ بکەم.

خانمی گەورە بە خەمداگرتنێکەوە، گوتی:

-چیرۆکەکەم زانی، بەرەو کاری خۆت بڕۆ.

کچەکە سەری سوڕما، چونکە ئەوەی لە خانمەکەی بینی بە پێچەوانەی ئەوە بوو کە چاوەڕوانی دەکرد.

لەو کاتەی کە ئەوان هەردووکیان لە شاری ئەسکەندەرییە

دابەزین، باوکی جەمالیش لە شاری قاهیرە دابەزی و چاوی بە دکتۆر (ک)... کەوت لە نەخۆشخانەکەی.

ئاشنایەتی لەنێوانیاندا هەبوو، ئیدی دانیشتن و قاوەیان خواردەوە و ئەوەندەی پێ نەچوو دکتۆر (ک)... هەواڵی کوڕە دکتۆرەکەی لێپرسی.

باوکەکە گوتی:

-سوپاس بۆ خوا باشە و... نیازی وایە عیادەیەک بۆ نەخۆشەکانی بکاتەوە و پەرستارێکی دۆزیوەتەوە و ئەوەمان زانیوە کە لای تۆ کاری کردووە، بۆیە هاتووم لێت بپرسم و بزانم لە ڕووی لێهاتوویی و کەسێتییەوە چۆنە. ناوی لەیلایە و ئەوەی ساڵێکە خزمەتکردنی لای تۆ جێهێشتووە.

دکتۆر بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوو.

باوکەکە پێی گوت:

-گەورەم شتێک هەیە؟ دڵی بەپەلە کەوتە لێدان و ڕەنگی پەڕی و تێکچوو، بەڵام خۆی گرت و ددانی بەخۆیدا گرت.

-نەخێر، هیچ شتێک نییە، ئەو پەرستارێکی کارامە و لێهاتووە.

بێدەنگ بوو و یادگارە کۆنەکانی بەبیردا هاتەوە، هەروەک بڵێی ژنەکەی بەگوێیدا بچپێنێت کە ئەوەی لە چیرۆکەکە ماوە، بیگێڕێتەوە، بۆیە پێکەنی و قسەکەی تەواو کرد:

-باوکی جەمال... زۆریش جوانە و... قسەی خۆمان بێت هەڵگیراوەشە.

کابرا خۆڕاگریی و ئازایەتی لادێییانەی پێکەوە کۆکردەوە و لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگانە و ناخۆشییان و خۆی پێ نەگیرا و گوتی:

-هەڵگیراوە! هەڵگیراوە! گەورەم دکتۆر، ئێمە چیمان بەسەر هەڵگیراوانەوە هەیە و ئێمە لە کوێ و هەڵگیراوە لە کوێ؟

ئیدی هەستایە سەر پێ و سڵاوی لێ کرد و ڕۆیشت.

ئەو شەوە بێدەنگییەکی پڕ لە خەم و پەژارە و دڵتەنگییەکی پڕ لە ترس باڵی بەسەر سێماڵدا کێشا، دووان لە ئەسکەندەرییە، ئەوانیش ماڵی لەیلا و ماڵەکەی جەمال و سێیەمیان لە لادێ، ئەویش ماڵی کەسوکاری دکتۆر جەمال.

ڕۆژگار وەستانێک وەستا وەک وەستانی فەرماندە؛ تا ئەوکاتەی قسەیەک دەکات.

(٧)

لەیلا لەکاتێکدا بەنێو نەخۆشەکاندا تێدەپەڕی دوای سەفەرەکەی و دابەزینی لە نەخۆشخانە، خەمی خۆی دایگرتبوو، ئەگەر بە ڕووخسار قورس و گران و زۆر خۆڕاگر نەبووایە، هەموو ئەوانەی لەوێ بوون دەیانزانی کە خەمبارە.

لەسەر یەکێک لە قەرەوێڵەکان نەخۆشێکی تازەی بینی: ژنێک چل ساڵ زیاتر بوو، سپڵداری لاواز. ڕوخسارە زەرد هەڵگەڕاوەکەی شوێنەواری جوانییەکی کۆنی پێوە دیاربوو، خۆری لادێ دەموچاوی ڕەش داگێڕابوو، ئەمەش نیشانەی ئەوە بوو کە لە کێڵگە کار دەکات و ژنە جووتیارە.

بەدڵشکاویی لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشابوو و هەردوو چاوە ئارام نەگرتووەکانی، کە دەتگوت جیوەن، بە بنمیچی ژوورەکەدا دەگێڕا و قژە زەردەکەشی لەژێر دەستەسرێکی تەنکی شاش، کە هەندێک چەپک لەو قژە هاتبوونە دەر و کەمێک زوو پیربوونیان پێوە دیاربوو، چونکە ئەو زوو پیربوونە نیشانەی تەپوتۆزی ڕووداو و ماندووبوونە لە ژیاندا.

لەیلا چاوی بەو ژنە کەوت و بەبێدەنگی تەماشای کرد و دوای کەمێک لێی پرسی:

–ژنەکە کەی هاتوویت؟

–ئەوە سێ ڕۆژە... ئەی کەی نەشتەرگەرییەکەم بۆ دەکرێت؟

–نازانم.

ئیدی پشتی تێکرد و ڕۆیشت.

یەک دوو ڕۆژی دیکە تێپەڕین سێ ڕۆژ و چوار ڕۆژی دیکەیان بەدوادا هات و ئەو نەشتەرگەرییە بۆ نەخۆشەکە هەر نەکرا.

لەیلا بەلای قەرەوێڵەکەیدا تێپەڕ بوو.

ژنەکە لێی پرسی:

–ئەرێ کەی نەشتەرگەرییەکەم بۆ دەکەن؟

بە زبرییەکەوە وەڵامی دایەوە:

–پێم گوتی: نازانم... ئەو سووربوونە لەسەر پرسیارکردن چییە؟

–بۆ وا لەگەڵ من دڵڕەقی، خۆ دەڵێن تۆ زۆر ناسک و دڵنەرمی؟ بەختەکەی خۆمە لە هەموو شوێنێک ڕاوم دەنێت!

لە دڵی خۆیدا زۆر ئازاری چێشت، چونکە هەرگیز پێی نەگوترابوو کەسێکی زبری، بەڵام لە حاڵەتێکی دەروونی تاڵدا دەژیا. بزەیەک ڕێگای لەنێوان هەردوو لێوی کردەوە و تەماشای کرد:

ژنە نەخۆشەکە گوتی:

–من بۆیە پرسیاری زۆرت لێ دەکەم، چونکە لەوەتی دیومی وا هەست دەکەم کە مەیلێکم بۆت هەیە.

–چاوبڕکێم لەگەڵ دەکەیت؟!

–سەردەمی چاوبڕکێ ڕۆیشت و تێپەڕی، نەیەتەوە.

-ئەی باشە بۆ خۆشت ویستووم؟

-چونکە لێکچوونێک لەتۆدا لەگەڵ کچێکی خۆم دەبینم... تکایە تورە مەبە.

-نا... ئەمە شتێک نییە مایەی توورەبوون بێت.

خۆی بە پشکنینی زگی خەریک کرد.

-ئەو کچەت لە لادێیە؟

سەیرێکی کرد و قسەی نەکرد و فرمێسک زایە چاوی و ڕەنگی وەکو ڕەنگی مردووان پەڕی و لەیلا بەسەریدا لاربووەوە و سەری لە سەرییەوە نزیک بوو و بە سۆزەوە پێی گوت:

-ببوورە، خەمەکانم وروووژاندیت... ئەو مردووە؟

بەڵام ژنەکە وەڵامی نەدایەوە.

بۆیە جێی هێشت، چونکە نەیویست باری گران بکات. دوای ئەوە غەریزە دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ هەردووکیان، چونکە نهێنییەکەیان یەکێکە و دایکایەتی فەرزەندەییەکەی بانگکرد و ئەویش وەڵامی دایەوە، هەرچەندە پەردەیەکی ڕۆژگار و یەکتر نەناسینەوەیان لەنێواندا هەبوو.

لەیلا هەوڵی دا کەمێک ئاگاداریی بکات و ژنەکەش هۆگریی خۆی بۆ دەرخست کاتێک لێی پرسی:

-لەیلا تۆ خەڵکی کوێیت؟ تکات لێ دەکەم توورە مەبە.

لەیلا پێکەنی:

-دەتەوێت شوێنەکەم بزانیت؟ من خەڵکی قاهیرەم.

-قاهیره! هەر قاهیره قاهیره؟

-تۆ ڕاست دەکەیت... لە گوندێکی نزیکی.

-من لە گوندێکی ئەوێ لەدایک بووم و ڕەنگە هەردووکمان زادەی یەک وڵات بین.

-من خەڵکی گوندی...

-ڕاستی بۆ چووم و ئامانجەکەم ئەنگاوت... من و تۆ خەڵکی یەک شارۆچکەین.

کەمێک نێوانیان نزیکبۆوە و ڕۆژگار پاڵی بە هەردووکیانەوە نا بەرەو ئەوی دی، بەرەو هاوڕێکەی.

ژنەکە گوتی:

-دایک و باوکت لە ژیاندا ماون؟

لەیلا لەکاتێکدا بەسەریدا دانەویبووەوە بە ڕاشکاویی و چپەوە وەڵامی دایەوە:

-بەڵکو من هەتیوم... نە دایک! نە باوک!

هەردوو دەموچاو زەرد هەڵگەڕان و چاوی هەریەکەیان بریقەی داو ماوەیەکی گومان و سەرسامی و نائومێدیی و هیوا تێپەڕی.

لەیلا گوتی:

بەڵام تۆ لەبارەی کچەکەتەوە هیچت پێ نەگوتم... ئەو مردووە؟

-لەوانەیە زیندوو بێت.

–ئەوە دەڵێی چی؟ کەس هەیە نەزانێت حاڵ و باڵی منداڵەکانی چۆنن؟

–ئەو منداڵ بوو کە دز لێیان دزیم.

–خوا ئاگای لێت بێت، ئەوە کەی بوو؟

ژنەکە لەپی خۆی خستە سەر نێوچەوانی و هەردوو چاوی لەسەر یەک دانا، وەک ئەوەی بییەوێت دوور نزیک بکاتەوە و شتێک بەبیر خۆی بێنێتەوە، کە ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە. ئینجا دەستی بەرزکردەوە و تەماشایەکی کرد:

–ئەمە... ئەمە... ئەمە نزیکەی هەژدە ساڵە.

بێدەنگی هەردووکیانی داگرت و دوای ئەوە شتاقیان نەیتوانی قسە بکات.

کاتی عەسر هات و لە قاوشێک لە قاوشەکانی نەخۆشخانە بەیەکگەیشتن، کاتێک ڕێکەوت پێکەوە کۆیکردنەوە. لەیلا سڵاوی لێ کرد و چاوی بە پرسیارێک بریسکەی دا. نیگەرانی و حەسرەتی نەخۆشەکە لە نیگەرانی و حەسرەتی لەیلا کەمتر نەبوو، چوو بۆ لای و کراسەکەی گرت و گوتی:

–لەیلا... دایک و باوکت لەمێژە مردوون؟

–ئەوەندە بەسە ئەوە بزانیت کە ئێمە خەڵکی شارۆچکەیەکین... وازم لێبێنە و لێم گەڕێ.

بەڵام خۆی پێوە گرت و هەناسەی سوار بوو و ترپەی دڵی یەک بەدوای یەکدا هاتن:

-دایکت دیوە پێش ئەوەی بمرێت؟

-نە باوکیشم!

لەیلا... ڕەنگە من دایکت بم، بەزەییت پێمدا بێتەوە. کچەکەم چەپکە قژێکی پێ بوو. کەزیی لەژێر دەستە سڕەکە دەرهێنا.

وەخت بوو لەیلا قیژەیەکی لەدەم دەربچێت و لەکاتێکدا ئاوڕی بەملاو ئەولای خۆیدا دەدایەوە، بە دەنگێکی خنکاوەوە گوتی:

-تۆ دایکمیت... بێگومان تۆ دایکمیت!

قاوشەکە خاڵی بوو و کەسی لێ نەبوو و نە کەس دیتی و نە کەسیش گوێی لێیان بوو، دەستیان لە ملی یەکتر کرد و دایکە ماچی دووەمی لە کچەکەی کرد، ئینجا هەردووکیان فرمێسکیان سڕییەوە و قەرەوێڵەکە نەخۆشەکەی گرتە باوەش و لەیلاش بەنێوان قەرەوێڵەکاندا گەڕا. نهێنییەکە بە شاراوەیی مایەوە لە هەموو کەسێک و کەس پێی نەزانی. چراکان لە ژووری نەخۆشاندا کوژانەوە و تەنیا چرای ڕێگاکان ڕووناکییە کزەکەی بۆ زەوی نەخۆشخانە و دیوارە بریقەدارەکانی بەڕێ دەکرد.

ئەوەی حەساوە بوو، خەوت و ئازارداریش ناڵاندی و بێدەنگیی باڵی بەسەر جێگەدا کێشا، هەرچەندە ناوبەناوێک ناڵەیەک گۆمی بێدەنگییەکەی دەشڵەقاند.

دایک و کچ لە شوێنێکی بەلاوە دانیشتن و بە مێژووی هەژدە ساڵدا دەهاتنەوە. لەیلا بە دایکی گرفتەکانی گەیشت،

ئەوەی هەڵیدایە بەردەمی شێران، بەڵام لەیلا بە دایە بانگی دەکردا!

لەسەر کورسییەکی دار دانیشتن، کە جێی دوو کەسی لەسەر دەبووەوە و دەموچاوێکی قۆز و جوان بەرامبەر دەموچاوێک بووەوە کە گەچڵان و سیسبوونی پێوە دیاربوو، بەڵام یەک خوێنیان پێدا دەڕۆیشت و لەژێر کڵاوە سپییەکە (قلنسوە) و دەستەسڕە سپییەکە، قژە زەردەکەی هەردووکیان دەرکەوت، دەتگوت تیشکی خۆری لادێیە.

هەندێک ئاخهەڵکێشان لە شوێنەکەدا گەڕا پێش ئەوەی قسەکردن دەست پێ بکات. کێشەی تەمەن خرایە ڕوو، ناحەزەکان لە کێشەکەدا بەپێی دابی سروشت خۆشەویستی یەکترن و بەپێی حوکمی یاساش دوژمنی یەکتر. دایکە گوتی:

–لەیلا... بەم شێوەیە بوویتە کچم؟

–بەڵام تۆ ناوت نەنام و تویێشوویەکیشت نەدامێ و من و تۆ هەردووکمان دەرکراو و هەڵاتووی کۆمەڵگاین، بەڵام من پێت دەڵێم دایکە تۆ بنەچەی منی و تۆ هەرشتێک بیت، سەرەڕای هەموو شتێک خۆشم دەوێیت!

ئیدی هەردووکیان لە پڕمەی گریانیان دا.

–خوا بتپارێزێت کچەکەم و ئەوەت بەسەر نەیەت کە من لە ژیانمدا بەسەرم هاتووە و من نێچیری شەیتان بووم... لەیلا من بۆت دەپاڕێمەوە، دوعات بۆ دەکەم و خواش خۆی گوێی

لێیە، چونکە من دوعا بۆ خۆم ناکەم. من بۆ ئەوە ژیام تا سزا وەرگرمەوە و قامچی سزام بەبێ قیژە و هاوار هەڵگرت و دەبا بەخشینم بەرامبەر تاوانەکەم بەزەیی بێت بۆ کەسێک کە لەنێو زگمدا هەڵمگرتبوو، خۆ خۆت دەمبینیت کە هەتا زۆر دوعا بکەم، سزاکانم زۆرتر دەبن. کێڵگە و مەزراکان کڕنووشی منیان بینی و کەسێکی دیکە نەیدەدیتم- لەکاتێکدا دوو لەپی لەرزۆک و دوو چاوی بە فرمێسک و دوو گۆنای بە گریان دادڕ دادڕبووم بۆ ئاسمان بەرزکردەوە- داوام لە خوا دەکرد لە شوێنی نیشتەجێبوونت کە من پێی نازانم، ئاگای لێت بێت و بە ئازارچێشتن پاک و بە سزا خاوێنم کاتەوە.

ئەو کچە منداڵەی مەزراکان گوێیان لە گریانی بوو، لای دایکی زۆر خۆشەویستترە لەو کچە منداڵەی ژوورەکان بەبۆنەی لەدایکبوونی هاتنە هەژان و چەندان ماڵ بەبۆنەی هاتنییەوە کەوتنە گۆرانیگوتن و لە حەفتانەشیدا (لە گوێزەبانەشیدا) چەندان مۆم داگیرسێنران، بەڵام خەڵکی لەنێوان من و تۆدا ڕاوەستاون و منیش لە ترسی ئاگری شەرمەزاریی و شورەیی، بۆ چارەنووس فڕێمدایت.

کچەکەم خوا بتپارێزێت و ئەوەت بەسەر نەیەت کە من لە ژیانمدا بەسەرم هات. من گەشیی جوانیم هەڵیخەڵەتاندم و وامزانی دەسەڵاتی جوانیی، لەخشتەبردن لەلایەن پیاوانەوە بەسەریدا زاڵ نابێت، بەڵام دۆڕاوەکە من بووم.

مێردم بە ئامۆزای خۆم کرد، بەڵام بەختیار نەبووم و زوو تەڵاقدرام و لە سایە و چاودێریی باپیرتدا ژیام، باپیرت جووتیارێکی بچووک بوو لە یەکێک لەو باخە گەورانە. لە دێی یەکەم بە بەختیاریی لە سایە و چاودێریی باوک و دایک و گەشیی گەنجی و جحێڵی دانیشتم. تا ڕۆژگار کوڕێکی لە دەوڵەمەندانی لادێی بۆ ناردم و دەوری عاشقی سەوداسەری بینی و دەورەکەشی بەچاکی جێبەجێ کرد و بەڵێنی ئەوەی پێدام کە دەمخوازێت و ئیدی هەڵخلیسکام... و لەبەر چاوم بزر بوو.

دوای ئەوە کچێکی منداڵ بوو، کە چەند پارچە پەڕۆیەکی تێوەپێچراو فڕێدرایە کێڵگەکە. خەڵکی هەواڵەکەیان بیست- هەرچەندە شاراوە بوو- و خاوەن کێڵگەکە من و باوک و دایکمی دەرکرد و سەری خۆمان هەڵگرت بۆ کێڵگەیەکی دیکە لە باکووری (البحیرة)، دایکم لەوێ مرد و من و باوکیشم بەدەست نەبوونی و دەستکورتییەوە ناڵاندمان و بڕیارم دا کە هەموو ژیانم بۆ سڕینەوەی ئەو تاوانە بەرمە سەر.

ڕۆژگار لەگەڵماندا سەخت و توند بوو و نەخۆشیی بۆ کشتوکاڵەکەمان نارد، هەروەک ئەوەی ئۆباڵی تاوانی من کەوتبێتە ئەستۆی باوکم. دواجار، وەکو دەبینیت، من نەخۆشکەوتم و باپیرت هێنامی بۆ نەخۆشخانە و لێرە بەجێی هێشتم و خۆی گەڕایەوە.

کچەکەم خوا بتپارێزێت و ئەوەی من لە ژیانمدا بەسەرم هاتووە، تۆ بەسەرت نەیەت، ئەو ژیانەی زنجیرەیەک کڵۆڵی و سەرئێشە و کوێرەوەریی و ئێش و ئازار بووە و ئەڵقەی یەکەمی نەبێت، دەم بە پێکەنینێکی تێدا نەبوو.

لەیلا دوای ئـەوەی سـەرەتـای یەکەمی ژیانی بۆ دایکی گێڕایەوە، گوتی:

-ئێستا من بەدەزگیرانم، بەڵام ساردییەک لەنێوان من و دەزگیرانەکەم هەیە.

-سبەینێ نامێنێت و... بەڵام لە چییەوە ڕوویداوە؟

-لە شوێنەواری ڕابردووەوە.

-قوڕ بەسەرم؛ لێرە بڵاو دەبێتەوە؟

-خراپە خێرا بڵاو دەبێتەوە.

-خوا ئاگادارمان بێت؛ ئاواتەخوازم لێرە بمرم و من ئێستا لەسەر مردنم. لەیلا نەدەبووایە لە ئاسۆی ژیانتدا دەرکەوم، بەڵام من هۆکاری لەبەرچاو بزربوونم.

-ئەوەی لەنێوان من و تۆدایە کەس پێی نازانێت.

-کچەکەم وەک تۆ دەڵێیت وایە.

قەرەوێڵەکە نەخۆشەکەی لەخۆگرت، بەڵام ڕۆژگار هێشتا وەک فەرماندەرێک وەستاوە، تا وشەیەک لەنێوان هەردوو لێویدا بێتە دەرێ و قسەیەک بکات.

(٨)

هێشتا هەندێک ساردیی لەنێوان لەیلا و جەمالدا هەر هەبوو، کە بەخت دروستی کردبوو و ڕۆژگار بۆی هۆنیبوویەوە. جەمال تێدا مابوو و هەڵوێستەکەی وەک هەڵوێستی کەسێک بوو کە نە وەردەگرێت و نە دەشبەخشێت، لەیلاش هەڵوێستی کەسێکی ئارامگری بیرکەرەوەی هەبوو.

ئەو شەوە جەمال- وەک هەموو شەوێکی دیکەی دوای گەڕانەوە- بە مێشک شلەژاویی و دەروون شێواویی چووە ناو جێگا و هەزار حیسابی بۆ ئەو شتە دەکرد کە ڕۆژگار دەیهێنێت.

لە دەرگا درا و خزمەتکارەکەی خێرا هەستا تا دەرگا بکاتەوە، چرای ژووری دەرەوەی پێ کرد و خزمەتکارەکە ئیزنی لە دکتۆر وەرگرت و پێی ڕاگەیاند کە باوکی هاتووە.

جەمال خێرا چوو بۆ ئەوێ و کە لێی چووە ژوورێ، نیشانەی شەڕی لە دەموچاوی بینی؛ کابرا دەتگوت لەنێو پێخەفی نەخۆشیی هەستاوە و تازە نەخۆشکەوتووە و زەردهەڵگەڕاویی بەسەر دەموچاوە ئەسمەرەکەیدا زاڵبوو و سپێنەی چاوی هەندێک سوور هەڵگەڕابوو، وەک ئەوەی چەند شەوێکی دوورودرێژ بێت خەو نەچووبێتە چاوی. هیچ کەلوپەلێکی سەفەریشی پێ نەبوو، چونکە سەفەرەکە نە ڕازی بوو و نە هێمن و نە نیازی مانەوەشی هەبوو.

کوڕەکەی بە ئەدەبەوە بەخێرهاتنی کرد و دوای ئەوە هەواڵی ئەوانەی ئەوێی پرسی، باوکی وەک ئەوەی وەڵامەکانی لەبەر کردبێت، وەڵامی دایەوە:

-هەموویان باشن و هەمووشیان سڵاویان بۆتۆ پێدا ناردووم... تەنانەت دکتۆر (ک)...یش.

هەموو شتێک تێگەیی.

-بابە... ئێمە لە هەڵوێستی لێک ئاشکرابووندا ین و لە کاتێکی گونجاو و لەبار هاتی بۆ لام؛ چونکە لە هەڵوێستێکدام نە دەتوانم وەرگرم و نە ببەخشم. من هەموو شتێکی ئەو کچە دەزانم، بەڵام هەوڵم دا بەسەر کۆمەڵگەیدا بسەپێنم، کەچی سەرنەکەوتم، من ئەوەش دەزانم ئەو خوێنە لادێییانەی بە ڕەگەکانتدا دەڕوات، هەر ئەو خوێنەیە کە بە ڕەگی منیشدا دەڕوات و منیش وەکو تۆ بە تەنگ شەرەفەوەم و بە پەرۆشی داب و وێڵی لادێم، بەڵام من بە ناخی ڕاستی ئەو کچەدا ڕۆچووم ناسیومە و... خۆشم ویستووە و هەتا ئێستا پێم وایە ناتوانم بەبێ ئەو بژیم، تەنیا مەگەر شتێک ڕوو بدات ببێتە کۆسپ بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی بڕیارم لەسەر داون لەبارەیەوە. ئەگەر کوڕەکەی خۆشت خۆش دەوێت، مەبە بە ڕێگر لەنێوان ئەو و ژنەکەیدا و لەو کەسانە مەبە کە ئۆباڵ دەخەنە ئەستۆی کەسانێک، کە ئەو تاوانەیان نەکردووە... من تا ئێستاش هەر لێت دەپاڕێمەوە و گوێڕایەڵیشم.

هەڵوێستێکی گێژەڵووکاویی لەنێوان ئەو دووانەدا هەبوو. باوکەکە چاوی بە سووربوونێک کەوت کە هەرگیز چاوەڕوانی نەدەکرد، تووڕە بوو و کەفی چڕی و ترساندی، هەڕەشەی لێ کرد، بەڵام ئەمانە هەموو بەبا چوون و سوودیان نەبوو.

دەوروبەری سەعاتێک بێدەنگی بەسەر ژوورەکەدا زاڵ بوو و باوکە پیرە چەکەکەی گۆڕی و بەنەرمی کەوتە قسە لەگەڵ کوڕەکەی:

–ڕۆڵەکەم ئەوەت بیر نەچێت کە تۆ لەنێوان کۆمەڵگادا چ نرخێک و بنەماڵەکەشت چ پلەو پایەیەکی هەیە، کە پەنجەی بۆ درێژ دەکرێت. سواری سەری خۆت مەبە و مل بۆ سۆزێک کەچ مەکە، کە کاتێک نوێنی ژن و مێردایەتی دەتانگرێتە خۆی، نامێنێت و بەهەوادا دەچێت، جەمال، سبەینێ پەشیمان دەبیتەوە و دەزانیت کە کەسێکت هەڵبژاردووە ناوێریت لەنێو هاوڕێکانتدا باسی لێوە بکەیت، ڕۆژێک دێت کە منداڵەکانت لێت بپرسن خاڵیان کێیە و کێش باپیریانن و وەڵامێک بۆ پرسیارەکانیان نادۆزیتەوە!

–من تەنیا خۆیم دەوێت... باوکە ماندووم مەکە.

–ئا بەو شێوەیە خۆشت دەوێت؟ ئای کە پیاوێکی خاوەنی ڕای خۆت نیت، تۆ بێئەزموونی و لەخشتەبراویت... سوێند بێت لە ماڵەکەت نەخەوم.

لە تاریکی شەودا گرمەی پێوەدانی دەرگا دەنگیدایەوە و

باوکە بەوپەڕی توڕەییەوە چووە دەرێ.

لەیلا نەیدەزانی ئـەوەی کە ساردیی لێوە دەرکـەوت، ئەو خۆشـەویستییە پاکەی لە دڵدا هەیە بۆ ئەو و لەپێناوی ئەودا بەرامبەر بە داب و وێڵ دەوەستێت.

بــەڵام چــارەنــووس دەربــازبــوونــێــکــی بـۆ گیروگرفتێک دەڕەخساند، کە خۆی دروستیکردبوو و خۆشـەویستەکانیش لێی بێ ئاگابوون.

ڕۆژگــار هێشتا بەشێوەی فەرماندەرێک ڕاوەســتــاوە؛ تا وشـەیەک لەنێوان هــەردوو لێویدا بهێنێتە دەر؛ وەک ئەوەی خۆی لە بۆسە نابێت بۆیان.

(٩)

هیچ جۆرە سەرسامییەک لە سەرسامیی دڵدار بەتینتر نییە؛ چونکە ئەگەر دڵی لەو سەرسامییەدا بەوە خەریک دەبێت کە عوزرخوایی بۆ خۆشەویستەکەی بێنێتەوە و ئەگەر ئەوە بخرێتە بەردەمی ژیریی، ئەوا فڕێی دەدا و بە هیچی نازانێت؛ سەرلەنوێ دڵ بە بەڵگەیەکی بەهێزتر و بیانوویەکی چەسپاوتر دەیخاتەوە ڕوو، بەڵکو ئەوە خوایە زاڵبوونی پێ ببڕێت، بەڵام ئەقڵ و کۆمەڵگا پێکەوە بە هەڵوێستێکی سەرسوڕماوانە دەوەستن و ئەوەندەی پێ ناچێت کێشەکە دەخزێتە نێو گونگەری بوون و لەنێو ڕەوتی زەمانەدا بەرەو نەمان دەچێت.

ئــەوە دڵ و دەروونـــی جـەمـال بـوو کـە بەڵێنی دابـوو بارەکەی بخاتە سەر شانی و بەنێو گیروگرفتەکانی کۆمەڵگادا تێیپەڕێنێت، بەڵام کەسوکار و ڕووداوەکان لێی بوونە دوژمن، هەر نهێنییەک لەنێو دڵیدا هەبوو، زەمانە هەمووی بڵاوکردەوە و تەنانەت شتێک لەنێو ئەو دڵەدا نەماوەتەوە، کە پێی بگوترێت نهێنی. ئەوەبوو (کەوکەب) دەرکەوت و ئینجا دکتۆر (ک)... و دوای ئەوە دایکی و... دوای ئەوە هیچ شتێکی دیکە نەماوەتەوە.

دوا هەڵوێستێک بوو کە هـەردوو دەزگیرانی لە باخێکدا کۆکردەوە کە تا ئەو ڕۆژانەی ڕۆژگار چاوی لێ نووقاندبوون و خەوتبوو، پێیان تێ نەخستبوو. لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی لەلای یەکتر دانیشتبوون و دوورییش لەنێوانیاندا زۆر بوو. دەمـوچـاوی لەیلا زەلیلانە و لـەڕ و لاوازانــە هاتە بەرچاو،

دەتگوت گوڵێکە لە گوڵانی پاییزە، یان (پاییزە گوڵ) و هەردوو چاوە گەورەکانی تێکشکاوییەکیان تێدا بەدی دەکرا، دەتگوت زەبریان بەرکەوتووە. هیچ بۆنێکی خۆش لە چرچ و لۆچی کراسەکەی و پێچەکانی قژی نەدەهات... ئەو ڕۆژە گەلێک ڕقی لە جوانیی خۆی بوو، چونکە سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بەرەو هەڵوێستی شڵەژاویی برد.

هەر کە بینی چاوەڕوانی دەکات، جەمال پێی گوت:

-ببوورە کەمێکیش دواکەوتم.

-شتێک نییە پێویست بە عوزرخوایی هێنانەوە بکات.

شێوەی قسەکردنەکەی خاڵیی بوو، هیچ مانایەکی نەدەگەیاند؛ چونکە لەو هەڵوێستەدا بیروباوەڕێکی هەڵبژاردبوو "دەستبەرداری دنیایەک بە کە دەستبەردارت بووە".

-کەشوهەواکەمان پڕە لە هەور!

-ئەی ئەگەر باران باری، چی بکەین؟ دەتوانین بە زەوی بڵێین: ئاوەکەت قووتدەوە و بە ئاسمانیش بڵێین: دەست ڕاگرە و مەبارێنە؟ یان تاڵە دەزووی باران بکەین بە هۆیەک پێیدا سەرکەوین بۆ ئاسمان؟

ئێمە لە قەزاو قەدەری خوا ڕادەکەین و ناشتوانین هیچ شتێک لەو واقیعە بگۆڕین.

خەم کفت و ماندووی کردوویت و بیرکردنەوەی بێهوودە سیسی کردوویت، هەروەک بەڵگەنامەت لە زەمانە وەرگرتبێت بەختیاریی هەتا هەتاییت پێ ببەخشێت! وامان دانا ئەوا منیشت

هێناو بووین بە ژن و مێرد و دوای ئەوە مەرگ لەنێوان هەردوو دەستی تۆی ڕفاندم، چیت دەکرد؟ هەر دەبێت، درەنگ، یان زوو، ناخۆشی لەنێوان خۆشەویست و دۆستان ڕوودەدات... ناخۆشیی ژیان، یان ناخۆشیی مردن و نابێت بەلەمەکە بخەینە ناو ئاو، لەکاتێکدا دەریا لە هەڵچووندایە، تەنیا مەگەر بەوە حوکمی لەناوچوون بەسەر خۆماندا بدەین. هەر دەبێت دایک و باوکت ئەو نهێنییەی من بزانن، چونکە زەمانە لە ڕۆژی لەدایکبوونمەوە ئەو چیرۆکەی من دەڵێت و دەیڵێتەوە و باوەڕیش ناکەم بێدەنگ بێت. دەبێت خۆمان لەسەر بەشخوراویی ڕابێنین، چونکە بۆ ئێمە ئەوە باشترە لەوەی بچینە سەر خوانی نانخواردن و بەلاوەمان بنێن...

دوای ئەوەش هەڵگرتنی من بارێکی گرانە بەسەرتەوە و پەیوەستبوونی من بەتۆوە، ڕایەڵ و پەیوەندی نێوان تۆ و کەسوکارت دەپچڕێنێت. تۆ بڵێی من بە شتێک ڕازیبم ئازار بە تۆ بگەیەنێت و دوای ئەوەش بڵێم تۆم خۆش دەوێت؟ من بەختیاریی خۆم دەکەم بە قوربانیی لەپێناوی تۆدا و بگەڕێوە لای دایک و باوکت و پێیان بڵێ پەشیمان بوومەتەوە و منیش دەگەڕێمەوە بۆ ژیانی کەنارگیریی و ئەوەی ڕۆژگار دەیخاتە سەرم ئەوە جێبەجێ دەکەم.

-ئەرێ تۆ دڵی من، یان دڵی خۆت دەدەیتەوە؟

-من نە ئەمەیانم و نە ئەوەیان. من ئەو لەیلایەم کە

دەمناسیت، بەڵام سەرەتای ژیانمان بەهەراو هۆریایە و مزگێنی هێمنی و ئارامی لێ بەدی ناکرێت. جەمال، ئەوەی تێپەڕی بەستە و خۆت لە من ڕزگار بکە، چونکە تۆ بۆ یەکێکی دیکەیت جیا لە من و خەڵکی ئێمەی بە دوو نیوەی پێکەوە نەگونجاو و لێک نەوەشاوە لە قەڵەمداوە، ناتوانیت بە منەوە بەختیار بیت، تەنیا مەگەر لە سایەی دارستانێک، یان لە بیابانێکدا بژین، بەڵام بەختیاریی لەنێوان خەڵکیدا ئەوەیە کە ئەو خەڵکە بڵێن: "ئەو بەختیارە". دەنا تۆ ڕەنگی جلەکانت وا هەڵنەبژارد کە خۆت پێت وایە ئەو ڕەنگانە سەرنجی خەڵک ڕادەکێشن. ئێمە لە چڵەپۆپەی خۆشەویستیداین و دەترسم کە لەبەر ماندوویی و خۆحەساندنەوەی ئەنجامی ئەرککێشان، سستییەکی بەسەردا بێت. ئەوسا من تۆم لەکیس دەچێت، یان تۆ منت لەدەست دەچێت و بە یەکتر نەناسینەوە لێک دادەبڕێین.

بۆ من واباشترە کە لەو باخەی تۆدا وەک چۆلەکەیەکی ماڵئاوایی کردوو لە بەهار بفرم، نەک چۆلەکەیەک زستان دەربەدەری کردووە. تۆ ئەوەی لە دڵتدایە بیهێڵەوە و منیش ئەوەی لە دڵمدایە دەیهێڵمەوە، چونکە ئەوەی ئێمە هەمانە مایەی دڵخۆشی نییە!

بە ئازارەوە بزەیەکی هاتێ:

-هەر دەڵێی دەزانیت باوکم هاتووە و ئەو هەموو شتێک دەزانێت.

-دڵم خەبەری دامێ، جەمال قەیدی نییە. ئەگەر پیاوبوومایە هەرگیز بۆ ژنێک بێ ئارامی داینەدەگرتم، چونکە ژن کەلوپەلێکە خراوەتەڕوو و دەچووم لە بازاڕەکەیدا بەدوای ئەوەیاندا دەگەڕام کە بەدڵمە، بەڵام پیاو هەرگیز کەلوپەل نەبووە!

-تۆ وام لێ دەکەیت کە لەبیر خۆمت بەرمەوە، بەوەی کە لە بایەخی ژن کەمدەکەیتەوە، ئەمەش ئەوپەڕی دڵسۆزییە، لەیلا، من جەمالم و نەگۆڕاوم و بڕواشت بێت کە ناگۆڕێم و زەمانە مل بۆ خۆشەویستی ئێمە کەچ دەکات.

-کار لەکار ترازاوە.

-چۆن ترازاوە؟

بۆ پیرە گەورەم نووسیووە کە بمگوێزنەوە، نە بۆ قاهیرە و نە بۆ ئەسکەندەرییە، بۆئەوەی لە شوێنێک بژیم کەس نەمناسێت و بەتەنیاش ناژیم!

-ئەی لەگەڵ کێ دەژیت؟

بە سەر داخستوویییەوە گوتی:

-لەگەڵ دایکم... ئەو لە ئاسۆدا دەرکەوت و... ئێستا لەنێو نەخۆشەکانی نەخۆشخانەیە... ئایا پێت وایە دوای ئەوە بەکەڵکی ئەوە دێم ببمە ژنت؟

گرفتێکی نوێ خزایە نێو دڵی جەمال، کە کاتێکی دەوێت دڵ بەسەریدا زاڵبێت و خۆشەویستی دەستی بەسەردا بگرێت، دوای ئەوەی کە دڵ زاڵبوو و خۆشەویستی دەستی بەسەر هەڵوێستی

دایک و باوکیدا گرت بەرامبەری. بێدەنگی و سەرسامی و واق وڕمانیان لەنێواندا بوو. چۆلەکەی باخەکە دیسان بە جیکەجیک دەستیان کردەوە بە گاڵتەکردن پێیان و لقە درەختەکانیش بە لارەلار وەک سەما بکەن، گاڵتەیان پێ کردن و پێیان وابوو کە بەختیاریی لە شوێنێکی قایمە و ناتوانن بیگەنێ.

هەڵچوونەکە بوو بە تۆز و بەبادا چوو و بێئارامییەکە ساردبووەوە و چاوەکان بەیەک کەوتن و بەبێدەنگی کەوتنە پرسیار:

-تۆ بڵێی دەبێت چی بکەین؟

هەردوو دڵدار پێکەوە هەستان، هەروەک بڵێی ئەوەیان لە ئەنجامی پەنجە خستنە سەر دووگمەیەک کردبێت، بەبێدەنگی ڕۆیشتن هەروەک ئەو شەوەی پێکەوە لە قەراغی دەریا پێش ئەوەی یەکتریان خۆشبوێت، ڕۆیشتن و هەر دەتگوت گوێیان بۆ دەنگی پێی خۆیان ڕاداشتووە.

بۆ ماڵئاواییکردن وەستان و سڵاویان لە یەکتر کرد و جەمال گوتی:

-لەیلا، با چاوەڕوانی سبەینێ بین بزانین چی دێنێت؟

لەیلا بە ڕەشبینییەکەوە گوتی:

-بەڵێ، با چاوەڕوان بین بزانین سبەینێ چیمان بۆ دێنێت! لەوانەیە شتێکی بۆ هەڵگرتبین کە ئێمە بە خەیاڵماندا نەهاتووە و هیچ حیسابێکمان بۆ نەکردووە.

پێی گوت:

-خوات لەگەڵ.

لەیلا دەنگی بەرزکردەوە:

-خوات لەگەڵ.

بەڵام بە دڵێکی گریاو و چاوی بە فرمێسکەوە گوتی:

-خوات لەگەڵ... هەتاهەتایە؟

(١٠)

دایکی بەرەو چاکبوونەوە چوو و دوای ئەوە نەخۆشخانەی جێهێشت و بۆ ماوەیەک لەگەڵ کچەکەی بوو لە ژوورەکەی. لەیلاش چاوەڕوانی گواستنەوە بوو وەک پیرەی بەڕێز بەڵێنی پێدابوو بۆی جێبەجێ بکات. ڕۆژەکانی مانەوەی دایکی بۆ ئەو، هەم خۆش بوو و هەم قورس. دەیویست لای خۆی بیهێڵێتەوە تا دوای ئەوە بە دەزگیرانەکەی شاد بێت و دەشیویست کە تێپەڕێت، بۆئەوەی پەردە بەسەر چیرۆکەکەیدا دادرێتەوە، بەڵام جەمال لە بازنەیەکی کۆتایی نەهاتوودا دەخولایەوە. هەر تەواوی دەکرد دەستی پێ دەکردەوە و چاوی لە پارچەیەکی دڵەکەی بوو بەهەموو لایەکی نەخۆشخانەدا دەسووڕایەوە، بەڵام نەیدەتوانی باوەشی پێدا بکات.

کار لە نەخۆشخانە بەڕێوەچوو، هەروەک چۆن هەموو ڕۆژێک دەگوزەرا و کۆمەڵە پەرستارێک ڕاوەستابوون کەلوپەلی نەشتەرگەرییان تەعقیم دەکرد و لەیلاش لەنێو ئەواندا بە سەرسوڕماویی و خەیاڵ بڵاویی کاری دەکرد و لەپڕ ناڵەیەک لە دەمی دەرچوو. یەکێکیان لێی پرسی:

-لەیلا ئەوە چی ڕوویدا؟

-نەشتەرەکە دەستی بریندار کردم.

-ئەیەڕۆ، خێرا برۆ پەنجەت تەعقیم کە.

هەندێک سپرتۆی بە پەنجەیدا کرد.

کار وا بەڕێوە چوو، هەروەک ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێت.

ئێوارە داهات و لەیلا هەستی کرد دەستی دێشێ، بەڵام گوێی نەدایە ڕاڕایی و تا سبەینێ خۆی ڕاگرت. لێفەکەی لەسەر خۆی لابرد و هەستا، بەڵام بە دەموچاوی گۆڕاو و ڕوخساری گرژەوە هەستا. دایکی لێی پرسی چییەتی، پێی گوت کە دەستی کەمێک بریندار بووە.

لە نەخۆشخانە خۆی پیشانی دکتۆرەکان دا، دیتیان پلەی گەرمی بەرزە.

ڕووداوەکان بەخێرایی تێدەپەڕین، کە ڕۆژی دووەم هات لەیلا بە لەهۆش خۆچوویی لەسەر یەکێک لە قەرەوێڵەکان ڕاکشابوو، چونکە لەشی ژەهراویی ببوو.

تۆ ئەگەر لەوێ بوویتایە دەتدی کۆمەڵە پزیشکێکی لەدەورن لەنێوان ئەوانیشدا جەمال و هەموویان خەمبار و دۆشداماو و دەستی قەزایان لێ دووردەخستەوە و قەزا دوور نەدەکەوتەوە، گەورەکەیان گوتی:

–حاڵەتەکەی مەترسیدارە و باوەڕیش ناکەم نەخۆشییەکەی بوەستێت، بۆیە دەبێت لە باسکەوە بیبڕینەوە.

جەمال گوتی:

–منیش لەو باوەڕەدام... بەڵام... پەرجوێک (موعجیزە) نییە؟

–لە ئاسمانەوەیە... پزیشکیی دوای ئەوەی کارەکەی خۆی

بەجێدێنێت، چاوەڕوانی دەکات!

هەموویان چوونەدەر و جەمال گەڕایەوە، لەیلا کەمێک لەو بێهۆشییەی هاتەوە هۆش خۆی و دڵدارەکەی وەستابوو تا ناخۆشترین هەواڵ بە یارەکەی بگەیەنێت، چونکە لە زمانی قەدەرەوە قسە دەکات– لەکاتێکدا چاوی شەلاڵی فرمێسک بوو، گوتی:

–لەیلا... دەبێت گوێت لە قسەکانم بێت: ئێمە نەمانتوانی ئەو بەڵایەت لێ دوورخەینەوە، بەڵام تۆ دەبێت بژیت.

بە خۆ بەدەستەوەدان و ملکەچییەوە گوتی:

–جەمال چی بووە؟

–ئەو قۆڵەت داڕزاوە، بەڵام تۆ دەبێت بژیت.

–دەتانەوێت بیبڕنەوە؟

–بەڵکو خوا دەیەوێت!

–جەمال پزیشکیی دەستەوەستانە؟

–لەیلا خۆشەویستیش.

لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی ڕێک کرد بەشێوەیەک کە نیوە دانیشتوو دەهاتە بەرچاو و قژە زەردەکەی شۆڕ ببۆوە و لایەکی لەبەر ئەوەی شانەی بەرنەکەوتبوو، بڵاو ببووەوە و چاوەکانی گەورەتر دەردەکەوتن، چونکە ڕووخساری لاواز و نەخۆش بوو و بە لەپی دەستە ساغەکەی لەپی جەمالی گرت و گریانێکی بەکوڵ دایگرت و گوتی:

–جەمال، دەتانەوێت بیبرنەوە؟ نەخێر مەیبڕنەوە... ژیان بە جوانترین و ناسکترین شێوە فرێی دام، ئەی چۆن بە تاکە باسکێک بژیم؟ خەڵکی لە جوانیی من ڕایاندەکرد، ئەی چۆن کچێکی شێواو قبووڵ دەکەن؟

گوڵ بۆنەکەی دادی نەدا، ئەی ئێستا چۆن بەبێ بۆنی هەڵیدەگرن؟ مانگی چواردە ئەو گەشییەی دادی نەدا، ئەی چۆن خەڵکی لەکاتی مانگگیراندا سەیری دەکەن؟

لێم گەڕێن با بمرم– بە منداڵی وەک ئەم خەوتنەی ئێستام خەوتم، بەڵام نەمردم، چونکە بێداربوومەوە بۆ جێبەجێکردنی حیسابێک و جێبەجێم کرد. زەمانە نەیتوانی چارەسەری گیروگرفتەکەم بکات، بەڵام نەشتەر چارەسەری کرد. خەم بۆ هیچ شتێک مەخۆ، چونکە ئێمە بۆ نەمریی ئافەریدە نەکراوین!

هەڵوێستەکە تینی بۆ هێنا، بۆیە وەرسووڕایەوە و چووە دەرێ. لە نەخۆشخانە وا بڵاوبووەوە کە لەیلا نەیتوانیوە بە باسکێکی بڕاوەوە بژی. پزیشکیی خەریکی کرکردنەوەی شتی سەیر بوو و قەزاش لەلای خۆیەوە شتی سەیری کۆکردەوە و ژەهریش بەو لەشە نەرم و ناسکەدا دەڕۆیشت و تەشەنەی دەکرد، وەک چۆن ئاو بەنێو دارێکدا دەڕوا، تا ئاڵای خۆ بەدەستەوەدان هەڵکرا.

هەموو شتێک لە لەیلادا گۆڕا، ڕەنگی بزڕکاو... قەزا بەدەوری قەرەوێڵەکەی شەکایەوە و کەوت. لەشی چرچ

هەڵگەڕا و سیس بوو و پەنجەکانی ڕووت بوون و بەری چاوی ڕەش هەڵگەڕا و هیچ شتێک لە شوێنەواری جوانی، جگە لە سەوزیی هەردوو چاو و برژانگی درێژ، نەمابووەوە... دەنگی کز بوو و دەنگنووسان کۆتایی بە لەرەی ئەو دەنگە هێنا و ژیان شوێنەوارەکانی خۆی وەرگرتەوە و مەرگ سێبەری خستە سەر ئەو دەموچاوە، وای لێهات تەمەن بە سەعات دەژمێردرا و دوو خۆشەویست لەلای قەرەوێڵەکەوە ڕاوەستابوون، یەکێکیان ڕقی لە پزیشکیی هەستابوو، ئەوی دیکەش بە تاسە و گێلییەوە هانای بۆ پزیشکیی دەبرد.

یەکەمیان جەمال بوو و دەووەمیشیان دایکی لەیلا بوو، کە ڕەشی پۆشیبوو و هەر دەیگوت:

–دکتۆر، ناتوانیت هیچی بۆ بکەیت؟

پێش هەژدە ساڵ بۆ مردن فڕێی دا و دوای ئەوە هاتووە تا لە مردن ڕزگاری بکات.

چرای تەمەن دەستی کرد بە مژینی هەر سووتەمەنییەکی کە مابوو، بۆئەوەی دوا تیشکی بۆ ڕاوەستاوەکان بنێرێت و جەمال بە دایکی لەیلای گوت بچێتە دەر، چونکە چارەسەرێکی بۆ دەکات.

ژنەکە خۆی لارکردەوە بۆ سەر لا دەمی کچەکەی و ماچی کرد و چووە دەرێ، دکتۆر ئەوەندەی بۆی کرا هێنایەوە هۆش خۆی، بۆئەوەی قسەیەک لەو کەسە ببیستێت کە بەهیوا بوو ببێتە خۆری ماڵەکەی و چڵە ڕەیحانەی بوونی و پێی گوت:

-لەیلا... دەمناسیتەوە؟

بزەیەکی کز لە هەردوو لێویەوە هاتە دەر، هەر دەتگوت لە جیهانەکەی دیکەوە دێت و ئاماژەی بۆ کرد، کە گوێی لە دەمی نزیک بکاتەوە و گوتی:

-جەمال... من ئاسوودەم... لە جیهانەکەی دیکە... بەدبەخت نابم... بیرت بێت... پێنجشەممە... گەورەترین دار... لەلای دەستە ڕاستی... ڕێگاکەوە.

پێڵووەکانی قورس بوون و نووقان... ئینجا نیوەکراوەیەک کرانەوە.

سەری لەسەر سەرینەکە لاربووەوە و ڕووگەشیی زیندووان لەسەر ئەو دەموچاوە نەما و دەمی یەک وشەی کزی نارد، هەر دەتگوت پاشماوەی دەنگدانەوەیەکی دوورە.

-ماڵئاوا...

جەمال ماچێکی لە مەرگ ڕفاند.

قەدەر وازی لە هەڵوێستی فەرماندەریی هێنا، چونکە وشەکەی لەنێو لێوەکانی هێنایە دەر:

ئینجا دایکەکەیان هێنا و هەواڵی ئەوەی پێ درا، کە

هەموو شتێک کۆتایی هات و چەند زارێکی زۆر ئەوەیان دووبارەکردەوە: إنا لله...!

ئەو شەمەندەفەرەی بەرەو باشوور دەڕۆیشت، دایکی لەیلای برد، لەکاتێکدا هەردوو پێی بە گڵ و خۆڵی گۆڕستان تۆزاویی ببوون و جەمالیش نەیتوانی لە ئەسکەندەرییە دانیشێت. ئەو شەوە لای کەسوکاری نووست و پێی گوتن کە قەزا کۆتایی بە شەڕەکە هێنا و لەیلا کەوتە جیهانی هێمنی و دنیا و سیستمی چینایەتی بەجێهێشت.

خەم بەتەواویی دایگرتبوو و تەنانەت باوک و دایکی بەزەییان پێیدا هاتەوە و دەستیان کرد بە دڵدانەوە و هیوای ئارامی بۆ خواستنی، لەکاتێکدا هەر دوێنێ بوو، دابوویانە بەر تیری گلەیی و گازندان.

بۆ سبەینێ خۆر بە ئاوابوونێکی خەمبارانە بەرەو ئاوابوون چوو و جەمال لە تەنیشت گەورەترین داری لای ڕاستی ڕێگاکە ڕاوەستابوو... بەڵام بەتەنیا بوو، هەروەک ئەوەی لە میحراب ڕاوەستابێت!


لە ڕۆژانی ڕابردوو هەردووکیان بەختەوەرترین خۆریان بەڕێکرد و ئەوەتا ئێستا خۆی بەتەنیا بەدبەختترین خۆر بەڕێ دەکات!

جەمال ئەگەر لە گوندەکەیان بووایە، ئەوا بە ڕێگاکەدا دەهات و دەچوو، ئەگەر لە ئەسکەندەرییەش بووایە، ئەوا سەردانی

گۆڕستانی دەکرد.

زەمانە تێپەڕی و... ناوی پەناگای (ج)... نەخۆشخانەکەی دکتۆر (ک)و... نەخۆشخانەی ئەسکەندەرییەی حکومەتی بیرچوونەوە.

خۆڵێکی زۆر لە گۆڕستانەکە کۆبووەوە و ڕۆژگار باسی لەیلای نەکرد و قەدەر وازی لە کاروباری ئەو هێنا!



## کورتەیەك لە ژیانم

## عەبدولکەریم شێخانی

-وەکو دایکم و نەنکم باسیان دەکرد، دەبێت لە کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٣٣) هاتبمە دنیاوە، چونکە دەیانگوت بەفرێکی زۆر باریبوو.

-لە گەڕەکی (بەفریقەندی) لە کۆیە لەدایک بووم.

-ساڵی (١٩٣٩) چوومەتە قوتابخانەی (ثانیة) لە کۆیە... ئەوسا دوو قوتابخانەی کوڕان لە کۆیە هەبوون (أولی و ثانیة) لەگەڵ قوتابخانەیەکی کچان و ناوەندیی کوڕان.

-سەرەتایی و ناوەندیم لە کۆیە تەواو کردووە، لەبەرئەوەی دواناوەندیی لە کۆیە نەبوو، بۆ خوێندن چوومە هەولێر و لەوێ دواناوەندییم تەواو کرد.

-ساڵی (١٩٥٣-١٩٥٤) چوومە بەغدا و خولی پەروەردەیی (الدورة التربویة)م تەواو کرد.

-ساڵی (١٩٥٤) دامەزرام بە مامۆستا، لە گوندی گۆبان، لە

نزیک کەلار. کە ئەوسا ئەویش هەر گوند بوو و سەر بە لیوای کەرکوک بوو.

–ساڵێک لەوێ مامەوە و دوای ئەوە گوێزرامەوە بۆ لیوای هەولێر و لە ناحیەی (میرزا ڕۆستەم)، کە ئێستا بەر ئاوی دوکان کەوتووە. بووم بە مامۆستا.

–دوای ئەوە گوێزرامەوە بۆ ناحیەی بنگرد و لەوێش بۆ گوندی سەرکەپکان و ئینجا ڕانیە و لەوێشەوە بۆ هەولێر.

–لە ساڵی (١٩٦٢) لە هەولێر گیرام و نێررام بۆ بەندیخانەی (حیللة)، تا ساڵی (١٩٦٤) گوێزرامەوە بۆ ناحیەی (عەربەت) لە سلێمانی، لەو ماوەیەدا چەند قوتابخانەیەکم کردووە و ئێستا خانەنشینم، واتە ئەوە (٦٧) ساڵە لە سلێمانیم.

–لە پێنج و شەشی سەرەتایی گۆڤاری گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازەم دەخوێندەوە و لە ناوەندییش ڕۆمانی عەرەبی، بەمەش جۆرە حەز و ئارەزوویەکم بۆ نووسین بۆ پەیدابوو.

–لە ساڵی (١٩٥٤) یەکەم نووسینم لە گۆڤاری (هەتاو) بە ناوی (خەوێکی خۆش) بڵاوکردەوە.

–لە گەلێک ڕۆژنامە و گۆڤار گوتاری هەمەجۆری کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و زمانم بڵاوکردۆتەوە و ئێستاش خەمی گەورەی من ئەو پاشاگەردانییەیە کە بەسەر زمانی کوردیدا هاتووە و زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە.

–حەزم لە وەرگێڕانە و لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، یان بە

پێچەوانەوە و تارادەیەک نووسینەکانم بە هەردوو زمان بەدڵی خوێنەرن.

–ناوبەناو شیعر دەنووسم... ئەویش وەردەگێڕم. ئەگەر شیعری شاعیرێکی کوردم بەدڵ بوو، دەیکەم بە عەرەبی، یان زۆرجار شیعری عەرەبی دەکەم بە کوردی، بەڵام بە شیعر و لەم ڕووەوە گەلێک شیعری عەرەبیم کردووە بە کوردی، کە یەکێکیان (الاطلال) (ام کلثوم)ەو شیعرەکە هی (ابراهیم ناجی)یە.

–ئێستاش لە نووسین هەر بەردەوامم لە فەیسبووک و گوتاری هەمەجۆر دەنووسم.

–دەڵێم با چیدیکە باسی خۆم نەکەم و حەزدەکەم خوێنەری بەڕێز لەڕێی نووسینەکانمەوە بمناسن و ڕای خۆیان لەبارەی منەوە دەربڕن.

**کتێبە چاپکراوەکانی:**

١- براکوژی.

٢- ماسییە ڕەشە بچکۆلە.

٣- عابرة سبیل هائمة (لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، ڕۆمانێکی گەلاوێژخانە).

٤- پێشەکی دیوانەکەی هێمن (لە کوێوە بۆ کوێ) کردوومە بە عەرەبی "الشاعر هیمن من جمیع (مراحل) الحیاتیة والنضالیة.

٥- شیعرێکی درێـژی پەنجاوپێنج لاپـەڕەیـی، بە ناوی (ڕەیحانا مە) بۆ کۆبانێ.

٦- (تجاربی الصحفیة)ی کاک فەرهاد عەونی لە کوردییەوە کردوومە بە عەرەبی.

٧- (دوای خۆرئاوابوون) ڕۆمانێکی دیکەی (عەبدولحەلیم عەبدوڵڵا)یە و لەژێر چاپدایە.

٨- نزیکەی (١٥) کتێبی قوتابخانە؛ بە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندییەوە.